# خامەیەکی رۆشنبیریی لەپشت گوێی زماندا

## کۆوتار

## هەندرێن

2007/سوێد



نووسەر: هەندرێن
ناوی کتێب: تەنگژەی رۆشنبیریی
جۆری کتێب: وتار
بەڕێوەبەری هونەری: .....
تیراژ:....
دەزگای چاپی ....
چاپی یەکەم 2007
کورستان/ سێمانی

# پێڕست

## بەشی یەکەم

دەروازەیەک بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە ................................ 6
پێکهاتەی پشتینە و پرسی رۆشنبیریی و رووناکبیر...................... 9
نیشانەکانی وابەستەبوون و گەڕان لەکۆدەکانی دیالۆگ.............. 25
هونەری رەوانبێژی وئێرۆسی گەڕان بەدوای چێژی دەنگ............ 50
دەق: منی ئەویتر و ئەویتری من....................................... 72
وێنای رووناکبیر لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا........................... 75
لە پێناو بەجڤاکیکردنی سیاسەتی رۆشنبیریی لەکوردستاندا.......... 96

## بەشی دووەم

ئۆتۆپیا یادەوەریی مرۆڤە، لەگەڕان بەدوایماڵدا..................... 116
قەدەری خەونی کورد:
لەچەپڕەوییەوە بۆ راست –کۆنپارێزیی................................ 121
گەڕان بەدوای خودێکی رەسەن لە ناو مێگەلاندنی ئاپۆڕەدا........... 144
کاتێ لێکترازاندەبێتە گوتاری سیاسیی کورد....................... 153



## بەشی سێیەم

پرسی رۆشنبیر و قەیرانی رۆشنبیریی(*)............................. 166
خەمی رۆشنبیریی و تەنگژەی رووناکبیری کورد....................... 183
پەڕاگەندەبوون لەباخچەکانی تاراوگەدا: ............................. 202

# بەشی یەکەم



## دەروازەیەک بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە:

مەیلی ناودێرکردنی ئەم کۆوتارە بە"خامەیەکی رۆشنبیریی لەپشت گوێی زماندا"، هەر تەنیا واتای وێناکردنی زمان و رۆڵی رۆشنبیریی ناگەیەنێ، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا واتای گۆشەگیربوونێکی لاڵی زمانیش دەنوێنێ. رەهەندێکی دیکەی ئەم ناونیشانە، خۆنمایشکردنی زمانە لەگفتوگۆکردنەکەیدا لەگەڵ پەرێشانییەکانی یادەوەریی رابردووی خۆی و رێگای گەشتە وێڵەکانی ئێستایدا. لەم دیدەوە "خامەیەکی رۆشنبیریی لەپشتگوێی زماندا"، خوازیاری ئاوەڵاکردنەوەی ئاسۆیەکە، کە لەوێدا زمان بەرێگای خامەکەیەوە، کە رۆشنایی دەستی خۆیەتی، تاکو گوێ لەبێدەگییەکەی بگرێ، پشت گوێی ئێمە کە خۆیەتی هەڵدەبژێرێت. کەواتە کاتێک ئاخێوەری کوردی گوێ لەزمانەکەی ناگرێ و لەگفتۆیەکاندا ئاراستەکەی هەڵەتە دەکا، ئەوکات زمان ئامانجەکەی نابیسرێ. لێرەوە ئاخێوەری کوردی دەستپێدەکا: یادەوەریی بیرکردنەوە و بیرهاتنەوەی بیرکردنەوەی فەرامۆشکردووە.

بە پەرۆشییەک لەم دۆخەی زمانەوە، ئەم کۆوتارە بەرەهەندە جوودایەکانییەوە هەوڵێکە بۆ مشتومالکردن و وروژاندنی پشتینە، ئاستەنگ و دەرهاوێشتەکانی ژیانی رۆشنبیریی کوردی، بەلام ئێمە کاتێک

لەکۆی ئەم کۆوتارەدا وێنایەک لەو رۆشنبیرییە کوردییە نمایشدەکەین، مەبەستمان نییە وێنایەکی رەها و داخراو بسەپێنین، بەڵکو دەخوازین لەگفتوگۆیەکی فرە دەنگ، شێوە و مێتودەوە، ناوکۆییەک/کۆنتێکستێک لەکۆی ئاراستەی پرسیارەکاندا بدۆزینەوە. لەم روانگەیەوە، ئەم کتێبە، دەکرێت وەک نمایشێک لەژیانی دوێنێ و ئەمڕۆی کایەکانی رۆشنبیریی کوردی بخوێنرێتەوە. بەدیوێکی تریشەوە، کۆکردنەوەی ئەو بابەتگەلەی کە وێناندنی شوێنکاتە جیاجیایەکانی ژیانی رۆشنبیریی کوردی نمایشدەکا، لەڕامانێکی رەخنە ئامێزدا دەخوازێ ئاسۆیەک بۆ بیرکردنەوەکانی ئەویتر ئاوەڵا بکاتەوە. لێرەوە ئەوەی کە جەستەی ئەم کتێبە دەچنێتەوە، ئاوڕدانەوەیە لەکۆی دەنگ، ئاستەنگ و پرسیاری کایەکانی رۆشنبیریی کوردی، نەک رەتکردنەوەیان، بەمجۆرە ئەگەر کۆی پەیوەندی ئەو فرە دەنگانە بەئاراستە جودایەکانیانەوە، ئاکامگیرییەک بخەملێنن، ئەوکات دەکرێ خوێنەریش، دوای کۆتایی هێنان بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، وەک دیمەنێکی وروژاو، هەمەرەنگییەک، سەیری بکات. ئەگەریش ئەم کتێبە ئەو مەیلەی بۆ خوێنەر مەیسەر نەکردبێت، باشترین شێوە، دوای خوێندنەوەی کتێبەکە، وازهێنانە لەم کتێبە.

لێرەوە تاکو گەشتی ئەو کۆوتارە، بەجۆرێک لەجۆرەکان، بتوانن لەسەر بنەمایەکی میتۆدیکییەوە خەم و ئاراستەی گفتوگۆیەکانی بەرجەستە بکەنەوە، هەوڵماندواە جووڵە و ئاکامەکانی قۆناخ و دۆخە رۆشنبیرییەکان پۆلێن بکەین: بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، هەوڵدەدا، راڤەیەک لەپاشخانی ئەو ئاستەنگە جیاوازانە نمایشبکات، کە دەرهاوێشتەی پێکهاتی کوردیی و زمانەکەیەتی. بەواتایەکی تر، مەبەستی ئەو کۆوتارە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو ناوکۆییەی کە جوڵێنەر و نمایشکردنی وێنایەکانی رۆشنبیریی کوردییە. فاکتەرە گرینگەکانی ئەو ناوکۆییە هەمیشە لەسەر پێکهاتی نووسەری کوردیدا کارا بووە؛ واتا وێنایە جودا و ئاراستە ئاڵۆزەکانی رۆشنبیریی



کوردی لەو ناوکۆییە جڤکاییە کوردییەوە بەدەر نییە. لێرەدا بەشی یەکەمی ئەم کۆوتارە بەتەقەڵایەک لەدۆزینەوەی سەرچاوەکان، دەخوازێت ئاماژە بەو ئاستەنگ و هۆکارانە بکات، کە رێگرن لەبەردەم ئەو رۆشنبیرییە بەرهەمهێنەر و کارایەی کە ژیانی کورد چاوەڕێیەتی.

کەچی بەشی دووەمی ئەم کتێبە، وەک بەردەوامییەک لەبەشی یەکەم، هەوڵدەدا چەند بوارێکی دیاریکراو راڤە بکات، کە دەرهاوێشتەیەکن لەشکستی مانەوە و زاڵبوونی ئەو گوتارە کۆنخوازە رۆشنبیرییەی کوردی کە گوتارە سیاسییەکەی کوردیش رەنگدانەوەیەکی خەمگینی ئەو گوتارە رۆسنبیرییەیە. بەشێک لەو هۆکارانەش، کاریگەری ئەو فشارە رۆشنبیریە دەرەکییەیە لەسەر ئاگایی کوردیدا، کە دواجار لەئاستی لاساییکردنەوەدا قەتیسماو دەمێنێتەوە، بەمجۆرە ئەو بارە رۆشنبیرییە ناتوانێت ئاسۆیەکانی وەرچەرخان بەرهەمبێنێت.

بەشی سێیەم، ئەو سێ گفتوگۆیە، بەزمانێکی جودا و کراوەتر، ئاڵۆزیی و ئاکامەکانی ئەو پاشخانە رۆشنبیرییە دەردەبڕێت. لێرەوە دەکرێ خوێنەر لەودیوی یارییەکانی ئەو زمانە جودایەوە، وێنایەک لەدیاردە و ئاستەنگەکانی رۆشنبیریی تاراوگەش دەستەبەر بکا.

کەواتە دەکرێ ئەو گفتوگۆیانەش، وەک گەڕانەوەیەک، یان ئاکامگیرییەک لەکۆی ئەم کتێبە، فامبکرێت.

بەمجۆرە پێناسەی یەکێتی بابەتییانە و میتۆدیکانەی کتێبێک، هەر تەنیا بەقسەکردن لەتاکە ئاراستە یان بابەت و تاکە تیۆرییەکی دیاریکراودا بەرجەستەناکرێتەوە، بەڵکو دەکرێ بەئاراستەگەلێکی جودا، هاوئاهەنگییەک لەکۆی دەنگ و رەنگەکاندا نمایشبکرێ و بەمەش هەمەرەنگییەک لەڕامان سەیری دیمانەی نووسین بەگشتی و ئەم کۆوتارەش بکەین.

هەندرێن

2007.1.25
ستۆكهۆلم/سویّد

# پێكهاتەی پشتینه و پرسی رۆشنبیریی و رووناكبیر

"من دەنووسم جیاواز لەوەی كه دەپەیڤم، دەپەیڤم جیاواز لەوەی كه بیردەكەمەوە، بیردەكەمەوە جیاواز لەوەی كه دەبێ بیربكەمەوە".
**كافكا**

1

بۆ ئەوەی ئەم نووسینه بەروانگەیەكی ئاوەڵا لەپرسیاری رۆشنبیریی و روناكبیری كوردی بپەیڤێ، پێویسته سەرنجێكی راگوزاری بدەینه پشتینەی بونیاتی پێكهاتەی كۆمەڵی كوردەواری و ڤێجا پانتاییه رۆشنبیرییەكەی. دیاره لای هەمووان لاری لەوه ناكرێ، كه كۆمەڵگای كوردی، شارستانییەكی گوندییه. بۆیه هێشتا پانتایی تێفكرینمان لەناو ئەو پێكهاتەدا ریشاژۆیه،هەر ئەو بنەمایەشه كه ناسنامەی رۆشنبیریی ئێمه پێكدەهێنێت، وێڕای دەرئاوێتەكردنی هەندێ نموونەی جیاوازی رۆشنبیرییمان، كه ئەو نموونانەش، لەسەر ئاگایی گشتیدا، كاریگەرییەكەی ونه و لەناو پانتاییه گشتییەكەدا بەنامۆكراوه.



مەهانەی گرفتی سیاسی و مێژوویی، كه وەك هۆكارێك، هەمیشه بۆ قەتیسماوكردنی ئەو پێكهاته كۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییه ئاماژەی پێدەكرێت، هەم بۆ هەمووان بەرچاوه و هەمیش هەڵگری كۆمەڵێك سەرنجی جوداوازه، بۆیه لەم نووسینەدا، تەنیا ئەو دیوانه بەدیار دەخرێن كه رووناكبیرانی كورد، لەبەتەنگانەكردنەوەی ئەو گرفته، رۆڵێكی تریان گێڕاوه. به واتایەكی تر دەتوانین بڵێین، ئەو تەنگانەیه وەك گوتارێكی رەها، بەیەكدیگرتنی پاشماوەی هەستی خێڵەكی و ئایینی، دواجاریش بەحیزباندنی؛ كەڵەكەبوونی لەنائاگایی رۆشنبیریی رووناكبیران، بەردەوام بەرهەمدەهێنرێتەوه: چەقبەستن لەسەر بەسادەكردنەوه و خوولانەوه لەناو ئەو تەنگانەیەدا، چالاكترین پاڵنەری بەرهەمهێنانەوەی ئەو تەنگانەیەیه.

لەم روانگەیەوه دەبینین زمانی جیهانبینی و خودی زمانەكەشمان لەناو ئەو تەنگانەیه گیری خواردووه، هەر بۆیه تا ئەمڕۆش،ئەگەر رووناكبیرێك بیەوێ بەزمانەكەی مامەڵه لەگەڵ دەقێكی فیكری، فەلسەفی و تێوری ئەدەبی بكات، لەبەردەم دیالۆگكردن و بەشداریكردن دەستەپاچه دەبێت،بەڵام هەموو هۆیەكان بۆ خودی زمانی كوردی ناگەڕێنەوه، بەڵكو بۆ پانتایی ئەو گوتاره رۆشنبیرییه دەگەڕێتەوه كه وەك پرۆسەیەك بەردەوام ئەم زمانەی بۆ تەنگانه رووكەش و رووداوەكانی رۆژانه، داخوازییه جەماوەرییەكان و پرسیاره وەڵامدراوەكان، تەرخانكردووه. هەروا تا ئەمڕۆش رووناكبیری ئێمه – بەشێوەیەكی گشتیی – تەنیا سەرقاڵه بەو پرسیار و بابەتانه كه لەئاستی دووبارەیه. وێڕای ئەمەش لای ئێمه بزاڤێكی رۆشنبیریی دیاریكراو و چالاك لەگۆڕێدا نییه، ئەمەش تەنگانەی رۆشنبیریی و قەتیسمانی زمانی كوردی بەستەڵۆك كردووه، كه زمانی كوردی لەئاستی زارەكی و رووكەشی بمێنێتەوه و نەتوانێ دیالۆگ لەگەڵ رۆشنبیریی ئەویتر بكات.. سەرباری ئەو پشتینه ئابووری، كولتووری و بەباڵادەستكردنی ئایینیه، كه بۆته جووڵێنەری مرۆی كورد، لێرەوه گرفتی تەنگانەی رۆشنبیریی و زمانی كوردی ناچارمان دەكا

چەند پرسیارێکی گومانهەڵگر ئاراستەی ئەمڕۆی رووناکبیرانمان بکەین، ئەوانیش:

ئایا ئەو هەوڵە مەزن و قووڵانەی کە ئەحمەدی خانی لەشیعرە سۆفییانەکانی و لەداستانەکەی "مەم و زین"دا، ئەنجامیداوە، کە توانیوویەتی لەو هەلومەرجە دواکەوتوو و کۆمەڵگا نەخوێندەوارەدا، سیماو رۆحی کۆمەڵگایەکەی لەناو ئەو بەرهەمانەدا بەرجەستە بکاتەوە، کەسایەتییەکی قووڵ و گەدوونیانە ببەخشێتە ناسنامە و رۆشنبیریی و زمانی کوردی؟ عەلی بەردەشانی چۆن توانی ئەو هۆنینەوە فۆلکلۆری و شیعرە زارەکییانە بکات بەیاری زمان و رۆحی شیرینی خۆی لەناو جەستەی ئەو شیعرە گۆرانی ئامێزانە بتوێنێتەوە و تامەکانیان لەسەر زاری رۆحمان بەجێبهێڵێت؟ ئاخۆ مەحوی چۆن بەپارچە ئیشراقەکانی بەپڕیشکی ئەم زمانەوە توانی ئێمەی ئەمڕۆ لەگەڵ خۆی بباتە ناو جەستەی ئەو یەکایەتیەی بوون؟ ئایا ئەوەندەی گیانی تێنووی تاراوگەییمان بەو شیعرە دوور لە"حەبیبە" و نامۆئامێزەکانی نالی دەسەکنێ، کەچی ئەمڕۆ وێڕای ئەو هەموو قووڵی و جانجاڵیەی تاراوگە، بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی نالی دا، بۆ دەقی رۆشنبیریی لەتاراوگەدا، چامەیەک یان پەخشانێکی لەو ئاستەی بۆ بەرهەمنەهێناوین، تا تەپ و تۆزی تاراوگەمان لەرۆحدا دابماڵێنێ؟

ئەمانە و چەندان پرسیاری تری لەم تەرزە پرسیارانە، لەناو دووانە گومانێکدا سەرسامما دەکەن، بەشێوەیەک رێڕەوی ئەم باسەش بەرەو گومان و پرسیار کردنەوە هەڵەتە دەکا. ئەمانەش خولیای گەڕان و سۆراغمان تیادا دەخوڵقێنێت، ئەم خوڵقاندنەش، خۆی لەخۆیدا، چەشنێکە لەگەڕانەوە لەپێناو تەیکردن و بەرەو پێشچوونی رابردوویەک، کە بناغەی داهاتوو و ئایندەکانە.





بەهەمەحاڵ وێڕای کۆمەڵێک ئەزموونی بەرچاوی خۆمان و سەرهەڵدان و تەنینەوەی کۆمەڵێک چەمکی فەلسەفی، هزری و رەخنەیی هاوسەردەمیانە، کە توانیوویانە ئەو ئایدۆلۆژیا و ئایینیانەی کە بەسەر ئەدەب و رۆشنبیریی و ئەفراندندا سەپێنراو بوون، هەڵبتەکێنێت و ئاسۆیەکی ئاوەڵا لەبەدەم دونیابینی رۆشنبیریدا بکاتەوە، کەچی ئەگەر بەسەر پانتایی ئەمڕۆی رۆشنبیریی کوردیدا بسەنگرێینەوە، دەبینین هێشتا روانگەی ئێمە مەحکومە بەو چەمکە بەستەڵۆکانە،–بە دارئاوێتە کردنی چەند هەوڵێک، کە ئەمانەش لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕن–. پاشان ئەو دیاردە بەرتەسکەی ناو رۆشنبیریی کوردی، وەک گوتارێکی پرسیارهەڵگر، لەناو ئەو بازنە داخراو و رەوتە باوەی رۆشنبیریی کوردیدا، گۆشەگیرە، چونکە زەمینەی رۆشنبیرییمان پانتاییەکە لەسەر بنەمای مۆنۆلۆگێکی هەستەکی و ساویلکە و رووکەش و بڕواداریی‌ەکی ئایینی و سیاسی و وەڵامدارانە دامەزراوە. ڤێجا لاواندنەوەی ئەو هەست و نەستە کەڵەکە بووانە لەلایەن ئەو رووناکبیرە باڵادەستەی کوردیدا، بەشێوازە سۆز ورووژێن و گۆرانی ئامێزەکەی لەو نەگۆڕیەدا چەقبەستوو کردووە.

بۆ ئاکامگیری ئەمە، با پرسیارێک لەبەردەم رۆشنبیرییمان ئاراستە بکەین: ئەگەر رۆشنبیریی ئێمە لەسەرچاوەی لایەنگیری سیاسیەکەی بەمانا حیزبیەکەی، نەک بەمانا زاراوەییەکەی، دابماڵین، ئەو مێتود و تێوری و رێبازە هزریە ئەدەبیانە چین و کامانەن، کە رووناکبیری ئێمە لەسەری ئیشدەکا؟ یان ئەگەر رووناکبیرێک بۆ، رەخنە، راڤەی: دەروونناسی، زانستی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی و... هتد، لەناو ئەو رۆشنبیرییە کەڵەکەکراوەی کوردیدا، بەدوای سەرچاوە گەڕا، کام بەش لەو مێتود و تێوریە فەلسەفیانە بەهانایەوە دێت، بێجگە لەوەڵامی سیاسەتاندن و بەسادەکردنەوەو حەماسەندن نەبێت؟

بەڵام ئیرزا پاوەند واتەنی: "ئەگەر شتێکی تر نەنووسین کە هەموو خەڵک تێی نەگەن، کەواتە زانیاریی هەرگیز فروان نابێت". بۆیە پاوەند

خوێنەر ناچار دەکات بەدوای فەرهەنگدا بگەڕێت. لەم روانگەیەوە دووتانەبوونی نێوان گوتاری کۆمەڵایەتی و رووناکبیری، خۆی لەخۆیدا، بەشێکە لەتەنگانەی زمانی رۆشنبیرییمان، چونکە ئەو خۆبەستانەوە بەو داخوازییە رەمەکی و جێماوانە، ئەو دەسەڵاتە نەگۆڕە کۆمەڵایەتی – حیزبیە، کە لەناو ئاگایی کۆمەڵیانەی رۆشنبیریی ئێمەدا کەڵەکە بووە. ئەو تەرزە پێکهاتەش، رەتکردنەوەی هەموو پرسیارە گومانبەخشەکانی ئەفراندنە لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتەدا. هاوکاتیش گوتاری کۆمەڵایەتی ئێمە هاوشان لەگەڵ رەوتی یەکئەنوایی و ئاسۆییانەی باری سیاسی و مێژوویمان، جوولە کیسەڵیانەکەی راگەیاندووە. وێڕای ئەمەش گوتاری رۆشنبیرییمان لەئاوەڕۆی ئەو رەوتەدا هەنگاوی پرسیارەکانی لەئاراستەیەکی دووپاتەدا رێدەکات. لێرەوە ئەگەر لەبەرانبەر راستیدا بوێر بین، لەم دووپاتەکردنەوەیەدا، پێناسی گشتەکی رۆشنبیرییمان قەتیسماوە. بۆیە پرسیار و خوێندنەوە و دیاریکردنی ناسنامەی رۆشنبیریی و کۆمەڵگای کوردی، لەناوەوە و تاراوگە، یەکێکە لەپرسیارە هەرە گرینگەکانی ئێمە، چونکە پشتگوێخستن و نەخوێندنەوەی، قووڵکردنەوەی تەنگانەی ئەو ناسنامە رۆشنبیریە و دەسەڵاتە رەهاکەیەتی. بەدەربڕینێکی تر، بێخوێندنەوە و پشکنینەوە و دروستکردنەوەی ئەو هۆکار و لەمپەرانە؛ پانتایی پشتینەی باری کۆمەڵایەتی، سیاسی–مێژوویی، ئابووریی و ئایینی، کە ئەو کەسایەتییە رووناکبیرییەی بەرهەمهێناوە، هەر هەوڵێکی تر بێ لەو پرسیارانە، ئاکامەکەی هەمان چارەنووسی تەنگانە گشتییەکەیە. بەنەبوونی ئەو هەوڵە، رۆشنبیریی کوردی لەناو ئەو تەنگەبەرییەدا گۆشەگیرتر دەبێ، گۆشەگیر بوونیش دەبێتە مایەی دەمارگیرییەکی ناساغ و تاکڕەوییەکی بەستەڵۆکی. ئەو دیاردەیەش هەمان هەڵکەوتی ئەو پشتینە باو و داسەپاوەیە، کە پرسیاری یاخییە بێکۆتاییەکەی ئەفراندن و تازەکردنەوە دەستەمۆ دەکات.



ئەمە و چەندان گرفت و ئاستەنگی کەڵەکەبووی تر، کە ئەگەر لەسەر بناغەیەکی دارێژەرانە و بونیاتنانەوە، بەدیدی تیۆری و روانگەی هاوسەردەم وەرنەچەرخێنرێن، تەنگانەی پێناسی رۆشنبیریی و مێژووی سیاسیمان لەبەرانبەر پرسیار و گومانە ئاڵۆزکاوەکانی جیهان هەژار و بێ پەیام دەمێنێتەوە. دەرئانجامیش رۆحی رۆشنبیرییمان دووچاری نامۆ بوون و گۆشەگیرییەکی گرێکوێرانەی ناوەکی دەبێت. دیسانەوە بەنامۆ بوون و گۆشەگیریی مرۆڤ لەپشتینە و پێناسە رۆشنبیرییەکەی، ژیانێکی هەڵوەدایە لەدەرەوەی بووندا؛ بوونێکی بێ پەیام و مەرگێکی ئامادەیە.

لێرەوە، بۆ ئاوەڵا کردنی ئەو هەڵکەوتە مەنگەی کوردی، با چەند پرسیارێک ئاراستەی رووناکبیرو رۆشنبیریی کوردی بکەین:

ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵێک پێشهات و وەرچەرخانی جیهانگیریدا و جوامێر بوونی فەلسەفەکان و راگەیاندنی پیر بوونی دونیا و توڕدانی مانا پیرۆزەکانی ئیدۆلۆژیا و تاقیکردنەوە هەمەلایەنەکانی تەکنیک، نامۆبوونی مرۆڤایەتی لەو تاقیکردنەوە فرانە...هتد، ئایا پرسیاری بەشداری رۆشنبیریی رابردوو و ئێستای ئێمە چی بووە و لەکام ئاستدا بووە؟ رۆڵی رووناکبیری ئێمە چی بووە لەئاست خوێندنەوەی ئەو ئاسۆیانەدا؟ رێژەی دەقە فەلسەفی ، تیۆری، مێتود و چەمکە فرەکان، بەوەگێڕان و ئەفراندنەوە لەکام ئاستدایە؟

بەو پرسیارە بنەڕەتییانە دەکرێ دوورنمایی رۆشنبیریی کوردی دەستنیشان بکەین. وێڕای ئەمەش، هەڵوەستەیەکیش لەدیار بەرهەمی خۆ جیاکارانی ئەو سەکۆ و دەنگانە بکەین، کە لەهەوڵە "نوێگەر"ەکانیاندا دەخوازن بەمیکانیزمی "تازە"وە، بنەما و پێکهاتی کولتوری خۆماڵی و "ئەویتر" راڤە بکەن، کە ئەمەش بەگەمەی شێوەی زمان و مۆنتاژکردنی بێهوودەیی مانایەکان، روانگەی کولتوری تازە بهێننە ئاراوە. لێرەوە دەکرێ ئەو هەوڵانە لەدوو ئاراستە نمایش بکرێن: ئاراستەی بنەماگەری و پۆستەکەی، ئەویتریشیان تێکەڵاوکردنێکە لەنێوان بزاڤی فۆرمالیزم

سوریالیزم و سومبولیزم...هتد. هەوڵەکەی یەکەم لەوەی دووەمیان چالاکترو بەرەواجترە، کەچی ئەوەی دووەمیان، چونکە شێوەخواز و دەڤەرییە، هەروا تەنیا لەشیعردا بەدیدەکرێت، بۆیە نەیتوانیووە لەگروپ دەرباز بێت. بەهەمەحاڵ، هەردوو هەوڵ، تا ئێستا لەسنووری دەستەگەریدا دەناسرێنەوە. بەواتایەکی تر، بەدوو شار–هەولێری و سلێمانییدا دەناسرێنەوە. وێڕای لایەنی لەباری ئەو دوو هەوڵە، لایەنی نالەباریشی درووستکردووە، کە "هەولێرچییەتی و سلێمانچییەتی"ە. ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتە دەمارگیرانەی کۆمەڵگای ئێمە بەگشتی و خەسڵەتی رووناکبیریمان بەتایبەتی. بەرهەمی ئەو خەسڵەتەش یەکێکە لەئاکارەکانی ئەو پێکهاتە خێڵەکی و دەڤەرەکیەی کۆمەڵگای کوردی، کە پانتایی رۆشنبیریی ئێمەی داگیرکردووە.

3

هەڵبەت ئەو دوو دیاردەیە دوای گۆڕانی ئەو بارودۆخەی دوای راپەڕینی 1991ی کوردستان لەسایەی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتخواز و تاکڕەوە قووڵتر کرایەوە. بەماوەیەکی زۆر کورت، بەشێوەیەکی ساختە، ئەو دوو حیزبە، لەڕێگای پارەو دەسەڵاتەوە توانیان نووسەرانی کورد دەستەمۆ بکەن و هەمووسەکۆ بێلایەنەکانی رۆشنبیریی ئیفلیج بکەن، هەر گوڕ و تینێک لەجەستەی ئەو رووناکبیرانە هەبوو بۆ دەزگای راگەیاندنە حیزبییە سواوەکانی خۆیان بەگەڕیان بخەن. لەهیکڕا دوای ماوەیەکی کورت پانتایی رۆشنبیریی کوردی بوو بەپانتایی رۆشنبیرییەکی کلۆڵی حیزبی و هەموو چاپەمەنییەکان بوون بەحیزبی. وێجا لەناو ئەو گێرمەو کێشە حیزبگەرییەدا، وەک چۆن شارەکانیان دابەشکردو لەیەکتریان جودا کردنەوە، بەهەمان چەشن رووناکبیرانیان لەیەکتر هاوێرکرد. بەکورتی پاشماوەی ئەو پەروەردە ئەخلاقی – سیاسییەی کە رژێمی بەعسی چاندبووی، ئەو حیزبانە لە رێگای دروشمی کوردایەتییەکی رەمەکی



بەتاڵ، ئەو هەستە ساویلکانەی رووناکبیرانیان ختۆکەداو هەڵخلیسکاند. ئاکامی ئەمەش هەر تەنیا یەک لایەنی نییە لەو پرۆسەیەدا، بەڵکو گەوهەر و رادەی هۆشەکی خودی ئەو رووناکبیرەش فاکتەرێکی گرینگە لەپێکهێنانی ئەو پرۆسە ئیفلیجەدا، چونکە گوتاری دەسەڵات و وابەستەیی حیزبی، پانتایی خەمی سەرەکی رووناکبیرانی کوردیە. ئەو رووناکبیرە لەدۆخی ئێستادا، وەک گوتاری دێماگۆگی حیزبەکان، لەپاڵ دەزگای راگەیاندنی ئەو حیزبانەدا، کە ئەگەر لایەنگیرێکی رێکخراوەیی نەبێ، ئەوە خزمەتکارێکی دڵسۆزیەتی، کەچی بەزاراوەی وەک: مۆدێرنیزم، زانست، فەلسەفە و هاوسەردەمی ... هتد، بانگەشە دەکات، لەکاتێکدا هیچ کام لەم زاراوانە، لای ئێمە، بەواتای راستی خۆیان، نە پیادە دەکرێن و نە تێگەیشتنیشمان لەسەریان هەیە، چونکە ئێمە نە دەقی ئەو هزرڤان و فەیلەسوفانەمان وەک سەرچاوەیەکی تێر لەکتێبخانەکاندا هەیە و نە ئەو زەمینە هزری و فەلسەفییەش لەپانتایی کۆمەڵگا و رۆشنبیرییماندا خەملیوە، گەر باسیشان بکرێ، تەواوی ئەو چەمکانە دژی حیزب و دەزگایەکانییەتی. لەدەرەوەی ئەو هەڵکەوتەدا، ئەو کەمینە رووناکبیر و رۆشنبیرییەی، کە لەئاستێکی جوداوازدا، بۆ جێلەقکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێکهاتە کاردەکات، کەچی لاتەریک و دەمبەستکراو ماوەتەوە.

هەرچۆنێ بێت، لەحاڵێکدا ئەگەر ئەو دۆزە ئاڵۆزکاوەی کە باسکرا، کاریگەرییەکەی لەئاستێکی تری جیاواز لەوەی کە گوترا بووبێت، جارێکی تریش پرسیاری نوێگەری ئەمڕۆمان، وێڕای نەبوونی دیاردەی وەرگێڕانی دەقە نەمر و سەرچاوە گرینگەکانی ئەو نوێگەرییە بۆ زمانی کوردی، ئاخۆ بێ بوونیان، دەکرێ لەپانتایی پرسیارەکانی ئەو چەمک و رێبازە هزریانە بگەین؟ هەروا سەرەڕای ئەو ئابلۆقە رۆشنبیرییەی کە ئەمڕۆ لەهەموو کاتەکانی پێشوو زیاتر کوردستانی گەمارۆ داوە، چۆن دەکرێ بوونی ئەو زەمینە زانیاریی و بنەما نوێگەرییە بەرهەم بێنین؟ ئەگەر پشتینەی زانیاریمان بەدەربێ لەخوێندنەوەی: هێگل، مارکس، نیتشە، کیرکگارد،

هایدگەر، سارتەر، دێریدا، فۆکۆ، دۆلۆز...هتد، وێڕای مێژووی گرینگی فەلسەفە، چۆن دەکرێ تەنیا بەناسینی فۆکۆ لەبنەماگەریی و قەوارەی مێژووی ئەو هزرە بگەین، کە بەندە بەپێکهاتی هزری ئەوروپا؟ هاوکاتیش، ئاخۆ نوێگەریی پرسیارێکی گشتگیرانەی بونیاتی کۆمەڵایەتی، ئابووری – سیاسی و شێوەی جیهانبینییەکە، یان تەنیا تاکەکەسییە؟ ئاخۆ نوێگەریی پرسیار کردنی بونیاتە یان شێوەی رووکەشی؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەنەخێر و رووگرژ کردن و رەفتاری رەتکردنەوە، وەک ئەدۆنیس دەڵێ: "نەبوونی چەمکی ئازادیی و مشتومڕکردن و هەرسنەکردنی نوێگەرییە. پاوانخوازیکردنی ئەویترە و پێوانەکردنی تاکە رێبازێکە، یان تاکە شێوازێکی دیاریکراوە بۆ دیاریکردنی چەمکی نوێگەریی و خوێندنەوەی جیهان و هەڵسەنگاندنی ئەویتر، ئەو دامالین و شێواندنی چەمکی نوێگەرییە هەروا بۆچوونێکە لەقالبگەریدا. هاوکاتیش رەتکردنەوەی ئەویترە. وێڕای ئەمەش، لەقالبدانەوەی هەمان چەمکی پێشووی (ئەدەبی سەر بەچین و دەسەلات و ئاوێنەی کۆمەڵە)". بەمجۆرە نوێگەریی جا لەهەر بابەتێک بێت، دەخوازێ رابردوو بۆ ئاستێکی جوان و قووڵترو ئاوەڵاکراو بونیاتبنێتەوە و پەنجەرەیەکی تازە لەئاسۆی داخراوی ئێستامان بەسەر ئەودیوی دونیای بەرچاومان بخاتە سەر گازەرەی پشت. لەم روانگەیەوە رۆلان بارت دەڵێ: "ئەفراندن یان چێکردن، روانینێکی رەسەنایەتیە بۆ جیهان، هەروا خەمی ئەفراندنی جیهانێکی راستینەیە لەشێوەی جیهانەکەی یەکەمدا، بەڵام نەک لەپێناو وێنەیەک، بەڵکو لەپێناوی ئەوەی نەمر بێت".

هەر بۆیە دەبینین هاڤرکێی نوێگەر لەگەڵ خودی خۆی و هەڵکەوتە باوەکە دەستپێدەکات. هاڤرکێی نوێگەر لەرێگای زایەڵەی گومانی ئەو هەڵکەوتەدا، کردەی جوڵان و تازەکردنەوەی ئەو هەڵکەوتەیە. ئارتۆر رامبۆش لەکاتی خۆیدا پرسی، کە هەر دەڵێی ئەمڕۆیە لەئایندەی مرۆڤایەتی پرسیار دەکا: "بۆ دەنووسین، ئەگەر بۆ گۆڕینی ژیانمان و بۆ دۆزینەوەی ئەو جیهانە نەبێت، کە خودی جیهانە زانراوەکەی خۆمانە؟"،



بەڵام نوێگەری بیرکردنەوەیە بەئاوەز و بیانۆکاری و گفتوگۆ، ئەو بیرکردنەوەی کە لەسەر بنەمای رۆشنبیرییەکی زانستی هەرسکراودا لەدایک دەبێ. هاوکاتیش نوێگەری لەڕزاندن و درزتێکردنی ئەو چەمکانەیە کە لەسەر هەڕەمی رۆشنبیرییەکی دۆگما و وەستاودا دامەزراوە. دواجاریش نوێگەری بەگژداچوونی ئەو روانینە بێ رۆح و خوێنانەن کە لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەو باودا دەژی. لێرەوە نوێگەری هەوڵدەدات رێڕەوەی ئەو بیر کردنەوە بەستەڵۆکە بگۆڕێت بۆ رێڕەوێکی تازە و ئاوەڵا. بەواتایەکی تر، بەناتەباکردنی چەمکە تەباکانە؛ بەگومانکردنی ئەو وەڵامە یەقین و ئامادەکراوانەیە کە پشتی سوواون، بەڵام ئەو نوێگەرییە هەر لەخۆڕا سەرهەڵنادات، بەڵکو لەئەنجامی پرۆسەیەکی دورودرێژی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاوەزی زانیاریی و تەواوی جەستەی کۆمەڵگاوە بەرهەمدێت. بەواتایەکی تر، هەر تەنیا لەئاستی فۆرمی شیعری و گواستنەوەی بێ پرۆژەیی چەمکەکان نییە، هەروەک لای ئێمە باوە، بەڵکو وەڵامی گۆڕانی جەدەلیانەی پێداویستییەکانی مێژووی کۆمەڵگا و داواخوازی زمانی تاک و کۆمەڵیە. لەم روانگەیەوە نوێگەری رەخنە و راڤەکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی مێژووی رابردووە بەرۆحێکی تازە و ئاوەڵا، یان وەک ئارتۆر رامبۆ پرسیارەکەی فڕێدا و بەجێیهێشتین، "دروستکردەوەی خودی خۆمان و جیهانەکەمانە کە لەدەستمانداوە."

بەڵام ئاخۆ پێکهات و جیهانبینی کوردی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بەخۆیەوە بینیوە، تاوەکو پرسیاری بیرڕۆیی ئاگایی، سوریالیزم و بونیاتگەری...هتد، ببێتە ئەو پرسیار و گوتارە هۆشەکییە خەملێوەی گشتیی؟ ئایا پانتایی رۆشنبیریی کوردی تەرزە دەقێکی وەک، گۆتە، هۆلدرلین، بۆدلێر، جێمس جۆیس، بریتۆن...هتد گرتۆتە خۆی؟ یان ئایا کێشەی ئێمە هەمان کێشەی ئەو دەسەڵاتەیە کە فۆکۆ باسی دەکا؟ چەندان پرسیاری لەم تەرزە یەخەمان دەگرێ، بەڵام نمایشکردنی هەموو پرسیارەکان حەوجە نین. جێگەی ئاماژەیە، کە ئەو

چەمک و فرە تیۆریانەی کە لەئەورووپادا بەرهەمهاتوون، پیادە کردنیانە لەئاستی سۆسیۆلۆژی، سێکسوالیتێت، پسیکۆلۆژی، زانستی مێژوویی و ... هتد، کە ئەمەش سیستمێکی ئێپستمۆلۆژی و ئابووری ... بەرهەمی هێناون، کە دامەزرێنەری پێکهاتەی کۆمەڵگایە، نەک مۆدەی پاڵەوانی، کە لای ئێمە لەئارادایە.

کەچی تا ئەمڕۆش لەجیهانی ئێمەدا، دەق و رووداو و دیاردە، بەرهەمە کەڵەکەکانی رابردوومان، وەک چامە و پەخشان و ئەزموونە سیاسیەکان، ئاوڕێکی تازەیان لێ نەدراوەتەوە. بەپێچەوانەی ئەمە، باڵادەستی نوێگەری ئەورووپا و گۆڕانە وەرچەرخاوەکانی وای لەڕووناکبیری ئێمە کردووە کە ئەو دەق و ئەزموونە جیاوازانەی کە لەهەناوی مێژووی ئێمەدا بەرهەمهاتوون، فەرامۆشبکات. زۆرینەی رووناکبیری ئەمڕۆی کوردی، بێئاگان لەدەقە گرینگەکانی کوردی، چونکە دیلی نوێگەری ئەورووپان. هۆکارێکی گرینگ کێشەی لاسایی کردنەوە و خۆ بەکەمگرتنی رووناکبیری کوردیە بەرانبەر بەئەویتر.

ئەگەرچی رووناکبیر و هزرڤان و شاعیرە داهێنەرەکانی ئەورووپا، بەپێچەوانەی زۆرینەی رۆناکبیانی ئێمە، بەگرینگییەوە کاریان لەگەڵ سۆفیزم و ئەفسانە و کەڵچەرە کۆنینەکانی خۆرهەڵاتی و گرێکی کۆنینە کردووە، کەچی رۆناکبری ئەمڕۆی کورد ئەوانەی بۆ پرسیار نییە.

## 4

بۆ جەختکردنەوەی ئەو کێشەیە، ئەم نووسینە، کەمێک لەئەزموونی "گۆران" دەپەیڤێ. لەنێوان پەنجا و شەستەکاندا، پرسیارێکی جیاواز لەپانتایی رۆشنبیریی ئێمەدا بەرهەمهاتووە، کە تاکو ئێستا خولانەوەیە لەدوورووبەری هەمان پرسیاردا، چونکە ئەزموونی گۆران، زمانی بیرکردنەوە و بینایی کوردی لەباوەوە گۆڕی بۆ روانگە تازەکان، یان دۆزینەوە و جوانکردنی ئەو جیهانە تازەی خۆمان. بەمەش گۆران کۆمەڵێک



دەستوور و یاسای چەقیوی هەڵتەکاند و ئاسۆیەکی جوانناسانەی بۆ جیهانبینی زمانی کوردی بەرهەمهێنا. هاوکاتیش توانی شێوە و ناوەڕۆکێکی تۆکمە بەسیمای جەستەی رۆشنبیرییمان ببەخشێت، بەمجۆرە توانی پێناسی شیعری و زمانی کوردی لەدەڤەر و وەستانەوە بۆ بەجیهانیکردن ببات. لەوەشدا گۆران بەپشتینەی ئەزموونی خودی خۆی و خۆماڵی و بەشداریکردنی "ئەویتر"ەوە، توانی ئەزموونێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ رۆحی کوردی بەرهەمبێنێت. گۆران بەجیهانبینییەکی خودییانە؛ پێداویستییەتی رۆشنبیریی کوردی، نەک لاسایی کردنەوە و گواستنەوەی لەقوتووکراوی رۆشنبیریی ئەورووپی، کە تا ئەمڕۆش ئامادەیی هەیە، توانی ئەو جیهانە تازەیەی کوردی بدۆزێتەوە. لێرەوە گۆران لەوەرگرتنەوەوە بۆ ئەفراندن و بەشداریبوون و بەخۆماڵیکردن، ژیانێکی تازەی بەخشییە ئاسۆی رۆشنبیریی و زمانی کوردی.

گۆران لەئەزموونە شیعریی و زمانەکەیدا، وێڕای بەجوانیکردن و ئەوالا کردنەوەی ئاسۆی هەستەکی زمان، توانی بەکۆمەڵێک دەستەواژەی نەگوتراو: خواستی سەردەمیانەی کۆمەڵگا، نهێنی ژن، رۆحی کوردی و هارمۆنیای سروشتی بەرجەستە بکاتەوە. ئەمانەش وادەکەن کە گۆران هەمیشە لەپانتایی رۆشنبیریی کوردیدا ئامادەیی هەبێت، بەڵام ئەو دیوە سیاسیەی گۆران، کە تا ئەمڕۆش بەناو رەخنەگری کوردی لەسەری دەژیت، گرفتارییەکە کە کێشەی خودی خۆیان و ئەوانەشن کە بەگۆران دەپێورێن! ئەگەر گۆران بەسیاسەت لەکەدار بووبێ، ئەوە مامۆستا و پێشەنگەکانی دوای خۆی، کە ئەوان ئەوە دەکەنە کێشەیەک بۆ گۆران، پاشکۆی حیزبین. بۆیە بەتاکە پرسیارێک ئەو کێشەیە بەجێدێڵم: کام لەو رووناکبیرە بەناوکراوانەی ئەمڕۆی کوردی دیلی حیزب نین؟

## 5

هەڵبەت لێدوان و پرسیاری رۆشنبیرییمان لەتاراوگەدا، ناکرێ لەتەنگانە گشتیەکەی رۆشنبیریی وڵات دووتابکرێنەوە، چونکە تا ئێستاش جیهانبینی رووناکبیرانی تاراوگە، بەدەراوێتەکردنی چەند نموونەیەکی کەم، لەتێکی جودا نەکراوەی رۆشنبیریی وڵاتن. واتە وزە رۆشنبیرییەکەیان هێشتا لەوڵاتەوە سەرچاوە دەگرن. بەواتایەکی تر، لەپانتایی رۆشنبیریی کوردیدا دوو جوگرافیا و ئەزموونی جوداواز لەگۆڕێدا نییە. سەرەڕای ئەمەش ئەو تاراوگەیە، شوێن گۆڕینە، کۆمەڵێک دەنگی رۆشنبیریی کوردی قووتداوە، کەچی بەرانبەر بەوە، کۆمەڵێک دەنگی تازەی بەرهەم نەهێناوە. ئەمەش کۆمەڵێک هۆکار و پرسیاری ئاڵۆزی هەیە، کە لێدوانێکی تایبەتی گەرەکە. لەپێشەوە دەخوازێ لەزاراوەی ئینتیلیگێسیا بئاخڤین. بۆ ئەمەش دەبێ پەنا ببەین بۆ کۆمەڵێک سەرچاوە و روانگەی جوداواز، بەڵام ئەم نووسینە نە بواری ئەوەی هەیە و نە لەتواناشیدایە خۆی لەقەرەی ئەم ئەرکە بدات، بەڵام یەکێک لەگرفتەکانی ئەو رووناکبیریەی ئێمە، دەستکورتی خۆ دروستکردنەوەیەتی لەپێناوی بەرجەستە کردنەوەی ئەو پێناسە ئینتێلیگێسیایە. نەبوونی ئەو رێژە زۆرینەی رووناکبیرانمان، کە وەک پیشە، بەمێتود و چەمک و تێوری، پەرە بدا بە پرۆژە هزری و راڤە و پسپۆری و زانستییەکان. کەچی رووناکبیری کوردی، وەک هەر کەسێکی تری کۆمەڵگا، بەهەموو شتێکەوە خەریکە: دوکانداره و هاوکاتیش پێشەنگی نووسینە...هتد. یان کورد واتەنی "لە هەر باغچەیەک گوڵێکە". بۆیە خاوەنی هیچ بنەمایەکی زانیاریی و تێوری زانستی نیە، بەڵام سەرقاڵە بەخۆگونجاندن و ناوداری. هەڵبەت، دەبێ بگوترێت، ئەو نموونە کەمەی ئینتێلیگێسیای کوردی، بەرهەمەکانیان جێگەی نرخن لەپانتایی رۆشنبیریی کوردیدا، بەڵام هەمیشە پەراوێزن لەئاستی بیرکردنەوەی کوردیدا. دەکرێ بەرهەمەکانی: مەسعود موحەمەد، ماڵی مەلا عەبدولکەریم مودەریس، کەمال مەزهەر، رەفیق حیلمی، علائەدین سجادی، ئەمین زەکی، شاکر فەتاح، شوکر موستەفا... چەندان لەوێنەی ئەمانە، نموونەی گەڕانەوە بن.



بەهەمەحاڵ، یەکێک لەگرفتەکانی نەبوونی نەریتی ئینتێلیجێسیا/رووناکبیریی کوردی لەتاراوگە، کە ئەو رووناکبیرە ناتوانێت لەسەر بنەمایەک کار بکات، کە پێویستی بەسیستماتیککردن و پرسیاری تازەیە. ئەو پرسیارەی کە لەناو وڵاتدا رەواجدار بوون، لەتاراوگەدا نە زەمینەی هەیە و نە خوێنەریش. سیستم و شێوازی ژیانی تاراوگە، بەهەموو رەهەندەکانییەوە، لەگەڵ سیستمی بێبەرنامەی ژیانی ناو وڵات تەواو جیاوازە، بۆیە رووناکبیری ئێمەی بردەوە بۆ سەرەتایەکی تەواو دوورەوە، بگرە لەخوێندنەوە و خۆ تازەکردنەوەشی دوور خستەوە. وێڕای ئەمەش، رۆڵی راگەیاندن لەڕێگای ئامرازە فرەکانەوە، رۆحی رووناکبیرانی کوردی، کە دوور بوون لەوە، تەواو بەتاڵکردەوە. ئەمە و چەندان هۆکاری تر، بەتایبەتی پێکهاتەی خۆرهەڵاتیمان، کە دابڕانێکی تەواو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوروپادا، رووناکبیری ناچار کرد پەنا ببات بۆچوونە ناوخۆو لاتەریک بوون لەبەردەم ئەو پێداویستە تازانەی رۆشنبیریی و میکانیزمەکانییان.

هەڵبەتە سەرنجەکانی ئەم نووسینە زیاتر بۆ وڵاتی سوێددا دەشکێنەوە، کە لەبوون و نەبوونی رۆشنبیریی تاراوگە بنەمایەکی سەرەکی پێکدێنێ. هەروا ئەو رێژە زۆرەی ناوەندە رۆشنبیرییەکانی کوردی، وەک رادیۆ، گۆڤار، کۆمەڵەی فرەی رۆشنبیری لەسوێد، کە چارەکێک لەو رێژەیە لەهیچ وڵاتی تری ئەوروپادا نیە. بۆیە لەسەر ئاستی "کوردستانی سوێد" دەتوانین ئاستی رۆشنبیریی تاراوگە دیاریبکەین. دەڵێم "کوردستانی سوێد"، چونکە ئەمڕۆ ئەو هەموو زڕە بنکە و مەڵبەند و چاپخانە ... هتد، کە لەسوێد هەیە، هێندە لەخودی کوردستانیشدا نین. بەپێی سەرچاوەیەکی سوێدی، کە لەپێشەکی لیستی کتێب و چاپخانەکانی 1994ی بێگانەکان نووسراوە: "کوردەکان لەهەموو گەلانی تر زێدەتر ناوەندی بڵاوکردنەوە و رۆشنبیرییان هەیە و کتێب چاپدەکەن". لێرەدا پێویستە بگوترێت، کە نووسەری کورد لەسوێد، لەزۆربەی نووسەرانی تری گەلان زیاتر بۆ

مەبەستی بازاڕی ئابووری سەرگەرمە بەکتێب چاپکردن و دروستکردنی بنکەی ساختە، هەروا ڕێژەی نووسەری کورد لەهەموو نووسەرانی تری بێگانە زیاترە لە "یەکێتی نووسەرانی سوێد"، کەچی ئەم یەکتییە لەسوێد تەنیا سەندیکایەکە و زیاتر سەرچاوەی ئابوورییە لەوەی کە پایەکی ئەدەبی هەبێ،بۆیە هیچ پلەیەکی داهێنانی لێهەڵناکرێ کە ببێتە پێوانەیەک بۆ پایە بەرزی ئەدەبی. جێگەی سەرنجە مەرجی ئەندامبوون لەو یەکتییە تەنیا سێ کتێبە، جا هەرچی کتێبێ بێت گرینگ نییە، بەڵام هەڵپەی نووسەری کورد بۆ ئەندامبوون لەو یەکێتییە تەنیا ئەوەیە، کە ئەو یارمەتیە ئابوورییە بەدەست بێنێ، کە ئەو یەکێتییە ساڵانە دوو جار بۆ ئەندامەکانی دەیبەخشێت. جێگەی ئاماژەیە، ئەو  نووسەرانەی کورد وەرگرتنی ئەو یارمەتیە بەناوی خەڵات بڵاودەکەنەوە.

6

بەهەمەحاڵ. ئەفراندن خۆی لەخۆیدا، نامۆ بوون و نەگونجانی ڕووناکبیرە لەگەڵ ژیان و بوون و دۆخی وەستاو، یان ئەفراندن زادەی پرسیارێکی قووڵ و ماناگەلێکی  گەردوونیانەی مرۆی داهێنەرە، کە لەئەنجامی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی خودا دەفراژێت. لەئاکامی ئەمەدا داهێنەر لەگەڵ خودی خۆی و کۆمەڵ دەکەوێتە ناو دژایەتییەکی گەورەوە. ئەمەش ناچاری دەکا بەرامانێکی تر و جوانیەکی تر لەنوژەنەوە ئەو دونیایە سەپاوە جارێکیتر لەناو دەقەکانیدا بڕازێنێتەوە.

لێراوە دەبوو تاراوگە بارێکی ڕەخسێنەر بێ بۆ ڕووناکبیری کوردی، بەڵام لەبری ئەمە، ڕووناکبیری کورد، لەمپەرێکی لەنێوان خۆی و ئەو دونیا تازەیە قووتکردەوە، تاکو خۆی لەپرسیار تەقلەهەقی ئەزموونی تاراوگەکەی بشارێتەوە. ڕەنگە ئەوە یەکێک لەو هۆیانە بێت کە ڕووناکبیری کوردی بەرانبەر گوتارێکی تازەی ڕۆشنبیریی بێدەسەڵات کردبێت. لێرەوە بەردەوامی نووسین بۆ نووسەری کورد، بۆ لاواندنەوەی



خۆی تەنیا قسە کردنە لەگەڵ ڕابردوو. هەر بۆیە پانتایی ڕۆشنبیریی ئێمە لەتاراوگە نەیتوانیووە لەلۆکاڵییەت داببڕێت  و ببێتە پرسیارێکی جیهانی. زۆرینەی نووسینەکانی تاراوگە، سیخناخە بەکێشە لاوەکی و ڕقەبەرەکایەتی نێوان خودی نووسەران.

بەڵام کەمال ئەبودیب لەمەڕ نامۆییەوە دەڵێ: "نامۆبوون پرۆسەیەکە کە ئەدەب خۆی پێ تازە دەکاتەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، جارێکی تر، داهێنەر لەنوژەنەوە بۆ نەمرکردنی ئەو جیهانە، خۆی بەرانبەر ڕاماندن دادەنێتەوە، کە ڕەنگە دوای ئەوە لەسەر بارێکی باو و گونجاودا ئۆقرە بگرێتەوە. بەم خەسڵەتە، بەدیوێک،  نامۆبوونیش خۆی خوڵقاندنی کەلێنە: مەودایەکی لەڕزۆکی نێوان دونیا دەقە، بەدیوێکی تریش، نامۆ بوونە لەنێوان دەق و کۆمەڵێک دەقی بەردەستی هاریکار و لەدایک بوو لەبونیادی بەرهەمی داهێنەردا، کە وایلێدەکات ئەو باو و گونجانە بخووڵقێنێت".

لەم ڕوانگەیەوە کێشەی ڕووناکبیری کورد، نامۆ بوون نییە لەگەڵ دەق و دونیا، بەڵکو خەمی مانەوە و دەمڕاستییە. بۆیە تاراوگە نەبووە پرسیارێک لەکێشەی دەق و تازەکردنەی خود، بەڵکو بوو بەبازرگانی و مشەخۆریی لەسەر کێشە کۆنەکان. ڕۆشنبیریی ناو وڵات بەبەراورد لەگەڵ تاراوگە زیاتر بەشدارو هەودایە لەگەڵ پرسیاری تازەکردەنەوەو دیالۆگ.

دواجار جیهانبینی ڕووناکبیری کوردی لە تاراوگە، دابڕانێک نییە لەگەڵ ڕابردووی وەستاودا، بەڵکو گۆشەگیربوونی خود خۆی و ڕەتکردنەوەی تاراوگەیە، بەڵام "بوودا" واتەنی: "ئەوە گومانە کە سەرشاری دەستپێکردن و سەرەتای هەموو سەفەرێکە. نەمان بۆ ئەو کەسەی کە سەفەرەکەی لەسەر زەویدا ڕاگرت و چوارچمکی لەناو مێرگەکەی لێی ڕۆنیشت... ئەی داهێنەران ئێوە لەکوێن؟ ئەو پەیڤەی کە دەڵێ (هەمووشتێک بەفیڕۆچوو)، بەرهەمەکەی دەچێتە ناو دڵ و ئاوەزمان... ئێمەش هێشتا لاوین".

کۆتایی 1994
سوێد – ستۆکهۆلم

## نیشانەکانی وابەستەبوون و گەڕان لەکۆدەکانی دیالۆگ

### قەڵەمکێشێک لەمەڕ بوحرانی رەشەکوژی
### لە شەڕگەکانی نووسینی کوردیدا

1

لەتاراوگەی گەمارۆدراو بەغوباری زەمەنو یادە سەهەندەییەکان، وەک هانایەک نووسین هەڵدەبژێرم، تاوەکو باری دۆشدامانەکانم، ماندوویێتی جەستەم تاوێک بحەسێنێتەوە. بەواتایەکی تر، بۆئەوەی بارووتی شەڕی نوسین لەشەڕگەکانی ئەم زمانە کوردییە لەیادەوەرییمدا بتەکێنم.



هەر یەکێک لەئێمە بەجانتای خەونە کوژراوەکانی خۆیەوە، وێستگە بەوێستگە جواگرافیایەکان دەبڕێ تاوەکو جەستە لەهێرشی کوشتن و رووحیش لەدوکەڵی نەهامەتی و پێشێلکردنەکان رزگار بکات.

گەر لەوێ جەستە لەچاوتروکانێکدا بکوژرێ، بەڵام رەنگە روح بەلاسارییەکانی داکۆکیکردن و خۆبەدەستەوە نەدان لەئۆتۆپیای داهاتوویەکی نادیاریدا مانەوەی بەردەوامبێ. لەناوەوەی وڵاتدا "ناتاراوگە"دا بۆ ئۆتۆپیایەکی کریستاڵی لەزەمەن بەدەر دەژین. کەچی لێرەی تاراوگەدا، بارەکە پێچەوانە دەبێتەوە. جەستە دەبێتە قاوغێکی رەق و چەقۆ ئاسا هەڕەشە لەڕوحت دەکا. کێشەکان، رابردوو، داهاتوو، یاد، فەرامۆشییەکان و... هتد، دەبنە کورەیەک و روحت هەڵدەقرچێنن. لەم بارەی تاراوگەدا لەناو مەودا دوکەڵاوییەکانی ئۆتۆپیا و واقیعە تازەکەدا بەچرپە چرپ دۆشداماو دەمێنیتەوە.

لە ناو ئەم تاراوگە بوونە دووانەییەدا– تاراوگە بوون لەتاراوگە؛ تاراوگە بوون لەشوێنی فرچکگرتوی یەکەمی بەهەور ئاوێزان–، هەر دەڵێی لەدەرەوەی گۆی زەویدا بەناو بۆشاییەکدا شۆڕ دەبیتەوە. بەمجۆرە مەرگ هێور ... هێور بەرەو ئامێزی خۆی راتدەکێشێ.

لەم تاراوگە بوونەدا دەخوازم بەم نووسینە تەنیمۆکی شەڕی رەخنەو زایەڵەی چەکی نووسین لەدەروون و روحمدا بتەکێنم.

چۆن دەکرێ لەم تاراوگە بوونەدا کەپرێک، شوێنێک بۆ یاد و کەشکۆڵی خەونەکانم بونیاتبنێم؟

چۆن دەکرێ لەجیاتی شەڕ، تەباییو فرەبینی لەڕەفتاری نووسیندا پەیڕەو بکەین؟ چۆن دەکرێ لەجیاتی گرێ کوێرە دەروونییەکانی تۆڵەکردنەوە و سڕینەوەی ئەویتر، بەرەو ئەفراندنی نووسینی دەق بیربکەینەوە؟

2

لە نووسین گەیشتن و قبوولکردنی، وەک چەمکێک بۆ ئەفراندنی پرسیارەکان، ڤێجا رەفتارکردنی لەئاست پێکهێنانی ماوە بۆشەکانی یادەوەریی– مێژوویی، بۆ خۆی شێوازێکە لەشێوازەکانی ئەفراندنو فراژانی قەوارەیەکی کولتووری، ئەمەش ناسین و ناساندنی خۆمان و بەشداریکردنێکی کاریگەریشە لەچارەنووسی پرسیارە هاوسەردەمییەکانی بوونەوەرە "بەئاگا" و "بێئاگا"یەکانی ئەم جیهانەدا.

هەر کاتێک هەوڵماندا، ئەو چەمکە بکەین بەئەرکێکی سەرەکی ژیان و لەبوارە گشتییەکانی ژیان و کۆمەڵدا پەیڕەوی بکەین، بەمە دەتوانین ئاوەز و ئاگایی مێژوویەک بئافرێنین. پێکهاتەی رەگەزە بنچینەییەکانی ئەم ئاوەزە ئاگاییە: یادەوەریی، ناسنامەی کولتووری و تایبەتمەندی هزرکردنە. ئەو هاندەریی و غەریزانەی کە سەرگەرمن بەدوای ئەو پێکهاتی ئاوەز و ئاگایی، پەیوەندییە جەستەییەکانی، شوێن، کاتەکان، رەنگ و بۆنی ئەو شتانەن، کە لەیادەوەریماندا گیاندارانە لەخۆیاندا تێکەڵاومان دەکەن، ئەمانە دەبن بەهێمایەک، لەچەمکی ئاگاییدا خۆیان دەسەپێنن، دواجاریش وەک فەنتازیایەکی نیگەرانکار بەرەو بەدوا گەڕان و ژیاندنەوەیان جۆشماندەدەن. بەرهەمی ئەم گەڕانەش، بیرکردنەوەی ئاوەزی ئاگاییەکە، کە بۆ بەدەستهێنانی قەوارە – کەینونەیەکی – کولتووری دڵنیابەخش ئامادەمان دەکا. کە بەدیدی هایدگەر کۆڵەکە سەرەکییەکەی ئەم قەوارەیەش زمانە (1).

لێرەدا، پرسیاری رۆشنبیریی هەوڵدانە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ مێژووی یادەوەریی دڵی ئەم قەوارەیە، نەک خۆ دابڕاندن، چونکە بێئاگایی بوون لەم پەیوەندییەدا، دابڕانو وێڵبوونە لەدەرەوەی ئەم قەوارەیەدا، دواجاریش بێئاگابوون و مردنی خودە. ئاکامیش رق لەخۆبوونەوەو نەمانی بیرکردنەوەیە. ئەمەش ونبوونی ئاوەزە: دابڕانە لەمێژووی بیرکردنەوەو مێژووی ئاگاییمان. بەئاگابوون لەم قەوارەیە، هەبوونی پڕۆژەیەکی هزرییە. هزرکردنیش بوونی ئاوەزو ئاگایی و ورووژاندنی "شتەکانە".



ئەرکی نووسەر پەرێشانی و رووژاندنی هێمای ئەو "شتانە"یە کە لەقەوارەدا جێنشینن. وێدەچێ ئەم پرسیارە "خەونە" کۆگەلیەی ئێمە، وەک خۆمان لەشەڕ و باوەشی مەرگدا سەوداسەر بووبێ، دواجاریش ئاوەزی ئێمە لەبیرکردنەوە دەستەوەستاو بووبێ. ئەو کاتەی خەون نەما، ئەوە شەڕی سەرتاسەری دەستپێدەکا. شەڕیش پڕۆژەی رق لەخود و یادەوەریی بەرهەمدێنێ. بەکوشتنی خەونیش، دەبێ تەرمی ئاوەز، ئاگایی: قەوارەو هێمای شتەکان بنێژین.

## 3

رەنگە لەواقیعی کۆمەڵگایەکی شەڕگرتوودا، چ لەوە ئاسانتر نەبێت، خودی شەڕەکە بکەین بەرێبازی بیرکردنەوە و رەفتاری ژیانمان. چونکە خودی شەڕ بەهێزترین هاندەرە بۆ پەروەردەکردنی مرۆی رەشەکوژ، نووسەری هێرشبەر و داخستنی کەشی گفتوگۆ. شەڕ جەللاد پەروەردە دەکات، نەک کولتووری ئەفراندنی بەکۆمەڵی.

لەوەش زیاتر ئەو کاتەی شەڕ دەبێ بەپێکهاتەیەک لەدەروونی بەکۆمەڵی کۆمەڵگایەکدا، لەوە تێدەپەڕێ بەبەرگریکردن لەخۆت کۆتایی بێت، بەڵکو دەبێ بەو خواستە گشتییە کە لەنائاگایی و ئاگاییماندا رەوتی واقیعی خۆی وەردەگرێ و بۆ شەڕەکان: شەڕی ناو خێزان، شەقام، دۆستایەتی، عەشق، نووسین، گەڕەک، شار و... هتد ئامادەمان دەکات. ئەم رەوتە دیاردەیەکە کە ئەمڕۆ بەبەرجەستەکراوی لەواقیعی کۆمەڵی کوردییدا خۆی دەسەپێنێ، هەر وەک شەڕ ئەو پرسیارە ئەبەدییە بێت، کە بەرەو چارەنووسی نەمریمان ببات.

بۆیە لێرەدا بەبیرکردنەوەیەکی ئەستەم و بێ ئومێدانە دەگەین، کە زمان نووسین و رەفتاری رۆشنبیریی وەک رەفتارێکی دژە شەڕ، بۆ رفتارێکی نادژە شەڕ وەردەچەرخێ و بەشێک لەم شەڕە ئەنجام دەدا، لەدواجاریشدا دەبێ بەئاکارێک، رەوایەتی خۆی لەدنیابینی و ئامانجەکانی داهێنان

وەردەگرێ. سەرنجامیش یادەوەریمان دەبێ بەدوکەڵێکی خەستی خنکێنەر و چارەنووسمان گەمارۆ دەدات. ئێمە پێویستمان بەنووسینێکە کە بتوانێ بەئاکارە ژیانخوازانەکەی شەڕ ریسوا بکات بۆ هەقیقەتی رەها و پرسیاری بوون ئامادەمان بکات. نووسینێک رارایی چارەنووسەکانمان بەمانایەک بکات، یان بەرەو دەروازەی دۆزینەوە و سەروەریی هانمانبدات.

لێرەدا چەقی لێکدژی و بەستەڵۆکی کۆمەڵگای کوردستان، بەئامادەیی سایکۆلۆژی و کلتوورییەکەی، خۆی وەک بونیادێکی پێشینە لەئاوەزی بیرکردنەوە و دنیابینی رۆشنبیریمان بۆ ئاشکرا دەکا. ئەمەش وەک پرۆسیسێک خاسڵەتە نەگۆڕەکانی لەپانتایی نووسینی رۆشنبیریی کوردیدا بەرهەمدەهێنێتەوە. بەمجۆرە دەبینین ئەم خاسڵەتە وەک گوتار/دیسکۆرسێکی باوی داسەپاو لەشێواز و رەوت و نەوە جیاجیای قۆناغەکاندا، بەفۆڕمی جیا و لەدیاردەی چەند بەرەی شەڕدا بەرهەمدێتەوە.

بۆ لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی زانستی ئەم بوحرانە (نەخۆشگیرە)، کە وەک پرۆسێسێکی یەک چەشنی، دەسەڵاتی بەسەر دنیابینیمانەوە هەیە، پێویستمان بەپسپۆڕی لایەنەکانی وەک: سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و ئەنترۆپۆلژیای... هتد هەیە، تاکو بتوانێ بەبناغەی میتۆدە زانستییەکان ئەو خاسڵەتانەمان بۆ شیبکەنەوە، کە هۆکار و زەمینەی بەرهەمهێنانی ئەم بوحرانەن. نەبوونی ئەو جۆرە زانستکارو پسپۆڕانە لەکۆمەڵی ئێمەدا گرفتەکانی لەگرێ کوێرەیی قەتیسماو کردوون. ئەمەش وایکردووە هەریەکە بەگوێرەی خواستی خۆی، لەئاستی سۆزو نیازی ئارەزوو ئامێزەی رەمەکیانەوە، ئەم خاسڵەتە بوحران خولقێنەمان بۆ نمایش بکات، بێئەوەی میتۆدێکمان بۆ تێگەیشتن لەم بوحرانە بۆ پێشنیاز بکەن، تاوەکو بتوانین ئەم زمانی نووسینەمان لەواقیعێکی هەمەڕەنگی هاوتەبادا، بۆ پرسیار و بابەتە سەرەکییەکانی زانیاری و کلتووری رەخنە و لێکۆڵینەوە زانستییەکان، لەبەشداریکردنی دیالۆگی ئاوەزی جیهانی ئامادەکار بکەین.



رەوتی نووسینی کوردی لەسەرتاسەری کۆڕ و کۆمەڵ و گروپەکاندا، ئەگەرچی وەک مەبەست و بیرکردنەوە خۆی لەزمانحاڵی حیزبایەتی جیا دەکاتەوە، بەڵام وەک سەرخانێکی کولتووری، لەناوەڕۆکدا رەنگدانەوەی ئەو پێکهاتە شەڕگر و خاسڵەتی ئەم بوحرانی رەتکردنەوە و فرەنەبینی مێژوویی – سیاسی و ئەقڵیەتی نائامادەیی دیالۆگی نێوان دژ، جیاوازییەکانە، لەکرۆکی کۆمەڵی کوردیدا.

دیاردەکانی خۆ جیاکرنەوە، بەبانگەشەکردنی لیبرالی و زاراوەکانی نوێگەریی، ئازادی رادەربڕین و... هتد، مۆدەیەکە بەهۆی بەرەواجبوونی ئەم زاراوانە لەدنیاکەی تردا: لەدنیای رۆژئاوادا ئەو چەمکگەلە، وەک میتۆدێک لەهەموو بوارەکانی ژیان پەیڕەو دەکرێ. لەسەر ئەم ئاستەش خۆرئاوا پێکهاتی خۆی دەناسێنێ. وەرگرتن و دەستەوایکردنی (استعارە) ئەم زاراوانە لەواقیعی وخۆڕسکی لەبوونیادی کلتووری ئێمەدا، تەرزە شێواندنێکی دوو بەرانبەری خولقاندووە، بەمۆدەکردنی ئەم چەمکانە وەک دیاردەیەکی بیژۆک، وێجا پیرۆکردنیان لەئاستی برادەریی و هاوشاریدا، ئەمەش چەشنێک لەدووبەرەکی وەردەگرێ. بەمجۆرە ئەو چەمک و تیۆرییانە لەناو رووناکبیری ئێمەدا دەبێ بەواقیعێکی کلۆڵ و کاریگەرییەکی نالەباریش دروستدەکەن. لەدواجاریشدا پێشینەیەکی کلتووری نالەبارتر، لەسەر پێشینە نالەبارەکانی تر کەڵەکە دەکەن، ئەو پشتینە شەڕئامێز و رەتکەرانەوەیەی کە ئاماژەمان بۆ کرد. وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم زاراوانە لەپانتایی نووسینی کوردیدا، بەبێ خوێندنەوەی مەرجی پرۆسێسی مێژوویی هزری، باکگراوندی کلتوورییان ، کە وادەکەن ئەو پرۆسێسە هزریانە بەردەوام، ئەو چەمک و زاراوانە بەرهەمبێننەوە. نەبوونی ئەم راستییە لەجەستەی کلتووری ئێمەدا، نووسەرانی تووشی ئاکار و رەوشتی دوالیزمی کردووە. ئەم خاسڵەتەش دیاردەیەکە هاوسەنگیی لەنێوان واقیعی

کوردی و خودی نووسەری کوردی لاواز کردووە، لەئاکامدا ئەو زاراوانە تەنیا لەئاستی مۆدەدا قەتیس ماون.

لە کاتێکدا گەر نووسین شێوازێک بێ لەژیان، نووسەری کورد بەگشتی لەم شێوازی ژیانە بێبەشە- بێجگە لەکەمینەیەکی گۆشەگیرکراو نەبێ-، چونکە نووسەری کورد لەناو نووسیندا، کەسایەتییەکە، پێموایە هیچ پەیوەندییەکی نییە لەگەڵ ئەو کەسایەتییەی کە لەدەرەوەی نووسیندا هەیەتی. لەژیانی مرۆڤایەتیدا پەیڕەوکردنی نووسین وەک شێوازێک لەژیان، خۆی لەخۆیدا، خەمی سەرەکی توانا تازەکانی ژیانە، یان ژیل دولۆز واتەنی "شێواز لەلای نووسەری مەزن، هاوکات شێوازی بەردەوامی ژیانە. لێرەدا مەبەست لەشتێکی کەسایەتی، تاکێتی نییە، بەڵکو مەبەست لەئەفراندنی رەوتێکی بوونە" (2)

لەم دیدەڕا دەکرێ لەسەرئەم خاڵە راوەستین، کە خاسڵەتی دووانەیی و بانگەشەکردنی بەزارەکی وبڕیاری جەڵەبیانە، زەقترین خاسڵەتی نووسەری کوردە. ئەمەش دیاردەیەکە زەمینەی هەموو بوارێکی دیالۆگکردنی لەنێوان نووسەراندا بنبەست کردووە، ئەو خاسڵەتە وەک پڕۆسێسێکی هیشکەڕۆی نەگۆڕ، هەمان خاسڵەت بەرەوتە کاریگەرەکەی خۆی لەجەستەی رۆشنبیریی ئێمەدا بەرهەمدێنێتەوە. نموونەی ئەم بەرهەمهێنانەوەیە لەدیاردەی جیاجیادا خۆی پۆلێن دەکات: وەک نووسەر، بەمۆدەی بونیادگەریی خۆی پێناسەدەکات، بەڵام بەئینتمای ناوچەیی و ئایدیولۆژی، خێزانی و... هتد، ئاوێزانە. وەک شاعیر، سووریالیستە لەئاخاوتن و لاسایکردنەوەدا، بەڵام لەپێکهات و رەفتار و بیرکردنەوە لەگەڵ ژنەکەی و هەڵوێستی ژیان، دووانەیی و ترادیسۆنییە. وەک سیاسی، مارکسیست و پێشکەوتنخوازە، کەچی لەهەڵوێست و رەفتاری ژیاندا ئیماندارێکی هیشکەڕۆیە. وەک بیریار، لەخەونی ناسۆنالیزمی کوردیدا، سنوورێک بۆ کوردستان دەئافرێنێ، هاوکاتیش لەناوەڕۆکدا خێڵچی و ناوچەگەرە لەکرداردا... هتد. سەرەڕای ئەمانەش لەقۆناغێکی



تایبەتدا خۆی یاخی دەنوێنێ، کەچی پاش ماوەیەکی کورت لەژێر نەریتە باوەکانی کۆمەڵایەتی، ئایینی، حزبی-خێزانیدا جێگیر دەبێتەوە، یاخود بەپێچەوانەی رابردووی خۆی، لەناو جوغزە داسەپاوەکەدا گرمۆڵە دەبێتەوە. ئێمە مۆدەی بانگەشەکردن بەم زاراوانە لەهەردوو حیزبی باڵادەستی کوردستان و بگرە نەخوێندەوارەکانیشمان، لەڕاگەیاندن و بڵاوکراوە و گفتۆگانی رۆژانە دەخوێنینەوە و دەبیستین. ئەمڕۆ بەکارهێنانی ئەم زاراوانە لەلای ئێمە، بۆ تێگەیشتن و رەفتارکردنیان نییە، بەڵکو بۆ دەمامک و تەڵەدانانەوەو پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتردا. گەر لافاوی مۆدەی ئەم زاراوانە لەگەڵ واقیعی سیاسی، کۆمەڵایەتی و خودی کردارو ئاستی رۆشنبیرەکانمان پێوانە بکەین، بەرەو رووی دژایەتییەک دەبینەوە کە لەناو گومان و گوناهەکان دۆشداماو دەمانهێڵێتەوە.

ئەمجۆرە دیاردە چەقگرتووانە لەڕووناکبیریی داسەپێنراوی کوردیدا، ئاکاری یاخیگەریی و تواناکانی نووسینی کوردی، لەمەودایەکی بچووکدا تەنگەبەر کردووە. بەمەش بوحرانێکی یەک لەدوایەکی لەقۆناغەکانی نووسینی ئێمە بەرهەمهێناوەتەوە، کە هەمیشە کایەی ئەفراندنی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کلتووری مێژوویيمان نائامادەکردووە. بوونی ئەو نووسەرانە بەئامڕازی شەڕ، ناسنامەی نووسینی لەئەرکەکانی داهێنان و خوێندنەوە و فەنتازیای گەردوونی گۆڕیوەتەوە بەسڕینەوەو سەرکەوتن بەسەر دوژمنی لایەنەکەی تردا: ئەو دوژمنەی کە وایلێکردووە ببێ بەنووسەر و وشە لەبری چەک بکاتە کەرەسەی شەڕ لەدژی کەسانی تردا. لەم ئاستەدا نووسین لەجیاتی ماخولیای پێکهێنانی ناسنامەی خود و هەبوونیەت، مانای کوشتن و بڕینی وەرگرتووە. بۆیە لەجوگرافیای زمانی کوردیدا، گەر نووسین ئامڕازی شەڕ، هێرشبەری و دروشم خوڵقێن نەبێ، ئەوە بەنووسینێکی ریزپەڕ (شاذ) و تۆمەتبار دەکرێ. ئەم کولتووورە شەڕ ئامێزەی نووسین، وەک بەرخۆرێکی شەڕ، خودی نووسەرەکەشی لەکۆمەڵی کوردیدا بەرخۆر کردووە. ئاکامی ئەمەش ونبوونی ناسنامەی نووسینە،

وەک بنامەیەکی سەرەکی لەناو ساختمانی کۆمەڵگەکەماندا. ئەوە ناسنامەی نووسینە کە وادەکات لەپرسیارەکانی هزر، زانست، خولقاندن و دۆزینەوە، بەرێگەی ئەم زمانەوە بەشداری لەم دنیا و گەردوونە بکەین، نەک بوارەکانی ئاڵوگۆڕکردنی هزر و ئەزموون لەگەڵ کولتووری ئەویترو خودی خۆمان بسڕێتەوە.

## 4

رەنگە بێ سوود نەبێ گەر بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو بەشە گرنگە بکەین کە شوێنەوایێکی زەقی لەسەر ژێرخانی کولتووری ئێمە بەجێهێشتووە، ئەویش: کۆلۆنیالیزمی ئەو رژێمە داگیرکەرانەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. ئەم داگیرکردنە لەڕێگەی ئەم پڕۆسێسە ئایدیۆلۆژیانەی کە دەرهەق بەکوردستان پەیڕەو دەکرێ، توانیوویەتی ئەم خاسڵەتە شێواوانە– کە شەڕی خۆ بەخۆیی و دووبەرەکی و کینە... هتد– لەسەر بنەماکانی کولتووری، دەروونی و ئەخلاقی کورد بچێنێ. ئەم پەروەردە ئاڵۆزکاوو نامۆیە، وەک سەرخانێکی مێژوویی– ئابووری سیاسی، کولتووریی، لەپێکهاتی کۆمەڵی کوردیدا بەرهەمبێنێتەوە.

بە درێژخایەنی ئەم بارودۆخە نووسەری کورد دووچاری گرێ کوێرەی دەروون لاوازبوون و ئیفلیجبوون بۆتەوە، هاوکات لەگەڵ بەشەکانی تری ئەم پێکهاتە گشتییەی کۆمەڵەکەیدا، هەستی دەروون لاوازیش بارێکی نەخۆش دروست دەکات، کە لەڕەفتارو کاری تاوانباکردن و سڕینەوەی ئەویتر روحییەتی خۆبەزلزانی و رەتکردنەوەی دیالۆگ... هتد، خۆی دەنوێنێ. دواجاریش بەپێچەوانەکەشی بەرامبەر کولتووری ئەویتردا هەست بەکەمی دەکا، بەڵام لەناو کولتوورەکەی خۆیدا خۆی بەزۆر دەگرێ و بەهەر شێوەیەک بێت کە بکرێ دەیەوێ ئەم دەسەڵاتە بەدەستبێنێتەوە، کە خۆی



لەبندەستیدا دەناسێتەوە، ئەم کێشەیە لەبەشێکی ئەم نووسەرانەدا ئاکاری شیزۆفرینیا و گرێی خۆبەزلگرتن و ... هتد وەردەگرێ.

ئەمڕۆ لەئەنجامی تەقینەوەی گرێ کوێرەکانی نەخۆشی نەزانی دەسەڵات بەکارهێنان لەسیاسەتی خۆخۆری و وابەستەبووی هەردوو حیزبی– خێڵی– کوردیدا، ئەم دیاردانە کۆنترۆڵێکی تەواویان بەسەر نووسەری کوردەوە هەیە.

بە هەمە حاڵ، بوحرانی ئەم نەخۆشییە ریشاژۆ و بەگرێ بوونە، دیاردەیەکە سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵی ئێمەی تەنیوەتەوە. نووسەران رەنگدانەوەی ئەم بارە کۆمەڵایەتییەن، شرۆڤەکردن و دۆزینەوەی کۆدی هۆ و ئەنجامەکانی ئەم رەوتە، پێویستی بەبنەما هەمەلایەنەکانی زانستی دەروونناسی کۆمەڵناسی و زانستەکانی تری مرۆڤناسییەوە هەیە، کە من لەم وتارەدا، ئەوە بەئەرکی خۆم دەزانم، تەنیا ئەو پرسیارانە بورووژێنم، کە بەرهەمهێنەری ئەو دیاردە کڵۆڵ و دووپاتانەن، هاوکات بەشداریکردن لەدۆزینەوەی بنەما و خاڵی ئاستەنگەکانی ئەو پرسیارانە. راڤەکردن و خوێندنەوەیان، بەدیدو میتۆدە جیاوازەکانی تر، بەکاری پسپۆڕانی توانادار دەزانم ، نەک ناولێنراوەکان.

## 5

ئاماژەکردن بۆ رۆڵی خودی بزوتنەوەی سیاسیی کوردی، وەک هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەم پڕۆسێسە لەبەرهەمهێنانەوەی ئەم بوحرانی رەشەکوژییەی نووسین و ئیفلیجکردنەی کۆمەڵ و ناسنامەی نووسەر، کە بەمەهانەی نوێنەرایەتی کردنی لەچارەنووسی گەلی کورددا مافی رەوایەتی خۆی زیاتر لەنیوسەدە وەرگرتووە، وەک هێزێکی باڵادەستیش، لەدروستکردنی ئەم بوحرانی نووسین و شێواندنە کۆمەڵایەتییەدا بەشداری کردووە، لەکاکڵەی مەبەستمان نزیکتر دەکاتەوە.

بزاڤی سیاسی کورد لەڕەوتە درێژخایەنەکەیدا، بڕینی قۆناغەکانی لەهەرەسێکەوە بۆ هەرەسێکی تر، سەرەنجامی بارێکی دەروونی داتەپیوو تاریکی لەنا روحیەتی مرۆی کوردیدا خوڵقاندووە. ئەم بارەش بۆتە بوحرانێک کە ئاوەزی کەسی تاکی مرۆی کوردی لەنەگۆڕی ساویلکەیی و تەنگبینی قاڵبڕێژ کردووە، بەشێوەیەک کە ئەو تاکەکەسە توانای دۆزینەوەی میتۆدێکی تری بۆ گەڕان بەدوای چارەنووسەکەی، بێجگە لەوابەستەبوونی بەعەقڵیەتی ئەم بزاڤە، تیادا نەماوەتەوە. ئەم بارە نەگۆڕەی پێکهات و عەقڵیەتە سیاسییەی بزاڤی کوردی و هەرەسهێنانی بەردەوامی لەئامانجەکەیدا، ژێرخان و ساختمانێکی ئیفلیج و لەکارکەوتووی لەکۆمەڵی کوردیدا دروستکردۆتەوە.

ڕەنگدانەوەی ئەمەش سەرخانێکی نەخۆشانەی مێنتالیتێتی وابەستەکراوە، کە میکانیزمی بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی و تاکەکەسی نووسەری لەناو بوحرانێکی قەتیسماو و بازنەیەکی بەحزبی وابەستەبووی داخراودا چەقاندووە. ئەم بزاڤە بەبیانو و فێڵبازییە ئاشکراکانییەوە، هەرەسەکانی ئەم ئامانجە بەکۆمەڵیەی کوردی لەڕێگەی سۆزی هوتافەکانیەوە خستۆتە سەر ئەستۆی هۆکارە دەرەکییەکان – گوایە هەموو هۆیەکانی هەرەسهێنانی بزاڤی کوردی، بارودۆخی سیاسەتی جیهانییە لەپشتیوانی نەکردنی کوردیدا–، بەمجۆرە توانیویەتی بەبەردەوامی مافی ڕەوایەتی خۆی بەهەمان ئاوەز و شێوازی پێشووی هەرەسهێن بەدەستبێنێتەوە، بۆ جاڕدانی دروشمە ساختەکانیشی نووسەری کورد بدۆشێ و لەقاڵبی خۆیدا وابەستەی بکاو بۆ بەرنامە سەقەت و دەسەڵاتخوازییە تاکڕەو و سەرکوتکەرانەکەی بەکاریبێنێ.

وێڕای ئەمەش ئەو پێکهاتە ئابووری–سیاسی و ساختمانە کۆمەڵایەتییەی، کە بەرێژەیەکی فرە دەرەبەگە، بەئامڕازە سەرەتاییەکانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەڕێوەدەبا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەسەڵاتێکی خۆڕسکانەی بەکۆمەڵی جیاجیا و هەر کۆمەڵەش دژ بەیەکتر



دروستدەکا. گواستنەوەی ئەم پێکهاتە هەڕەمەکیە ئابوورییە خێڵەکیانە بۆ ناو چوارچێوەو دەزگای حیزبی و بەرهەمهێنانەوەی ئەو دژایەتییەو پەیوەندییە خێڵەکییەکانە بەرێگای ئیدۆلۆژییەکی وابەستە، کە لەئەنجامدا پێکهاتێکی ناتەبای تێکشکا و لەهەڕەمەکی حیزبیدا بەرهەمدێنێتەوە. بەمجۆرە حیزبەکان دەبن بەو پێکهاتە هەڕەمەکیە و جێگەی ئەو پێکهاتە دەرەبەگیە بەخۆوە دەگرن: خێڵە دژ بەیەکەکان، لەناو حیزبە دژ بەیەکەکان، لەبری فۆرمی پەیوەندی خزمدا، فۆرمی رابەری حیزبی چەکدار وەردەگرن. لێرەدا حیزب بۆ مەبەستی دەسەڵات، خێڵەکان دەکا بەئامرازێکی کاریگەر و باڵادەست بۆ دەستکەوتنی ئەم دەسەڵاتە. بەمەش کۆمەڵی شار دەبێ بەگوند. کولتووری گوندی دەبێ بەباڵادەست و نیشانە شارستانییەکان لەناو ئەو پێکهاتەدا دەشێوێنرێن، ئەم گۆڕانە شێواو و ناکۆکە، کە بێهۆکارو زەمینە بابەتی و ناوەکییەکان، لەکۆمەڵی کوردیدا ئەنجامدراوە، ئەمەش ئەو بەهاو رەوشتە باشانەی، گیانی دڵسۆزی بەرامبەر خێڵەکەی و هاوکاریی و بەهانا هاتن و پاراستنی ناوچەکەی... هتد. لەناو بردووە، کە لەپێکهات و خاسڵەتی خێڵدا دەناسرێنەوە. لەناو ئەو پرۆسێسە ئاڵۆزەدا، کێشەی کۆمەڵی گوندی لەدژایەتی نێوان خێڵەوە بۆ دژایەتی حیزب وەردەچەرخێ. لەوابەستەیی بەخێڵ و ناوچەوە، بۆ وابەستەیی بەسەرکردەی حیزبەکەی دەگۆڕێ. لەجووتێرێکی کارامەوە دەبێ بەچەکدار و شەڕکەرێکی ئازاو ...هتد.

بە هەمان پڕۆسێسیش لەنووسەرێکی سۆز ئامێزەوە دەبێ بەنووسەرێکی چەکدار، بەگیانێکی هیشکەڕۆ و ڕەشەکوژ. ئەم گۆڕانکارییە بەزۆرییانە، کۆمەڵی کوردی کردۆتە کۆمەڵێکی بەش بەشی توندڕەو و لەخاسڵەتە ئازادیخوازانەکەی خۆی دابڕاندووەو، هێدی هێدی بەرەو رق لەخۆبوونەوە و لەخۆنامۆبوونی ڕاپێچدەکا.

ئەم بارە دژوارە کۆمەڵی کوردی بۆ چەند نۆرمێکی نەگۆڕی ناتەبا لەگەڵ خودی خۆی و ئەویتر ئامادە کردووە. ئەم دیاردانەی کە ئەم بارە کەنەفتە دورستیکردووە، هەریەکە و چەند لێکۆڵینەوەی فرە جیاوازی دەوێ.

## 6

هۆکاری دەرەکی و ئەزموونی کلتووری ئەویتر و کۆمەڵگای ژیاریی، چلۆن رۆڵێک دەبینێ لەسەر کۆمەڵێک کوردی هەندەراننشین؟ کۆمەڵی کورد وێڕای گۆڕانی جوگرافی، کەچی بەچەشنێکی تر دەگەڕێتەوە ناو ئەم پرۆسێسە و بەهەمان خاسڵەتی وابەستەییەوە کاردەکاتەوە. ئەم وابەستەییە و پێکهاتە دژوارە، کۆنترۆڵێکی رەهای هەیە لەسەر پێکهاتەکەی، بەجۆرێک وایلێکردووە ناوەکی-خودیی- خۆی لەدەست بدات، تەنیا وەک بوونەوەرێکی دەرەکی-شێوەیی- هەست بەخودی خۆی بکات. ئەم خاڵەش هانیدەدا لێرەی هەندەرانیش وەک پێشینەکەی، ئۆتۆپیایەک بەکەرەسە و شێوە و وێناندنەکان، ئەو جیهانەی جاران پێکبهێنێتەوە. بەم رێگەیەش لەبۆشاییەکانی یادەوەریی و واقیعییەتی تەنیایی دور بکەوێتەوە و لەناو کۆگەلی وابەستەییدا دژایەتییەکان بژێنێتەوە، بەمەش ئاگایی خۆی سڕ بکات و لەکاریگەریی ئەویتر دووربکەوێتەوە.

بەمجۆرە دەکرێ بڵێین، کە نووسەری کورد سەختە بتوانێ لەکاتی هەنووکەییدا بفکرێ و هەست بەبوونی خۆی بکات، بەڵکو لەڕابردوویەکی ئامادەی تەماویدا لەبوونی دابڕاوی خۆی دەگەڕێ، یان لەجەستەی رابردووەکەی بوونی دەناسێتەوە. سەربارێ ئەمەش بڕیاری ئەو دوورخستنەوەی هەنووکەیە، چونکە لەگەڵ هەنووکەدا ئاخاوتنێکی زیندووی نییە، بەڵکو بوونی ئەو لەژیانی رابردوودا خۆی دەنوێنێ. لێرەدا رەنگە بەهەڵەدا نەچین گەر بڵێین، مرۆی کورد وەک بوونەوەرێک، لەکاتی هەنووکەدا بوونی خۆی بەبارێکی نائاسایی دەبینێ، بوونە ئاسابیەکەی



ئەو لەڕابردوودا بەرجەستەیە. چونکە لەکاتی ئێستادا هەست بەئیفلیجی جەستەی خۆی دەکات. بۆیە هاندان و چالاکییەکان لەم جەستە بەکۆمەڵییەی کوردیەدا، بۆ گەڕاندنەوەی رابردووەکەیەتی .

لەسەر ئەم زەمینەیەدا نووسەری ئێمە پێناسە رۆشنبیرییەکەی دەناسرێتەوە. بەم شێوەیە لەهەندەراندا، بەهەمان بیانووە سادەکان: گوایە تەنیایی و نامۆبوون دیاردەیەکی نامرۆڤانەی ئەوروپایە، بۆیە دەبێ لەداب و نەریتەکانی رابردووی خۆی نزیک بێتەوە، تاوەکو بتوانێ نووسین دابهێنێ. هەروەک ئەفراندن تەنیا لەو رووداوانەدا مانای راستی بدەن. بەم بڕوایە نەگۆڕانە لەنیگەرانی و پرسیارەکانی دەروونی و هەنووکەی بوونیدا خۆی دەپەڕێنێتەوە. هەر ئەمەشە وایلێدەکا کە هەر بەرهەمێکی تر، یان هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی تر، کە پێچەوانەی بڕوا و نووسینی ئەو بێ، بەنامۆ، ئاڵۆز و شێواندنی زمانی کوردی دابنێ... هتد، ئەو نووسەرە، یان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەسڕێتەوە، گوایە تەنیا خۆی پێوانە راستیەکەی زمانی کوردی و پێوەری ئەفراندنەکانە: کامە باشەو کامە نەباشە...

لێرەدا پرسیاری ئێمە بۆ داهاتوو نییە، چونکە بەدوای وەڵامەکانی رابردوو سەرقاڵین. لەخود گەڕان و پرسیار لەداهاتووکردن لەدیدی جیاوازدا، بەلای نووسەری کوردەوە، سەرلێشێوان و خۆ ونکردنە، هەروەک گوایە ئێمە دڵنیاین لەوەی کە لەسەر زەویدا بەئاستی رۆشنبیریمان ژیانی ئەبەدی بۆ خۆمان و ئەوانی تر دەدۆزیتەوە. هەڵبەت نامۆیی و گومانیش بۆ جیهانبینی یەقینبیندا شەڕێکی ناوەکییە، هەڕەشە لەپێکهاتە بەیەقین و داهاتووەکەی دەکا.

نووسەر بەم رێگەیەوە دەتوانێ بەو وێنە و خەیاڵە لەو سۆز و رابردووە گیرخواردووە بنووسێ و لەناو ئەو رابردووەشدا بژی. سەبارەت بەم لەڕابردوونشینیە، محمد الجابری لە( اشکالیات الفکر العربی المعاصر) دا دەڵێ : " شیعری عەرەبی بەم ئاستە ئاسۆییە لەسەر هەمان ئاستدا دەپێوێ و لەناو تیشکەکانی ئەم ئاستەشدا دەبینێ و بەپەیامەکەی دەخوێنێتەوەو

وەتەئویلی دەکا. ( ئەم نموونە سەلەفیەیە ) کە لەمپەرەکانی پێشکەوتن و ئەفراندن لەهزری عەرەبیدا پەروەردە دەکا. (3)

نووسین جۆرێکە لەنیگەرانکاریی: خودی نووسەر و خوێنەرانی. نووسین بەرێگای پرسیارە نیگەرانکارانەکەی بەرەو رووی کێشەکانی گومانکردنمان دەکاتەوە، تاوەکو بەرەو دوورییەکانمان ببات، کە گەڕانەوە لەو رێگەیەدا دەبێ بەمردن. بەمجۆرە بەردەوابوون لەنووسین، بینینی خودە بەچاوی خوێنەران و فرە چەشنکردنی تێڕوانینەکانە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، بەڵام نووسینی ئێمە، دووپاتکردنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەن کە وەڵامدراونەتەوە؛ پرسیاری نیگەرانکردن نییە. وەڵامدانەوەی وەڵامیش، شەکەتی نووسینی ئێمەیە، دواجارش ئەمە نووشستی دنیابینینمانە لەبەردەم تەرمەکانی رابردووی خۆماندا.

نووسین لەلای ئێمە خوێندنەوەی خود و پێکهێنانەوەی نییە، بۆیە وەک چۆن نووسەر خۆی ناناسێ بەهەمان شێوەش، خوێنەر خودی نووسەر و خۆشی ناناسێ، چونکە نووسەری ئێمە لەژێر سانسۆری داب و نەریت و ئەرکە گشتییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە لەنائاگاییدا ئامادەیە، کاردەکات. ئەرکی ئەو دەربرینی ئەو داخوازییانەیە کە داخوازی گشتین. بۆیە داخوازی ئەو لەپێوانەکردنی ئەفراندندا، تەنیا زۆری جەماوەرە لەگوێشلکردن و پەسەندکاریدا. ئەمەش دیدێکی کۆنباو و وابەستەکراوە، کە لەچەمکی جەماوەر، حیزب، گەل، ستالینینی و... هتد سەرچاوە هەڵدەگرێ. لەهەمان کاتدا نووسەری ئێمە بەئەرکی خۆی دەزانێ کە لەڕابردوودا ونمانبکات و لەهەنووکە و داهاتوومان دووربخاتەوە. بەمجۆرە ئێمە بەجەستە لێرەین، بەڵام لەهەستی بووندا لەوێین، ئەوێش رابردوویەکە کە لەتەم و مژ بترازێ هیچی تری تیادا ناخوێنرێتەوە. ئەم ئاستە بەکۆیە داخرا وو ئاسۆ بینە، فرێدانی تاکە کەسی کوردە بۆ دەرەوەی هاوسەردەمی و ماناکان. بۆیە لەناو نووسینی کوردیدا تێڕوانینی تاکە کەسی ئامادەییەکی شەرمنانەی هەیە. تاکە کەس لەناو ئەو ئاست و ئاسۆییە



کۆیەدا، بوونەوەرێکی نەخۆشە. لەخۆڕامان بەچاوی ئەویتری خوێنەر، لەخۆڕامانێکی پووچە. هەروا تەنیا بوون لەدەرەوەی ئەم ئاستە کۆیەدا، هەڵبژاردنێکە بۆ مافپێدان لەڕەشەکوژکردنی تاکێتی نووسەر.

## 7

بەم پێوانەیە نووسەری کورد لەئەزموونی هەندەراندا: لەئەوروپای تاکەکەسدا، لەجاران زیاتر لەسەر ئەم رابردووە بەکۆ پێکهێنراوە سوورە. ئەگەر لەکاتی ئامادەبوونی ژیانییدا لەناو ئەو کۆگەلییەدا هەستی بەنامۆیی کردبێ، ئەوە ئێستا لەم هەندەرانی نامۆ بەرهەمهێنەرەدا، هەستی ئەو پێچەوانە دەبێتەوە. لەم ئەزموونەدا، نووسەری ئێمە ئەوە بەئەرکی خۆی دەزانێ کە ئەو رابردووە بەرێگەی خەیاڵەکانەوە دیسانەوە ئامادەی بکاتەوە و، دواجاریش ئەو دەسەڵاتە رابردووەی بەدەستبێنێتەوە، چونکە ناتوانێ لەدوور رووداوەکان بنووسێ. لێرە تەنیایە و رووداوەکانی ئەم ئەزموونە بەپرسیار و ئەرکی خۆی نازانێ. لەبری ئەوەی بۆ تێڕامان و وەرگرتن بەناو ئەم تەنیاییەدا شۆڕبێتەوە، کەچی لێی هەڵدێ. بۆ دروستکردنەوەی ئەو ئاستە ئاسۆییەی رابردوو، هەروا پڕکردنەوەی ئەم تەنیاییە بەناوی کۆمەڵە، هەڵدەستێ بەپێکهێنانی حزب و رێکراو دروستکردن. بەرێگەی کولتوور و هونەرەوە، ناوێک، وەک مەهانە، لە(کۆمەڵەکە)ی دەنێ، کە هیچ پەیوەندییەکی بەکاری ئەو کۆمەڵەوە نییە، بەم کارەش خەونەکانی وەک تەم دەڕەوێتەوە. لەئەوروپادا، رەنگە هیچ گەلێک نەبێ هێندەی کورد، ناوی کولتووری وا بەئاسانی زڕاندبێ! بەڵام ئەوە بۆ ئەندامەکان و خۆشی رابردوو بەیاد دێنێتەوە و لەهەنووکەی بەبۆشایی داگرتوویدا فەرامۆشی دەکات. گەشەسەندنی ئەو قاڵب و لەتەکردنانە لەجەستەی کوردیدا، کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی کورد، بۆ خۆشکردنی دژایەتی یەکتر کردن، کۆمەڵی کوردیان بەسەر ناوچە و خێڵەکاندا دابەشکردووە. لەڕاستیشدا ئەم (کۆمەڵانە)ی کوردی لێرە

لەئەوروپا، بەتایبەتی لەسوێدا، کە جەغتی من زیاتر لەسەر وڵاتی سوێدە، یەکێک لەهۆیەکانی بۆ بەرهەمی دەسەڵاتی کوردی دەگەڕێتەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، هەم خودی ئەو کۆمەڵانە و هەمیش لایەنگیرانی، لەوە بەئاگان کە بەرهەم و مەبەستی کۆمەڵەکانیان لەگەڵ بانگەشەی ناوەکانیان هاوسەنگ نین، بەڵام نائاگایی هانیدەدا بەمە ناسنامە رابردوویەکەی بگوازێتەوە ئێرە. وێڕای ئەمەش ئەم کەش و هەوایە بەکۆمەڵیەی، کە ئەو(کۆمەڵە) دروستی دەکا، لەپرسیارەکانی تەنیایی و تاکە کەسی و تەماشاکردنی بەچاوی ئەویتر دووریدەکاتەوە و دڵنیایی بۆ دابین دەکات. چونکە هزرکردن لەکۆمەڵ و نووسەری ئێمە، لەکۆ و گروپ خۆی دەناسێنێ. بۆیە ناسنامەکەی لەکۆی رابردوودا جێگیرە، نەک هزرکردن لەڕوانگەی تاکە کەسییەوە: ناسنامەی لەلای ئەو کۆیە، نەک تاک. ئەو ناسنامەیە لەپەیوەندییە وابەستەکراوەکانەوە پێکدێت. ئەمە لەبونیاتی وابەستەکارییەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە بەرهەمدێت، لەخێڵی ناوچەگەرەوە تا دەگاتە حزبەکان، کە هەریەکەیان بگرە بەبونیات و رەگەزەکانی ئاوەزی خێڵەوە و پێکهاتووەکەی کاردەکات.

ئەوەی زیاتر سەرنجکێشە لەم کۆمەڵە کولتووری و هونەرییانەی کوردی هەندەران ئەوەیە، هاندەری کارەکانیان لەپێناوی دژایەتیکردنی کۆمەڵەکەی ترە. واتە ئێمە پرۆژەیەکی کولتووری و هونەری لەو کۆمەڵانە بەدی ناکەین، – مەبەست لەدیاردەی کۆمەڵەکانە بەگشتیی، رەنگە هەندێ لەو کۆمەڵانە بۆ خزم و ناسیاوەکانیان کاری چاکیان کردبێ_! بەڵکو ئەو ناکۆکیە پێشینە و شەرە خۆکوژییەی حزبەکان، بەشێوەیەکی تر، بەڵام بەهەمان ناوەڕۆک، بەرهەمی دێننەوە.

کاری هەریەکەی ئەم کۆمەڵانە ئەوەیە، کۆمەڵەکەی تر لەناو ببات، نەک بەرێگەی بەرهەم و چالاکی بونیاتنەرانە، بەڵکو بەرێگەی رەشەکوژی جەستەیی و هێرشی ماف لێسەندنەوەی ژیان. بۆ نموونە یەکێک لەبەڕێوەبەرانی گۆڤارەکانی کوردی لەسوێد، کە سەکۆی یەکێک لەو



(کۆمەڵانە)یە، سەرباری نەبوونی زەمینەی دەرکردنی گۆڤارەکە، لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە سوور دەبێ، چونکە پێیوایە، گۆڤارەکەی تر، یان کەسانێکی جیاوازی وابەستە بەکۆمەڵەیەکی تری دژ بەنەمانی گۆڤارەکەی تر دڵخۆش دەبن، ئەمە تەنیا نموونەیەکە. بەمجۆرە دەبینین گۆڤارەکە بەرەیەکی شەڕمان بۆ بەرهەمدێنێ، نەک پرۆژەیەکی کولتووری. بەردەوامبوونی ئەو گۆڤارە، بەردەوامکردنی شەڕە، نەک بەردەوامی ژیانی رۆشنبیریی و هزرکردن لەپرسیارەکانی چارەنووس و دۆزینەوەی میتۆدێک بۆ ئاخاوتن لەگەڵ یەکترو ئەویتری جیاوازدا... هتد.

لەسەر ئەم بناغەیەدا دەتوانین لەم ئەنجامە نزیک بینەوە، کە ئەم ناکۆکییە لەڕادەبەدرانەی نێوان کوردی هەندەراننشین، لەدووتوێی ئەم (کۆڕو کۆمەڵانە)دا دەناسرێنەوە. بەواتایەکی تر، هەر خودی ئەو دژیەتیانەیە کە ئەم کۆمەڵە لەیەکتر دژانەی دروستکردووە. هاوکاتیش هەڕەمی وابەستەکراوی کۆمەڵی کوردیان پەرەپێداوە.

ئەمەش وایکردووە کە کۆمەڵی کورد لەئەوروپا لەو شێوەی جاران دوورنەکەوێتەوە، دواجاریش لەکولتووری ئەم کۆمەڵانە گۆشەگیر بێت.

سەرەڕای ئەمانەش، هۆکارێکی راشکاوی تر، لەزۆرینەی ئەوانەی کە بەکاری دروستکردنی ئەم کۆمەڵانە هەڵدەستن، ئەوانەن لە ناو حزبەکانەوە هاتوون و شێوەی بیرکردنەوەیان دەسەڵاتخوازی و دژایەتیکردنە. ئەوانە بەو کارانە راهاتوون و لەوەش بترازێ هیچی تریان بۆ ناکرێ. بەمجۆرە ئەوانە بەهەمان شێوازی کاری رابردوو، (کۆمەڵەکە) یان بەڕێوەدەبەن، دواجاریش ئەو کۆمەڵە، دەبێ بەئینتیمای خزمایەتی، واستەیی، هاوشاریی، یانیش ئایدۆلۆژییەکی رەشەکوژی و خۆی بەئێمە دەناسێنێ. بەهەمە حاڵ، من بۆ چڕکردنروەی ئەم بۆ چوونە، پرسیارگەلێک ئاراستەی ئێوە دەکەم، ئەویش:

لەو هەموو ساڵانەو، لەو هەموو کۆڕو کۆمەڵە بەناو کولتووری و هونەرییانە، بۆچی، بۆ نموونە لەسوێددا، کە زەمینەیەکی یاریدەدەر

هەیە، پڕۆژەیەکی کولتووری نەهاتە کایەوە، وەک ئۆرگانێک، دامەزراوێکی کەلتووری، یان بەلای کەمی پڕۆژەیەکی وەرگێڕان، پێکنەهێنرا؟

یان بەرهەمی ئەو (کۆمەڵانە) بەبەراوردکردن لەگەڵ بانگەشەکردنەکانیان، بێجگە لەخۆشکردنی شەڕی دووبەرەکی نێوان کوردی هەندەرانیشین و گواستنەوەی شەڕی خۆکوژی کوردستان بۆ ئەوروپا و دابەشکاری و وابەستەبوونی رووناکبیری، بەرهەمەکانی تریان چین؟

پاش هەرەسهێنانی پرۆسەی راپەینی کوردستانی باشوور و هەرزانکردنی کێشەی کورد بەهۆی نوێنەرە سیاسەتمەدارە قاچاغچییەکانمان، نووسەری کورد و (کۆمەڵەکانی)، ئەو رۆڵەی کە دەبوو بیبینن لەبەشداریکردن و گەشەپێدانی مافی ناسنامەی کولتووری نەتەوەییمان و دروستکردنی دیالۆگی رۆشنبیریی لەگەڵ کەناڵە کولتوورییەکانی رۆژئاوا، لەپێناو فەرامۆشنەکردنی کێشەکەی، لەکام ئاستدایە؟

نووسەر و "کۆمەڵەکانمان" لەهەر جارەی دەسپێکردنەوەی شەڕی حزبەکان، بێجگە لەکۆبوونەوە لەبارەگا گۆشەگیرەکانی کۆمەڵەکانیان، هەڵکوتانە سەر ئەو لاو لایەکەی تر، سەت بارەکردنەوەی قسەکان، چیتر بووە...؟

## 8

ڕەنگە ئەو هزرە راستییە بەڵگە نەویستە لەو ئاکامە نزیکمان بکاتەوە، کە بەکوردییەکەی دەڵێ، هەموو نیشانە و دیاردەی بەرهەمە کولتووری، هونەری، کۆمەڵاتییەکان... هتد، رەنگدانەوەی پێکهات و ناوەکی خودی ئەو کۆمەڵەیە. کێشەی گۆڕانەکانی کۆمەڵی کورد لەو ساڵانەی دواییدا، رەنگە بکرێ بڵێین ئاڵۆزترین و سەختترین قوناغە، کە کورد لەم سەدەیەدا بەرەو رووی بووبێتەوە. لەبارەی سیاسییەوە لەگەورەترین نوشستدا دەژی، نوشستێک کە هەرچی نیشانەیەکی رووناکە لەم جەستەی کوردییەدا خامۆشی کردووە. ئەمەش داپچڕانێکی ناوەکی دژوار و نامۆی خوڵقاندووە. ئەنجامی ئەمەش کایەی دژایەتییەکی توند و تیژی لەنێوان بەشەکانی ئەو



پێکهاتە کوردییە بەرهەمهێناوە. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە، ئاماژەکردنە بۆ کێشەی ئەو بەشەی نووسەران، کە بە"نەوەی نوێ" و"کۆن" یان کۆنی جێماو "سلف" و "نوێگەر"– بچووک و گەورە– ناودەبرێن .

لێرەدا لێکداپچڕان و نەمانی دیالۆگ لەنێوان ئەم دوو نەوەیەدا، دەتوانین، کتومت، بەکێشەی ئەم دوو هێزە باڵادەستەی کوردی بچوێنین. کێشەی ئەم دوو نەوەیە لەشێوازێکی شەڕئامێز و لەهەوایەکی بەچەک داپۆشرا و لەڕێگەی رووبەری نووسینی ئەمڕۆی کوردیدا خۆی دەنوێنێ. تۆمەتبارکردنی یەکتری ئەم دوو نەوەیە لەبازنەیەکی داخراو و لوغمکراودا بەڕێوەدەچێ: نەوەی یەکەم "کۆن"، نەوەی دووەم "نوێگەر" بەوە تۆمەتبەر دەکا، کە بەرهەمەکانیان لەزمانی کوردی نامۆن، واتە زمانی کوردی نازانن، یان ناوەڕۆکی نووسینەکانیان بیژۆکە. لەئەنجامدا بەرای ئەوان، "نەوەی نوێگەر" نووسەر نین... هتد.

نەوەی دووەمیش (نوێگەر) بەگشتی لەهەوڵی تاکە کەسییدا، بڕوای بەبەرهەمهێنانی تاکە. ڤێجا نەوەی یەکەم (کۆن)، وەک گشت، بەکۆنی جێماو سەرکەش وبگرە بەسیاسییەکی باو دەزانێ و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەوان لەگەڵ دنیابینی خۆی بەناهاوسەنگ دەزانی، بەرهەمی رابردوو بەرهەمێکی کۆنە: وەڵامدانەوەی وەڵامەکانە و کێشەیەک ناورووژێنێ... هتد. ئەمەش بەبڕوای نەوەی (نوێگەر) دیالۆگی پرسیاری رۆشنبیری دروست ناکا.

وێڕای ئەم خاڵە زەقانەش، نەوەی یەکەم (کۆن) تائێستاش بەحوکمی مانەوەی ئەو زەمینەی کە لەسەریدا خەیاڵ وەردەگرێ و دواجاریش لەنوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵ و مەسەلەکەی خۆی بەرەوا دەزانێ، وادەکا رەوایەتی نەداتە جێگرە دژەکەی (نەوەی نوێگەر)، مانەوەی ئەو واقیعە بەسیاسی _ حزبییە گەمارۆدراوەی کورد، مانەوەی رەهای نەوەی رابردووە. چونکە پرسیارەکان تا ئەمڕۆش ئەو پرسیارانەن کە نەوەی یەکەم (کۆن) وەڵامدەرێتی.

بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارە (خەون) بەکۆمەڵییەی کورد، تەنیا وەڵامێکە لەناو نووسینی ئەو نەوەی یەکەمەدا، ئەوەش وەڵامەکانی خودی واقیعی کوردییە، واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی...هتد، لەجیاتی نزیکبوونەوە و بەئەنجام گەیشتنی، ئاڵۆزبوون و مەحاڵ بوونییەتی. کەواتە وەدیهێنانی ئەو (خەونە) بەکۆمەڵییە، بەئەرکی رەوای خۆی دەزانێ. چونکە بەلای "نەوەی یەکەم" ، "نەوەی دووەم" ئەو کۆیەی کۆمەڵی کوردی تێناگات، هەروا لەواقیعی ئەو کۆمەڵە هەڵنەقووڵاوە. وێڕای ئەمەش، نەوەی "کۆن" پێیوایە لەم لایەنەوە "نوێگەر" دەبێ لەوەعز و ئامۆژگارییەکانی ئەو سوود وەربگرێ. بەیەک لەلایەنەکانی "ژیربێژی کوردییانە"، ئەم رایە لەڕاستی نزیکە، چونکە نووسین لەڕوانینی گشتی کوردیدا، دەربڕین و لاواندنەوەی ئەو "خەونە" کۆیەی کوردییە. نووسین تاکگەرایی نییە. چونکە تاک لەکۆمەڵی کوردیدا نییە. رامانی تاک رامانێکە بەسەر لێتێکچوون و زمان نەزانین و خەمی گەلی کورد دوورکەوتنەوە و وڕێنەکاری دەخوێندرێتەوە.

بەلای "نەوەی یەکەم" جەماوەر پێوانەیە، ئەو رێژەیەی کە بەگوڕو جۆشە، گوێ لێدەگرێ و دەیخوێنێتەوە، راستی نووسەر بوون و "نوێگەریی" دەسەلمێنێ. پێوانکاری "نەوەی یەکەم" ئەوەیە، کە دەڵێ: کەس گوێیان لێناگرێ، بەڵام بەسەدان گوێ لەمن دەگرن. لەدیدی ئەودا نوێگەر بوون، واتە گوێ گرتن لەئامۆژگارییەکانی ئەو. هەروا گەر تۆ نووسەرێکی نوێگەر بیت، دەبێ ئەو بەنوێنەری خۆت بزانی. هەڵگەڕانەوە و گفتوگۆکردن بەئاستی بەڵگەو حەزو چێژ، ئەوە بەسەر لێتێکچوون و ئاڵۆزکاری و خراپەکار تۆمەتبارت دەکا. لەمەڕ رەنگدانەوەی ئەدەب لەم تەرزە کۆمەڵگایە، بەوتەی محمد عابد جابری: "ئەو کۆمەڵەی کە باج و زۆرداری و دژایەتی و دڕندایەتی و بڕوابوون بەخورافەتەکانی تێدایە، هاوکات ئەو نووسەرەشی تێدایە، کە بەسووک سانایی رەخنە دەگرێ، تاکو هەستی ساویلکانەی جەماوەر بورووژێنێ و خەیاڵە مەنگەکەی بژێنێتەوە". (4).



لەسەر هەمان ئاست پێکهاتی کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەت لەم قۆناغەی ئێستادا، ئەو جۆرە نووسەرە بەرهەمدێنێت، کە لەسەر ئەو لایە لاوازانە دەژیت، کە ئەمەش زەمینەیەکی ئاوەڵایە بۆ گفتوگۆکردن.

لە بەرامبەر ئەمەشدا نەوەی دووەم "نوێگەرە" لەئەنجامی هەوڵدان لەپێناو خۆدابڕاندن لەم واقیعە وەستاوەدا، کە ئەمەش بەرێگەی رۆشنبیرییەکی رەخنەکاری هەڵوەشێنەرانەی دەستەواکراوانە (مستعار)، دەخوازێ ناسنامەیەکی تاک لەناو ئەم گەمارۆدانە کۆیەدا بۆ نووسینی کوردی پێکبێنێت. بەواتایەکی تر ئەو پانتاییە ئاڵۆزکاو و هەرەسهێنەرەی کۆمەڵی کورد، وەک بەرهەمی پڕۆسێسەکەی، ئەو بەرهەمە ئاڵۆزە، نووسەرە دژوارە ناڕازیکارەی بەرهەمهێناوە. ئەم ئاڵۆزکارییەی نووسەری ئەمڕۆی کورد، ئاوێنە بوونەوەی پرسیارە ئاڵۆز و پانتاییەکانی سەردەمەکەیەتی، بەڵام بەهۆی ئەم کەشە دەراوێتە ئەو داخوازییە بەکۆمەڵییەی، کە خۆی لەنەوەی یەکەم "کۆن" دەدۆزێتەوە، لەدواجاریشدا نائامادەیی چەمکی دیالۆگ لەواقیعەکەدا، دیاردەی بەرتەکدانەوە و بەربەرەکانییەکی توندڕەوی وەرگرتووە. بەمەش لەهەمەبەر هەردوو نەوەدا، پرسیاری داهێنان و دیالۆگی رۆشنبیریی لەبارچووە. لەیەکتر گەیشتن و خوێندنەوەی یەکتری لەسەر بناغەی بەرهەمی رۆشنبیریی و خاڵەکانی ئەفراندنی هاوبەش فەرامۆشکراوە، لەبری ئەوە شێوازی بوغزاندن و رەشەکوژی وەرگرتووە. ئەمەش بەرهەمی سەرەنجامی ئەو بارە سیاسییە لێکچڕژاوەی کوردستانە کە خۆی لەناو نووسنی کوردیدا بەرهەمهێناوەتەوە. بەواتایەکی تر میتۆدی هەردوو حزبی باڵادەستی کوردستان، ئەم ئاکارەی بەنووسەری کورد بەخشیووە. ئەم راستییەی کە لەواقیعی نووسەری کورد دەبینرێ، سەرەنجامی ئەو داب و نەریتە وابەستەکراوەیە، کە مێژووەکی نیشانەداری خۆی هەیە، ئەمەش نووسینی ئێمەی شەکەت کردووە. نیشانەی داب و نەریتێک کە خۆی بەئامادەییەکی نەگۆڕ دووبارە دەکاتەوە. ئەمەش پەسەندان و گێڕانەوەی بەسەرهاتە

سۆزاوییەکان و دروستکردنی قارەمانیەتییەکی ئاوەز هەڵنەگرتووە، فریودانی ناوەڕۆکی ئەو راستیانەیە کە لەهەرەس بترازێ هیچی ترمان بۆ جەخت ناکاتەوە. هاوکات لەڕوویەکی تردا، لاواندنەوەی ئەو کارەساتانە بەزمانێکی هەست بزوێن، کە هەموو لایەنەکانی زمانی ئاوەزی ئێمەی لەکار خستووە. بەمجۆرە نەوەی دووەم "نوێگەر" لەڕامانی تاکەوە رەخنە لەمێژووی ئەم واقیعە دەگرێ. بەبوونی پرسیارە کەڵەکەکانی ئەو بۆشاییەی کە یادەوەریی تەنیوەتەوە، هەوڵدەدا کۆدەکان بدۆزێتەوە. بەم شێوەیە نەوەی دووەم "نوێگەر" بەهەستی تاکێتی خۆیەوە، داگیرکردنی ئەم یادەوەرییە تەمومژە بەئەرکی خۆی دەزانێ، بەڵام واقیعی ئەم نەوە "نوێگەر"ە لەناو نووسینە "ئاڵۆزکاوەکانی"دا پرسیارێکمان بۆ قووت دەکاتەوە، ئەویش: ئەو مێتۆد و شێوازەی کە پیادەیدەکا، بۆ کارکردن و دۆزینەوەی کۆدەکان، تا چەندێک لەگەڵ ئەو پرسیارە گرنگانەی بونیاتی واقیع و دنیابینی خۆشیدا هاوکوفە؟ کایەی بەرهەمی ئەو نەوە"نوێگەر"ە لەسەر ئەو نموونەی "کۆنی جێماو" (سلف)ەدا چییە؟ ئاخۆ ئەو نووسینەی کە بەمیتۆدی خوێندنەوەی رەخنەو تاکگەرایی ئیشی پێدەکا، درزی خستۆتە پرسیارە کەڵەکەکراوەکان؟

ئەو زەمینە هاندەرەی کە گرفتی "کۆن" و "نوێ"ی لەپانتایی نووسینی کوردیدا هێناوەتە ئاراوە، بەڵگەو بیانۆکارییەکانی چین؟ ئایا کڵۆڵی و هەرەسەکانی مێژووی سیاسی ئێمەن، کە بەرەو رەشبینیمان دەبەن و لەدواجاریشدا بونیاتێکی ئیفلجمان تیادا بەرهەمدێنن و پاشان نووسینێکی"ئاڵۆز"مان بۆ بەرهەمدێنن؟

بەڵام ئەو شێوە گفتوگۆکردنەی نێوان نەوەی یەکەم "کۆن" و نەوەی دووەم "نوێگەر"، نیشانەیەکە کە کلتووری ئێمەی پێدەناسرێتەوە. بۆیە قسەکردنێکی رۆشنبیریی لەسەر ئەو پرسیارانە، کە لەسەر ئاستی رۆشەنبیرییەکی بابەتەکی سەرچاوە بگرێت، دەتوانێت پرسیارەکانی ناسنامەو مێژووی هزرمان بۆ بئافرێنێت.



## 9

لە تاراوگەی شەپۆلگرتوو بەغوباری یادەکان، کە شوێنەکان، بەزرینگانەوەی بانگدانەکانی منداڵێتی، بەترپەی هەنگاوەکانی کات، سەمتەکانی لەکۆچی چارەنووسە نادیارەکانیدا جوگرافیاکان بەزیکر دەتەنێتەوە. بەزایەڵەی سەگوەڕی ئەو سەگانەیە کە تا پەڕگەی گوندەکە، وەفادارانە: بەدوامان دەکەوتن، لەخەونێکی پچڕکاودا بێدارم دەکەنەوە. پەنجەرەکان دەکەمەوە، دەمەوێ لەفەرهەنگی یادەوەریی بڕوانم، لەگەڵ گیا، بەرد، تەم و ئەو نامانەی کە لەهەر جارەی خوێندنەوەیاندا بەناو خۆشەویستییەکی تریان شۆڕ دەکردمەوە تێکەڵ ببمەوە. هەر دەڵێ و بەکەناری یادەوەریدا، وەک زیندە خەونێک بەرەو تەمی گەردوون، بەجەستەیەک لەڕووح هەنگاو دەنێم.

لە تاراوگەی گوماندا، بیرهاتنەوەکان، وەک فەرامۆشکردنەکان، فەرامۆشکردنەکان، وەک بیرهاتنەوەکان، بەناو وێڵییەکانی تر دەمگێڕن.

لە کۆتاییدا گەڕانەکانیشدا، شتەکانی رابردوو، درەخت، ئاو، خاک، برادەرایەتی، نووسین، تەمەن و... هتد، کە واز لەخەونەکانت ناهێنن. لەناو شەڕدا وەک گڕێکی جەستەی بەپەرێشانی پۆشراوت، داختدەکەن، بەجەستەیەکی قورس بێدار دەبیتەوە، بەڵام خۆت ناناسیتەوە.

دەخوازی لەگەڵ تاراوگەدا بپەیڤێ، بەڵام وەک ئێستا وەڵامت ناداتەوە. دەبێ مێژوویەک پیشانبدەی، دەبێ داوای پەناگەیەک بۆ مێژووەکەت بکەی. تۆ وەک ئێستا قبووڵنەکراوی، مێژووەکە تۆی. تۆش مێژوو. لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا، لەدوو شوێن، ئێستا و رابردوودا، گەمارۆ دەدرێی، لەتاواوگە و ناتاراوگەدا، لەسەر ئەم زەوییەدا راوتدەنێن. ئەو کاتەش لەگەڵ بۆشاییدا هەڤپەیڤین دەستپێدەکا. هەوڵی من لەم نووسینەدا، سارێژکردنی زامەکان، یان چاککردنەوەی نەخۆشییەکان نییە، هەروا خۆکردنە جێگیرێتی نییە، بۆ نوێنەرایەتیکردنی رەوتێک، بەڵکو ئەز

هەوڵمداوە ئاخاوتن لەگەڵ خود بکەم. خودێک کە خەریکە بەرەو رقبوونەوە لەخۆم و یادەوەرییەکەم پەلکێشمدەکا. بۆیە ئەم نووسینە. هەوڵێکە، تا خەونەکان، لەگەمارۆدانی بکوژانەیاندا، دەرفەتێکم بۆ ژیان پێبدەن، لەهەمان کاتدا خواستی من هەڤپەیڤینە لەگەڵ ئەوانی دیکە، بۆ ئەوەی تاریکییەکانی دەروونم تووڕ هەڵبدەم.

لە کۆتاییشدا جەختی من لەسەر ئەو پرسیارانەیە، کە خەریکە دەبن بەوڕێنەیەکی نەخۆش، ئاراستەی ئەوانی تری خوێنەری بکەم. خواستوومە بەوانی تر بڵێم کە شەڕ، شوێن، یادەوەریی، رەگەکانی چاوم، کۆڵانەکانی بۆن، چرپەکانی زمانم و... هتد، خەریکە دەبێ بەگەلە گورگێک و لەسەر زەوی دوورم دەخەنەوە. بۆیە لێرە، خودی نووسین بەشداریکردنە، نەک وڕێنە، پرسیارە، نەک وەڵام! لەدیدی ئەم واتایەڕا، ئەم نووسینە وروژاندنی ژێیەکانی ئەو دیاردە گشتگرانەن، کە بەشێوەیەکی جینەگۆڕ و بەردەوام لەژیانی کولتووریماندا بەرهەمدێنەوە. لەو شوێنانەی کە وێدەچێ نموونە و بەڵگە هێنانەوەیان گەڕەک بێ، بۆ نموونە، لەڕۆڵی بزاوی کوردی لەبەرهەمهێنانی نووسەر و کولتووری وابەستەکراودا، ئەوە لەبێئاگایی نەبووە، بەڵکو مەبەستم جەختکردن بووە لەو دیاردە گشتگرە داسەپاوانەی کۆمەڵگای کوردی، کە وەک پرسیارێک هەمیشە لەدنیابینیماندا باڵادەستن. هاوکاتیش ئەو پرسیارانەم بۆ کەسانی تر و دەرفەتێکی تر جێهێشتووە.



## هونەری رەوانبێژی و
## ئێرۆسی گەڕان بەدوای چێژی دەنگ

1

بیرۆکەی ئەم بابەتە لەبنەڕەتدا، وەک ئەرک بۆ زانکۆ لەوانەی مشتومڕی بەڵگەدار، هەم بەدەڤۆکی و هەمیش بەنووسین ئامادەم کردبوو، بەڵام بەروانگەی مێتۆد و تێۆری کۆرسەکە، تاوەکو بنەمای

تێڕوانینەکانم زانستییانە بێ، مەرج بوو که بەچەندان بەڵگە و بەهانە بابەتەکەم پێشکەش بەخوێندکاری پۆلەکەم بکەم.

لێرەدا هەوڵدەدەم هەمان بابەت چڕبکەمەوە و لەبری ئەمەش، دیوە جیاوازەکان و ئاسۆیەکانی باسەکە، لەسەر پرس و ئاستەنگی ئێرۆس و رەوانبێژی-رێتۆریکی کوردی تاقیبکەمەوە یان دابڕێژمەوە.

له بەرایڕا بەمەیل و گرینگییەکی دەزانم سەرچاوەی بیرۆکەی ئەو بابەتە روونبکەمەوە:

لەمدیو پەنجەرەی ماڵەکەمدا، لەسەرەتای بەهاران، نیوەی شەوان – من هەمیشە درەنگ دەخەوم–، چۆلەکە و باڵندەکان لەناو شەبەنگی کازیوە، لەسەر درەختە چڕ و بەرزەکان دەیکەنە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی خۆیان. ماویەکی زۆر لەخۆمەوە پێیانەوە سەرقاڵبووم. ئێستاش که هەست بەتووڕە بوون و بەرزبوونەوەی زایەڵەی جریوەیان دەکەم، دەمنادەمێ پەنجەرەکەم دەکەمەوە و دەبمە گوێگریان، تاکو لەسیحری ئەو سروتەیان تێبگەم. هەندێجار وردە نان و یان بۆ دڵگیربوونم پێیان دەنکە هەناریان بۆ دەهاێژم، بەو نیازەی که هێوریان بکەمەوە.

بەمجۆرە جیهانی ئەو باڵندانە ماوەیەک بەخۆیانەوە خەریکیان کردم و لەخۆمەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەو تەماشاکردنی ئەو کتێب و فیلمانەی که تایبەت بوون بەژیانی باڵندەکان. دواجار لەو هاندەر و هۆکارانە گەیشتم، که گرینگیەکی زۆری هەیە لەژیانی باڵندەکاندا.

بەگوێرەی تێڕوانینی باڵندەناسەکان، زوڵاڵی دەنگ و لێزانی ستران چڕین، بەتایبەتی لەوەرزی بەهاران، هەموو بوونی باڵندەکان دەگرێتەوە. لای باڵندەکان شەوانە کاتی بەدوا گەڕانی چریکە و ئاوازی گۆرانییەکانە. دەنگ خۆشی مێیەکان دەبێتە پردی خولیای ئاشقبوون، هاوژیانی و جووتبوونیان لەگەڵ نێرەکان. دەنگی ناسک و چریکەی گۆرانی هێزێکە که



باڵندەکان دڵکێش دەکەن. لەوەدەچێ درەختە قژنەکەی جیرانم ژوانگەیەکی گرینگه بۆ ئاهەنگه شەوانەییەکانی ئەو باڵندە ئەڤیندارانەی دەنگ.

ئەوەی سەرنجکێشه، له ئاهەنگی شەوانەی بەهاردا، هەم باڵندەی مێ و، هەمیش نێر، واتا هاوسەرەکان، ئازادن که رەدووی باڵندەیەکی بێگانە بکەون، گەر توانییان، بەهۆی دەنگ خۆشی یەکتر سەرمەست بکەن، لەگەڵ یەکتر جووت بن و رابوێرن. ئەمەش بەپێچەوانەی مرۆڤ، خیانەتکردن نییە. وەلێ لەجیهانی باڵندەکانیش نێرەکە غەدارترە. لەبەهاراندا مێییەکان هێلکه دەکەن و دەبنە دایکی بەچکەکانیان، ئەوکاتەش مێیەکان بەدەست پێوە گرتن و لاواندنەوەی بەچکەکانیان سەرقاڵ دەبن. بۆیە نێرەکە کاتێ ئاواز و چریکەی دڵڕفێن دەیوروژێنێ، بەدوایدا سەرهەڵدەگرێ و هەندێجار چەندان شەو له دووری دایکی بەچکە و زەڕنەقووتەکان بەسەر دەبات، بێئەوەی لای هاوسارەکەی بەخیانەتکار تاوانبار بکرێ. هاوکاتیش مێیەکە که بۆی لوا ئاوێزانی دەنگی زوڵاڵی نێرەیەک دەبێ و کاتەکانی بەچێژ وەرگرتن بەسەر دەبات.

لێرەدا ئەوەی گرینگه بڵێین، که ئەوە غەریزەی سەوداسەری دەنگه که وا لەباڵندەکان دەکا کێبەرکێ بکەن لەخوڵقاندنی ئاواز و گۆرانییەکان. هاوکاتیش ئەوە سەلیقە و چەشەی غەریزەیی باڵندەکانە که دەبێتە وزەی لێکنزیکبوونەوەی یەکتر. بەرز بوونەوە و زایەڵەی دەنگ و گۆڕینی ئاوازەکان، ئەوە ئەوپەڕی سەرگەمبوونی نێرە و مێییەکانە بەدڵنەرمکردنی یەکتر. کەچی هەندێجار شەپۆلێک لەحوزن و تەنیایی لەئاوازەکانیانەوە هەستم دادەپۆشن.

## 2

دواجار، تێگەیشتنی من لەنهێنی ئاواز و گرینگی دەنگ دەربڕین لای باڵندەکان، وەک بڕوایەکی سروشتی بەهای پەیڤین و سەلیقەی گوێگرتن لەبوونی مرۆڤ قووڵتر کردەوە.

جێگەی جەختکردنەوەیە، تەنانەت لەدونیای باڵندەش ئێرۆسیەتێک هەیە، کە وەک هێزێکی سروشتی رەمەکییانە، دەبێتە بەهانەیەک بۆ بەدوا گەڕان و شەیدابوونی جوانییە باڵا و چێژدارەکان.

لێرەوە هەستدەکەین، هەر لەسەرەتا دوورەکانەوە تا هەنووکە، کە لای مرۆش چۆنییەتی ئاخاوتن و گفتوگۆکردن و پێچوواندن سەرگوزەشتەی فرەی بۆ چنراوەتەوە. وێڕای ئەمەش، لەبەر سروشتییەتی ئەو هەبوونە، کە ئێرۆسییەت وای لەمرۆڤ کردووە و دەکاتیش هەمیشە لەبە دوا گەڕانی ژیانێکی جوانکیلەتر و سەوداسەری جوانیە چێژدارەکان، بەردەوام بێ تێر بوون و دەستهەڵگرتن لەخواستی گەڕان بەدوای جوانییەکان، لای بوونەوەرەکان، تەنیا بەهاتنی مەرگ کۆتاییان دێت.

ئەو ئێرۆسە، وەک هێزێکی سروشتی، لەبوونی باڵندەکاندا لەسەرمەستی دەنگەوە بۆ دڵڕفێنی یەکتر و بەسروتکردنی شەوانی بەهار، بوون ژیاندار دەکا، لای مرۆڤیش، لەشۆڕش و داگیرساندنی شەڕە گەورەکان، یان ئەڤینداریيەکی لەژیان بەدەر، هەندێجاریش ئەو ئەڤیندارییە روداوێکی وەک داستانە نەمرەکانی ئەڤینداری ، یان سەرهاتێک لەویستی بەدەستهێنانی دەسەڵات، بەرجەستە دەبێتەوە.

بەڵام هێزی ئەو ئێرۆسە لەکردەی سیاسەتدا دەبێتە دیمەنی دیاردەیەک، بەتاکە راستییەک لەدەسەڵات کۆتایی دێت. ئاکامی ئەمەش فرەیە: لەتاکێکدا رەنگە لەئامێزی ئەڤینداریيەک ژیان ئاوەڵا بێتەوە، یاخود، رەنگە ئەو ئێرۆسە، لەوەرچەرخانێکی جڤاکی بسرەوێ، یان لەگەیشتن بەرق و کینە کۆتایی بێت.

لێرەوە ئێرۆس لەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی جوانییەکانی تر و چێژ بردن تێکدەشکێ. رەنگە ئەو بارەی کە من، وەک تاکێک دەیبینم، کە کورد، دوای ئاپۆڕەی کۆستەکانی خەریکە بەناوی دروشمە ساختەکان: لەبرایەتییەوە بیگرە تا دەگاتە ئینسانخوازی و مزگەوتخوازی و ... هتد، لەجیاتی



ئێرۆسی شکۆمەندی و ئازادیی، دەنگی رق لەجەستەی بوونی کوردیدا پەروەردە دەکەن.

لە کاتێکدا سەرتاپای بوونی کورد راسان و تاقیکردنەوەی رێگا و راڕەوە سەختەکانی ژیان بووە، کەچی بۆ کورد، ئەم هەموو ئەزموونە نابنە راتەکانێک لە ئێرۆسێکی باڵا، کە بتوانێ لەو رۆحەدا هزر و سیمبوولە مەزنەکان بەرهەمبێنێ؟ ئەوە چ سەرچاوەیەکە هێزی جیاوازی کوردی، ئەو هێزەی کە بانگەشەی گۆڕان دەکا، کە خەونەکانی بێبایەخترە لەخەونی باوی هێز و بزاڤی باوی کورد؟ هەروا ئەو هێزە جیاوازانەی کە خۆی بەهەڵگری پرسیاری تازەی کورد نمایشدەکەن، دەکرێ بۆ نموونەی ئەو هێزانە، لەئاستی سیاسیدا ئاماژە بەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق و بزووتنەوە ئیسلامییەکان بکەین و ، لەئاستی رۆشنبیریشدا ئاماژە بۆ ئەو گروپە رووناکبیر و گۆڤارانەی کە جلی زاراوە قورسەکانییان پۆشیووە بکەین. وێڕای بانگەشەی ئەو هێز و گروپە جیاوازانەی کورد، کەچی ئاخاوتن و ئاکاری بیرکردنەوەی ئەوانە دوورە لەبەهای ئەقڵ و ئامادەیی جوانییە دلڕفێنەکانی ئێرۆس، کە بتوانێ چێژی حەز و گەڕان بەدوای پرسیارەکان بەئەویتری، بەرانبەرەکەی خۆیان ببەخشن؟ ئایا بۆ گفتوگۆ و ئاخاوتنەکانی، کە لای ئەو ناوانە پێشکەش دەکرێ، هەمیشە رق سەرکۆنە و گرژی خەست دەکەنەوە، لەوەی هێمنی و فێر بوون و ئاوەڵا بوون...هتد؟

لەم روانگەیەوە بۆ ئەوەی مەبەستمان روونتر بێ، یان بۆچوونەکان مشتوماڵ بکەین، هەوڵدەدەین برێک لەکاروان، یان گفتوگۆی نووسینەکەمان تەرخان بکەین بۆ تیشک خستنە سەر بەهای هونەری ئێرۆس و رەوانبێژی.

3

ئێرۆس، بەواتای گرێکی ئەڤین و حەز بەهەموو ڕەهەندەکانی، یان جوانی و پایەی باڵای واقیع دەگەیەنێ. لەو بەدوا گەڕانەدا وزە زیندووەکانی مرۆ دەفراژێ، بەڵام لەو گەڕانەدا مرۆ زێدەتر بوونی هارمۆنی و هاوئاهەنگ دەبێ. ئێرۆس خۆشەویستییەکی هەستییانەیەو پڕە لەحەز و هەوەس، یان بەمانای فرۆیدیەکەی غەریزەی ژیان دەگەیەنێ.

لێرەدا مەبەستی ئەم نووسینە لەئێرۆس، وێڕای لایەنە ئێرۆتیکییەکەی، هاودەمیش ڕەهەندەکانی دڵکێشی لەئاخاوتن و گفتوگۆ و هزرکردنیشدا دەگرێتەوە. واتا چۆن دەقێک یان ئاخێوەرێک، لەڕێگای ڕوانین ودەنگی گفتوگۆکانیدا دەتوانێ باڵی ئێرۆسییەت بەرۆحمان ببەخشێ. هەروەک دەتوانین ئەمە وا وێنا بکەین کە ئاخێوەر مێوانی بابەتێکمان دەکا کە دڵگیرە. یان کە خاوەن بڕوایەک وامانلێدەکا بڕوا بە لێزانی و ڕاستییەکانی بیرۆکەی ئەو بکەین. کاتێک ئاخێوەر توانی بەدەنگ و یاری هونەرییانەی زمانیەوە تێکەڵاوی سروشتی جوانی خۆی، ئاشنای خولیا و ئارەزووەکانمان بکا، ئێمەش پێکڕا لەهارمۆنیای ئەو بارە ئێرۆسییەی، کە لە زمان و ڕێتۆرکی ئەودا، زیندووانە ئامادە دەبین. دواجار شەپۆلی پەیڤین لەبوونماندا دەزرینگێتەوە.

ئێمە لەڕێگای گفتوگۆدا، نەک هەر گوێمان لەوشەکان دەبێ، بەڵکو لەئاپۆرەی ئەو پەیڤگەلەوە وێنەی ناخی کەسەکانیش دەبینن. لەگەڵ هەر وشەیەکدا نیگا و بزوانی قسەکەر دەناسینەوە. بۆیە ئاماژەکان، یان جوڵەی لەش لەناو نەوا و ئاستی وشەکان خۆیان نمایشدەکەن. ئەوە ئاواز و شێوەی دەنگ و پەیڤەکانە، کە تەرزی جوڵەکانی لەشیش جەخت دەکەنەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئاخێوەر و گوێگر هەر تەنیا لەزماندا ئەو پەیوەندییە پێکناهێنێ، بەڵکو جەستەش ئامادە دەبێ. لێرەوە ئەو دیمەنەی کە چالاکی ئێرۆس بەئاخاوتن لەڕێگەی جوانی زمانەوە دەیخوڵقێنێ، هەر تەنیا لەکردەی سێکس، یان جووتبوونی دوو ئەڤیندارردا بەر تەسک نابێتەوە، بەڵکە لەکۆی پەیوەندییەکاندا ئاوەڵا دەبێتەوە: لەبەشداریکرنی



گفتوگۆیەکی زارۆکێک لەگەڵ لێبووک و کەرەسەی یارییەکانی، لەسەیرکردنی دیمەن و سەرهاتێکی دڵرفێن و خەمۆک، لەدەستبەسەر داگرتنی ئامانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەهەڵکاڵینی تاکێک و نەتەوەیەک بەرووی زۆرداریيەک و لەگفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ و کەسگەلێک بۆ سەلماندنی پرس و بۆچوونێکدا ...هتد، دێتە کایەوە.

لێ بۆئەوەی لەسەرچاوەی ڕەسەنی بیرۆکەی بابەتەکەمان نزیک بینەوە، دەبێ لەدەستەواژەی ئێرۆس و ڕەوانبێژی تێبگەین. ئەمەش ناچارمان دەکا، وەک پێویستییەک، بگەڕێینەوە بۆ لای پلاتۆن، چونکە ئەو دوو دەستەواژە، ئێرۆس و ڕەوانبێژی لەکتێبەکەی ئەو،( فیادرۆس)، وەک باسێکی فەلسەفی دەبێتە سەچاوەیەکی گرینگ بۆ تەواوی فیکر و هونەری ڕەوانبێژی.

پلاتۆن لەکتێبە ناودارەکەی "کۆمار"دا، کە لەچەند دیالۆگی جوداواز پێکهاتووە و هەر یەکەیان بابەتێکی سیاسیی و هزری ڕاڤە دەکەن، هەروا لە"کتێبی سێییەمین" و "کتێبی نۆییەمن"ی "کۆمار"دا، دیسانەوە بەقووڵی ڕوانگەی خۆی لەمەڕ ئێرۆس دەخاتەڕوو.

لە "فیادرۆس" دا، کە لەدوو دیالۆگ پێکاهاتووە، بەشێک سەبارەت بەئێرۆسە؛ بەواتای تەواوی ڕەهەندەکانی ئەڤین، بەشی دووەمیش هونەری "ڕێتۆریک– ڕەوانبێژی" بەخۆوە دەگرێت، کە هونەری بڕواهێنان، یان کۆکی ڕاست و ڕەوانی دەربڕین، دەگەیەنێ. لەم دیالۆگەدا سۆکرات و فیادرۆس، وەک دوو ئەکتەری ئاخێوەر، بیرۆکەکانی پلاتۆن سەبارەت بەئێرۆس، ئاخاوتنی بەڵگەدار پێشکەشدەکەن. هەموو دەزانین خودی سۆکرات وەک فەیلەسوفێک هیچ نووسینێکی لەدوای خۆیدا نەماوەتەوە، بەڵکو لەڕێگەی نووسینەکانی پلاتۆنەوە، بەتایبەتی لەکتێبی (کۆمار)دا، کە

وێنەی فەیلەسوفێکی بایەخدار وەردەگرێ، ئاشنای هزرەکانی سۆکرات دەبین.

ئەوەی مەرامی ئێمەیە، کە پلاتۆن لەو دیالۆگەدا ئێرۆس و ڕەوابێژی لێکدەترنجێنێ، یان وەک یارییەک دەیانکاتە ڕوانگەیەک بۆ مەرجی ئاخاوتن لەپەیوەندی و خواستنە فرەکانی مرۆڤ. شایەنی گوتنە، کە لەگرێکی کۆنینەدا، ئەنتیکدا، ڕەوانبێژی مانای ئاخاوتن و هاوکاتیش ژیری و ئاوەزگەرایی دەگەیەنێ.

وەک دەزانین گرینگی ڕەوانبێژی لەکۆمەڵگای گرێکی کۆنینەدا، بووە پرسیارێکی جڤاتی، کە ئەمەش بەرهەمی پێداویستی هەلومەرجی سیاسی بوو، بەتایبەتی پاش مەرگی سۆکرات بەژەهر خوردن، لەساڵی 399 پێش زایین، کە دەبێتە ڕووداوێک ڕووناکبیران سیاسەتمەداران، بەتایبەتی پلاتۆن تووشی نارەحەتییەکی قووڵ دەکات. ئەمەش چونکە لەژێر پەردەی دیمۆکراسی و ئازادیدا، ئەو کوشتنەی سۆکرات و کردارە خراپەکانی تر، ئەنجامدران، کتومت بە ئێستای هەلومەرجی کوردستانی باشوور دەچن.

ئاگام لێیە کە چۆن بەناوی دێموکراسی و ئازادیی و کوردایەتی، بەشێکی فرە لەگروپ و تاکی جڤاتی کوردی و ژیانی سیاسیی و ڕۆشنبیریی بۆتە ژان. دواجار لەدەمگۆی دیاریکردن و هەرمێنی مافەکان، کە لای دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی دابەشدەکرێ، هاوکاتیش ئەو بەشەی کە جیاوازە لەڕوانگەی ئەو دوو حیزبە، لەبێدەنگیەکی گۆشەگیرکراودا، ژیانێک لە خوێنتاڵی بەسەر دەبا. نەبوونی بوارێک لەجیاوازی لەو دەسەڵاتەی کوردیدا، هۆیەکە لەم بێ هاوسەنگی و نابەرانبەرییەی کە لەجەستەی جڤاتی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. بەهەمەحاڵ، ئەو باسە بۆ کاتێکی تر و نووسینێکی تر بەجێدێڵین.



کاتێ پلاتۆن دەزانێ کە هەستی ڕق و کینە لەمدیو بانگەشەکانی ئەو دیمۆکراسییە بەڕێوە دەچێ، لەوە تێگەیشت کە نابێ تەنیا جڵەوی حوکمڕانی بەدەست ئۆرستۆکرات بێ. بەلای پلاتۆنەوە دەوڵەتی ماف و دیمۆکراسی دەبێ سەچاوەیەکی ڕاستینەی هەبێ و فەیلەسۆفەکانیش ئەو دەسەڵاتە وەرگرن.

بەڵام دواجار دەوڵەتۆچکەکانی گرێک لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین ، بەهۆی شەڕی ناوخۆیی و تەنگژەکان هەرەس دێنن. بۆ من ئەو باردۆخەی ئەوکاتی گرێک نیزیکیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئێستای کورد: دوای شەڕێکی نەگریسی براکوژی ڕۆحی کوردیش تژییە لەهەڵچوون و کردە و ئاخاوتنی هەستەکی و بەرتەکدانەوە. وەک چۆن ڕووناکبیرانی گرێکیش، وەک بەشدارییەک لەو شەڕە ناوخۆیی و قینی تەنگژییەی دەوڵەتۆچکەکان بەشدار بوون، بەمجۆرەش ڕووناکبیرانی کورد بەشێکن لەو دۆخە لەڕزۆکەی کە جڤاتی کورد پێیدا تێدەپەڕێ. پلاتۆن بەتووندنی ڕەخنەی لەو ڕووناکبیرانە دەگرت، کە بانگەشەی ئازادی و دیمۆکراتی ساختەیان دەکرد. ئەو ڕووناکبیرانەش بەناو سۆفیستەکان ناسراو بوون.

لە پوختکردنەوەیەکدا دەتوانین بێژین، ئەو ڕووناکبیرانەی کە بەرپرسیاری سەرەکین لەو قەیران و ئاستەنگانەی کورد، لەوانەی کە دەمڕاستی ڕۆشنبیریی حیزبەکانی کوردین و، هاوکاتیش بەناوی ئازادیی دیموکراتی خۆیان پێناسە دەکەن. وێڕای ئەمانە ئەو گروپ و توێژە ڕووناکبیرانەی، کە بەناوی تازەگەریی و مەسرەفکرنی چەمکگەل، لەخەیاڵی بەپاڵەوان کردنی خۆیان خنکاون.

بەهەمەحاڵ، بۆ ئەوەی بتوانین لەبەها ی ئێرۆس و لێزانی هونەری ئاخاوتن لای پلاتۆن نزیک ببینەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین لەکورتکردنەوەیەکدا کاکڵەی دیالۆگی ناوبراو بخەمەڕوو.

## 4

پلاتۆن لەکتێبی"فیادرۆس" دا، لەپێشەکی دیالۆگەکەیدا سۆکراتمان بۆ وێنا دەکا، کە لەپاڵ شوورای ئەتێن بەدیمانەی ژیکەڵەی (فیادرۆس) شاد دەبێ. فیادرۆس ئەوە بۆ سۆکرات باس دەکا، کە بەر لەماوەیەک گوێی گرتبوو لەئاخاوتنێکی (لوسیاس)، کە سۆفیست بوو. ئاخاوتنەکەش لەمەڕ ئەڤینداری بوو. سۆکراتیش حەز دەکا فیادرۆس خۆی ئەو باسەی بۆ بگێڕێتەوە.

لەبەر هەتاوێکی گەرم، کە تیشکە گەرمەکان لەناو ئارەقەی رومەتە تورتەکانی فیادرۆس خپ ببوون، سۆکراتیش لەسیحری جوانی فیادرۆس خەنی ببوو. دواجار فیادرۆس رازێ دەبێ کە ئاخاوتنەکەی بۆ سۆکرات بخوێنێتەوە:

"مرۆڤ دەبێ ئاشقی یەکێک بێ کە ئەو ئاشقی نەبووە، چونکە ئەو تەرزە کەسانە جێگەی بڕوان؛ دڵپیس و خوێن تاڵ نین. ئەوانە ئاشقی خۆیان ئازادانە هەڵدەبژێرن و نابنە کۆیلەی حەز". کە فیادرۆس لەخوێندنەوەی بابەتەکەی تەواو بوو، سۆکرات بەو روانینەی لوسیاس نارەحەت دەبێ و گاڵتەی بەخەیاڵی دێت. بۆیە فیادرۆس ئەو بەرتەکەی سۆکرات دەقۆزێتەوە و پێیدەڵێ دە خۆت ئاخاوتنێکی تر بڵێ.

سۆکراتیش دەڵێ: " بەڵام هاورێی ئەزیزم، ئەوە گەمژەییە. منێک کە خۆم رانەهێناوە بۆ ئاخاوتن، ناکرێ قسەت بۆ بکەم لەسەر هەمان بابەت، کە تازە نووسەرێکی زیرینگ پێشکەشی کردووە".

کەچی فیادرۆس واز لەسۆکرات ناهێنێ و دەڵێ: " تۆ مەسەلەکە باش دەزانی و چیتر خۆتمان لەسەر هەڵمەکێشە ... بەخوای گەر باسەکەت ناخوێنیتەوە بۆ من، جارێکیتر هەرگیز نووسین و قسەی کەسێکی ترت نە بۆ باس دەکەمەوە و نە دەشیخوێنمەوە". ئەو هەڕەشەی فیادرۆس، سۆکرات رازی دەکا کە ئاخاوتنێک لەمەڕ هەمان بابەتی لۆسیاس، واتا:



"ئەڤیندارێک هەستی مەسترە لەکەسێک کە ئەڤیندار نەبووە"، پێشەکەش بکات.

سۆکرات دەم و چاوی ناشیرینی خۆی لەژێر عەباکەی دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی فیادرۆس شەرم نەیگرێ. سۆکرات دەستپێدەکا: "هەبوو نەبوو لاوێکی ژیکەڵە هەبوو. حەزلێکەرێکی فرەی هەبوو. یەکێک لەو حەزلێکەرانەی فێڵباز و بێئابڕوو بوو، کەچی وەک ئەوانیتر ئاشقی ببوو، بەڵام بەوە رازیکرد کە ئەو وەک ئەوانیتر حەزی لێناکات. رۆژێک، فریویدا، ویستی پیشانیبدا کە مرۆ دەبێ ئەڤیندار بەکەسێک نەبێ، کە ئەڤینداری بووە". ئەو پیاوە بەلاوەکە دەڵێ دوو هێز ئێمەی راگرتووە: "یەکیان غەریزەی ئارەزووە بەدوای لەزەتدا و ئەویتریش پێکانی ئاستی نرخاندنە". ئەو ئارەزووەی کە رووبەڕووی ئاوەز دەبێتەوە، چێژ وەرگرتنە لەجوانی، بەتایبەتی چێژی جوانی جەستە، کە پێی دەگووترێ ئێرۆس. بۆیە "ئەڤین هەمیشە دەستی هەستێکی چێژ بەخشی رۆحە". لێ ئەڤیندار دەبێ دێوانە بێ. سۆکرات بەو دەربڕینە گفتوگۆکەی تەواو دەکا: "هەوەسی ئەڤیندار بەدوای لاوێکی جوانکیلە، وەک هەوەسی گورگێکە بەدوای مەڕێک".

دواجار سۆکرات هەستدەکا ئاخاوتنەکەی خراپ بوو، لەداخی ئەوە دەڵێ: "فیادرۆس تۆ بەئاخاوتنێکی خراپ هاتی. ئەوە تۆ بوویت کە منت ناچاری ئەو ئاخاوتنە خراپە کرد".

فیادرۆسیش دەڵێ: "چۆن؟". سۆکرات دەڵێ، ئاخر ئاخاوتنەکەی لوسیاس، کە فیادرۆس تازە خوێندیەوە، بە"دەمی جادووگەری" سۆکرات، کە ئێرۆسی وەک بەد و ناحەز وێنا کرد. سۆکرات بەدەم قسە کردنەوە، لەهیکڕا دەپرسێ: "ئەرێ ئەو کوڕە لاوە چیلێهات کە تازە بۆی دەپەیڤیم؟ دەبێ ئەو دیسان گوێ بگرێتەوە لەئاخاوتنەکانم".

فیادرۆس پێی دەڵێ: "گەر تۆ حەز بکەی، ئەو لاوە هەمیشە ئامادەیە".

بەمجۆرە گەمەی ئێرۆس و ڕەوانبێژی نێوان سۆکرات و فیادرۆس گەرم دەبێ. سۆکرات بەجوانی فیادرۆس مەست بووە. فیادرۆسیش هەوڵدەدا کە وەڵامەکانی وەک ڕاستییەتی خودی خۆی بێ، نەک خۆنواندن. ئەمەش لەڕێگای گفتوگۆیەکەوە بەرجەستە دەکاتەوە. لۆژیکی مشتومڕ و ڕەوانبێژی لەو ئاخاوتنەی نێوانیان، لەیەک کاتدا، هەم دەبێتە پرد و هەمیش ئامانج. واتا ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەکەنەوە کە ئێرۆس هێزێکە بۆ جوانی و دڵکێشکردنی بەرانبەر.

سۆکرات هەوڵدەدا بەئاخاوتنەکەی فیادرۆس بۆ خۆی دڵکێش بکا و لێیدەپرسێ: "بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێ فەیلەسوفانە ئێرۆتیک بکات؟" بەڵێ مرۆ خۆی دەداتە دەست شێتایەتی ئەڤین، یان ئەشقێکی شێتانە. ئەوەش وادەکات کە مرۆ ئەو جوانییە ڕاستینەیە لەئامێز بگرێ. سۆکرات دەڵێ: ئەو فەیلەسوفە ئاشقە، مەبەستی خۆیەتی، بۆ مەبەستی خۆی لەگەڵ کوڕێکی لاوی جوان ئێرۆتیک ناکات، بەڵکو بۆ مەبەستی ئەو جوانییەی کە لەجوانییەکەی ئەو لاوە ناسکەوە شەپۆڵ دەدات، هەر ئەویشە کە ئەو جوانییە ئەبەدی و ڕاستینە بەبیر فەیلەسوف دێنێتەوە.( 1)

Gästabudet"یەستەبود" دیالۆگێکی تری پلاتۆنە، کە لەزمانی (دیۆتیم)ەوە باسی ئێرۆس دەکا. لەوێدا (دیۆتیمە) باسی ئارەزووی جوانی دەکا، کە هەڵماندەگرێ بۆ ناو هێزی خۆشەویستییەوە. یان خودی هەوەسی ئێرۆس وادەکا، بەرانبەر ژیان هەست بەهێزی ئێرۆس بکەین. ئەو هێزەش هەنگاو بەهەنگاو لەئەشقی ماددیەوە دەمانبات بەرەو ئەڤینی باڵای ئیدیالیەوە. ئەو ئەڤینە، ئەڤینێکی بێکۆتاییە، نەمرمان دەکات. لەناو ئەو ئەڤینەدا مرۆڤ سەنگی ژیان تامدەکا و هاوکاتیش تامی لەزەتی جوانی هەڵدەمژی. پایەی ئێرۆس لەژیاندا، لەکۆی ئاستە باڵاکانی فەزیلەت و دانایی و دواجاریش سەرجەمی ئەوانە لەواتای ئێرۆتیک و جوانیدا بەرجەستە دەبنەوە. بەبوونی ڕۆحی ئێرۆس، مرۆڤ بەرەو خەمڵین دەچێ.



بۆیە سۆکراتی پلاتۆنی دەڵێ: "بەبێ ئەو ئێرۆسە، مرۆڤایەتی ناتوانێ ئەلتەرناتیڤێکی تری بۆ ژیان هەبێ".

## 5

هەروەک خوێنەرانی پلاتۆن دەزانن، کە لەدیدی ئەوەوە مرۆڤ چەندان جوانی دەبینێ. مرۆڤ بەرێگەی بیرۆکەکانی خۆیەوە بۆ جوانی چێژ لەجوانی شتەکاندا دەکا. ئەو جوانیەش وەک خودی بیرۆکەکە چێژێکی باڵای پێدەبەخشێت. مرۆڤ لەهەستی ئێرۆسییەوە لەگەڵ ئەو لەزەتی جوانییەدا بەشدار دەبێت. ئێرۆسیش هێزێکی ڕۆحییە، کە شەیدای جوانییە. ئەو هەستە ڕۆحیەش، هەستێکی خواوەندییانەی شێتانەیە.

لێرەدا ئەو هەستە پەیوەندییەکی گرێدراوی لەگەڵ هەوەسی ڕۆحی، واتا لەسەرمان کاریگەری هەیە. کە ئەو هەستە بووە رق، ئەوکات بەرانبەریش دەگرێتەوە.

بەڵام لێرەدا چەند سەرچاوەیەک هەیە کە دەتوانێ زمان ئێرۆسهەڵگر بکا:

هزرێکی باڵا، ڕۆحێکی بەرز، هەست و جۆش و خرۆشی ڕۆح، ڕاستگۆیی لەدەربڕیندا، یان ئامادەبوونی ئاخێوەر لەپەیڤیندا. ئەمانەش پەیوەندییان بە"زانیار –ئەپستم" ەوە هەیە. ئەپستم لە ڕوانگەی پلاتۆنەوە، کۆنتراستی نێوان زانا و مرۆی ئاسایی، لەجوداوازی نێوان "زانیاری" و "وێنا کردن"دایە. "زانیاری" دەبێتە زانینێکی واقیعی و شارەزایی، کەچی "وێناکردن" دەبێتە بڕوا و بۆچوون، یان تەنێ قسە. وێڕای ئەمەش زانیاری و وێناکردن، ئاراستەیان بەرەو دوو بابەتی جیاوازە. زانیاری دەکرێ تەنیا باسی ژیانێکی ڕاستینە بکات، گەر نەگۆڕ بێ، وەک بیرۆکەکەکان – ئیدیاکان. تەنیا ئەقڵ زانیاریمان پێدەبەخشن، بەڵام وێناکردن ڕوو دەکاتە شتێک کە هەیە یان نییە، ئەو شتەی کە کەوتۆتە نێوان هەبوون و نەبوون. لای پلاتۆنیش تەنیا فەیلەسوف خاوەنی ئەو زانیاریەیە، کە

بەریگەی ئاوەزەوە دەستەبەری دەکا. ئەوانەی کە لەژیانی هەستی یان بینین دەژین، هەرگیز لەوێناکردن تێناپەڕن. (2)

هاوکات لای نیتشە ئێرۆس لەتراژیدیا بەرجەستە دەبێتەوە، چونکە لەدیدی ئەودا تراژیدیا جل لەبەر ژیانی مرۆڤ دادەکەنێ. ئەوە تراژیدیایە کە مرۆڤ هاندەدات تام و چێژی خەیاڵە بەرزەکان بکات، یان وایلێدەکات بگاتە ئاستی بەرزە مرۆڤ. ئێرۆس بەندە بەخودی هەستی ژیان. ئەم هەستەش دەگەڕێتەوە بۆ وزە و توانای مرۆڤ. بەدیدی نیتشە جەستەش هەر رۆح دەگەیەنێ. بۆیە ئێرۆس دەبێتە چاوگەی زانیاریی و واتا. دواجار، نیتشە لەکتێبی "لە دایکبوونی تراژیدیا"دا، پێمان دەڵێ، کە رۆحییەتی هونەری "دیۆنیسیاس"ی گریکی، دەبێتە مانای ئێرۆسی راچڵەکین و تەزووی داهێنان. هەروا شیعرییەتی ئەپۆلۆیی، هەروا ئێرۆس لای نیتشە پەیوەندی بەزانیارییەوە هەیە، کە لەوێناندنی ئێرۆتیکدا دەستەبەر دەبێ. رەهەندی لێزانی هارمۆنی دەبەخشێ. ئێرۆس هانماندەدات کە کردارێک بنوێنین. هاوکاتیش رق و مەیلی روخێنەری لەونبوونی ئێرۆس سەرهەڵدەگرێ. کاتێ مرۆڤ جوانییەکان لەشتەکان نابینێ و بیرۆکەی ئەو جوانییە دەبێتە رق لەهەبوونی جوانی ئەو شتانە، مەیلی کۆیلەییش ژیان و رۆحی ئەو مرۆڤە داگیردەکات.

## 6

لێرەدا، بۆ بەرجەستە کردنەوەی ئەوە، ئەو بیرۆکەی ژان پۆل سارتەرمان بەیاد دێتەوە: ئێمە ئێستا هەرگیز هێندەی ئەوکاتەنەی کە ئەلمانیا داگیری کردبووین، هەست بەئازادیی ناکەین. سارتەر پێی وابوو کە تۆ هەستتکرد مەحکومی بەئازاد بوون، ئەوکاتە تۆ ئازادیی. واتا خودی ئازادی، بریتییە لە ویستی ئاگایی بوونایەتییە بەسەربەخۆیی.



ئەو بیرۆکەی سارتەر کت و مت لەگەڵ ئێستای کورد دێتەوە. لەکاتی رژێمی سەددامدا کورد، وەک کۆی هێزێک، ئێرۆسی سەربەخۆیی لەڕۆحی دەجمجما. بەرەنگاری کورد، لەکردە و خەون بینین بەسەربەخۆی دەخەملاند. ئەوکات کورد بەهەوەسێک لەسەربەخۆیدا، چاوەڕوانی رزگار بوونی کوردستانی دەکرد. واتا لەپرۆسەی ئەو رزگاریی بوونەدا هەمیشە بەئاگا بوو، ئامادە بوو.

بەر لەتەپینی رژێمی سەددام، دەڤەرە کوردییەکان و خەونی سەربەخۆیی دیوە جوانییەکانی ئێرۆسی ئایندەی کورد بوو. بەدەم مەستی ئەو ویستی ئاگایی سەربەخۆ بوونەوە، کورد بەرەو پێکانی بەرزە مرۆڤ هەنگاوی دەنا.

کەچی پاش ماوەیەکی کورت لەئازادبوونی بەشێک لەدەڤەرەکانی کوردستان، بەها و جوانی و وزەی ئێرۆس لەڕۆحی کورد بووە سەرگەردانی و خۆکوشتن. بەتایبەتیش لەدوای داڕمانی رژێمی سەددام و دیلبوونی خۆی، کورد، رۆژ لەدوای رۆژ ویستی ئاگایی، ئەو سەبەخۆییەی کە پێشتر لەڕۆحی دەژیا، فەرامۆشیکرد. سەربەخۆیی بوو بەدروشمی برایەتی و (عێراقێکی ئاشتی). کەرکوک بووە قومارێک، دەمڕاستی کورد، هەموو رۆژێ دەیدۆڕێنێ... هتد. لەجەم رۆح بچووکبوونەوەی ئەو دەمڕاستانەی کورد، رۆحێکی خڵتەی کورد، کە لەژێر ناوی کۆمۆنیست و ئیسلامدا خۆی نمایشدەکا، قووت بوونەوە.

ئەو رۆحە مایەی شێوانی ئەو ئێرۆسەیە، کە دوای لەدەستدانی ویستی سەربەخۆیی کورد، کە دەبێتە بەرجەستە کردنەوەی رۆحیکی کۆیلە و رقگهەڵگرتوو. حەزی کڵۆڵی ئەو رۆحە خڵتەیە، لەبری راچڵەکانی ئەو رۆحە کوردیەی، کە لەدوای نەمانی سەددام لەداچەمین و لەدەستدانی هەبوونی رۆحی ئازادی دەژی، هەستی لاوازی کۆیلەیی بەرۆحی کورد دەبەخشن. نموونەی دەربڕینەکانی ئەو گروپە کۆیلەیە: ئینسانخوازی و کۆنەپەرستی ناسیۆنالیزمی کورد و گواستنەوەی ئەقڵی ئەو رەوتە دزێوەی ئیسلامگەری عارەبییە بۆ ناو ژیانی کوردی...هتد.

وێڕای ئەمەش ئەو رۆحە، لەپرۆسە قەتیسماوەکەیدا، نەک هەر لەفەرامۆشکردنی ئێرۆسی بینین و هەستی جوانی تەواو دەبێ، بەڵکە رۆحی سادیزمی و ماسۆخی پەروەردە دەکا، چونکە ئیدۆلۆگی و کردە و دەربڕینەکانی ئەو رۆحە خڵتەیەی کورد، کە خۆیان لەژێر ناوی کۆمۆنیست و ئیسلامی سیاسیدا نمایشدەکەن، لەڕەوانبێژییەکی زبر و تۆتالیتاریەتدا بەرجەستە دەبنەوە. هەردوو گروپ لەوێناکردنێکی بەپیرۆز کردن لەدید و سەرۆکەکانیان دەئاخڤن. هاوکاتیش ئەو دوو گروپە لەشێوەی حوکمدا هاوشێوەن لەدەسەڵاتدا، چونکە، بڕوا بوون بەدەسەڵاتی حەتمی چینی کرێکار و پیرۆزی سەرکردە و لەجەم ئەمەش، دەسەڵاتی حەرفیانەی شەریحەی ئیسلام و باڵدەستی مەلا دا... هتد، رۆحی سادیزم و مەزۆخییەت پەرەدەسێنێت. لێرەوە ئەو رۆحە، مەرگ دەکاتە ژیان. ئاکامی ئەو دیاردانەش بەرتەکێکە، یان بەرهەمی ئەو تێکشکانەی کوردە لەپرۆسەی فەرامۆشکردنی ئێرۆسی ئازادیی بوونی خۆی. بەمجۆرە لەپێکهاتی کوردیدا، رۆحێکی کۆیلە هەوڵدەدات لەڕێگای رەوانبێژی وێناکردنی خۆی وەک قوربانی،تۆڵە لەخودی خۆی و بوونی کوردی بکاتەوە. وێڕای ئەمەش لەسەرمەستی ئەو بەپیرۆزکردنەی ئیدۆلۆگییەدا قەرەبووی نەمانی ئەو ئێرۆسەی جوانی ئازادییەی، کە کۆی خود، یان بەشێک لەکۆی کوردی لەدەستیداوە، بکاتەوە. بەهەمەحاڵ، لەوتاری، " لەچەوسانەوەی نەتەوایەتییەوە بۆ دیاردەی حیزبی خڵتە ..." روانگەکانی ئەو بیرۆکەیەم فرەتر شیکردۆتەوە.

یەکێک لەڕەهەندەکانی ئەو دۆخەی بوونی کورد، لاواز بوون و بێچێژ بوونی رەوانبێژی کوردییە لەکۆی دیالۆگ و ئەتمۆسفاری گوێگرتن لەژیانی رووناکبیری کوردیدا.

بەمجۆرە گەر کورد بەر لەسەددام، لەهەستی ئازادیدا لەئایندەی سەربەخۆیدا جێنشین بووبێ،یان ئاگای بەرزە مرۆڤی تێدا دەفراژا، کەچی



دوای رمانی سەددام ئەو رۆحەی کورد لەپرۆسەی فۆرمدا، دەنگی کورد دوور لەڕۆحی جوانییەکانی ئێرۆسدا نمایشدەکا. سەرجەمی رەوانبێژی لەدەنگەکانی کوردیدا لەفۆرمی لاساییکردنەوەکاندا خۆی دەنوێنێ.

## 7

ئاخاوتن و گفتوگۆییەکانی دەنگی بەناو رووناکبیر و سیاستمەداری کورد، لەدەربڕینە کرچ وکاڵەکانیاندا لەدەستەواژە خواستراوەکانی، وەک: ئازادیی ، کۆمەڵگای مەدەنی، دیموکراسی، مۆدێرن، گولوبال، پێشکەوتنخوازی، گووتاری ئەقڵ و رەخنە...هتد، فۆرمی بێ ناواڕۆک و بێ هارمۆنی رۆحی کوردی ئاپۆڕە دەکەن.

"دیسکۆرس – گوتار"، وەک چەمک لەکۆنتێکستی خۆییدا ماناگەلێکە بۆ سیستم و مێتۆدی هزرێکی تایبەت، چەندان رەهەندی وەک:

دەقی وتارێک یان ئاخاوتن و نۆرمەکانی بیرکردنەوە دەگەیەنێ، کەچی لای قسەکەری سیاسی و رووناکبیری کورد، بێ تێگەیشتنێکی کوردیانە لەم چەمکە، کراوەتە باوترین دەربڕین. جێگەی سەرسوڕمانە کە ئێمە تا ئێستا بەوردی نامانزانیووە کە ئەو هەموو "گوتار"ە رۆشنبیریی و سیاسییە کوردییانە چین. دەقەکانی ئەو رووناکبیرەی کورد، لەدرێژدادڕی و بێسەلیقەیی رەوانبێژییەکەیدا، لەهەوڵی ئاپۆڕەکردنی چەمک و زاراوە هەڵبزڕکاوەکاندا، رۆحی خوێنەر و گوێگری فۆرمپەرست و جەڵەبی پەرستی گۆشدەکا، نەک تێوری تازەگەری، چونکە رۆحی ئەو رووناکبیرە خۆی شەکەت و نائامادەیە لەتیۆرییەکانی تازەگەری، بۆیە، وەک نامۆ بوونی خۆی، نامۆ بوون بەبەرانبەرەکەی دەبەخشێ. دواجار بەنامۆکردن و بەفۆرمکردنی ئەو چەمک و بیرۆکەکانی تازەگەری، وزەی بێ ژیانی رەوانبێژی کوردییە.

هەروەک دەزانین، بەر لەم قۆناغ و بارەی کە رۆشنبیریی کوردی پیدا تێدەپەڕێ، زمان و رۆشنبیریی کوردی بێزەور و قۆرخکرابوو بەئیدۆلۆگی

"ئەدەبی واقیعی سۆسیالیستی" و "بەرەنگاری" و شتگەرییەکی لەم تەرزە گووتنانە. کایە خراپەکانی ئەو ئەدەبە باڵادەستە، لەسەر وەستانیان مایەی داخوازییە، بەڵام ئەو کارە بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵدەگرم.

لە راستیدا رەوانبێژی کوردی، ئاوێنەی ئەو پەرش و بڵاویەی روحی خۆیەتی. نەبوونی هزر و سیستمێک لەبیرکردنەوەی رەسەنی کوردی و کۆپیکردنەوەی ئەو چەمک و دەستەواژانە، بێ بوونی خوێندنەوە و بەشداری بیرکردنەوەی زمانی کوردی، دەنگی کوردی شپرزە کردووە، چونکە هەبوونی بیرۆکەیەک لای مرۆ، بۆ جوانی شتگەلەکانی واقیع، لەکاتی دیالۆگەکاندا رەوانبێژی چێژدار دەکا، یان لەرێڕەوی دەربڕیندا ئاوێتە دەبێتەوە.

لێرەوە کورد دەبێتە دەمێک بۆ گوتنەوەی باسگەلێکی گوتراوی بێچێژ. هەر بۆیە قسەکەری ئەمڕۆی کورد سەرقاڵە بەحیکمەتێک، کە دوانە لەمەعریفەی جەڵەبی. ئەو جەڵەبییەش بەرهەمهێنانی ئەو شتانەیە، کە بێجگە لەکوشتنی، یان فەرامۆشبوونی ئەو بیرۆکە سەربەخۆییەی، کە کورد پێیەوە ئاوێزان بووە، هیچیتر نییە. لێرەوە بەبیرهێنانەوەی نووسینەکانی ماڵپەڕو گفتوگۆ رق هەڵگرەکانی ناو تۆڕی ئینتێرنێت، وێنەی ونبوونی چێژ لەزمان و رەوانبێژی کوردیدا بەرجەستە دەکەنەوە. گەر دیاردەی تۆڕەکانی ئینتێرنێت، بەروانگەی هەندێ تیۆریزانی ئەمڕۆ، بوارێک بێ بۆ بێدەنگکراو و گۆشەگیرکراو پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە، کەچی بۆ بەشێکی زۆر لەکۆی کوردی، بۆتە سەکۆی وێناکردنی رۆحی بێ ئێرۆسی کوردی. ئەو گروپ و تاکانەی کوردی لەجیاتی رزگاربوونی لەو بەپەراوێزکردنە، کەچی مشتومڕەکانیان لەنزمترین ئاستی رەوابێژیدا، بەلێبووردن لەچەند کەس، بەڕێوە دەچن.#

8



لە پاش مەرگی ئەو ویستی سەربەخۆییەی کورد، رووناکبیری کورد باس لەچەمکەگەلێک بۆ کۆمەڵەکەی دەکا کە فۆرم، یان زاراوەبازی داگیریکردووە. سیاسەتمدارەکانیش لەبرایەتییەک دەدوێن، کە ئەو برایە، مێردەزمەیەکە، کوردی لەخەمێکدا نقوومکردووە. دواجاریش ئەو دیمەنانە بەرهەمی ئەو رۆحەیە کە لەبەردەم داگیرکەری کۆیلەداردا باس لەبرایەتی ئینسانخوازی دەکا. مێدیای بینراوی کوردی، بەوێنەگەلێکی بزواو، کە بەرهەمهێنەری فۆرمەکانی خۆیەتی، کوردی سەرگێژ کردووە، مەگەر تەنیا لەفیلمەکانی هیندی و هۆلیوود وێنەیان هەبێ.

گۆرانیەکان لەئاواز و فۆرمی خواستراوی جوانی دزێویاندا، هونەر و وێنەگەلێک لەئەوروپی بوون نمایشدەکەن، کە ناخی کۆمەڵی کورد لێی بێبەرییە. فۆرمی ئەو گۆرانیە، پرۆسەیەکە لەو رۆحەی کە ویستی ئاگایی ئازادی یەکجارەکی فەرامۆشکردووە.

گەر لەتێڕامانی کوردیدا، پرسێکی وەک کەرکوک، لەکاتی سەددامدا، لەپرۆسەی چاوەڕوانی رزگار بووندا دەژیا، کەچی ئێستا کەرکوک بۆتە سەچاوەیەک لەبەرهەمهێنانی ئازار بۆ بوونی کورد. لێرەوە، ئەمڕۆ دەنگی کوردی لەنمایشکردن و دەربڕینی ئازارە کەڵەکەکانی بوون. هەردەڵێی ئازار لەدەنگماندا مەستە. هەر دەڵێی جەستەی زمانی کوردی، مێژووی خودی ئازار دەبێژێ.

سەرەڕای هەموو ئەوانە و چەندان دیاردەی تر، ئەمڕۆی کورد سەرمەستە بەوێناندن و خەیاڵاندنک کە ناخی خۆی لێی نامۆیە. نامۆ بوونی کورد لەو هەستی ئازادییە لەدەستچووەی، لە دەربڕینە جۆراو جۆرەکانی ئاخاوتن و گفتوگۆیەکانیدا رەنگدەدەنەوە. بۆیە زۆرینەی ئەو ئاخاوتنانەی قسەکەری کورد، هەستی گرژی تووڕە بوون بەبەرانبەر دەبەخشن، چونکە بەتاڵن لەجوانی ئێرۆسییبەتی کوردی.

لە راستیدا سەرەتای پەیوەندییەکان، بەتایبەتی پەیوەندی ئێرۆتیک – ئەڤینبازی، لەنێوان مێ و نێردا، بەچێژی ئاخاوتن و جوانی ڕەوانبێژی هەوەس و مەیلەکانی هەردولا ئاوەڵادەبنەوە، چونکە ئێرۆسییەتی ئێرۆتیک لەتەرزی دەربڕین و ئاوازی دەنگ و جوڵەی جەستەدا، وەک دەربڕینێک لەڕۆح، دیمەنی سێکس بەرجەستە دەکەنەوە، ئاوەڵا دەبنەوە. پرۆسەی ئێرۆتیک، لەهاوبەشیکردنی بەرانبەری مێ یان نێر، لەدەنگی زمان و ڕەنگ و هارمۆنی ڕەوانبێژیدا مەیل و هەوەسەکان بەکردە دەکا، بەڵام ئەوکاتە هەوەسی ئێرۆتیک دەکەوێتە جوڵە کە لەش رووتییەکەی شاراوەیە. لێرەدا خەیاڵ لەمدیوی لەشدا کار دەکات. لەم روانگەیەوە دەکرێ بڵێین ئێرۆتیک ئەودیوی سێکسە، ئەمەش کە لەکردەی شیعر نزیکە.

لێرەدا ئەو ئێرۆسە غەریزەیەکە بەبزوان و مەستییە جوانخوازییەکانیدا، رۆح باڵدار دەکا. ئەڤینی شیعراندن، بەمانا ئەڤینداریيە شێتانەییەکەی ئەفراندن، بیرۆکەی راستییە جوانەکانی زانین و پرسیار سەرمەست دەبێ، نەک دروشم و دۆگمای قسەی جەڵەبی. ئەو ئێرۆسە کە وەک خواستێکی خواوەندییانە، لەخودی چیەتی ئێرۆسدایە، کە دەمانکات بەئەڤیندارێکی راستینە. رۆحی بێ رامانێکی ئێرۆسییانە، رۆحێکی بێ باڵە.

لەم روانگەیەوە کێشەی ئەو رووناکبیرەی، کە دەنگی هەمیشە ئامادەیە لەمێدیای کوردیدا، لەگواستنەوە و هەڵڕژانی قسەکانی بۆ ناو جەستەی زمانی کوردی، لەهەژاری کۆنتێکست– بنەمای روانینی کوردیدا دەناڵێنێ. دواجاریش زمانی کوردی دەبێتە زمانی رۆحێک، کە لەفەرامۆشکردنی باڵی رۆح گوومڕا دەبێ.

هەر بۆیە باڵادەستی ئەو فۆرمە خوڵقێنراوەی قسەکەری کوردی، بەرێگای بوارەکانی راگەیاندن و ئاخاوتنە جوداوازەکان، بوونی کوردی داخستووە لەبەردەم ئاوەڵا بوون بۆ زانیارییە نەزانراوەکان، وەک کردە و ئامادە کردن. لێرەدا ئاخاوتنی کوردی بە بەرهەمهێنانەوەی زانینە



لەکارکەوتووەکانە. ئەمەش ئێرۆسی گەڕانی رۆحی کوردی بەدوای ئامادە بوون و چێژی بەشداریکردن تەمبەڵ کردووە.

خوێندگایەکانی ئەمڕۆی کورد نەخوێندەوار پەروردە دەکەن، نەک رۆحی گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی ئاستەکانی زانیاریی. سیستمی فێرگای کوردی گواستنەوەی کولتووری ناوەندە. لەبەناو سەربەخۆیی کوردستاندا، کولتوری دەسەڵاتی ناوەندی بەعسی و ئەقڵی شۆڤینی داگیرکەرانی کورد، باشتر لەمامۆستایەکانی رژێم دەچنرێنە ناو هۆشی خوێندکاری کورد. تا ئەمڕۆش مێتود و سەرچاوەکانی فێرگەکانی کوردی، بەردەوامی پەروەردەی سەددامین. قوتابیەکانی ئەمڕۆی، بگرە مامۆستاکانیشیان کوردە، لەکڵۆڵی زانیاریدا دەتلێنەوە. هەر بۆیە ئەو قوتابیانەی قۆناغەکانی زانکۆ، بەگشتی، بیرکردنەوەی فەرامۆشکردووە. زانکۆیەکانی کوردی، لەدابەشکردنی پایەکانی کادیری حیزب و مشەخۆرەکان، دواجاریش فۆرمالیەتی دەسەڵات، بەڕێوە دەچن.

ئەمەش لەبەرهەمهێنانی خوێنەری ساختە و فۆرمی و دیماگۆگ و، هاوکاتیش جەلادی بچکۆڵەی کورددا دەبینینەوە. ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەو وەچە تازەیەی کورد بکەین، کە هەم ئەوانەی لەکوردستان و هەمیش ئەوانەی لەهەندەرانن، کە لەبوونی روانگەیەک بۆ فێر بوون و بەدواگەڕان بێ بەشە. هەر بۆیە ئاخاوتنەکانی ئەو نەوەیە، وەک گشت، یان بەبەراورد لەگەڵ ئەو نەوەیەی، کە لەکاتی شۆڕشی دژە داگیرکەر بەچێژی ویستی ئازادی دەژیا، رقهەڵگر و بێ پرسیارە. تەواوی ئاخاوتنەکانی ئەو نەوەیە خۆی لەدەسکەوتە فۆرمییەکان و لەهەژاری جوانییەکانی ئێرۆسییەت رادەگەیەنێ. لێرەدا، تا کڵۆڵی ئەو دیاردانەی جڤاتی کورد جەخت بکەینەوە، ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بکەین بۆ بەهەڕمێنبوونی گۆرانیبێژەکانی تورک، عارەب و فارس و دیاردە رووکەشەکانی ئەوروپا، بۆ لاوی هەنووکەی کورد.

کەواتە، دەکرێ بڵێین ڕەوانبێژی ڕووناکبیر، مامۆستا و سیاسەتڤانی کورد لەپرۆسەی بەفۆرمکردنی ژیانی کورد دەگوزەرێ. هاوکاتیش کورد لەشەیدابوونی جوانییەکانی ئازادی و سەربەخۆییەوە، کە بەرهەمی خودی بیرۆکەی ڕۆحی کوردە، بەرەو نامۆکردنی بوونایەتییەکەی داوێنگیرە. دواجاریش ئێمە لەئاکامەکانی ئەو پرۆسەیەدا، ڕۆحمان سیخناخە بەخەمێک کە لەبیستن و دەنگە ونبووەکانەوە بەرهەمهاتوون.

لێ ڕەنگە ئەو ئێرۆسییەی کە وا لەکەو دەکا کەسترانێکی تایبەت بەرۆحی چیا بخوێنێ، جێگەی مەزەندە و خوێندنەوەیەکی تایبەت بێ، بۆ بەیاد هێنانەوە و بەدوا گەڕانی کورد لەدۆزینەوەی هونەری ڕەوانبێژی و مشتومڕی بەڵگە ئامێز. زوڵاڵی دەنگی ڕەوانبێژی کەو، هاوسروشتی ئەو هەستی ئێرۆسیەتییەی ڕەهەندە شەپۆلدارەکانی جوانی چیا و ڕەمەکییەتی کورد، ئەشقی سەربەخۆیی بەرجەستە دەکاتەوە. پەیڤی "قاسپە"، هەر تەنیا پەیڤێک نییە لەزمانی کوردیدا، بەڵکو واتای ئاواز و هەوەسی ئاوەڵاکردنی دەنگی سروشتیانەی کورد نمایشدەکا، کە کەو بەرهەمهێنەریەتی، یان لەپایەکانی ئێرۆسی کەوە.#
لێرەدا دەنگی کاروانی ئەم نووسینە، بەو ئاماژە خێرایە بەبەهای دەنگ و ڕەوانبێژی قاسپەی کەو، بێدەنگ دەبێ.

کەواتە بۆ بەیاد هێنانەوەی دەنگی ئێرۆس و سیحری ئاوازەکانی کەو، بەبیستنێک لەچێژ، گوێ دەگرم لەڕازی باڵندەکانی سەر درەختی ناو سێبەرە نارنجییەکانی کازیوە، کە تاکە هاوسێی ماڵی ئەم ڕۆحە بەنامۆکراوەمە.



ئاداری 2004
ستۆکهۆڵم – سوێد

## دەق: منی ئەویتر و ئەویتری من

ئافراندن لەگەڵ بەرجەستە بوونەوەی لەدەقدا، شوێنپێیەک لەزەینی خوێنەر بەجێدەهێڵێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو شوێنپێیەی دەق تاک رەهەند نەبێ، پێویستە دەنگە جوداکان لەدەقدا بەشدارییبکەن. لەبۆیە ئەمڕۆ لەئەوروپادا لەبواری تیۆریی و هزرییەکانی رەخنەی ئەدەبیدا، گرنگییەکی فرە بەئامادەبوونی دەنگە جوداکان لەدەقدا دەدرێ، بەهەرمێنبوونی ئەو تەرزە رەوتە لەجیهانی ئەدەبی و بگرە جیهانەکانی تری وەکی فەلسەفە و زانستیشدا، رەنگدانەوەی ئەو شەپۆڵگەلە هزری و فەلسەفییە هەمە ئاقارانەن، کە هەر لەشەستەکانەوە دەستیان پێکردو و لەهەشتایەکانیشدا گەیشتنە چڵەپۆپە. هەڵبەتە ئەو رەوتە لەبەرەڕاییدا بەرتەکدانەوەیەکی هەمە لایەنی لەجەم رووناکبیران درووستکرد، لێ لەدواجاردا بوو بەزمانزاڵی پانتاییەکانی ئەفراندن. بەمجۆرە پێشتر نووسەر و رەخنەگرە نوێباوەکان لەڕوانگەی تاکە دەنگێکەوە لەدەقیان دەڕوانی، کەچی نووسەر و رەخنەگرە پاش–نوێگەرەکان لەڕوانگەی فرە دەنگییەوە دەق دەپێون. بەمجۆرە لەجیهانی دەق و رەخنەی ئێستادا دەنگەکان وێکڕا لەپەیڤینێکی هاوئاهەنگدا ئامادە دەبن و بەشداری لەئاوەدانکردنەوەی گەردوونی دەق دەکەن. هەر بۆیە دەستەواژەیەکی وەک ئینتەرتێکستوالیتێت (دەقئاوێزانی) واتای چڕکردنەوەیەکە بۆ ئەو رەوتە ئەدەبییەی ئەمڕۆ.

هەڵبەتە سەرهەڵدانی ئەو چەشنە رەوتە ئەدەبییە لەڕۆژئاوادا، چێکردنێکی نوێ نییە، بەڵکو ئەو رەوتە لەئەزموونی کولتووری گرێکی کۆنینەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. وەک دەزانین، کە ئەفلاتون لەدەقە فەلسەفەییەکانیدا، وێڕای ئامادەیی پرشنگی ئەدەبی، دیالۆگێکی هاوئاهەنگ، بەرهەم دەهێنێ، کە ئاخێوەرەکان لەدانووساندنێکی دۆستانەدا تێهزرینەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. بەپێچەوانەشەوە خوێندنەوە و گوێگرتنی یەک لایەنی، دەبێتە جۆرێک لەملکەچبوون بۆ یەکێکی تر، یان رازیبوونە بەنایەکسانی. ئەم شێوازەش لەگەڵ دیدی



ئیدیالیانەی ئەفلاتون و سوکرات بۆ فەلسەفە نە دەگونجا. هەر بۆیە سۆکرات ئازادانە پرسیار و بەرسڤدانەوەی لەگەڵ بەرانبەرەکەی دەگۆڕیەوە و بەمەش زەمینەی بۆ گەیشتن بەزانیارییە فەلسەفییەکان خۆشدەکرد و رووخساری راستییەکانیشی رۆناک دەکردەوە، چونکە بەلای سۆکراتەوە، دەبێ مرۆڤ ئازاد بێ ئەوجا دەتوانێ راستی ببینێ. لەبۆیە ئەفراندن بەگشتی کردەیەکی دەقئامێزییە.

کەواتە سەرشاری ئەو ئاراستەگەلە رەخنە ئەدەبیانەی کە ئەمڕۆ جەخت لەسەر فرە دەنگی دەکەنەوە، دیاردەیەک نییە کە لەختو خۆڕایی لەدایک بوو بن، بەڵکو ئەو دیاردانە جۆرە تێهەڵچوونەوەیەکن، بەڵام بەشێوازێکی نوێ، بۆ ئەو پشتینە ماریفییەی کە گرێکی کۆنینە ئەفرێنەری بووە و رۆژئاوای ئەمڕۆکەش خۆی بەمیراتگری دەزانێ. بەجۆرە رۆژئاوا هەمیشە کە تەنگانەیەک گەمارۆی دەدا، بەئاوڕێک لەپشتینە گرێکییەکەی، وەک مار، کاژەکەی خۆی دەگۆڕێ، لێرەوە دەبینین کە هرزڤانگەلێکی وەک ژیل دۆلوز، ژاک دێریدا، کریستیڤا، بلاونشۆ، باتای، لێڤیناس و ئەوانیتر، شوێنپێیەکی بەرچاو لەخەملێنی ئەو رەوتە ئەدەبییە دەدانێن. بەم چەشنە رەخنەگر و نووسەرانی دیکە، ئاراستەی ئەو رەوتە ئەدەبییە وهردەگرن و برەوی پێدەدەن.

لێرەوە دەکرێ بپرسین: ئایا وێڕای ئەو مەیلەی کە نووسەری کورد بۆ هەمە دەنگی دەق بانگەشەی بۆ دەکا، بەڵام بۆ دەقی کوردی هەتا ئێستاش بەتاکە منێک دەدوێ کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لایە؟ ئایا ئەو گەڕەلاژە و پاشاگەردانییەی کە ئەمڕۆ پانتایی نووسینی کوردی تەنیووەتەوە، پەیوەندی بەو پێکهاتە تاکمنەی نووسەری کوردەوە نییە؟ ئەو دەنگە تاکەی کە لەدەقی کوردیدا خۆی بەخوا دەزانێ، لەکوێڕا خۆراک وەردەگرێ؟ ئایا ئەگەر ئەو دەقە داخراوەی کوردی بخوازی دەرگای بەشداری کردن بۆ منە

جودایەکان ئازاد بکا، لەکام سەرچاوە دەستەوایی بکا؟ ئەم پرسیارگەلە مەبەستی بانگکردنی بەرسڤەکانی منگەلە، نەک کەڵەگایەتی منێک.

لێ ئەو فرە منەی کە دەقی کوردی فەرامۆشیکردووە، لەخودی بیرکردنەوەی دەقدا ئامادەیە. ئەوە دەقە کە ئەو دەنگانە دەئافرێنێ. دەق بەپێوادانگی خۆی داواوەتی ئەو دەنگانە دەکا، کە رۆڵی خۆیان نمایش بکەن. دەق زمانێ منێک نییە کە هەموو شتێک بزانێ. ئەوەی لەدەقدا دەپەیڤێ خودی نووسەر نییە، بەڵکو خودی خۆی و ئەوانیتریشە. بۆیە لەدەقدا وشە دەبێتە شوێنپێی واتایەک کە هێشتا دیار نییە.

2009.7.22

ستۆکهۆڵم

## وێنای رووناکبیر لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا



1

راسانێک، کۆڕەوێک، لەدەنگی خێڵێکدا ئاوارە دەبێ و
چڕنوکێک لەناوەکیدا بیرهاتنەوەکانت دەئەنجنێ.
مانایەک لەزاردا هەڵدەگەڕێتەوە و
نەوەیەک لەزماندا غەوارە دەبێ.
شوێنپێیەک لەشۆڕش ، لەیەکاتییەکی داڕماودا،
هەڕاجی رادەگەیەنێ.
مێژوویەک بەدەست دێوجامەی سەروەری بێسەردا،
ئیرادەی زڕاوە!

2

ئەمڕۆ رووناکبیری لەچرکەساتێکدا دەژی کە لەنەبوونی ئیرادەیەکی کوشندەی چەقبەستوودا دەخوولێتەوە. ئەو ژیانەش، بەر لەوەی خەونی واتایەکی هەڵبەستراو بکاتە هەبوونی خۆی و دواجاریش بەمەرگێکی خاکەسار شاگەشکەمان بکات، دەبێ *فاتیحایەکی* بۆ بخوێنین.

بەڵام لێرەدا مەبەستمان لەکام رووناکبیرە؟ بەڵێ، ئەو رووناکبیرە ئەو بوونەوەرە نییە کە دەمڕاستی حیزبێکی دەسەڵاتدار یان حیزبێکی بەرهەڵستکار، یانیش لەیەککاتدا هەم دەمڕاستی حیزبی دەسەڵاتدار و هەمیش حیزبێکی بەرهەڵستکار، دەکا، بەڵکو مەبەست لەو رووناکبیرەیە کە لەڕوانگەی ئاراستەیەکی رۆشنبیریی و ئێستیکیانەی سەربەخۆدا، وەک

کردە، ڕۆڵەکەی پیادە بکات. کەواتە ڕووناکبیر بیرکەرەوەیەکی جووڵاوە نەک دەربار و جێگر!

هەڵبەتە لێرەدا ئەم نووسینە زیاتر ئاستەنگەکانی وێنای ڕووناکبیر لەباشووری کوردستاندا نمایشدەکا، نەک گشت بەشەکان. هاوکاتیش ئەو بەشانەی تریش، بەجۆرێک لەجۆرەکان، لەئاستەنگەکانی ئەو دیمەنەدا، خۆیان دەبیننەوە.

ئەو دەمەی کە ڕووناکبیر لەپێگە و مانای کردەی خۆیدا توورهەڵدەدرێت، یان وەک بوونەوەرێکی بەرهەڵستکاری سەربەخۆ واز لەجێلەقکردنی دۆخە جێگیرەکان و گومانکردن لەبڕیارە پێشمەرجەکانی دەسەڵاتی باڵادەست دەهێنێت، لەو پێناسە ڕۆشنبیرییە بێبەش دەبێ. کاتێک ڕووناکبیر لەبری پەنجە درێژکردن بۆ ***ناڕاستی*** و ڕاتەکاندنی ناخی دەسەڵاتی نارەوا، دەبێتە ئامرازێکی سواو، ئەوکاتە ئەو بوونەوەرە نەک هەر بوونەوەرێکی ***مردووی زیندووە***، بەڵکو دەبێتە پەنجەی شادە و بچمی ئارایشکراوی دەسەڵاتێکی غەدار، کاتێک ڕووناکبیر بەناوی هۆشیارییەوە لەبەردەم کۆمەڵگادا دێوجامەی ***ڕاستیی*** دەپۆشێ و پاسەوانی لە***ناڕاستی–ساختەیی*** دەسەڵات دەکا، ئیتر ڕۆشنبیریی، وەک سەرچاوەیەک لەزیندوویەتی ژیان، لەبری گەشاندنەوەی ویژدان و هەڵقوڵاندن و دۆزینەوەی وزەکان، بوون و یادەوەرییمان ئیفلیج دەکا.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەمڕۆ ئێمە لەواقیعێکدا دەژین کە حیزبی کوردی بەمگجێزی خۆیان هەڵیدەسووڕێنێ، ڕووناکبیر بێجگە لەدیکۆرێکی قۆقز و بێکردە، هیچ شتێکی تر نانوێنێت.

ئەگەر ڕووناکبیری کورد لەقۆناخ و شوێنکاتەکانی ڕابردوودا، بەدەنگ هەڵبڕین و هەڵوێست وەرگرتن لەدەسەڵاتە کورد کوژەکان، نووسینەکانی بەهای کردەییان نواند بێت، کەچی لەباری ئەمڕۆدا لەبەردەم دەسەڵاتێکی چاوەشەکاریی حیزبی کوردیدا، نەک هەر لەڕۆڵی دەنگ هەڵبڕین و



هەڵوێستی کردەیی هەرەسی هێناوە، بەڵکو خۆی بەشێکە لەو مەرگەساتەی، کە ئەمڕۆ بەهۆی لەدەستدانی ئیرادەی ئازادیی و سەروەریی، مرۆی کوردی سیخناخکردووە.

بەڵام ئەوە چ چرکەساتێکی پەڕپووتە کە وادەکا ***فاتیحایەک*** بۆ مەرگی ڕووناکبیری کوردی بخوێنین؟ ئایا کاتێک ئەو ڕووناکبیرە بەدوای فرەکردنی "معاش". وەک بوونەوەرێکی مشەخۆری زار قەڵەباڵغ و کەهێڵ بژیت، دەکرێ خاوەن گوتارێکی ڕۆشنبیریی کردەیی بێت؟ لەوکاتەی کە داگیرکارانی کوردستان بەبێ منەت، هەڕەشە لەسەروەری کورد دەکەن و لەبەر چاویشمان ڕوحی جمکانەی کوردانی لێکترێزێنراوی ئێمە کە لەبندەستی ئە داگیرکارانە دادەپڵۆسن، ئایا گشت ئەو کارەساتانە مایەی هەڕاجکردنی شەرەفی ڕووناکبیری بەشی باشووری کوردستان ناگەیەنن؟ لەوکاتەی کە "خەونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد"یش بەهاتن و نەهاتنی "مەهدی مونتەزر" ڕاسپێردراوە، کەچی ڕووناکبیری کورد، ڕۆژانە نووسینی ئەو سکاڵانامانە بێ لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی حیزب غەدری لەپایە و کەم و زۆری "ڕێزلێنان"ەکەی کردووە، دەکرێ خۆمان بەژیانێکی زیندووی ئەو ڕووناکبیرە کوردییە دەستخەڕۆ بدەین؟ بۆ نموونە، ئایا ئەو منگە منگ و گلەییانەی کە لەلایەن نووسەر و هونەرمەندانەوە بڵاوکراوەکانی کوردی تەنیوەتەوە، زەنگی ئاوابوونی ڕووناکبیر و خەونی کورد، ناگەیەنن؟ هەڵبەتە لێرەدا پێویست ناکا ئاماژە بە نموونەی ئەو هەموو تەرزە گازاندانە بکەین، کە ڕۆژانە لەمیدیا هەمەجۆرەکانی کوردی بەرزدەبنەوە. کەواتە ئەرێ بەڕاست ئەو ڕووناکبیرە مردووە بۆ پێکڤە دەست و برد ***تازیمانەیەک*** بۆخۆی دانانێ و پێکڤەش ***فاتیحایەک*** لەسەر گۆڕی خۆی ناخوێنێت/ناخوێنن؟

بۆ ئەوەی چەشنە ڕاڤەیەک، یان بە***فاتیحایەک***، سوکەڵە دڵدانەوەیەک بۆ ئەو پرسیارە تەڤلەهەڤ و وێنە ئیفلیجەی ژیانی

رۆشنبیریی کورد دەستەبەر بکەین، دەخوازێ لەرەهەندێکی جیهانگەرایانەوە رابمێنین و بهزرین.

## 3

لەگەڵ گۆڕانی رەوتەنی شوێنکاتەکاندا، وێنە و کایەی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکانیش، بەگشتی، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و دێت. لەم روانگەیەوە، بەپێودانگی ئەو رەوتەن و شوێنکاتانەدا، وێنە و کایەی رووناکبیریش هەڵکێشان و داکێشانی بەخۆیەوە بینیووە. لێرەوە بۆ زێتر روونکردنەوەی مەبەست، بەخێرایی ئاماژە بە قۆناغەکانی دوای سەردەمی رۆشنگەریی دەکەین، کە کۆمەڵگا و دەوڵەتگەلێکی هاوسەردەم و مرۆڤێکی نوێباوی لەهەناوی خۆیدا خەملاند، کە ئەم مرۆڤەی ئەمڕۆش بەرهەمی نموونەکانییەتی.

لە سەر و بەندی سەدەی شانزە و دەسپێکی سەدەی حەڤدەوە، هزرڤان و رووناکبیرانی رۆژئاوا رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لەبەرهەمهێنانی ئەو کۆمەڵگا و جیهانبینییە نوێیەدا. هاوکاتیش لەگەڵ لێکجابوونەوەی دەوڵەت و ئایین، ئەو هزرڤان و رووناکبیرە ئەرک و رۆڵێکی دیکەیان کەوتە ئەستۆیان. بەمجۆرە مشومڕ و وەرچەرخانەکانی سەدەی حەڤدە، بەکاریگەرییەکانی لەسەدەی هەژدەدا رەنگدەدەنەوە. وەک پێشڤەچوونێک لەو رەوتەنە سیاسی، ئابووری، جڤاکی و هزریەی پێشوودا، جیهانبینی فەیلەسوف و رووناکبیرانیش، روانگەگەلێکی جوداتر بەرهەمدەهێن: وێڕای گریمانە و تیۆریگەلێکی نوێ، ئاراستە و رێبازی هەمە تەرزیش لەدایکدەبن. یەکێک لەبنەماکانی ئەو رەوتە، کە بە"پرۆژەی رۆشنگەریی" ناودێر دەکرێت، رەخنەگەرییە.

هاودەم لەگەڵ ئەو وەرچەرخانانەدا، جیهان و بوونێکی جیاواز لەمرۆڤایەتی سەرهەڵدەدەن. هۆکار و هاندەرە سەرەکییەکانی ئەو دۆخە نوێیەش، گەشەکردن و بەهەرمێن بوونی ئایدۆلۆژییەکان، بەتایبەتیش



ئایدۆلۆژی لیبرالیزم و بازاڕی سەرمایەداری، زانست، دەوڵەتی بیرۆکرات و ... هتد لێکەوتەوە. لێرەوە بەهای مرۆڤ دەبێتە کاڵا و چارەنووسی بوونایەتی دەکەوێتە دۆخێک، کە لەوێدا ئاوەز و ئاوەزگەرایی جلەوی رادەکێشێت. مرۆڤ وەک تاکێکی ئابووریی بەبەرپرسیاری خۆی و دەوروبەرەکەی سەرقاڵدەکرێت/دەبێت.

## 4

بەڵام لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەجیهانی هزریندا، ئەو چارەنووسەی کە مرۆڤی رۆژئاوا دەرکی دەکات و بوونی دیاردەکات، فەرامۆشناکرێت: دەکرێ هەر لەهاوارنامەی "خوا مرد"ی نیتشەوە، پرۆژە رەخنەییە ئیدیالەکانی "سەرمایەداری"ی هێگل و مارکس، رەخنە و نائومێدییەکانی ئەدۆرنۆ و دۆرکهایم لە "دیالێکتیکی رۆشنگەریی"، هەتا دەگاتە ئازارەکانی کافکا لە"دەعەجان"، "دادگا"، "تەلار" و... ئەوانیتردا، دەنگ، وێنە و کێشەکانی ئەو مرۆڤە نوێیەی ناو ئەو جیهانە ئاوەزگەرا و بەکاڵاکراوە بناسینەوە. لەو روانگانەوە دەبینین کە پرۆژەی رۆشنگەریی ئیتر وەک ئیرادەیەکی رزگارکار لەدەسەڵاتی ئایینی مەسیحییەت و بەند و باوەکانی نەک هەر جۆشی نامێنێت، بەڵکو زانستکاران جێگەی ئەو ئایینە دەگرنەوە و ئاگایی رەخنە و رووخاندنی بەها باوەکان، کایەکانی خۆیان لەدەستدەدەن. بەکورتی ئاکامەکانی پرۆژەیرۆشنگەریی، کە لەڕەوەتە مۆدێرنیزمەکەیدا هزر و داهێنانە جوانناسییەکانی گەیاندنە فەبریک سازی و رەوتە مۆدێرنیتەکەشی، کە لەگەشەسەندن و باڵادەستی بازاڕی سەرمایەداری و پیشەسازیدا، بەهای چێژی ژیان و ئەفراندنەکانی مرۆڤایەتییەکانیان و ئیڤلیجکردو ویستی مرۆڤیان کردە کۆیلەی بەرخۆری کەرەسە بەرهەمەکانیان.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، ئەو پێشڤەچوونە هەمە ئاراستەیەی پرۆژەی رۆشنگەریی، دەگاتە لووتکە. لەوێوە مرۆڤ چیتر وەک "خود"ێک

ڕۆڵی نامێنێتەوە. بەدەربڕینێکی تر، مرۆڤ چیتر ڕۆڵی گۆڕین و بەرهەمهێنانی مێژوویی، یان وەک خودێکی ئاوەزگەرا و ئەفرێنەر، نابینێت. بەمجۆرە لەسەرەنجامی ئەو ناوکۆیی (کۆنتێکستە) تازەیەدا، مرۆڤ، بەدەستەواژە ناودارەکەی فۆکۆ:" سۆبژە/مرۆڤ مرد"، دۆشداماوانە لەخۆی دەگەڕێت. هاوکاتیش لەئاستی داهێنانیشدا، نووسەران بەگریمانە ورووژێنەرەکەی ڕۆلان بارت: "مەرگی نووسەر"، سەرقاڵ دەبن. هەڵوێست و بەرتەکی هزرڤانان لەبەرانبەر ئەو ڕەوتەنییە لەدەست مرۆڤ دەرچووەدا هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو لەحەفتاکاندا بە خەتمکردنی "داستان"ە ڕاشکاوەکەی ژان فرانسوا لیۆتار: "کۆتایی هاتنی داستانە مەزنەکان" و لەهەشتاکانیش فاتیحایە بویرانەکەی ژان بۆدلیار، کە لەئەنجامی ئەو سیستمە سیاسییە باڵادەستەدا، ئەو شتانەی کە لەسەر ئەو سیستمە ئابووری و سێکسگەراییەدا تیۆریزە دەکرێن، بێجگە لەمۆنتاژێک، یان وێنەیەکی پێکەنیناوی چەشنە داستانێکی تیۆریانەی مرۆڤایەتییانە، هیچیتر نین، دەگاتە ئەوپەڕی بێهوودەیی. بۆیە بەواتای بۆدلیار، سەرتاپای زانست، گوتار/دیسکۆرس و دامەزراوەکان لەیارییەک بترازێ هیچیتر نین. بەکوردی ئەو شتانە هەموو هیچن؛ ئەو قسانە تەنیا "وشەن، وشە". سەرەنجام بیرکردنەوە و کردە؛ ڕاستگۆیی بۆدلیار، وەک ڕووناکبیرێکی خاوەن گوتار، بەوە بەرجەستەی کردەوە، کە وازی لەنووسینی فەلسەفی هێنا و لەبری ئەوە کاری ئێستێتکی و وێنەگرتنی هەڵبژارد.

## 5

لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ، بەجۆرێک لەجۆرەکان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کایەکانی ئەو گۆڕانکارییە فرە ڕەهەندانەی کە لەو چەند سەدەیەی ڕابردوو لەجیهانی ڕۆژئاوادا ڕوویانداوهو ڕوودەدەن، لەجیهانی ئێمەشدا ڕەنگدانەوەیان هەبوو بێت/هەبێت. بۆیە دەبینین لەگەڵ



گۆڕانەکانی ڕەوتەنی شوێنکاتەکان لەجیهانی کوردیدا، وێنە و کایەکانی کۆمەڵگاش، بەگشتی، گۆڕانیان بەخۆیەوە بینیووە.

بە گوێرەی ئەو دەقە نووسراوانەی ڕووناکبیر/شاعیرانی کورد، کە دەکرێ سەدەی شانزە، وەک تەرزە "ڕۆشنگەریی"ەک، لەبوونی کوردی فامبکەین، چونکە لەوێدا بەبوونی "ئیمارانی بۆتان"، وەک دەوڵەتۆچکەیەک، دواجاریش دەکرێ بەرێگەی شیعرە ڕامان ئامێزەکانی مەلای جەزیریی و ئەحمەدێ خانی، یادەوەریی کوردی بخوێنینەوە. وەک دەزانین، لەوێدا بەتایبەتی خانی لەڕێگەی شیعرەکانییەوە بەڕاشکاوی بەکۆی ئازاری کوردی بەرووی دوژمنانی دەرەکی کورد هەڵدەشاخێ و هاوکاتیش، بەڕاشکاوی، لەخۆ خۆری و دووبەرەکی و ویستی سیاسەتی لەڕزۆکی کوردان دەپەیڤێ، کە ئەو کێشەیە هەنووکەش لەزاری قەڵەمی کوردی هاوسەردەمدا دووبارە دەوترێنەوە.

هەڵبەتە سیاسەتمەدارانی ئەوکاتی کورد گوێ لەهاوارنامە و ئاماژە حیکمەت ئامێزەکانی ئەحمەدێ خانی ناگرن و ئەمەش دواجار بەرووخانی ماڵی کورد، ئیمارانی بۆتان، کۆتایی پێدێت. هەڵبەتە ئەو کۆستە ماوەیەکی درێژ کاریگەری لەسەر ناخ و دەروونی کۆی کوردی بەجێدەهێڵێت و دەبێتە ئازارێک لەیادەوەریی مرۆی کوردیدا، بەڵام لەسەدەی نۆزدەدا لەهەمبەر مرۆی کوردیدا، ریزێک هەڵکاڵینی بەرچاو ڕوودەدەن. بەمەش دیسانەوە یادەوەریی کوردی لەو بێدەنگییە قووڵەدا بێدار دەبێتەوە. لەوێدا ڕووناکبیرانی کورد لەداگیرسانی ڕوحی بەرەنگاربوونەوەی کوردان، ڕۆڵێکی کارا دەبینن، هاوکاتیش لەوێدا لەدەقە نووسراوەکانی ئەو ڕووناکبیرانە و کوردناسەکانیشەوە، ناڕەزایی ئەو ڕووناکبیرانە لەدەسەڵاتی سیاسی ئەوکاتەنەی کورد دەخوێنینەوە. ئێمە ئەمڕۆ لەڕێگای دەقە زیندووەکانەوە، بەتایبەتیش، دەقەکانی نالی، سالم، و حاجی قادری کۆیی لە سەدەی نۆزدەدا، کێشەکانی میرنشینی بابان و گوتاریی نەتەوایەتی کوردیمان بۆ ڕۆشندەبێتەوە. بەلەزەینگرتنی شوێنکات، هەرچەندە نالی، سالم و حاجی

قادریی کۆیی دەنگی دیاری ناو ماڵی ئەو میرنشینە و ئاستەنگی بزووتنەوەی رۆشنبیریی نەتەوایایەتی کوردین، کەچی جۆرێک لەڕاستگۆیی و پاراستنی هەڵوێست، یان هاوئاهەنگییەک لەهەڵوێست و کردە رۆشنبیرییەکانی ئەو شاعیر/رووناکبیرانە دەناسینەوە. نالی سالم و حاجی قادری کۆیی، وەک میراتگرانی ئەحمەدێ خانی و بگرە شیعرە زارەکییەکانیش، بەشێوەیەکی وردتر هەمان گوتار، جەختدەکەنەوە؛ ئەوانە رۆڵی *رۆشنگەریی و بەنەمرکردنی ویژدان* بەرجەستەدەکەنەوە. وەک دەبینین بەهەمان شێوەی رووناکبیر و هزرڤانانی رۆژئاوا، بەدەست پێوە گرتن لەبەراوردکاریی، دەتوانین لەنێوان ئەو دوو وێنەیەدا، هاورەهەندیی و لێکچوونێک بدۆزینەوە. لەڕەوتەنی ئەو شوێنکاتانەدا، ئەو رووناکبیرە دەگمەنانەی کورد، وەک رووناکبیرانی رۆژئاوا، خەمی رەخنەکاری لەدیاردە نالەبارەکان، بونیاتنانی کۆمەڵگا و چارەنووسی ویژدانی مرۆڤایەتییان بەئەرکی خۆیان زانیووە. بەکورتی خەمی ئەو رووناکبیرانە بێدارکردنەوەی ئاراستە مەترسیدارەکانی دەسەڵات و ئاوەدانکردنەوەی ماڵی بوونی کورد بوو، کە دواجار ئەو وێنەیە بەکردەکردنی رۆشنبیرییمان بۆ جەختدەکەنەوە.

## 6

ویڕای ئەوەش، لەگەڵ دەرکەوتنی دیمانەی سەدەی بیست، هزری رۆشنگەریی و روانگەکانی مۆدێرنێتە و مۆدێرنیزم، لەهەموو کاتەکانی تر دیارتر، ئاگایی جڤاکی بەگشتی و، رووناکبیری کوردیش بەتایبەتی، دەتەنێتەوە. لەگەڵ رابوونی کوردان بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموودی نەمر بەدژی داگیرکاری دەوڵەتی ئینگلیستان، کە لەوێدا رووناکبیرانی کورد بەرجەستەتر لەجاران، دەنگیان دەردەکەوێت. لەو ناوکۆییەدا، بۆ ئەوەی کاکڵەی مەبەست؛ واتا ویژدان و بەهای کردەی رەخنەییانەی رۆشنبیریی رابگەیەنین، ئەوەندە بەسە ئاماژە بەچیرۆکی "لەخەوما"ی جەمیل سائیب و



"مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف بکەین. دەکرێ، بەلای کەمییەوە، ئەو دوو بەرهەمە *دانسقە و کردەگەرایە*، وەک ئەزموونێک بۆ رۆژگار و شوێنکاتی ئەمڕۆکەماندا، لەجەم رۆناکبریی ئەمڕۆی کورد بکرێنە جێگەی تێڕامان و راچڵەکانی زمانی کوردی. لێرەدا نابێ ئەو کۆمەڵە رووناکبیرە سیاسییە ئێستێتیکییانەی کورد، کە لەنموونەی حوسێن حوزنی موکریانی، پێرەمێردی نەمر، بێکەس، قانیع، دڵدار و چەندانی تر بەرجەستەدەبنەوە، لەیاد بکەین، کە ئەوانە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەهەوڵ و کردە رۆشنبیرییەکانیان، رۆشنترین ئەزموون لەیادەوەریی رۆشنبیریی کوردی پێشکەش بەزمانی کوردی دەکەن.

ویڕای ئەوەی لەسی و چلەکانی سەدەی رابردوودا، رەوتێک لەبزاڤی رۆشنبیریی و سیاسیی؛ رۆشنگەرییەک لەزمانی کوردییدا سەرهەڵدەدا، کە دواجاریش لەبزاڤی "ژێکاف"، "حیزبی هیوا" و بزاڤگەلێکی رۆشنبیرییدا بەرجەستە دەبێتەوە. ئاکامی ئەو بزاڤە رۆشنبیرییە رەخنەییانە، لە"کۆماری کوردستان/مەهاباد"ی جوانەمەرگدا بەئاوەێنە دەبنەوە.

بەڵام ئەوە چ قەدەرێکە، کە نەک هەر رووناکبیر/سیاسەتمەداری کورد، بگرە سەرتاپای کورد، تەنیا لەفەرامۆشکردنی یادەوەریی خۆیدا کارایە؟ بۆچی هاوارەکانی خەمی ئەمڕۆی مرۆی بەئاگای کورد، دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو خەمانەن، کە لە ملهوڕی خۆ خۆری و بستەبالآیی تاقمی دەمڕاستیی کورد بەرانبەر دەرەوەی خۆی و ... هتد کۆدەبنەوە، ئەو گرفتانەش دووپاتکردنەوەی هەمان گرفتن کە لەشیعری ئەحمەدی خانی و ئەوانەی دوای ئەو دەخوێنینەوە؟ بەندە لەچەند هەوڵی نووسینی تردا، رۆشنایی زیاتری خستۆتە سەر ئەو پرسیارە دڕدۆنگانە.

## 7

وەلێ لەحەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، ویڕای گرفتەکانی رۆشنبیریی کوردی، هەڵوێست وەرگرتن لەدژی رژێمی بەعسی عیراق، وەک *ئەرکێکی نەتەوەیی و ویژدانی* سەیر دەکرا. لەوێدا دەنگ بەرزکردنەوە لە رووی

پیاوکوژەکانی رژێم، هاوواتای رەوشتی شۆڕشگێڕانە و راپەڕاندنی پەیامی رۆشنبیریی دەنرخێنرا. هاوکاتیش، بەکاردانەوەی روانگە رۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی رۆژئاوا، دیاردەی چەشنە رۆشنبیرییەکی لاتەریک لەجیهانی کوردیدا سەرهەڵدێنێ. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەدیاردەی "روانگە"، جۆرە لاسایکردنەوەیەکی بوونگەرایی و شێوەخوازی لەشیعر و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی تر، وەک بەرهەمێک لەو کاردانەوەیە بناسرێنەوە.

لەو ناوکۆییەدا، هەشتاکان ئەرکێکی دیاریکراو دەخاتە سەر شانی نووسەر و رووناکبیرانی کورد، کە هەر تەنیا نووسینی ***هێماگەرایانە*** بەس نەبوو بۆ راپەڕاندنی کردەی رۆشنبیریی کوردی. لەسالانی حەفتادا، بەهۆی ئەو دۆخە گەمارۆدراوەی کە کورد دووچاری بوو بوو، رۆشنبیریی کورد لەڕێگای ***هێما نەتەوەیی و سروشتیەکانی کوردستانەوە:*** "خۆشەویستی دایک و کچ"، شاخ" داربەڕوو"، "بەفر" و ... هتد، بوونی خۆی لەبەرانبەر داگیرکاردا جەختدەکردەوە، بەلام لەسالانی هەشتادا، ئەو هەڵوێستە داخوازی ***بەرەنگارییەکی کردەی*** دەکرد: رووکردنەشاخ و هەڵبژاردنی ژیانی پێشمەرگایەتی. لەوێدا لەدیدی کوردانە، بەگوێرەی رەوتەنی ئەو شوێنکاتە تایبەتیەدا، هەڵبژاردنی بێدەنگی و ***وابەستەبوون بەدەسەلات، مردن و سەرشۆڕی بوو.*** هەڵشاخانی رووناکبیر لەڕووی سیاسەتی تەفروتووناکردنی بوونی کورد، جوامێری و دەستەبەرکردنی *نەمری* بوو.

بەمجۆرە رۆشنبیرییەکی رووالەتکار، بەناوی: "ئەدەبی بەرەنگاری"، "شیعری پێشمەرگە" و "ئەدەبی ریالیزمی سۆسیالیستی"، پانتایی رۆشنبیریی و هونەری کوردی دەتەنێتەوە. لێ قورسایی نووسین و وێنەی رووناکبیر و هونەرمەند، ***لەشێوە و رازانکارییدا*** نەدەبینرا، بەڵکو لەشێوەی ***هەڵوێست و بەرەنگاریدا*** دەخەملێندرا.

لەم دیدەڕا دەنگهەڵبڕین بەرووی دەسەلات، بەرجەستەکردنەوەی ویژدان و راستگۆیی رووناکبیر بوو. لەوێدا ئەو کردانەی رووناکبیریش کایەی خۆیان لەسەر هێزی زەبەلاحی دەسەلاتدا دادەنا. بۆیە بەرتەکانی دەسەلات



لەدرندەییدا پەرەیان دەسەند. ئەوکات لەکۆمەڵگای کوردیدا لەدوو بەرە زیاتر، بوار بۆ بەرەیەکی تر لەگۆڕێدا نەبوو: بەرەی دەسەلاتی داگیرکاری بەعس، کە مانای دزێوی و سەرشۆڕی بوو، بەرەی شۆڕشگێڕیی، پێشمەرگایەتی، کە واتای پاراستنی ویژدان و هەڵوێستی پاڵەوانی: نەمریی بوو.

## 8

هەڵبەتە راپەڕینی گەلی کورد بەدژی دێوەزمەی رژێمی سەددام لەسەرەتای 90 ەکانی سەدەی رابردوو، دەبێتە چرکەساتێکی گرنگ لەیادەوەریی کوردیدا. لەوێدا کورد بەو کردە راسانکارییە، ئیرادەیەکی نموونەدار رادەگەیەنێت، بەلام مخابن دوای ماوەیەکی کورت، بەهەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژی لەنێوان ئەو دوو زلحیزبەی کوردی، دواجاریش بڵاوبوونەوەی رک و کینە لەنێوان کۆی کوردیدا، ئەو ئیرادەیە نموونەدارە لەبار دەبردرێت. لەگەڵ ئەو وێرانکارییەی شەڕی نێوان حیزبەکان کۆمەڵگای کوردی دەبێتە گۆڕەپان و کەرەسەی شەڕ و یارییەکانی حیزب، حیزبانێک بەو رەفتارانەی کە کردیان/دەیکەن، کە نەک هەر خۆیان لەواتای شۆڕشگێڕیی بەتاڵدەکەنەوە، بەڵکو دەبنە درێژە پێدەری هەمان سیاسەت و رەفتاری رژێمی سەددام.

بەمجۆرە ئەو پەرلەمانەی کە دەکرا بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ نوێنەرایەتیکردنی مافەکانی مرۆی کورد، لەهەموو مانایەک رووت دەکرێتەوە و دەبێتە دیکۆرێکی گاڵتەجارانە. دواجاریش جەماوەری کوردستان بۆ داخوازە مەدەنییەکانی سەرگەردان دەمێنێتەوە و حیزبیش دەبێتە سەرچاوەی هەموو ژیان و مانای کوردستان. لەو چرکەساتەدا، کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەهێزێکی بێلایەن و کارای رووناکبیریی هەبوو کە بتوانێت سنوورێک بۆ ئەو سووتانە روحییە دابنێت، کە حیزبەکان ئەوانی کردبووە سووتەمەرۆی خۆی، بەلام ئەو هێزە

رووناکبیرەی کوردی نەک هەر کەمتەرخەم و کەهێڵ بوو لەو ئەرکەی کە هی خۆیەتی، بەڵکو بوو بە*گەمەکار* و کەرەسەیەکی بێکردەی ئەو دوو حیزبە شەڕانگێزە و لایەنە تاریکەکانی ئیدۆلۆژی، کە لەسەرئەنجامی ئەو جەنگە خۆ خۆرییەدا لەدایکبوون. بەمجۆرە ئەم رووناکبیرە، راستی ساختە، داهێنانی جنێو، کاری هەڵەپاسی بۆ حیزب، فرۆشتنی وشە، مشەخۆری، زارقەڵەباڵغی لەپڕوپاگەندەی دژایەتی و کینەڕێژی ئەو حیزب و ئەم حیزبەی کردە پیشەی خۆی. هاوکاتیش، ئەگەرچی خۆی کردە دەمڕاستی حیزب، لێ هیچ نرخێکیشی لەئاستی حیزبیدا دەستەبەر نەکرد.

وەک دەزانین، بەشێکی یەکجار فرە لەڕووناکبیری کورد، بەدەراوێتەکردنی چەند دەنگێکی دەگمەن، کە ئەوانیش، بەهۆی بالادەستی حیزبگەرایی، هیچ کایەکیان لەسەر ئاگایی کورد و ئەو رەوتەنییە وێرانکارییە نەبوو/نییە،-(هەروەک لەقۆناغەکانی تری بزاڤی سیاسیی و رۆشنبیریی کوردیدا هەمان دیاردە لەئارادا بووە، چونکە لەدواجاردا هەمیشە هێزی نەریتخوازی کورد، وێڕای مانۆڕە دەرەکییەکان، رەوتی رۆشنگەریی کوردیان خامۆشکردووە و بەهەمان شێوەش بوونە کەرەسەی ئەو شەڕە خۆکوژییە. دواجاریش ئەو دیاردەیە بوو بەپاشخان و زەمینەیەکی باش بۆ وێرانکردن و روخاندنی ویژدانی رۆشنبیریی و بەها جوانەکانی جڤاکی کورد، لەئاکامی ئەو دارمانە رۆشنبیرییەدا، واتای رووناکبیری نەک هەر لەڕۆڵی کردەی ئاوادانکردنەوە و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئیرادەی سەروەریی چۆکیدا، بەڵکو بوو بەگروپێکی گەندەڵ. رووناکبیر بەپەراوێزکردنی خۆی راپەڕاندنی فرمان و داخوازییەکانی حیزب، ناشیرنترین وێنەی لەبوونی خۆی بەواتای رووناکبیریی و رۆشنبیریی بەخشی.

سەبارەت بەو رەوتەنییە تازەیە لەژیانی کوردانداا، بۆ ئەوەی یادەوەریی کوردی بێدار بکەینەوە، ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەو نووسەرانە بکەین، کە چۆن کاتێک لەیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یان بەپێچەوانە،



لەبەر پارە یان رک و کینە دەتۆران، بەکۆمیدیترین شێوە دەچوونە ریزی حیزبە دژەکەی خۆی و رۆڵی باشترین شەڕخوازیان دەبینی. لەوەش زیاتر، بەشێکی زۆر لەو رووناکبیرانەی کە لەو کاتەوە هەتا ئەمڕۆش دەمڕاستی رۆشنبیریی و کوردایەتی دڵسۆزی ئەو دوو زلحیزبەن، هەر ئەوانەشبوون کە لەڕۆژگاریی رژێمی سەددامدا، باشترین هەڵەپاس بوون. ئاخۆ ئامادە بوونی ئەو بەناو نووسەرانە و دیاردە گەندەڵانەی ناو پانتایی رۆشنبیریی و ژیانی کوردییدا، مایەی هەڵوەستەکردنێکی رۆشنبیرییانە نیین؟! تۆ بڵێی لەدۆخێکی وادا، زمانی کوردی بکارێ رۆشنبیرییەکی تەندروست لەبار و ئەفراندنێکی رەسەن بەرهەمبهێنێت؟!

جێگەی تێڕامانە، لەو چرکەساتە ئاڵۆزەی ژیانی کوردیدا، رووناکبیران لەبری کۆکردنەوەی ویستی رۆشنبیرییەکی رەخنەگرانەی وەرچەرخێنەر، پیشەی جێگۆڕکیی حیزب هەڵدەبژێرن. بەمجۆرە، کە لێرەدا، بەهۆی خۆ دوورخستنەوە لەو یارییە نوێیەی دەسەڵاتی حیزب، کە بەناوی "تۆمەت و تەشهیر"، رێگایان لەبەرزکردنەوەی هەموو رەخنەیەکی ئاکامگیر گرتووە، خۆمان دوور دەخەینەوە لەئاکارە هەڵەپاسییەکانی ئەو حەشاماتەی "رووناکبیر"ان. لێرەدا، بۆ ئەوەی نیازمان رۆشنتر بکەینەوە، دەخوازین بەتاکە ئاماژەیەک رامانی خوێنەری ئەزیز بۆ ئەو ئاراستەیە کێش بکەین، کە زمانی کوردی جڵەوکردووە: من لەدیدارێکدا لەبەرسڤی پرسیارێکدا ئاماژەیەکی سوکەڵەم بەو رووناکبیر و رۆژنامەنووسانە کربوو کە لەسەردەمی رژێمی سەددامدا "سەر بەفەوجە خەفیفە"، کەرتەکانی "جەیشی شەعبی" بوون و هەڵەپاسییان بۆ ئەو رژێمە دەکرد، کەچی ئەمڕۆ ئەوانە زۆرینەی ناوەندە رۆشنبیرییەکانی ئەو حیزبانەیان داگیرکردووە و دەمڕاستی کوردایەتی/حیزبایەتی و نوێگەریی ئەدەبیشمان دەکەن، بەڵام ئەو گۆڤارە، بێئەوەی پرسێکیش بەمن بکات، کە لەپێناوی پاراستنی هەڵوێستی خۆم بەدژە رژێمی فاشی عێراق هەشت ساڵم لەپێشمەرگایەتی و دەیان ساڵم لەئاوارەیی بەسەر بردووە، دەربڕینی ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرانەی منی بەرەوا نەزانیبوو و بەمجگێزی خۆی قرتاندبوونی.

کاتێک من ئاماژە بەو نموونە سادەیە دەکەم، مانای ئەوە نییە گلەیی لەکێشەیەک بکەم کە تەنیا پەیوەستە بەخودی منەوە، بەڵکو دەمەوێ بێژم، کە رەفتاری ئەو گۆڤارە، وەک زۆرینەی بڵاوکراوەکانی دیکەی کورستان، رەنگدانەوەی پێودانگی ناوکۆیی سیاسی و پرنسیپی ئەخلاقی رووناکبیری ئەمڕۆن، چونکە بەلای حیزب و ناوەندە رۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردستانەوە، کەسێک بۆی نییە رەخنە لەو دەمڕاستە رۆشنبیریی و سیاسییانە بگرێت کە ئەمڕۆ بەشێکن لەدەسەڵاتی کوردی و دوێنێش بەشێک بوون لەدەسکەلای رژێمی سەددام، هاوکاتیش گەر تۆ رەخنەیەکی توونت و رەوا ئاراستەی دەسەڵات بکەی، ئەوە بە"خائین"، "سەرلێشێواو"، "سیخوڕ"، دژە کورد"... هتد، دەبینرێی و لەهەموو مافێکی هاووڵاتیبوون بێبەشدەکرێیت. بەواتایەکیتر، واتای هەڵوێست وەرگرتن ئەو رەهەندە شۆڕشگێڕانەی کە لە رۆژگاری رابردوو و هەشتاکانی سەدەی رابردوو رەواجی هەبوو، کرا بە***حیکایەتێکی بەسەرچوو***! ئەمڕۆ لەجەم دەسەڵاتی سیاسی– حیزبی– روونـاکبیری کوردییدا، شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی کورد ئەوانەن، جا دوێنێ هەرچییەک بووبن، کە ماندوونەناسانە ئەرکی حیزب رادەپەڕێنن و هاوکاتیش، گوایە ئەوانە وزەی بونیاتنانی ئەو "کۆمەڵگا یە مەدەنی"یەن، کە ژیانی نووسینی ئەمڕۆی کوردی تەنیوەتەوە. لێرەوە، بەپێودانگی ئەو پاشخانە رۆژئاواییەی، کە پێشتر نمایشمکرد، دەکرێ سیماکانی ئەو رەوتەنییە کە لەکوردستاندا لەئارادایە، بەدەستپێکی" دۆخی پۆست پێشمەرگایەتی"، " پۆست راپەڕین" و پۆست روخانی سەددام" ناودێر بکەین. لەم دۆخەی ئێستادا ئەرکی روونـاکبیر رەخنە نییە، بەڵکو پەسندانی دەسەڵات و داکۆکیکردنە لەهەموو گەندەڵی و ناڕەوایەتییەکانی ئەو دۆخەی سیاسییەی کوردستان. لەم دۆخەدا دەبێ قسەکردن لەڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و دەنگهەڵبڕین بەرانبەر دەسەڵات، لەو سنوورانە دەرنەچن کە بۆت کێشراون. لەوەش زیاتر، تۆ وەک نووسەر، ئەگەر بەدژی بەکەڵەگاکردنی هێزی ئەمریکی بووی لەکوردستاندا، ئەوە لەبەرچاوی فەرمانڕەوا سیاسیی و رۆشنبیرییەکاندا، بەخوێنتاڵ و نەیار پێناسە



دەکرێی. هاوکاتیش ئەگەر دوێنێ پایەی مرۆڤی کورد لەهەڵوێست و خۆبەختکردندا بوو، ئەوە ئەمڕۆ لەخۆ تێرکردن و کارامەیی لەدەستکەوتی ئابوورییدایە. بەدەربڕینێکی چڕتر، وێناندنی روونـاکبیر و رۆشنبیریی، لەبوونەوەرێکی کارا و رۆشنگەریی کردەییەوە بوو بەبوونەوەرێکی مشەخۆر؛ بەرخۆر: قسەکەری بێکردە! هەربۆیە ئەمڕۆ لەناوەندی رۆشنبیریی کوردییدا، رەخنەگرتن لەدیاردە سیاسیی و خەمە سیاسییەکان بێمانایە.

ئەگەر لەڕۆژئاوادا ئەوە بازاڕی سەرمایەداریی بێ، کە مرۆڤی لەبەرخۆریی و بەکاڵاکردندا خنکاند بێت، کەچی لەکۆمەڵگای کوردیدا، ئەوە حیزب جێگەی ئەو بازاڕە دەگرێتەوە. واتا حیزبی کوردی وەک بازاڕێکی قەبە و بەهەڕمێن، کۆی کوردی بە"موکافەئە"، "پێشمەرگەی تەقاویت"، "شەهیدانە"، "رێزگرتن" و ... هتد، کردۆتە کارمەندی مشەخۆری خۆی. ئەمەش رەتێکە هێندەی کووشتنی ویست و خواستی بەرهەمهێنانە، ئەوەندە هاندان و زەمینە ئاوەڵاکردنەوەی داهێنان نییە. لێرەوە حیزب توانیوویەتی ناخی جیاوازی کورد جڵەو بکات. ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو "بازاڕ"ەن، یان دەبێ هەوڵبدەن ببنە بەشێک لەبازاڕە، یانیش بیر لەداخوازی دەربڕینی ناڕەزایی نەکەنەوە، ئایا ئەو دۆخە جێگەی خەم و بەزەیی نییە؟ ئەرێ تێهزرین لەو دۆخەی کە ئەمڕۆ بەشێکی فرەی جڤاکی کوردی کردووە بەمشخۆر و بەرخۆر، مانای سەروەریی تاکی کوردە یان بێسەرکردن و سستی؟!

## 9

لێ ئەگەر بەر لەڕووخاندنی سەددام بەدەستی رژێمی ئێستای جۆرج بۆش، کورد چاوەڕێی ئومێدی لەبەشێک لەو روونـاکبیرەی دەرەوە و ناوەوە دەکرد کە رۆڵی ئاوەدانەکردنەوە و ئاگایی کورد ببینێت، کەچی دوای رووخاندنی سەددام لەساڵی 2003، ئیتر دیمەنی روونـاکبیریی و رۆشنبیریی ئێمە دەبێتە خەمهێنەرترین دیاردە. هاوتای زەنگینبوونی ئەو

دوو زلحیزبەی کوردستان، ڕووناکبیران بەهەڵپە ڕوویانکردە بارەگا و بنکە بەناو ڕۆشنبیرییەکانی ئەو حیزبانە. بەمجۆرە کردەی ڕۆشنبیریی بوو بەباوترین دیاردەی بەرخۆریی و ڕاپەڕاندنی ئەو فرمان و ئامۆژگارییانەی کە حیزب، وەک ***باوکێکی بەخشندە***، بۆ خەڵکی دەریدەکەن.

لێرەوە ئەو دوو زلحیزبە لەڕێگای پارە و بەخشیشەوە، لەهەوڵی ئەوەدایە ڕەوایەتی دەسەڵاتێکی ڕەها لەبڕیاردان وەربگرێت. ڕووناکبیریش دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی فەرمایشتەکانی ئەرکەکانی دەسەڵات، نەک ڕەخنە گرتن و چاودێریکردنی ئاراستە سیاسییەکانی؛ جۆشدانی کەش و هەوای بیرکردنەوە و هاندانی هێزی بەرهەمهێنان و داهێنان.

لە سەرەنجامی ئەو ڕەوتەنییە خەمهێنەرەدا، گەندەڵی دەبێتە دیاردەیەک کە ڕوحی کۆمەڵگای کوردی سیخناخ دەکا. هەروەک ئەمڕۆ بەراشکاوانە دەیبین ئەوەی کە باجی ئەو نادادپەروەرییە دەدا لەکوردستاندا، تەنیا ئەو توێژ و گروپەن کە هەمیشە لەژێرپێی ڕژێمی بەعسی گۆڕیندا دەپلیشانەوەو هاوکاتیش لەڕۆژگاری خەباتی پێشمەرگایەتیدا، پێشەنگی خەبات و قوربانیبوونە.

لەم گۆشەنیگایەوە، بەبڕوای من، لەدوای هەڵگیرساندنی شەڕی خۆکوژی لەنێوان حیزبەکان و وابەستەبوونی کۆی ڕووناکبیرانی کورد و کۆمەڵگای کوردی بەحیزبەوە، یان بەکارمەند بوونی زۆرینەی نووسەران لەناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی حیزب؛ ئیتر ڕووناکبیر نەک هەر کردەیەکی نەبووە/نییە لەیەکگرتنەوەی ئەو ئیدارەیەی حیزب، (کە ئەوە دەڵێم مانای ئەوە نییە کە ئەو یەکگرتنەوەی کە ئاکامی دیار نییە، بۆ من خۆش نەبێ!)، ڕەفتارەکانی حیزب بەرانبەر کۆمەڵگا، کێشەی کەرکوک، دیاریکردنی سنووری کوردستان، سیاسەتی هاوپەیمانی ئەو حیزبانە لەگەڵ ئەمریکا و ... هتد، بەڵکو بوو بەکەرەسەیەکی ئێدەگیی بۆ قەرەبوکردنی پێداویستییەکانی ئەو حیزبانە. ئاکامی ئەو دیاردەیەش، هەر تەنیا بۆ هۆکارەکانی دیاردەی گەندەڵی حیزبی کوردی ناگەڕێنەوە، بەڵکو پێکهاتی



خودی پێکهاتەی خودی ڕووناکبیریی کوردی بوو بەشێک لەو ڕەوتە گەندەڵییە. لێ دیسان ئەو پێناسەیە ناکرێ وەک گشتگیرییەک، فامبکرێ.

## 10

لێرەدا، وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، کە ئێستا لەکاتێکدا کوردانی لەتەکانی دیکەی کوردستان لەلایەن ڕژێمە دڕندەکانی تورکیا، ئێران و سووریا دەپلیشێنەوە، کەچی ڕووناکبیری کوردی باشوور، کە لەمەیلی مشەخۆری سەرمەستە، ویژدانی ناجووڵێ، ئەمەش دیاردەیەک نییە کە لەخۆڕا قووتبووبێتەوە، بەڵکو ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە بەبەرخۆرکراوەیە، کە حیزبی کوردی و ئەو ڕووناکبیرە خەم ساردە، بەرهەمیهێناوە. لەکاتێکدا کە ئەمڕۆ کورد بەئاڵۆزترین قۆناغی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا تێدەپەڕێ،کەچی دیاردەی خەمساردیی کە خەریکە ببێتە تەرزە ژیانێک لەڕۆشنبیریی کوردستانی باشوور، پێویستی بەتێهزرین هەیە؛ دەبێ ڕووناکبیر وەک ئەرکێکی ئیتیکی نەتەوایەتی، ڕەوایەتی پێنەدا. لەو ڕوانگەیەوە دەخوازم بەخێرایی ئاماژە بەهەندێک هۆکاری کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەو دوو ئیدارەی کوردی بکەم، کە کاراترین ڕۆڵی لەو لێکترازانەی ڕوحی کوردی گێڕاوەر، بەڵام ڕەنگە بەهۆی زۆر هۆکارەوە، یان لەبێئاگایی ڕووناکبیری کوردی، فەرامۆشکراوە. بەبڕوای من، یەکێک لەکێشەکانی ئەو لێکترازانەی زمان و جەستەی کوردی، بەهۆی فاکتەری هەبوونی دوو دیالێکتی کوردی، کرمانجی سەروو و خواروو، دوو دەڤەری هەتا ڕادەیەک لێکجوداواز، بادینان و سۆران، لەلایەک و، دوو جۆرە تەریقەتی ئایینی مەیلە و ناکۆک: نەقشبەندی و قادری، لەلایەکی ترەوە، ڕۆڵێکی کارا دەلیزن لەسستکردن و لێکترازانی زمانی یەکگرتووی کوردی و ویستی دەسەڵاتێکی ناوەندی کوردی. هەڵبەتە لاوازی باری ئابووری و نەبوونی ویستی گوتارێکی بەهێزی نەتەوەیی لەسیاسەتی کوردیدا و هاوکاتیش برینەکانی شەڕی خۆکوژی، هۆکردگەلێکی دیکە، ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییانەی قووڵتر کردەوە. ڕیزێک فاکتەری

تری مێژوویی، ئابووریی، سیاسیی و بگرە جیهانیش، بەتایبەتی دوای پەڕینەوەی مۆدەی بازاڕی سەرمەیاداری بەهۆی دیاردەی جیهانگیریی، ئەو بنەما جیاوازانەی نێوان ئاخێوەری کوردی زیاتر ئاڵۆز کردووە. ئەوەی کە لێرەدا زۆر مەترسیدارە، سروشتییەتی جوداوازی ئەو دوو دیالێکت و ئاینزایانە نییە، بەڵکو، بەهۆی ئەو گرفتە سیاسی و کۆمەڵاتییانەوە، دروستبوونی دوو جۆرە ئاوەز و کەسایەتییە لەدەڤەری سۆران و بادینان‌دا. ئاشکرایە ئەوەندەی ناوچەی سلێمانی هەستی نزیکایەتی بەکولتووری فارسی و زمانی فارسی دەکا، هێندە هەست بەو نزیکایەتییە ناکات لەگەڵ کولتوور و دیالێکتی کرمانجییدا. هاوکاتیش، بەجۆرێک لەجۆرەکان، ئەوەندەی کوردانی دەڤەری بادینان چێژ لەزمان و کولتووری عارەبی وەردەگرێت، هێندە چێژ لەمجگێز و شێوە قسەکردنی سۆرانی ناکات. لێرەدا هەولێر ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە. شوێنێکە، بە هۆی هۆکاری فرە رەگەزی، سروشتی جوگرافی و ... هتد، کەوتۆتە بەر کاریگەری کولتووری عارەبی و تورکی. وێڕای ئەمەش، هێزی سیاسی و رۆشنبیریی هەولێر لەنەبوونی ناسنامەیەکی تایبەتی خۆیدا، لەنێوان ئەو دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەدا تواوەتەوە و بەشێکی تریش لەسەرگەردانی دەخوولێتەوە. بۆیە قووڵبوونەوەی ئەو کێشانە رۆڵی گرنگیان هەیە لەنەبوونی گوتارێکی یەکگرتووی کوردییدا. لەبۆیە گفتوگۆی زمانێکی ستانداری کوردی، لەخودی خەونی دەوڵەتی کوردی دەچێ، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێ ئەو کێشانە بنەبڕ و چارەسەر بکات، هەبوونی گوتارێکی ئیرادەگەرانەی نەتەوایەتییانەیە لەلایەن حیزب و رووناکبیریی کوردی، کە ئەمەش، وەک دەیبینین، لەخەونێکی پایزیی دەچێت. بەهە مەحاڵ ئەو بابەتە شرۆڤەیەکی سەربەخۆی گەرەکە.

## 11

من لەدەرفەتگەلێکی جودادا ئاماژەم بەسستی و کەهێڵی ئەو رووناکبیرە کردووە، لێرەش جەختی دەکەمەوە، کە ئەو رووناکبیرە بەناو ***نوێباوە*** ***دروستکراوەی*** ئەمڕۆی کورد، هیچ کاتێک، لەکاتە بەرهەستەکاندا، نەیتووانیوە ئەو حەسرەتەی کورد، کە لەبەڕاستیکردنی خەونی کورد بەرجەستە دەبێتەوە، فەراهەم بکا. لەو روانگەیەوە، رووناکبیری کوردی بەرپرسیارێکی سەرەکییە لەدووبارەبوونەوەی ئەو ئەزموونە حەسرەت هێنەی کورد، چونکە کە لەکاتە بەرهەست و وەرچەرخێنەرەکاندا، رۆڵێکی کارا لەچاوەشەکردنی راستییەکان، نەک بەرجەستەکردنەوەی، دەگێڕێ. هاوکاتیش ئەو رووناکبیرە بەلاساییکردنەوەی چەمکگەلێکی وەک: "مۆدێرنیزم"، "مۆدێرنیتە"، "ئازادیی دەربڕین"، "دیموکراسی"، "کۆمەڵگای مەدەنی"... هتد و ئەزبەرکردنی ناوی فەیلەسوفان، جیهانێکی وەهمی بۆخۆی قووتکردۆتەوە و لەڕێگەی ئەمەشەوە لەخەونی سەرمەدییانەی بەناو رووناکبیر بوونی خۆیدا، کات بەسەر دەبا.

ئەمڕۆ ئەو رووناکبیرە کە بەهرەمەندی هونەرمەندێک یان نووسەرێک پەسندەدا، رەسەنییەتی ئەفراندن رەچاو ناکا، بەڵکو بەپێوانە ماددی و رواڵەتییەکان دەپێوێ. بەدەربڕینێکی راشکاوتر، ئەمڕۆ بێژەر و دەمڕاستە زارقڵەباڵغەکانی مێدیایەکانی کوردستان، کە بەگشتی نەشارەزان لەو ئەرکانەدا، کاتێک نووسەرێکی کورد بەگەورە ناو دەبەن. یان بۆ ئەوەی وابزانین کە کۆمەڵگاکەمان "مەدەنی"یە، رۆژانە ئەو بەناو گۆرانیبێژانە لەشاشەی تیڤی و هۆڵی ئاهەنگ گێڕان، نمایشدەکەن، کە گۆرانییەکانیشیان نەک هەر لەڕووی هونەرییەوە هەڵبزڕکاون، بەڵکو بەشی هەر زۆریشیان بەتەپڵ لێدەری زەماوەند دەچن، یان لاسایکارێکی تام ساردی گۆرانییەکانی رۆژئاوان، لەڕوانگەیەکی جوانناسیی و پسپۆرییانەی خۆیانەوە ئەو پێناسانە فڕێنادەن، بەڵکو لەمجگێزێکی ماددی و حیزبی پێشوەختی ئامادەکراودا.

بە گوێرەی ئەو بەڵگە راستیانەوە، ئەو قسەگەلە رازاوەی کە ئەمڕۆ لەمەکۆیەکانی رێکخراو، دەزگا و مێدیاگەلی کوردستان باسدەکرێن، هەر هەموویان لەقسەکردن بترازێ، هیچی تر نین. گشت پێوانەکان بەمەبەستی قازانجی ئابووریی ،و بەرژەوەندیی حیزبی دەستپێدەکەن و کۆتاییشیان

پێدێت. لەجەم رووناکبیریی کوردییەوە، راستییەک نەماوەتەوە بەمانای بەکردەکردنی ژیانی رۆشنبیریی. ئەو دەسەڵاتە حیزبییەش بەو جۆرەی کە دەبینرێ، هەتا ئەمڕۆش، لەبوونی پرۆژە و گوتارێکی نەتەوایەتی دیموکراسی و مەدەنی راشکاو دەستکورتە، چونکە ئەمڕۆ یەکێک لەئەرکە گرنگەکانی حوکمەتی کوردستان، پەیڕەوکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، کە زێدەڕۆی ناکەین ئەگەر بڵێین، لەکوردستاندا ژیانی دادپەروەریی و یەکسانی لەئارادا نییە .

لێرەوە دەبێ بزانین کە ئەو دۆخە خەمهێنەرە ویستکوژەی کورستان، کە بەرهەمی ناخی ئەو دەسەڵاتەی حیزبی کوردییە، بۆیە بانگەشەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە و رووناکبیرە مشخۆرەکانی بۆ "مەدەنی" و چەمکگەلە بریقەدارەکان، هەڵگری خواستی گۆڕانێکارییەکی کاکڵەیی و بونیاتی نین، بەڵکو بەکەمێک ئارایشکاری بچمی دەرەکییەوە، دووپاتە بوونەوەی هەمان چاوەشەکاری دەسەڵات و رۆناکبرانی جیهانی ئیسلامین، ئەو دەسەڵاتانەش لەتێگەیشتن و رەهەندی ئازادی دەربڕین، فرە دەنگی، مافە مەدەنی و... هتد، بەدوورن. بۆیە سەرتاپای بانگەشە و دروشمە گوڕاح خۆشکەرەکانی ئەو دەسەڵاتانە، لەتەڵەدانانەوە، دەسخەڕۆدان، چاولێکەری، فشاری دەرەکی؛ دروشم و هزری رۆژئاوا... هتد بترازێ، هیچی تر نین.

کەواتە لەم گۆشەنیگایەوە، دەبێ ئەو رووناکبیرە لەخەونی قووڵی خۆ بەخاوەن گوتاری رۆشنبیریی و کردەی گۆڕان: پارانۆیا بێدار بکرێتەوە و پێکڤە ***فاتیحایەک*** بۆ مەرگی خەونە وێڵەکانی بخوێنین!

12

له دیمانەیەک نەکرا بڵێم:
هەروا پەیوەندی وشەکان لەگەمەی شوێنپێیە و
خێڵی دەق لای ئێمە بێ کایەن... هەروا...
مخابن... بمبورە، ئەی سەرۆک!



نابیسترێی؛ نابینرێی،
ئەی دەڤەری جڵەکراو، دەمبەستکراو!
ئاخر چۆن رامانێک هەنگاومان پێبەخشێ؟
لە ژاندا، لەشەهوەتدا، لەشاگەشکەبووندا،
بیرهاتنەوەیەکین لەقەدەردا:
دەلەڕینەوە؛ لەیاد دەچینەوە.

دەزانم روحت بەسەر رستەی عەدەم هەڵخستووە:
نا هیچ تازە نییە دەزانم... دەزانم...

2006
ستۆکهۆڵم/سوێد

## لە پێناو بەجڤاکیکردنی سیاسەتی رۆشنبیریی لەکوردستاندا

یەکێک لەبەها بنەڕەتییەکانی وڵاتێکی سیستماتیزەکراوی نوێباو، یان ئەوەی کە بەکۆمەڵگای مەدەنی ناودێر دەکرێ، هەبوون و کارایی

سیاسەتێکی رۆشنبیرییە. ئەوەی کە دەتوانێ بەهای ئەو سیاسەتە رۆشنبیرییە بەرجەستە بکاتەوە، سازکردنی ئاڵوگۆڕیی رۆشنبیرییەکی کارایە لەنێوان کۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، چونکە ئەگەر بنەمای کۆمەڵگای سێکولار/مەدەنی بەرهەمێکی "هزری "پرۆژەی رۆشنگەریی" بێ، کەواتە لەکۆمەڵگایەکی نوێباو و مەدەنییدا کایەی سیاسەتی رۆشنبیریی لەوە بەرجەستە دەبێتەوە کە وەک یەکایەتییەکی هاوئاهەنگ ئاستی رۆشنبیریی و جوانناسی کۆمەڵ مشتوماڵ بکا و بخەملێنێ. بەواتایەکی سادەتر، ئەرکی سیاسیەتی رۆشنبیریی لەکۆمەڵگایەکی مەدەنیدا تەنیا دروستکردنی ناونیشانگەلێکی وەک رێکخراو یان رازاندنەوەی دامودەزگاکانی حیزب یان پڕکردنی  ناو ماڵەکان نییە بەمەکینە و وێنەی رەنگین، بەڵکو ئامادەکردنی بەهای رۆشنبیرییە لەکۆی جەستەی دەرەکی و ناوەکی شار و شارۆچکە و دەڤەرەکانی وڵاتدا؛ جوانناسی ناو خانووەکانی حوکمەت و ماڵی هاووڵاتیان دەبێ لەگەڵ ناو شار و سرووشتی وڵات لەگەڵ یەکتردا هاوئاهەنگ بن. لەو روانگەیەوە ئارمانجی سەرەکی سیاسەتی رۆشنبیریی لە کوردستاندا، وێڕای پێودانگی زەمینە خۆشکردن بۆ ئاگاییەکی تۆکمەی ئێتیکی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیی، رۆشنبیریی و ... هتد سەرتاپای هاووڵاتیان، هاندان و جۆشدانی کۆمەڵگایەکی بەرهەمدارە. لەم دیدەوە ئامانجی سەرەکی سیاسەتێکی رۆشنبیریی نوێباو، بنیاتنان و گەشەپێدانی بەرهەمهێنانە. بەواتایەکی دیکە، یەکێک لەئەرکە گرنگەکانی سیاسەتی رۆشنبیریی، وەک هاوڕەوتییەک لەپڕۆژە سیاسییەکانی تردا، بەشداریکردنی لەسیستمی بنیاتنان و گەشەپێدانی کۆئاگاییەکی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگایە. ئاشکرایە لەهەموو وڵاتێکی خۆ بەنوژەندا کارایی یان کەهێلی ژیانی رۆشنبیریی، پەیوەستە بەشێوەو گەوهەری ئەو سیاسەتە رۆشنبیرییەی کە فەرمانڕەواکانیان نەخشەی بۆ دەکێشن و ئاراستەی دەکەن. هاوکاتیش دەسەڵات لەگشت وڵاتە نوێباوە دیموکراتەکاندا بەپێودانگی ناوکۆیی/کۆنتێکستی کۆمەڵگاکانیانەوە



تایبەتمەندی سیاسەتە رۆشنبیرییەکەی خۆیان دادەڕێژن. هەر بۆیە بەهەڕمێن بوونی هەر دیاردەیەکی رۆشنبیریی رەنگدانەوەی سیاسەتی رۆشنبیریی دەسەڵاتەکەیەتی. بۆ نموونە، ئەمڕۆ لەکوردستاندا لە رێگای مێدیا و مەقەڕە حیزبییەکانەوە، نەک رێکخراو و وەشاندنە رۆشنبیرییەکان، خولیای مێگەلاندن و تەمبەڵاندنی نووسەرو بێ کایەکردنی نووسین و هونەر لەئارادایە، کە ئەمەش، وەک زنجیرەبەندییەک لەکۆی ئەو دۆخە سیاسییە گەندەڵەی کوردستاندا، بەرهەمی ئەو سیاسەتە رۆشنبیرییەیە کە حیزبە جڤاتکوژەکانی کوردستان کاری بۆ دەکەن، مرۆی بەویژدانی کوردیش پەی بەو دیاردانە دەبا. بەرای ئێمە، خولیای ئەمڕۆی سیاسەتی رۆشنبیریی کوردستان، هێندەی پێگەیەکی بازرگانییە، ئەوەندە بەرهەمهێنانی کۆزانیاریی و جۆشدانی یادەوەریی کوردی نییە؛ کاری رۆشنبیریی بازاڕی باندێکی بەناو نووسەرە، کە لەقازانجکردنی ئابووریی و کوشتنی بیرکردنەوە زیاتر هیچ پەیامێکی تری نییە. بەکورتی ئەوەی کە سیاسەتی رۆشنبیری کورد ئاراستە دەکا مەیلی پارەیە، نەک کردەی زمان؛ بیرکردنەوە.

لێ ئەوەی کە لێرەدا دەخوازین لەسەری بدوێین، وردەکارییەکانی دیاردەی گەندەڵییە رۆشنبیرییەکانی کوردستانی باشوور نین، بەڵکو بەها، یان چەواشەکردنی بەهای سیاسەتی رۆشنبیرییەکی کارایە، کە مخابن ئەم بێ بەهاکردنەی رۆشنبریی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتی ئەو حیزبە باڵادەستانەی کوردستان.  دواجاریش، بۆ ئەوەی ئاکامگیرییەک دەسەتەبەر بکەین، وێنایەک لەگرفتەکانی ئەو سیاسەتە رۆشنبیرییە بێ پەیامە رۆشنبیرییە نمایشدەکەین. گوتمان حیزبە فەرمانڕەوایەکان، نەک دەسەڵات، چونکە راستییەکەی هێشتا لەکوردستاندا دەسەڵاتێک نییە کە لەڕێگای قانوون و دەستوورێکی مەدەنی؛ سیستمێکی نوژەن مامەڵە لەگەڵ ئەرک و مافەکانی هاووڵاتیان بکا، بەڵکو ئەوەی کە لەبنەڕەتدا بڕیاردەرە فەرمانەکانی حیزب، پەیوەندییە خێزانی /خێڵەکیی و کۆمەڵایەکتییەکانە. لەبۆیە ئەو

تەرزە فەرمانڕەوایەتییە لەگەڵ پێناسەی دەسەڵاتێکی نوێژەن ناکۆکە. ئەمەش لەکن من مانای کەمکردنەوە نییە، بەڵکو دەستپێوەگرتنە بەبەهای چەمکەکان. لەبۆیە خوازیارین ئەو فەرمانڕەوایانە نەمانبوغزێنن.

کەواتە دەکرێ بپرسین، مەبەستمان لەسیاسەتی رۆشنبیریی چییە؟ تەنگژەکانی سیاسەتی رۆشنبیریی کوردستانی باشوور چین و رۆشنبریی کوردی بەرەو کام ئاقار دەبەن؟

لێرەدا مەبەستمان لەڕۆشنبیریی سەرتاپای ئەو چالاکییە رۆشنبیریانەیە کە بەشێکی گرنگ لەژیانی کۆمەڵگایەک پێکدەهێنێ. بەواتایەکیتر، رۆشنبیریی کردەیەکە لەبیرکردنەوە، مەیلێک لەداهێنانی ژیان؛ ئامادەکردنی جڤاکێکی بەرهەمدارە. کەواتە ئەوە سیاسەتی رۆشنبیرییەکی کارایە کە کۆمەڵ بەرەو ئاستێکی روحی بەختەوەر،ئابوورییەکی فراژاو و ئاگایەکی کراوە هاندەدا. لەبۆیە دەبێ رۆشنبیریی وەک بەها و پایەک لەئاوەدانکردنەوە و بەرهەمداری سەیر بکرێت، بەڵام کاتێک رۆشنبیریی دەکرێتە کاڵا و کەرەسەیەکی بەرخۆر یان بەحیزبکردن، بەها و ئازادییەکەی لەدەست دەچێت. رۆشنبیریی وزەو ویستێکی هاندەرە بۆ هاووڵاتیان، سەرچاوەیەکە بۆ پێشکەوتنی ئاگایی کۆی کۆمەڵگا، نەک لێکترازان و دووبەرەکی. لێرەوە دەکرێ گرنگی رۆشنبیریی لەکۆمەڵگای کوردستاندا وەک پێداویستی سرووتە ئاینییەکان بچووێنین. وەک چۆن مەلاکانی کوردستان رۆژانی هەینی لەمزگەوتەکاندا خوتبە بۆ هەزاران کەس دەدەن یان لەسرووتێکی تری وەک مەولوود، مەولوودنامە دەخوێننەوە، کە ئەمەش خۆی هەڵگری پەیامی رۆشنبیرییەکی ئاینی یان پاراستنی بەهای ئایینە لەکۆمەڵگادا. بەهەمان شێوەش، بەپێچەوانەی مەرامی ئایین، دەبێ کۆڕێکی شیعریی، چوونە کتێبخانە (کە وێرانە)، گوێگرتن لەئاهانەگێکی مۆزیک (کە عەنتیکەیە)، سەیرکردنی شانۆ ، فیلم وپێشانگایەکی هونەری



(کە جێگەی بەزەین) و ... هتد، وەک پێداویستییەکی روحی و تەکاندانی بیرکردنەوە و باڵاکردنی چەشەی جوانناسی فامبکرێن. تەواوی کردە رۆشنبیرییەکان، هەر یەکە و بەرۆڵی خۆیان، بەهای زانیاریی خۆیان هەیە و کۆمەڵیش بۆ ئامادەیی بیرکردنەوە و پێشوەچوون مشتوماڵ دەکەن، بەڵام ناکرێ رۆشنبیریی و سیاسەتی رۆشنبیریی وەک یەکتر سەیر بکرێن، چونکە مرۆڤ بێ بوونی سیاسەتی رۆشنبیریش، بۆ نموونە، دەتوانێ بنووسێ و گۆرانی بچڕێ و تابلۆ بکێشێ. کەچی سیاسەتی رۆشنبیریی کەش و هەوایەکی رۆشنبیریی مانابەخش ئاوەڵا دەکاتەوە و زەمینەش بۆ کۆی هاووڵاتییان خۆشدەکا کە پێکڤە مەیل و رۆڵی خۆیان لەژیانی جڤاکیدا بلێزن. لێرەوە سیاسەتی رۆشنبیریی بەجۆشدان و ئاراستەکردنی وزەو بەهرە رۆشنبیرییەکان کۆمەڵگا بەرەو بیرکردنەوەیەکی بزواوی بەرهەمدار ئامادە دەکا.

شایەنی باسە، هەروەک وەک لەکن خەڵکانی حیزبی و ناحیزبی کۆمەڵگای ئێمەدا باوە، کە گوایە سیاسەت یان حیزبایەتی بەتەنیا دەکارێ هەموو کار و ئەرکێک راپەڕێنێ، لێ راستییەکەی ئەوە فامکردنێکی تەواو هەڵەیە، چونکە خودی سیاسەت بێ سیاسەتێکی رۆشنبیریی تۆکمە هەرگیز ناتوانێ کۆمەڵگا بەرەو ئاو ئاراستەیە گۆشبکا کە بەرانبەر خاک و نەتەوەکەی بەرپرسیار بێ. هەروەک سیاسەتی حیزبایەتییەکی بێ سیاسەتی رۆشنبیریی بەرهەمدار ناتوانێ کۆمەڵگایەکی بەئاگا بەرهەمنهێنێت یان، بۆ نموونە، زەمینە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بڕەخسێنێ. کەواتە سیاسەت  لەبنەچەکەدا شێوازێکە کە بەبێ هزرکردنەوە و ئەزموونێکی لەبێژینگدراوی رۆشنبیریی ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ هەڵکەوت و دەورووبەری خۆیەوە بکا. لەبۆیە ئەوەی کە لەپشتەوەی سیاسەتە خودی رۆشنبیرییە؛ واتا هزرکردنە. سیاسەتی رۆشنبیرییش بێ چالاکییە فرە رەنگەکانی رۆشنبیریی، ئەدەب، شیعر، هونەر و هزر، بەپشکداری کۆی کۆمەڵگا لەگۆڕێدا نییە. ئەوەی کە رێگا بۆ مرۆڤ یان دەسەڵاتێکی سیاسی

خۆشدەکا کە ئاراستەیەکی سیاسیی و بڕیارێکی چاوەنووسساز بدا، ئەزموونێکی بەبڕشتی ڕۆشنبیرییە، چونکە مرۆڤ بەبێ ئەزموونی ڕۆشنبیریی ناتوانێ هەل و مەرجێک هەڵسەنگێنێ و بگۆڕێ. ئەگەر هەر هێزێکی سیاسی نکۆڵی لەو ڕاستییە ڕاشکاوە بکا، ئەوە سیاسیی و سیاسەتکاریی نییە. کەواتە مرۆڤ بێ بیرکردنەوە جیرانی مەرگە نەک ژیان؛ بەرخۆرە نەک بەرهەمدار!

هەر بۆیە مرۆ بێ بوونی بیرۆکەیەک، سیاسەتی ڕۆشنبیریی و میتۆدگەلێک مەحاڵە بتوانێ سیستمێکی نوێباو دابمەزرێنێ و ڕێکبخات. لەم ڕوانگەیەوە کاتێک خەڵک 15 ساڵە ڕەخنە لە لەبودەڵەیی سیستمی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، ئابووریی، سیاسەتی ڕۆشنبیریی فەرمانڕەوا باڵادەستەکانی کوردستان دەگرێ، کەچی فەرمانڕوایانی کوردستان گۆڕانێکی لەو سیاسەتە نادادپەروەرە دروست نەکرد. هەروەک حیزبی فەرمانڕەوای کوردستان بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی ڕۆشنبیریی نوێباو، نەیانتوانیووە تێگەیشتنێکی ڕاشکاو لەئازادیی دەربڕین، زمانی یەکگرتوو، ڕێکخراوی مەدەنی؛ گەوهەری چەمکە سیاسییەکان بۆ خەڵک بەرجەستە بکەنەوە. لەبۆیە تەواوی هاووڵاتیانی کوردستان بەخۆپیشاندان، ڕەخنە، کۆچکردن و ... هتد بەردەوام نارەزایی خۆیان لەسیستمی سیاسەتی ڕۆشنبیریی، ئابووریی و جڤاکی ئەو دوو حیزبە فەرمانڕەوایە دەربڕیوە. بەشێکیش لەهۆکردەکانی بێئومێدی و سەرهەڵگرتنی لاوانیش بۆ هەندەران دەگەڕێتەوە بۆ کلۆڵی سیاسەتی ڕۆشنبیریی، کە نەیتوانیووە خەونە کولتوورییەکانی ئەو نەوەیە دەستەبەر بکا. بۆ نموونە، لەشار و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان ناوەندگەلێکی سەربەخۆی گەنجان نییە، کە خاوەن بەرنامەگلێک بن بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان لاوان. کەواتە کارایی سیاسەتی ڕۆشنبیریی، لەوەدایە کە لەڕێگای کۆی کەناڵ و پێگە کولتوورییەکانەوە ڕەهەندی ڕۆشنبیریی خاکێکی بەبڕشت بۆ فراژانی ژیانی کۆمەڵایەتی



مەیسەر بکا. هۆکردی ئەمەش ئەو سیستمەی کوردستان دەربڕی مەرامی حیزب و پێڕە ڕۆشنبیرییە حیزبییەکانە، نەک کۆمەڵگای کوردی. لەهەمان کاتدا سیاسەتی ڕۆشنبیریی مانای بەحیزبیکردن یان دابەزاندنی ئاستی ڕۆشنبیریی نییە بۆ زمانێکی ساکار و بێ جوانناسیی هونەری، هەروەک وێنای ئەمڕۆی نووسینی کوردی، مەبەست لەوێڵکردنی زمان نییە بەدوای ناوی فەیلەسووف و چەمکە زلەکان، بەڵکو مەبەستمان لەسیاسەتی ڕۆشنبیریی ئاوەڵاکردنەوەی کەش و هەوایەکە کە لەوێدا وزە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا وەک کردەیەک لەبەرهەمهێنان و داهێنان لەڕێگای تۆڕە جڤاکییەکانەوە ڕێکبخرێن. سیاسەتی ڕۆشنبیریی ئاوەڵاکردنەوەی ژیانێکە کە لەوێدا هاووڵاتیان پێکەوە توانست و بەهرە جیاوازییەکانیان بەرجەستە بکەنەوە. بەکورتی یەکێک لەئەرکە سەرەکییەکانی سیاسەتی ڕۆشنبیریی، بەرزکردنەوەی ئاستی ئێستێتیکی/جوانناسی و مشتوماڵکردنی کۆئاگایی کۆمەڵگایە. لەڕوانگەی ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیرییەی کە ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەو کاتە پیادە دەکرێ کە ژیانی ڕۆشنبیریی کوردستان لەچنگی باندە حیزبی و ڕێکخراوە حیزبییەکان ئازاد بکرێ و لەبری ئەوە ڕێگا بەتۆڕە جڤاکییە سەربەخۆیەکان بدرێت کە نەخشە بۆ ژیانی ڕۆشنبیرییەکی کارای سەربەخۆ بکێشن، لەوێدا کۆی توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی خۆیان لەبەشداریکردنی ژیانی ڕۆشنبیرییدا ببینن. هاوکاتیش ئەرکێکی گرنگی تری سیاسەتی ڕۆشنبیرییەکی نوێباوی بەرهەمدار، هاندانی هاووڵاتیانە بۆ تێگەیشتن لەنرخی ئەزموونە مێژوویی و یادەوەرییە ڕۆشنبیریی و سیاسییەکان، کە ئەمڕۆ نەوەی نوێ و بگرە نەوەی بەرێش، بەهۆی ئەو سیستەمە وێرانەی حیزبی کوردی، لەنائاگایی و فەرامۆشکردنی ئەزموونە سیاسیی و ڕۆشنبیرییانە لەسەرگەردانی و بێ یادەوەرییدا دەژی. ڕاستییەکەی ئەو ڕەوشە ڕۆشنبیرییەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا لەبڕەودایە، بەهۆی زیاتر و زیاتری حیزباندنی، بەناوچەگەراییکردن و بەمشەخۆرکردنی، لەهەوڵی ئەوەدایە

بەهای سیاسەت، رۆشنبیریی و جیاوازی بیرکردنەوە لەزمانی کوردیدا خوێنتاڵ بکا. ئەمەش وایکردووە، کە جڤاکی کوردی، بێجگە لەگرووپێکی حیزبی و یاریباز، بێبەش و دابڕاو بێت لەهەموو ئەو بەزم و رەزمەی کە بەناوی چالاکییە رۆشنبیرییەکان ئەنجامدەدرێن.  هاوکاتیش وەک لەبەرچاوانە، لەکاتێکدا کە هۆڵە رۆشنبیریی و ستۆدیۆیی تەلەفزیۆنەکانی حیزب بەگڵۆپە رەنگینەکانیان دەڕازایێنرێنەوە و چەند بەڕێوەبەری مێنییەیش، وەک لێبووکێک، بەرووخسارە لاساییکەرەوە رۆژئاواییەکانیانەوە خۆیان  نمایشدەکەن، کەچی هاوکاتیش رۆژانە دەیان کیژ و ژن لەسەر ئەڤینداری دەسووتێنرێن و زۆرینەی خەڵکیش بەدوای بوتڵەغاز  بژێوی ژیانیان ئارەق دەڕێژن. لەوەش کارەساتتر، بەگوێرەی ئەو ریپۆرتاژەی کە لەژمارە 267، 2006.1128 هەفتەنامەی "میدیا" بڵاوکراوەتەوە، دۆخی کتێبخانەی گشتی هەولێر جێگەی بەزەییە. لەکاتێکدا لەشارێکی وەک هەولێر یەک کتێبخانەی گشتی هەیە، کە رەنگە شارەکانی تریش هەر وابن، ئەوە ئاستی کتێبخانە بێ، کە گرنگترین سەرچاوەی رۆشنبیرییە، ئاخۆ گاڵتەجاڕی نییە باسی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین؟ کاتێک شارێک خاوەن تاکە کتێبخانەیەکی وا کڵۆڵ بێ، دەبێ ئاستی خوێندکار و خوێنەرەکانی چۆن بێ؟ لەکاتێکدا دەبوو لەقۆناغەدا کە کورد بەپێویستی بەخەملاندنی پرۆژەی نەتەوەیی هەیە، دەبوو چەندان کتێبخانە لەگەڕەک و خوێندگایەکاندا هەبووایە. هەروەک دەبوو کەناڵە بینراوەکان، لەجیاتی ئەو هەموو بەرنامەی "گۆرانی داواکراو" و هەڵپەڕکێیە بێ چێژانە، نەخشەگەلێکی پەروەردەییان هەبووایە، تاکو بینەران لەسەرتاپای هەموو پارچەکانی کوردستان چێژ و سوودیان لەزمانی کوردی وەرگرتبایە. لێرەوە ئەو رەوشە رۆشنبیریی و سیاسییەی کوردستان ئەوەندەی رەنگدانەوەی خراپیان لەسەر ژیانی رۆشنبیریی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەبووە، هێندە سوودمەند نەبوونە.  لێرەوە ئەو سیستمەی کوردستان بەو پێکهات و گەمە چەواشەکارانەیەوە ناتوانێ بەو دیکۆرە رۆشنبیرییە پلاستیکیانەوە،



نە سەرنجی کۆی کۆمەڵگا بۆ بەهای رۆشنبیریی رابکێشێ و نە ئاگایەکی بەرهەمدار و داهێنەر بەیادەوەری کۆمەڵگا ببەخشێ. وێڕای هەموو ئەوانەش، لەکاتێکدا کە حیزبە فەرمانڕەواکانی کوردستان کوردی 15 ساڵە فەرمانڕەوایی بەشێکی کوردستان دەکا، کەچی، لەوەگەڕێ کە بەشی زۆری پەرلەمانە حیزبییەکەی کوردی نازانن، نەک هەر لەعێراقی بەناو "فیدرالی"، بەڵکو لەسێ شاری کوردستنایشدا زمانی کوردی بکەنە فەرمی خۆیان. هۆکردی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیاسەتی رۆشنبیریی لای ئەو دوو حیزبە و بەناو رۆشنبیرییە هوتافکێشەکانیان. ئاخر حوکمەتێک زمانی خۆی بەلاوە گرنگ نەبێ، چۆن ئەرک و ماف؛ ئاڵوگۆڕی و گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵگا دەسازێنێ؟ هەر بۆیە ئەمڕۆ  لەکوردستاندا تەنگژەی بێ بەرپرسیاریی لەبەرانبەر پرسیی نەتەوایەتی و ویژدان و ئاکاری چاکەی کۆمەڵایەتی قووڵتر دەبێتەوە. یەکێک لەهۆکردە سەرەکییەکانی ئەو تەنگژەیەی کە رەگی یادەوەریی کوردی باشووری ئیفلیجکردووە، دەگەڕێتەوە بۆ چەوتیی و پاشەگەردانی سیاسەتی رۆشنبیریی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەی کوردستان.

هاوکاتیش ئەو چەشنە ئاهەنگ، گەڕەلاوژەی بڵاڤۆک، میدیا بینراو و بەناو فیستیڤالانەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا بەناوی رۆشنبیرییەوە لەئارادان، وێنایەکن لەو فەرمانڕەوایەتییە حیزبییەی کوردستان، کە بریتیە لەپاشەگەردانی، چونکە ئەو نمایشە رۆشنبیرییانە، بەتایبەتیش لەو کاتەی کە گەلی کورد بەقۆناغێکی ئاڵۆز و هەستیاری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی تێدەپەڕێت، بێجگە لەبێرێزی و کڵۆڵکردنی گەوهەری رۆشنبیریی و زمانی کوردی هیچی دیکە نین. هۆکاری ئەمەش لەبنەڕەتدا بۆ بەگرنگ نەزانینی سیاسەتی رۆشنبیریی یانیش تێنگەیشتن لەبەهای سیاسەتی رۆشنبیرییەکی جڤاکی دەگەڕێتەوە. رۆشنبیریی چالاکییەک نییە کە بەپێوانەیەکی حیزبییەوە لەهۆڵێکی داخراودا بۆ

تـوێژێکی گـەنـدەڵ و هـەڵبژێـردراو نمایشبکرێ، یـان قـۆرخکردن نییـە بـۆ پێڕێکی حیزبی، بـەڵکو کردەیـەکە دەبـێ ببێتـە بـەهایـەک لـەژیـانی کـۆی کۆمـەڵگـادا. هـەر بۆیـە تـاو نـاتـاو ئـەنجامـدانی ئاهـەنگێـک، کۆڕێـک و فیستیڤالێک لەهۆڵە سنووردارکراوە بارگاویکراو بەسێبەری حیزبییـەکـان، مانـای بـوونی سیاسـەتـی ڕۆشـنبیریی ناگـەیـەنـێ، بـەڵکو لـەدواجـاردا، گۆشەگیرکردنی ئاپۆڕەی کۆمەڵگایە لەژیانی ڕۆشنبیرییدا، ئاکامی ئەمەش، بێبـەشبوونی زۆرینـەی هاووڵاتیـانی کوردسـتانە لـەڕۆڵ و بـەشداریکردنی ژیانی ڕۆشنبیرییدا. ئەمەش بۆخۆی مەرگی ڕۆشنبیریی و ژیانی جڤاکییە.

لێرەوە ئەرکی سیاسەتـی ڕۆشـنبیرییەکی کـراوە گـەشـەپێدانی ژیـانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگایە، بەڵام ئەوەی کەمێک هۆشیار بـێ لـەوە تێدەگـا کـە ئـەو چالاکییـە بـەنـاو ڕۆشـنبیریی و هونـەرییانـەی کـە بـەرپرسـی بـەنـاو "ڕێکخراوە مەدەنی"، "ڕێکخراوی لاوان" ڕێکخراوی ژن/ئافرەتـان" و ... هتـد پێی هەڵدەستن، –بە دەراوێتەکردنی بەشێکی زۆر کەم لەو ڕێکخراوە بـەنـاو مـەدەنییـە–، بێجگـە لـەمـەرامـی حیزبـی، کێبـەرکێـی پێـڕی ڕێکخـراوە ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ یەکتر، ناوچەگەریی، سەپانـدیی پۆزی ڕۆشـنبیریی شارێک بەسەر شارێکی تر، بەرژەوەندی ئابووریی و هەڵچۆڕاندنی هـەموو وزەیەکی سەربەخۆی کوردی هیچی تر نین، چونکە ئێمـە گوتمـان ئامـانجی سیاسـەتـی ڕۆشـنبریی لـەکۆمـەڵگایـەکی سڤیلدا،هاوئاهەنگکردنـی کـۆی کۆمەڵگایە. لەبۆیە کرۆکی ئەو گەمە ڕۆشنبیرییانە، دوورە لـەو سیاسـەتـە ڕۆشـنبیرییەیـەی کـە ئێمـە مـەبـەستمانە، بـەڵکو لـەپێنـاوی بنـەبڕکردنـی جواناسییانەی فرەدەنگیی و ڕەهەندی جیاوازی بیرکردنـەوە و کـەمـۆکردنی روحی ئەفراندنە. دواجاریش، ئـەو گـەمـە بـەنـاو ڕۆشـنبیرییانە، دامـاڵینی گەوهەر و بەهای ڕۆشنبیرییە لەزمانی کوردیدا. بۆ ئەوەی سـەرنجـەکانمـان ڕاشکاوتر بکەین، ئەوەنـدە بـەسـە ئامـاژە بـەبـەرەنجـامی ئـەو فیستیڤاڵ و ئاهانگانە بکەین، کـە هـەر جـارەی چـەنـد نووسـەر و گۆرانبێژی مـردوو و



زیندوو نزیـک لـەحیزبـەکانیـان دەکـەنـە هێمـای "داهێنـەر"، "شۆڕشگێڕ" و هێماگەلێکی لەو چەشنانە پایە و خەڵاتی سەیـر و سـەمـەرە بـەو نووسـەر، شـاعیر، گـۆرانبێژ و "تاکـە" ڕۆماننووسـە "داهێنـەر"انـە دەبـەخشـن، کـە ڕاستییەکەی نە سەرانی ئەو فیستیڤاڵ و ئاهەنگانە لایەقی ئەوەن کە بەناوی پسپۆڕەوە "داهێنەر"ی و "ناداهێنەر"ی لێکتر جودا بکەنەوە و نە ئەوانەی کە خەڵاتیشدەکرێن، وێڕای ڕێزمان بۆیان، لـەداهێنـەرانـی دیکـە داهێنـەرتـرن. کێشەی ئێمە لەکەسایەتی ئەو نووسەرە کۆچکردووانەدا نییە، بەڵکو لەگـەڵ ئەو یارییـە پێڕ، حیـزب، ناوچـەخـوازی ئـەو نـاوەنـدە ڕۆشـنبیرییانەیـە. باشە، دەکرێ بپرسین، نووسەرگەلێکی وەک شاکر فـەتـاح، دڵـدار، ڕەفیـق حیلمی، مەسعود موحمەد، عەلائەدین سەجادی، شوکور موستەفا، گۆران، مەلا عەبدولکەریم مودەریس و چەندان نووسەری تر، کـە ئـەگـەر لـەوانـەی ساڵانە یادیان دەکرێتەوە و خەڵاتیان بەناو دابەشدەکرێ داهێنەرتر نەبووبن کەمتر نین، ئەی بۆ ئەو فیستیڤال و بڵاڤۆک، ڕێکخراوە حیزبیانە نە یادیان دەکەنەوە و نە خـەڵاتـی "داهێنـان"یـش بـەنـاوی ئـەوانـەوە بـەنووسـەرێک نادەن؟! وێڕای ئەمەش، باسی ئەو ڕێزلێنانـە ناکـەیـن، کـە لـەهیکـڕا دوور لەهەموو مانایەکی ڕۆشنبیریی، بەمێگـەلیکی هـەڵبژێـردراو لـەگـۆرانیبێژ و نووسەرگەلێکی هەمیشە برسی دەبەخشرێن، کە ڕاستییەکـەی دیـاردەیـەکـە جێگـەی بـەزەییـە. هـەڵبـەتـە نـەزۆکـی ئـەو نمایشـە بـەنـاو ڕۆشـنبیرییانە لـەوەدایـە کـە بێجگـە لـەکۆکردنـەوەی ئـاپۆڕەیـەک لـەبـەنـاو نووسـەر، هونەرمەند و مەنسوولی ئەو حیزب و ئـەم حیـزب و بـەفیڕۆدانـی چـەنـدان ملیۆن دۆلار، کە سامانی ئەو خەڵکە بێ دەرامەتەیە، هـیچ سوودی تریـان نییە. ئەگەر ئەو بەناو نووسەر و هونەرمەندانە بەڕاستی داهێنـەرن، دەبـێ داوا لـەو حیزبانـە بکـەن، کـە لـەجیـاتی ئـەوەی ئـەو پـارەیـەی کـە بـۆ ئامادەکردنی فیستیڤال و خزمەتکردنیان سەرف دەکرێ، بچن قوتابخانەیەک بۆ ئاوارەکانی کەرکووک دروستبکەن، کە بەو سەرمایە لەژێر خێوەتـەکانـدا بێ کتێبێکی چاک دەخوێنن. جێگەی ئاماژەیە، ڕژێمی بەعس، وێڕای ئاکامە

قێزەونەیەکانی، لەسەرەتاکانی حەفتاکاندا بەخۆڕایی شیر و پەنیر و سەرچاوەکانی خوێندنی بەسەر دوورترین خوێندکارەکانی خوێندگای گوندەکانی کوردستاندا دابەشدەکرد، (کە من وەک منداڵێکی ئەو سەردەمە، ڕۆژێک کە ئەو پەنیر و شیرەیان بەسەر دابەشکردین، لەئەکامی ئەو ئاگاییە ساوایەی کە هەمبوو بەدژی ئەو ڕژێمە، چەند لەهاوپۆلەکانم هاندا کە پەنیرەکان فڕێدەینە پێش ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ناو لەپمان بەحەیزەرانی مامۆستایەکەمان سۆر بێتەوە)، کەچی ئەمڕۆ لەگوندەکانی کوردستاندا مەکتەبەکان لەبەر ترسی ڕووخان و نەبوونی مێز و کتێب، خەریکە کۆتاییان بێ. وەک لەو ڕاپۆرتەی کە "کوردستان تیڤی" لەمانگی 11ی 2006 نیشانی دا، منالان تاکو کورسییەکان لەلایەن هاوپۆلەکانیان داگیر نەکرێ زوو دێنە مەکتەب. لەوەش کارەستاتتر نەبوونی کتێب و خزمەتگوزارییە لەو مەکتەبانەدا. ئەگەر ئەوە دۆخی خوێندنی منداڵان بێ، ئایندەی ئەو کۆمەڵگایە و زمانەکەی دەبێ چی بەرهەم بهێنێ؟

جێگەی سەرنجە کە فیستیڤاڵێک لەیەکێک لەو سێ شارەی کوردستان دەکرێ نەک هەر ئاپۆڕەی جەماوەری ئەو شارانە لێی بێبەشن، بەڵکو نووسەرانی شار و دەڤەرەکانی تری کوردستانیش هەر دەڵێی پەیوەندی بەوانەوە نییە. دەکرێ بپرسین، ئایا ئاکامی ڕۆشنبیریی ئەو فیستیڤاڵ و پاشەگەردانی ڕۆشنبیرییانە، چتۆ کاردانەوەیەکی ڕۆشنبیرییان بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا هەیە؟ ئێمە وتمان کایەی سیاسەتی ڕۆشنبیرییەکی تەندرووست و کارا لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە ئاستی کۆئاگایی یادەوەریی و مەیلی بەرهەمهێنانی کۆی هاووڵاتیان جۆشبدا، کەچی ئەو تەرزە ئاهەنگ، فیستیڤاڵ و کۆڕە بەناو ڕۆشنبیرییانەی کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی لەو سێ شارەی کوردستاندا سازیدەکەن، تەنیا لەچوارچێوەی میوان و بەتالیۆنێک لەئەندامەکانی خۆیاندا قەتیسدەمێنن و هاووڵاتیانی سەربەخۆ؛ توێژە جودایە ناحیزبی و دوور لەپەیوەندییە



هاووشاریی و هاوپێڕییەکانی ئەو شارانەش، نەک هەر بێبەشن لەمافی بەشداریی و چێژبردن یان سوود وەرگرتن لەو چالاکییە بەناو ڕۆشنبیریی و هونەرییانە، بەڵکو بەهای هونەر و ڕۆشنبیرییشیان لەبەرچاو سووک و بێ بەها بووە. ئاکامی ئەمەش ئەوەیە کە ئەمڕۆ کردەی ڕۆشنبیریی بەگشتی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان نییە. لەوەش زیاتر، ئەمڕۆ کردەی نووسین و هونەر کراوە بەپیشەیەک بۆ پارە پەیداکردن؛ ڕێگایەک بۆ گەندەڵییەکی ڕەوادار؛ پاشاگەردانییەک لەبەتاڵکردنەوەی زمان، بەڵام من داوا لەخوێنەری ئەزیز دەکەم لەخۆیان بپرسن، کە ڕۆژانە ڕەنگە بەدەیان کتێبی هەمەجۆر، کە بەبێ ئەوەی مەبەست و نەخشەیەکیان هەبێ بۆ بەکوردی کردنیان، سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەی هاوچەشن لەکورستاندا بڵاو دەکرێنەوە، کەچی بۆ خوێندگا و زانستگاکانی کوردستان لەنەبوونی کتێب و سەرچاوە دەتلێنەوە؟ ئەگەر ئەو هەموو وەرگێڕانە لەئاردایە، ئەی، مەگەر بەدەگمەن نەبێ، بۆ خوێندکار، ڕۆژنامەوان و نووسەران هەمیشە پەنا بۆ ئینتەرنێت و زمان عارەبی و فارسی دەبەن و ئەو کتێبە بەکوردیکراوانە ناکەنە سەرچاوە؟ بۆ ئەو هەموو کتێبە وەردەگێڕدرێ، کەچی بەهاندانی هاوڕێیایەتی، دەروێشی و هاوشاری نەبێ، پێچەوانەکەش هاندانی ڕقهەڵگرتن نەبێ، کەس قسەیەک لەسەر ئەو کتێبانە ناکا؟

بەمجۆرە بەهای سیاسەتی ڕۆشنبیریی لەکوردستانی باشووردا بەرەو ئاقارێکە، کە بێجگە لەمەبەستی داماڵینی کردەی ئەفراندن لەگەوهەرەکەی و داپڵۆسینی زمانی کوردی، هیچ بەهایەکی تر دەستەبەر ناکا.

لێ ئەمڕۆ ئاستەنگی ئاخاوتن لەسەر سیاسەتی ڕۆشنبیریی لەکوردستاندا لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە تۆ بۆت نییە دەست لەسەر کەلێن و سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو بەرپرسانە دابنێیت کە هۆکردی ئەو تەنگژەیەن. بۆ نموونە ئەم ساڵ کە لەهەڵبژاردنی حوکمەتی سوێدا ڕاستڕۆ و لیبراڵەکان بردیانەوە، پاش هەفتەیەک کە ڕۆژنامەوان و هاووڵاتیان

زاینیان وەزیری کولتووری نوێ، تەنیا چەند مانگ پارەی تەلەفزیۆنی نەداوە، کە شتێکی ئەوتۆ نییە، دواجار، کە تەنیا هەفتەیەک دەست بەکار بوو، ناچاریانکرد واز لەکارەکەی بهێنێ. کەچی لەوەزارەتی رۆشنبیریی حوکمەتی کوردیدا، کە وەک ئەوەی کارگە یان مەقەڕێکی دواوە بێ، دەیان کەس، کە هەندێکیشیان نموونەی گومانلێکراون، بەناوی عەنتیکەی وەک "خەبیر و راوێژکار" مووچە وەردەگرن؛ واتا وەک ئەوەی ئیشێکی رەش بکەن. یان مافی هاووڵاتیان بخۆن وایە، کەسیش بۆی نییە دژی ئەو کارە نارۆشنبیریی و ناقانوونیانە دەنگهەڵبڕێت.

لێرەوە زمانی کوردی لەئاستێکی رووکەش و گشتیدا بۆ خۆی دەپەیڤێ. بەمجۆرە زمان، وەک رەهەندێک لەپەیامی بیرکردنەوەیەکی بزواو، کردەیەک لەئاڵوگۆڕیی دەستەوەستانە لەدیاریکردنی ئاراستەیەک بەرەو ئامانجێکی هاوبەشی جڤاکییانەی چاک. زمانی کوردی ئەمڕۆ ئامرازێکە بۆ بەتاڵکردنەوە و فەرامۆشکردنی کۆژانی یادەوەریی، نەک ئامانجێک بۆ جۆشدانی بیرکردنەوە و لەڕینەوەی کۆئاگایی. لێرەوە ئێمە کە خەریکین دەست و پلمان بەبابەتێکی وەک سیاسەتی رۆشنبیریی لەکوردستاندا نەرم دەکەینەوە، لەوەش بەئاگاین کە وەزارەتی رۆشنبیریی کوردستان باکی بەو بابەتەوە نییە، چونکە سەرقاڵە بەکەڵەکەکردنی ئەزموونێک لەبەرخۆریی رۆشنبیریی و مووچە بڕینەوە بۆ حەشامەتێک لەدۆست و باندی حیزبی، کە بەواتای یەکێک لەو مووچەخۆرانەی وەزارەتی رۆشنبیریی، ئەو مووچەدانە هەر بۆ رازیکردنی خەڵک ونەهێشتنی بێکارییە. لێرەدا دەکرێ ئەو تەرزە سیاسەتەی وەزارەتی رۆشنبیریی کوردستان، بەتەمبەڵاندن و داماڵینی جوانناسیی رۆشنبیریی ناودێری بکەین. بۆ ئەوەی کرۆکی ئەو وەزارەتە رۆشنبیریی و بلاڤۆک و رێکخراوە "مەدەنی"یانە نمایش بکەین، پێویستمان بەوە نییە توانست و پاشخانی هەموو دەمڕاست و هەڵسووڕێنەرانەکانیان نمایش بکەین. بەڵێ ئێمە لەوەش بەئاگاین، کە ئەو دەمڕاستە رۆشنبیرییانەی کوردستان، لە ئاستی بانگەشەی زارەکیدا، باس



لەموژدە و پلانی گوراح خۆشکەری رۆشنبیرییمان بۆ دەکەن، لێبەڵێ ئەو بانگەشانە لەکەڵەکەکردنی ئەو تەمبەڵاندنەی روحی کولتووری کوردی هیچ ئاکامێکی دیکەی دیار نییە. جێگەی سەرنجە، کە ئەمڕۆ ئاومالکەگەلیک لەقونکە نووسینی خۆشداکەنە لەسەر کێشەی زمانی یەکگرتووی کوردی و زاراوە سەرەکیی و بن زاراوەکانی فڕێدەدرێنە ناو زاری زمانی کوردییەوە، کەچی هیچێک لەو قسە فڕێدراوانە، لەخەمی زمانی کوردییەوە نین، بەڵکو دەرهاوێشتەیەکن لەو دۆخە رۆشنبیرییە کلۆڵەی کە بێبەرییە لەدیاریکردنی ئاراستەیەکی بەهادار. ئاشکرایە ئەمڕۆ لەهیچ شوینێکی ئەو دونیادا نییە کە کەسانێک بڕیار لەسەر بابەتێکی هەستداری وەک زمانی یەکگرتوو بدەن کە نەک هەر نووسەری بەڕاستی نین، بەڵکو فڕیان بەزانستی زمانەوانییەوە نییە. ئاخر لەکوێ دیووتانە کەسانێک باسی زمان بکەن کە نە لەزانستی زمان خوێندوویانە و نە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیشیان لەسەر زمان کردبێت؟! لەکاتێکدا ئەو تالارەی کە بەناوی "کۆڕی زانیاریی کورد" لەهەولێر قووتکراوەتەوە، کە بێجگە لەدیکۆر هیچ مانایەکی دیکەی نییە، دەبوو بەشدارێکی کارای ئەو پرسە بێ. کۆڕی زانیاریی کوردی کە لەحەفتاکانی سەدەی رابردوودا بەهادارترین یادەوەریی کوردی بوو، کەچی ئەمڕۆ گوایە کورد بەخۆی فەرمانڕەوای خۆیەتی، هەبوونی ئەو کۆڕە، بێجگە لەبێڕێزیکردن بەو یادەوەرییە هیچ شتێکی تر نییە. ئاخر لەحەفتاکاندا داهێنەرگەلێکی ماندوونەناس لەژێر فشاری رژێمێکی وەک بەعس بەهەوڵە داهێنەرەکانیانەوە توانیان ئاراستەیەک بۆ ئەرکەکانی کۆڕی زانیاریی کورد و زمانی کوردی دەستەبەر بکەنەوە، کەچی ئەمڕۆ بچووککردنەوەی کۆڕی زانیاریی کوردی بەسەرچاوەیەکی مشەخۆریی بێجگە لەتاڵانکردنی یادەوەریی زمانی کوردی، هیچی تر نییە. لەوەش زیاتر، لەهەموو جیهاندا ئەوەی کە پێشنیاز و بڕیار لەسەر زمانی یەکگرتوو دەدات پسپۆڕانی زانستگاکانن، کەچی ئەمڕۆ مامۆستایانی زمانی کوردی لەزانستگاکانی کوردستاندا، هیچ قسە و وتارێکی بەهادار و کاریگەرییان

لەسەر ئەو بێڕێزیکردنە بەزمانی کوردی نییە. کەواتە ئەو ئاستەنگ و تەنگژە ڕۆشنبیرییانە هەر هەموویان پەیوەندییان بەنەبوونی سیاسەتێکی ڕۆشنبیریی مەدەنییەوە هەیە. ئەو وەزارەتییە ڕۆشنبیریی و وەزارەتە پەروەردەیەی کە ئەمڕۆ دەمڕاستی یەکەمی ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیرییەی کوردستانن، بەرپرسیاریی سەرەکی ئەو دۆخە ڕۆشنبیرییە لەڕزۆکەن. کارەساتی ئەو دیاردە ڕۆشنبیرییەی کوردستان لەوەدایە کە کاردانەوەی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش داناوە و دادەنێ. بۆ نموونە، ئەگەر سەرنج لەشێوە و ئاستی زمانی کوردی بکەین لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبینین کتومت دەرگیری ئەو مۆدە زمانەی کوردستانی باشوورە، کە من لێرەدا بۆ دەستپێوەگرتن لەزارقەڵەباڵغی، ئەو مۆدانە بەدیاردەی هەتککردنی چەمکگەل و زمانێکی مونتاژکراو بەرستەی بێئاراستە ناودێر دەکەم. نموونەی ئەو مۆدەی زمانە، ئیدریس ئەحمەدی واتەنی، لەدەربڕینی وەک: " ڕەهەندی جەستەی زمان..." زەقدەبێتەوە.

کەواتە بۆ ئەوەی سیاسەتی ڕۆشنبیریی لەکوردستاندا ببێتە کردەیەکی هاندەر بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمدار؛ زمانی کوردی لەو سەرگەردانی و کردەی ڕۆشنبیریی لەزەیرۆح و بێ بیرکردنەوە رزگار بێ، پێویستە ژیانی ڕۆشنبیریی ڕێکخراوگەلێکی ناحیزبی و خەڵکانی لێزان و سەرڕاست بەڕێوەی ببەن، چونکە ئەوەی کە دەکارێ ڕۆشنبیریی کوردی جۆشبدا، بانگەشەی تەڵەکەبازییانەی چاکسازیی و خەڵات دابەشکردنیی دەمڕاستە ڕۆشبیرییە گەندەڵەکان نین، بەڵکو ئەوە سیاسەتێکی ڕۆشنبیریی ئازادە کە دەتوانێ زەمینە بۆ ئەو ناوەند و پێگە ڕۆشنبیرییانە خۆشبکا کە ببن بەسەرچاوەیەک بۆ پەراوەکردنی حەز و خواستە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا، بەڵام هەتا ئەو ڕێکخراو و ناوەندە ڕۆشنبیرییانە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەدەست کەسانی حیزبی دۆستانی لێپرسراوانی ئەو حیزبە باڵادەستانەوە بن، ئەو دابڕانەی نێوان خەڵک و ژیانی ڕۆشنبیریی فرەتر دەبێتەوە.



پێویستە سەرنج لەوە کیشەیە بدەین، کە ئەگەر مۆزەخانە، شوێنەوارە کولتووریی، ڕێکخراوی ژن، هۆڵەکانی سینەما و شانۆ، سێنتەرەکانی لاوان و ... هتد نەکرابان بەمەقەڕ و پێگەی حیزبی و خەڵکانی حیزبی قۆرخیان نەکردبان، ئەمڕۆ ئەو هەموو کیژ و ژنە خۆیان لەماڵەوە نەدەشاردەوە، لاو و خوێندکار، توێژ و چینە جوداوازەکانیش، بەمجۆرە هەستیان بەنامۆیی و بێبەشی لەمەفەکانیان نەدەکرد. ئاخر ئەگەر سەردانی مۆزەخانە، شانۆ و شوێنەرە مێژووییەکان، تیڤییەکان بەمجۆرە بۆ کلیپ و بەرنامە عەنتیکانە قەتیس بمێننەوە، نەبنە بەشێک لەسیستمی پەروەردەی خوێنگاکان و بەهایەکی زانیاریی بەهاوولاتیان نەبەخشن. ئەگەر ئاهەنگ و کۆڕە بەناو ڕۆشنبیرییەکان تەنیا بۆ خەڵکانی دەوڵەمەندی حیزبی و لایەنگرانی خودی ڕێکخاوەکان بن، چۆن کۆمەڵگا بەرهەمدرا دەبێ و پیشدەکەوێ؟ ئەگەر ژیانی ڕۆشببیریی بۆ گشت خەڵک مەیسەر نەکرێ، کە فێربن مانگانە تەنیا جارێک لەچالاکییەکی ڕۆشنبیریی ئامادە بن، لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیان سەردانی شوێنەوارێک، مۆزەخانەیەک و ... هتد بکەن، چۆن کۆمەڵگای مەدەنی دروست دەکرێ؟

لەبۆیە لەقۆناغێکی وەک ئێستای کوردستاندا گەرەکە بیر لەسیاسەتی ڕۆشنبیرییەکی نەخشە بۆ بکێشراو بکردرێتەوە، کە خەڵک بتوانن بەحەز و بەخۆڕایش سەردانی مۆزەخانە، شانۆگەلێک و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان بکەن و ڕۆڵی خۆیان ببینن. ئەمەش بەوە مەیسەر دەبێ کە کوردستان خاوەن سیاسەتی ڕۆشنبیریی سەربەخۆ بێ و لەو دەمڕاستانەش پاکبکرێتەوە کە پاشخان و کەسایەتییان شوومە. لێرەوە یەکێک لەگرنگترین ئامانجی سیاسەتی ڕۆشنبیریی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بەرهەمدارە کە لەو کۆمەڵگایەدا مرۆ بکارێ گیانی ڕۆشنبیرییەکی سەربەخۆ بڕسکێنێ. لەو کۆمەڵگایەدا لەبری ئەوەی کە ڕێکخراوە حیزبییەکان بڕیار بدەن کام گۆرانیبێژ بەهرەدارە یان کام نووسەر داهێنەرە، دەبێ ئەو نووسەر و هاوولاتییە سەربەخۆ، دڵسۆز، کارا و خاوەن ئاکار چاکەکانەی

**که ڕێکخراو و بنکه ڕۆسنبیرییەکان بەڕێوە دەبەن بڕیار بدەن. لەو ڕوانگەیەوە پێویستە سنوور بۆ دەستێوەردانی حیزبی لەژیانی سیاسەتی رۆشنبیرییدا دابنرێ. هەر بۆیە ئەگەر حیزب و نووسەرە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان هەڵگری ئیتیکی نەتەوایەتیی و جڤاکیی بن، پێویستە چیتر بەهای سیاسەتی رۆشنبیریی وێران نەکەن. بۆ ئەوەی ڕێز و پایەی زمان و رۆشنبیریی کوردی لەکن کورد چیتر بێزەور نەبێ، دەبێ ڕێگا بدرێ خودی خەڵک لەژێرەوە نەک لەسەرەوە، بەنۆرە و بەشێوەیەکی بزواو ڕۆڵی خۆیان لەسیاسەتی رۆشنبیریی کوردستاندا ببینن. بەمجۆرە بەهای رۆشنبیریی دەکرێ ببێتە کردەیەکی کاری جڤاکیی.**

**کۆتایی 11ی 2006 /سوێد**

**ژێدەرو پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:**

**ئەو سەرچاوانەی کە لەوتاری: پێکهاتەی پشتینە و پرسی رۆشنبیریی و ڕووناکبیر، سوودیان لێوەرگیراوە:**

**1– رولان بارت، الفاعلیه البنویه، تعریب کمال ابودیب.**

**2– کمال ابودیب، بحث فی الشعریه، گۆڤاری: مواقف، ژمارە 18.**

**ژێدەر وتاری: نیشانەکانی وابەستەبوون و گەڕان لەکۆدەکانی دیالۆگ**

**1– زمان الفکر وجوده، مارتن هایدگر، المحور الثقافی، جریدة الوقتیة، عدد6، سنة1987**

**2– فیلکس غوتاری وجیل دولوز، اودیب مزذادا، ترجمة: مشروع مطاع صفدی، مرکزالانماء القومی.**

**3– جبرا ابراهیم جبرا، الحریة او الطوفان، بیروت1960 .**

**4– اشکالیات الفکر العربی المعاصر، محمد جابری.**



ژێدەر و پەراوێزەکانی وتاری: **هونەری ڕەوانبێژی و ئێرۆسی گەڕان بەدوای چێژی دەنگ:**

1. Claes Lindskog, Platon Skrifter, sjätte delen, Hugo förlag, Stockholm 1926, S. 16–17. 72–73.
2. Platon, Staten, övers, Claes Lindskog, Nya doxa, Nora 1996, Tredje boken , Nionde boken
3. Svante Nordin, Filosofins historia, studentlitteratur, Lund, 1995, S. 65–72.
4. Tidskriften: Res publica, N, 28 tema Filosoferna och erotiken.

#– لێرەدا دەخوازم بۆ سەرنجڕاکێشان، بەخوێنەرانی ئەزیز بێژم، کە من بۆ پاراستنی ناسکی ئاخاوتن، نەمویست ئاماژە بەچاوگە جۆراوجۆرەکانی بڵاوکراوەی کوردی و شێوازی ئەو نووسەرە "بەناوبانگ"انە بکەم ، کە ڕۆژانە نووسین و قسەکانییان لەبڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی کوردی ئامادەن، ئەمانەش بەگوێرەی پێوەنانی ڕووناکبیر و سیاسەتڤانە "لێزان"ەکانی کوردی، دەمڕاستی رۆشنبیریی کوردین. هاوکاتیش ئەو تەرزە ڕووناکبیرانە بێجگە لە پەسندان و ڕازاندنەوەی خەیاڵاندنە پاڵەوانییەکانیاندا، قسەیەکی تر وەرناگرن.

لێ لێرەدا، بۆ تیرێژ خستنە سەر مەیلەکانی خۆم، سەبارەت بەڕووناکبیرو دەق و ڕەوانبێژییەتی کورد، – ئەو نووسەرانەی کە هاوزەمەنی ژیانی منن، نەک پێش ژیانی من، کە بەدڵی منن، وێڕای تێبینی و چەشەی جیاوازی من لەگەڵ زۆر خاڵی بەرهەمەکانیان، تەنیا بەناوبردنی: مەسعود موحەمەد، شوکور موستەفا، هێمن، هەژار موکریانی، مەولود مەمی چیرۆکنووس، سەلیم بەرەکات، لەدیدگەی کەسایەتییە خاوەن ویست و ئێرۆس خوازەکانیان لەقەدەری کوردبوونیان، نەک زمانە عەرەبییەکەی، بنماڵەی موحەمەدی مەلا کەیم و چەندانی تر...، واز دێنم. چونکە بەرهەمەکانیان، وەک بەباڵگەلێک لە ڕۆحی ئێرۆسی زمانی کوردی، بەرەو یادوەریی خۆم، فڕینم بەیاد دێننەوە.

#– لەکاتی کاتی پێشمەرگایەتیمدا، کە دەبووە شەڕ و دەنگی تەقە، ڕەوە کەوی سەر لووتکەی چیا دەکەوتنە چڕینی قاسپەی دڵڕفێن، کە تووشی هەستی تاسانیان دەکردم. دواجار لەخەڵکی گوندنشیەکانەوە زانیم، کە کەو، وەک سروشتێک لەبوونیان، بەشەڕە تەقە هەراسان و سەرگەردان دەبن.

لێرەدا جێگەی پرسیارە، وێڕای ئەوەی کە کەو بەهێمای بوونی کورد دەبینرێ، کەچی من، بێجگە لەچەند سروود و شیعری کوردی، هیچ تێڕامان و راڤەی نووسراوەم نەبینیووە لەجەم نووسەری کورد.

# بەشی دووەم



## ئۆتۆپیا یادەوەریی مرۆڤە، لەگەڕان بەدوای ماڵدا

**مێژوو ئەو ئۆتۆپیایەیە کە مرۆڤ هەوڵدەدات لەوێوە یادەوەریی خۆی بەرجەستە بکاتەوە. بەمەش مرۆڤ دەخوازێت لەگەڵ کاتدا پەیوەندی بدۆزێتەوە. وەلێ ئەو پەیوەندییە لەواقیعدا نییە، یان نابینرێت. پێشهات و دەقە نووسراوەکانی مێژوو، کە مێژوونووس دەیانڕازێنێتەوە، هەموویان لەو مەیل و خەونانەی مرۆڤەوە سەرچاوە هەڵدەگرن، کاتێ ئێمە ئەو دەقانەی مێژوو دەخوێنینەوە هەمیشە لەدەرەوەی ئەو پێشهاتانەی مێژووین و لە ڕێگای خەیاڵاندنەکانمانەوە ئاشنای ئەوانە دەبین. دواجار ئێمە هەر بەخۆمان ئەو پێشهات و خەیاڵاندنە لەگەڵ ئۆتۆپیاکانمان بەراورد دەکەین و راڤە و شیاندەکەینەوە، هەر لەوکاتەوە کە مرۆڤ بەرەو بوونەوەرێکی بەئاگا گەشەی کرد، دواجار لەسەر داڕێژانی مێژووەکەی سوور بوو.**

ئامانجخوای سیاسی، ئەو ئاگاییەی بەمێژوو ئاسا راڤە کرد. لەتەواوی رۆژگاردا مێژوونووسان بەگوێرەی هەلومەرجی مرۆڤەکان و بەپێی ئەو سیاسەت و بارودۆخە ئیدۆلۆگیە مێژوویان وێنا کردووە. بۆیە مێژوونووسان پێشهاتەکانیان بەجۆرێک شیکردۆتەوە کە لەگەڵ روانگەی سیاسەتی دیاریکراودا گونجاو بێت.

لێرەوە هەوڵدەدەم ئەوە جەخت بکەمەوە، کە ئەو ئۆتۆپیایە لەیەکەم جاری کۆچیکردنی مرۆڤدا لەدایکبووە کە گەڕانێک بووە بەدوای ماڵدا. ئەوەی کە گرینگ و کۆلەگەیە بۆ مرۆڤ، دەکرێ ببێتە ئەو شتەی کە بەمێژوو ناوی دەبەین، بەڵام ئەمڕۆ ئەو پەرژوبڵاوی و هەراسانی و نائارامییەی کە ژیانی مرۆڤی تەنیوەتەوە، وایلێدەکات بۆ مێژوو بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی دڵنیاییەک لەجوانییە لەدەستدراوەکانی دەستەبەر یان زیندوو بکاتەوە، کە لەقۆناغە جوداوازەکاندا روویانداوە. بۆ نموونە ئەمڕۆ سوێدییەکان، بەدوای سۆراغی دڵنیاییەک، ساڵانە بەگوڕ و جۆشەوە بەئاهەنگ یادی "سەردەمی ڤیکینگەکان" دەکەنەوە. کوردگەلێک سەرگەرم و سەرفرازە بەوەی کە ئیمپراتۆری "ماد" بێشکەی یەکەمی خەونی ئێستای دەوڵەتی کوردی بووە، بۆیە ئەمڕۆ دەبێ زەردەشتایەتی بکەینە ئایینی خۆمان. هەروەک ئەمڕۆ عارەب بۆ زیندوو کردنەوەی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام خۆتەقاندنەوە پەیڕەو دەکات. بەهەمەحاڵ، دیاردەگەلێکی فرە لەجەم نەتەوەکان سەبارەت بەکێشەی مێژوو و خەونەکان دەبینرێ، کە ئاماژە کردن بەهەموویان حەوجە نییە. ئەمانە هەمووی واتای بەدوا گەڕانی شوێنێک دەبەخشن کە دەبێتە ماڵێک بۆ سێبووری دڵ و رۆح. ئەمڕۆ لە رۆژگاری بەناو پۆستمۆدێرندا خاڵێکی هاوبەش لەنێوان تاکەکەس و کۆچەرییەکاندا، وێڕای جوداوازییەکان، هەیە، گەر لەڕۆژگاری کۆن و سەردەمی شەڕو شۆڕە گەورەکانی وەک شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا کۆچ و سەرهەڵگرتن بۆ گۆشە جیاوازەکانی جیهاندا، هۆکاری ژان و نائارامی ماڵی ژیان بووبێ، کەچی ئەو کۆچ و



سەرهەڵگرتنە بۆ مرۆی پۆستمۆدێرنیست، کێشەی نادیاری و هەودای تام و نۆشکردنی مەیلە سەگەردانەکانی رۆحە.

مێژووناسان پێییان وایە کە گۆڕانکارییەکان لەژیانی کۆچەرییەوە بۆ ماڵنشین هێمایەکە لەو ژیانەی کە پێیدەڵێین "شارشتانییەت". وەلێ ئەوانەی کە سەرتاپای ژیانییان لەدەرەوەی شار و دێهاتەکاندا بەسەربردووە هەرگیز گومانیان لەبوونی ژیاریی خۆیان نەبووە، بەڵام لێرەدا کێشەکە پەیوەندی بەماڵەوە هەیە نەک ژیاریی، چونکە دڵنیایی خەونەکانی مرۆڤ لەپەیوەندی بەشوێنەوە بەرجەستەدەبێتەوە، نەک چۆنیەتی شوێننشین. لەدایکبوونی کۆمەڵگای ژیاریی لەسەدەی رابردووڕا جیهان گۆڕانی فرەی بەخۆیەوە بینیووە و دەبینێ. دەکرێ ئەو گۆڕانکارییانە بەزەمەنی کۆچڕەوەی خەڵک ناودێڕ بکەین. ئەمڕۆکە مرۆڤگەل، بەزۆرەکی وەیان بەئازادی، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لەدێهاتەوە بۆ شار، وەک ئەوەی لەکوردستان لەئارادایە، لەکۆچدایە، بەڵام کۆچی کورد هەمیشە هۆکاری راوەدونانی سیاسی بووە، نەک بازاڕی ئابووری: لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەنفال و سیاسەتی سووتەمەرۆی خاک بەدەستی رژێمی سەددام، گەورەترین دیاردەی کۆچپێکردنی کورد بووە. بەدوای ئەمەشەوە، ئەگەر ئەنفالەکانی سەددام، بەمەبەستی قڕکردن و کۆنترۆل، کوردی ناچار کردبێ، لەدێهاتەکانەوە بۆ ناو شارەکان کەڵەکە بکا، کەچی شەڕی "براکوژی"، وەک هۆکارێکی خۆیەکی، بووە کارەساتاویترین دیاردەی کۆچ و سەرگەردانی مرۆی کورد بۆ دەرەوەی زێدو مەوتەنەکەی، کە لەمێژووی کورددا فرەترین دیاردەی کۆچڕەوییە. بەهەمەحاڵ، ئەم کۆچڕەوییە، بەشێوە جیهانییەکەی، قووڵترین بنەمای سەرگەمی و ئەزموونی ئەمڕۆیە، کە ئەمەش رەنگدانەوەی ژیانی میلۆنەها مرۆڤە. لەپشتەوەی ئەم دیاردەی کۆچڕەوییەدا تەرزە لۆژیکێک یان ناچار کردنێک ئیشدەکا، کە ئەمەش رەنگدانەوەی بازاڕی سەرمایەداری

جیهانییە. هەڵبەت ئەو گەمەی بازاڕی کارە، وەک دیاردەیەکی مێژوویی، شتێکی تازە نییە. ئێمە دەزانین لەسەرو بەندی سەدەی شازدەدا کڕین و فرۆشتنی نێونەتەوەیی کە کەوتە گەڕ بەرئەنجامەکەی ژیانی مرۆڤگەلی هەراسانکرد. هاوکاتی پێشتریش، بەهۆی جودا، گۆزە گۆزی خەڵک لەمێژووی زۆر گۆشەی جیهاندا روویداوە. هەروک لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا وڵاتانی کۆلۆنیالیزم بەزۆرەکی مرۆڤەکانی تووشی کۆچکردن کرد و چەندان سنووری تازەی بۆ وڵاتان قووتکردەوە و لەنێوان خۆیان دابەشیان کردن. لەهەمان کاتدا پڕیشکی شەڕیش زۆرینەی مرۆڤەکانی چزاند. کەچی کۆچڕەوی ئەمڕۆی مرۆڤ لەجوگرافیایەکی پان و پۆڕدا دەجمجمێ. ئەمڕۆ بەجیهانگیر بوون تەواوی جیهانی تەنیوەتەوە. بۆیە کۆچ وەک دیاردەیەکی جیهانی تەواوی گۆی زەوی پێکاوە. لەهەموو گۆشەیەک مرۆ کۆچدەکا و بەسۆراغکردن بەدوای ماڵێکی تازە سەرقاڵە. ئەو ماڵەی ئەمڕۆ کە مرۆ بۆی دەگەڕێ، ماڵێکی کۆچەرییە، وەک خودی خەونەکانی ئاگایی، کە راڕا و وەرچەرخاوە و هاوکاتیش خەمینە.

" بەگرێکی کۆننینە و هاوکاتیش "هۆیم" و "هۆم" بەزمانی گێرمەنی و ئینگلیزی 'komi' گرێکی کۆن مانای گوند دەگەیەنن، هاوکاتیش بۆ دوو وێنا کردنی جودا بەکار دەهێنران. یەکەمیان دڵنیایی و خاوەنداری وێنا دەکرد، کە لەوێدا ژنیشی بەخۆوە دەگرت، دووەمیشیان کە بیرۆکەی زێد، پەیوەندی گرێدانی نەتەوەیی وێنادەکرد، کە مرۆ خۆی بۆ بەکوشت دەدا. وەلێ هاوکاتیش هیچێک لەو وێناکردنانە ناتوانن واتای تەواوی ماڵ بەرجەستە بکەنەوە. ماڵ لەڕەچەڵەکدا، واتا ناخی جیهان. ماڵ ئەو شوێنەیە کە مرۆ جیهان لەدەوروبەری خۆی دەئافرێنێ و سەیریدەکا. جێگەی گوتنە ماڵ لای کوردی دێرین مانای رێزداری و سەلامەتی دەگەیەنێ، یان قسە نەستەقەکانی کورد سەبارەت بەماڵ تژین لەهێمای گرنگییەتی ماڵ، وەک: "بەرد لەجێگەی خۆی بەسەنگە"، "ژن ماڵی دەربەدەریە" و



چەندان وێناکردنی تر، کە کورد لەقسە نەستەق و هۆنراوەکانیدا لێی ئاخڤیوە.

بۆیە بۆ مرۆڤ بێماڵی لەناخی واقیعدا هەر تەنیا بێ لەمپەریی و رووتەڵەیی نیە، بەڵکو لەدەرەوەی جیهاندا بێ پشت و پەنایەکیش دەمێنێتەوە. بەواتایاکی تر مرۆڤ بوونی نییە.

کاتی خۆی ماڵ نێوەندی جیهان بوو، چونکە هێڵی جیهان و واقیعی پێکەوە شەقدەکرد. ئەو هێڵە شاقوولیەی کە لەنێوان ئاسمان و ژێر زەویدا، وای لەمرۆڤ دەکرد کە نزیک بێتەوە لەخواکانی ئاسمان و مردووەکانی ژێر خاک. هێڵە ئاسۆییەکەش وەک بەلەدێک وابوو، رێنوێنی بۆ مرۆڤ دەکرد کە بتوانێ بۆ شوێنەکانی تر بڕوات. هەر بۆیە ماڵ بۆ رێبواریی هەم سەرەتا و، هەمیش کۆتایی بوو. ئەوە ماڵە کە ناسنامە و شوێن بەمرۆڤ دەبەخشێت. لێرەوە ماڵ هەمیشە هاوواتای جیهانە.

کۆچکردن هەر تەنیا بەجێهێشتنی شتەکان لەدوای خۆمان و ژیان بەسەر بردن نییە لەناو بێگانان. ماڵ جێهێشتن، رەنگە بەناچاری وامان لێبکات لەژیانێکی بێهوودەیی و سەرگەردان بژین، واتا تێکشکاندنی ئەو هەموو لەمپەرانەیە کە جیهانیان بەمانا کردبوو، بەڵام کۆچ خۆی لەخۆیدا وردوخاشکردنی ناخی جیهان و سەفەرێکە بەرەو حەسرەت و جیهانێکی سەرگەردان. بەمجۆرە بۆ مرۆڤ هیچ توانایەک لەگۆڕێدا نییە بۆ بەدەستهێنانی ماڵێکی تازە. لەوڵاتیکی بیانی بنمیچەکەی بان سەرمان و چوار دیوارەکەش، تەنیا ئەوەندەیە و بەس، هەرگیز واتای ئەو ماڵە نابەخشێ کە مرۆ لەدڵیدا هەڵیگرتووە. ئەو ماڵ و جیهانەی کە مرۆ بۆ هەمیشە لەدەستیداوە. ئەو بار و دۆخەش خۆی رەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەیە کە گەلێک لەئێمەی ناچار کردووە و دەکا لەوڵاتانی تر سۆراغی ماڵە تازەکان بکەین، بەڵام لەو کۆمەڵگا تازانەدا کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە کە ئێمەی پەنابەر بەناچاری رووبەرووی دەبینەوە. ئەوانە مەرجگەلێکن دەبێ ملیان

بۆ کەچبکەین، کە هیچ پەیوەندییەکی بەناخمانەوە نییە. ئەو کۆمەڵگە تازەیە وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر کۆمەڵێک ماف و ئەرکی هەیە کە دەبێ ئێمە قبووڵیان بکەین. ئەمەش هێدی هێدی دەبێتە زۆرەملێی، کە ئێمە خۆمان هەڵمان نەبژاردووە. بۆیە لێرەوە ئەو مێژووە تازەیە نابێتە ئەو ماڵە تازەیەی کە ئێمە سەرمان بەدوایدا هەڵگرتووە. کەچی ماڵەکەی یەکەم بەسروشتی هەڵمان بژارد بوو، کە لەڕەچەڵەک و ڕەگمانەوە بەدەستمان هێنا بوو. ئەو ماڵە، ماڵێکی بینراو و دیار بوو. کەچی ئەویش بەناچاری لێی هەڵبڕاین .

2001–2004

سوێد–ستۆکهۆلم



## قەدەری خەونی کورد:
## لەچەپڕەوییەوە بۆ راست –کۆنپارێزیي

**دەروازەیەک:**

لەپەنجاکانی سەدەی بیستەوە بزاڤی سیاسی و رۆشنبیریی کورد، بەئیدیۆلۆگۆی چەپڕەوی، کە لەگیانبەختکردنێکی ئیدیالی وێنا دەکرا، لەپێناو "خەون"ەکەیدا بەخەباتی چەکداری و رووبەڕووبوونەوە سەرقاڵ بوو، بەڵام هەڵە نییە گەر بێژین، پاش هەرەسی بلۆکی سۆڤییەت و بەتایبەتیش لەگەڵ بەدە نگۆبوونی رووخاندنی رژێمی سەددام و پرۆژەی (بە دیموکراتیکردنی خۆرهەڵاتی نیوەڕاست) لەلایەن ئەمریکاو سەرۆکەکەی ج. بوش و سەرلەدوونانی تێرۆریستان و چاوزەقکردنەوە لەڕژێمی ئیران و سوریا، کە ئەمڕۆ کوردان لەهەموو کاتەکانی تر زێتر لەئاستی هزر و دەروونییەوە لەبەردەم ئەم(خەونە)دا سەرگەردانترە. بۆیە ڕەنگە بشێ گەر ئەم نووسینە بەم پرسیارگەلە دەستپێبکات، ئەگەر یەکێک لێمان بپرسێت: ئەوە چییە کە کیشەی ئەو (خەونە)ی وەها ئاڵۆز کردووە/دەکا؟ یان: خەونی کورد/گوتاری نەتەوایەتی چییە و چۆنە؛ چتۆ ئەو خەونە دەستنیشان دەکەی؟ هەڵبەت رەنگە هەر یەک لەئێمە لەگەڵ خۆیدا بتوانێت بەچەندان روانگە بەرسڤی ئەو پرسگەلە بداتەوە، لێ تا ئێستا نەمانتوانیوە پرسی (خەونی کورد) بەتەرزیکی تەواو بۆ خۆمان و ئەوانیتری بەرانبەر بەرجەستە بکەینەوە، یان وەڵامێکی راشکاومان نییە بۆ ئەوەی لەسەرگەردانی و عاسێ بوون بەدەم ئەو خەونە بێدارمان بکاتەوە. هەر بۆیە ئاخاوتنی کوردان لەسەر خەونی کورد هەمیشە دەستەوەستان و خەمینە، یان زمان لەگوتارێکی نادیار و ئاڵۆزکاودا دووبارە و داخراو وێڵ دەبێت، خۆی نمایشدەکا. بەواتایەکی تر، ئاخێوەری کورد، لەتەواوی گفتوگۆکاندا، لەو زمانە و رەوانبیژییە داخوازیکراوە لاوازە کە بتوانێت کۆی ئاڵۆزیی، هۆکار، بەڵگە، رەگەز و سەرچاوەکانی ئەم (خەونە)ە لەو زمانە قەتیسماوەدا ئازاد و سەرفراز بکات. بەکورتی گەرەکمە بڵێم لەزمانی کورداندا، گوتاری سیاسی کورد گوتارێکە لەزمانێکی شپرزە و راڕادا خۆی وێنا دەکا. لەم روانگەیەوە دەبینین گفتوگۆکانی ئێمە هەمیشە بەبنبەست دەگەن و گرژیی و گەڕەلاوژە دەبیتە ئاکامگیریی بۆ پرسی خەونی کورد.

نەبوونی گوتاری زمانێکی تۆکمە و ڕەوانبێژییەکی بەدەمار لەجەم مرۆی کورد، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە دەرکییەی کە هەمیشە، وەک قەدەرێک بڕیاردەر بووە لەسەر جڵەوکردنی ئاگایی کوردیدا. بۆیە من وەک گریمانەیەک لەم نووسینەدا، ئەو هیزە دەرکییە لەدوو هێزدا بەرجەستە دەکەمەوە: چەپڕەو – سۆسیالیزم) و (ڕاستڕەو – کۆنپارێزی). ئەوەی یەکەمیان، دوای شەڕی جیهانی دووەم و دابەشکردنی نەخشەکان بەسەر دوو بلۆکی ئیمپریالزم و سۆسیالیزم، ئیتر بەهۆی چەوسانەوەی توندی نەتەوەوایەتی و تەنگانەی کۆمەڵایەتی، ئابووريي ...هتد، لەجیهانی لای ئێمەدا بەهەڕمێن دەبێت. لەئاکامی ئەوەدا چەپڕەوی بووە هێزێکی ڕۆحی و لەماوەی نیو سەدەدا ئاوەز و ئاگایی مرۆی کوردی جڵەو کرد. ئەوەی دووەمیشیان، بەدیاریکردن، لەپاش ڕمانی بلۆکی سۆسیالیزم و قۆناغی دوای ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور و دیلبوونی ئۆجەلان و سست بوونی شەڕی پیشمەرگەیی لەکوردستانی ڕۆژهەلات، بەڵام دوای بڕیاردانی ئەمریکا بەرماندنی ڕژێمی سەددام ئیتر خەونی کورد بەیەکجاری لەبەرەی ڕاستڕەو–کۆنپارێزیدا مارە دەکریت. لێرەدا دەبێ ئەوە جەخت بکەمەوە کە "ڕاستڕەوی" و "کۆنپارێزی"، لەزۆر لایەنی ئیدیلۆگییەوە لێکتر جودان، بەڵام، لای تویژی سیاسی و ڕووناکبیريي کوردیدا ئەو دوو ئیدیلۆگییە،وێڕای ئیدیۆلۆگی لیبرالیزم، وەک یەک تەماشا دەکرێن. بەگشتی بۆ ئەو تویژە، مانای ئەو ئیدیۆلۆگیانە لەئازادی تاکە کەس و دیموکراتی و قسەگەلێکی وادا دەناسرێنەوە. بۆیە لەم نووسینەدا بەکارهێنانی هەر یەک لەو ئیدیلۆگیانە مەبەست ئاماژەکردنە بەو تێگەیشتنەی ئەو تویژە سیاسی و ڕووناکبیرییە.

لەم ڕوانگەیەوە بەندە هەوڵدەدات لەدرێژەی ئەم نووسینەدا کاریگەریی و وردەکارییەکانی ئەو دوو هێزە دەرەکییە لەسەر (قەدەری خەونی کورد) ڕاڤە بکات.



هەر لێرەدا دەبێ بڵێم بەڕاستی ئێمە پێویستمان بەئەفراندنی زمانێکە کە بتوانێ بەبونیات و ڕێباز و بەڵگەی فرەوان کێشەکانی ئەم خەونەمان بۆ بخوێنێتەوە، چونکە بۆ نموونە کۆی کوردی هێشتا ناتوانێ بەئاگاییەکی تۆکمەوە لەپەیوەندی کوردو ئەمریکا تێبگات. دواجار ئەمریکا بۆ کورد کراوەتە هێزێکی وەهمی، کە گوایە دەوڵەتی کوردیمان بۆ دروستدەکات، یان بەپێچەوانەوە، کە پێویستی بەکورد نەما خیانەت دەکا. هەڵبەت ئەم دوو جۆرە هەستە لێکدژە سەبارەت بەپەیوەندی کورد و ئەمریکا،ڕۆژانە لەڕاگەیاندنەکانی دوو هێزی جیاوازی کوردیدا هەمیشە دووپاتە دەکرێنەوە. هەر یەک لەو دوو ڕوانگانە لەیەک زمانی بیر کردنەوە سەرچاوە هەڵدەگرن: یان بەپاڵەوانکردنی ئەمریکایە، کە کورد ڕزگار دەکا، یانیش دژایەتیکردنی ئەمریکایە، کە داگیرکار و سەرمایەدار و دژی ئیسلامە... گەر سەرنج بدەین، تەواوی دەمڕاستی حیزبە بەناو ناسیۆنالیستەکانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا، هەمیشە بەزمانێکی لاواز و ساویلکانە لەبەرانبەر سەرۆکەکانی ئەمریکا دەئاخڤن. سوپاس و پیرۆزباییەکان بۆ ئەمریکا هەمیشە هەستێکی بەزەییانە و بێهێزانە بەرجەستە دەکەنەوە. هەردەڵێی کورد قەرزباری ئەمریکایە. نموونەی ئەو تەرزە ڕەوانبێژییە لاوازەش: هەر لەنامەکەی مام جەلال و کاک مەسعودەوە بگرە تا بەحیزبەکانی کوردی ژێر دەستی سوریا تێدەپەڕێ و تا دەگاتە نامەی پیرۆزبایی سکرتێری حیزبی دیموکوراتی کوردستانی ئێران، کە کۆی ئەمانەش ویستی سیاسەتمەداری کورد دەستنیشاندەکات.

هاوکاتیش لەپاڵ چەند گروپ و حیزبی جیاوازی مەیلە و کۆمۆنیستی تازە بابەت و گروپی ئیسلامی کوردی میراتگری سلاحەدینی ئەیوبی، بڕێک ڕووناکبیری بێلایەن و ئاکادیمی کوردیمان هەیە، لەژێر چەتری ئاگایی و ڕەخنەگرتن لەئەقڵی بوش و ڕۆژئاوا، تا سەر ئێسقان دژایەتی سیاسەتی شەڕی ڕژێمی ئەمریکا بەدژی عیراق و تێرۆریزم دەکا. یەکێک لەو ڕووناکبیرانە، کاک فاروق ڕەفیقە، کە دژایەتی کردنی ئەمریکا هانیدەدا

پەنا بباتە بەر (چۆمسکی).(*) لێرەدا بەهەڵەی دەزانم، گەر ئەو بۆچوونەی من لەسەر فاروق رەفیق بخرێتە بۆتەی هەمان ئەو بۆچوونانەی کە پاش کتێبەکەی، "ماڵێکی وێران و ویژدانێکی زامدار..." خرانە پاڵ ئەو، هەروا مەبەستم ئەوە نییە کە فاروق مافی نییە دژایەتی ئەمریکا و ئەقڵی رژێمەکەی بوش بکات، بەڵکو مەبەستی من کێشەی لێکچوونی روانگەکانە لەدژایەتی و دۆستایەتیدا، کێشەی داوێنگیری ئەو پەنابردنەی کوردە بۆ ئیدیۆلی دەرەکی. ئێمە دەزانین چۆمسکی لەبواری زانستی زمان و رەخنەکانی بەدژی رژێمی بوش و ئیسرائیل ناسراوە، بەڵام ئەمڕۆ لەڕۆژئاوا تەنیا کۆمۆنیست و بەشێک لەچەپە توندڕەوەکان،گرینگی بەنووسینەکانی چۆمسکی دەدەن، چونکە ئەوان ئەمریکا بەسەرمایەدار و دژە سۆسیالیزم دەناسن. بۆ نموونە، لەوڵاتی سوێد لەو ساڵانەی دوایی چاپخانەیەکی کۆمۆنیستەکان بەشێک لەکتێبە سیاسییەکانی چۆمسکیان وەرگێڕا و چاپکرد، بۆیە چۆمسکی لەو ناوەندە چەپەش دەخوێنرێتەوە. گەرەکمە بڵێم، فاروق رەفیق رووناکبیرێکە، لەکتێبەکەی خۆیدا پشتگیری هزر و کولتوری (کۆنسێرڤاتیڤ) دەکا، چونکە بەرهەمهێنەری هزر و فەلسەفەی رەسەنی رۆژئاوایە... هتد. ئەوەی من دەمەوێ بڵێم، لایەنگیری حیزبی کوردی بۆ ئەمریکا و روانگەی رووناکبیری وەک فاروق رەفیق و کۆمۆنیست و ئیسلامییەکانی کوردی، لەئاکامدا بەیەک ئاراستەدا دەڕۆن. ئەوەی کە لێکیان جیادەکاتەوە شێوازە نەک ناوڕۆک و جیهانبینی. بەبڕوای من ئەمڕۆ کورد پێویستی بەوە نییە کە رووناکبیر و سیاسەتمەدار پێی بڵێ ئەمریکا پاڵەوانە یان فاشیل و داگیرکار و ئەقڵی سەقەتە، بەڵکو کێشەی کورد ئەوەیە چۆن زمانێکی تێگەیشتن فێر بێت و بەکار بێنێ لەپەیوەندیکردنی لەگەڵ ئەمریکادا. هەروا کێشەی کورد ئەوەیە کە چۆن لەم وەهمە رزگار بێت کە ئەمریکا خوایەک نییە دوا بڕیار لەسەر خەونی کورد لای ئەو دەدرێت. دواجاریش کێشەی کورد ئەوەیە چۆن لەجیاتی خۆ



بەقەرزبار دانانی لەبەرانبەر ئەمریکا، ویستی خۆی و یادەوەری خۆی بەیاد بهێنرێتەوە... هتد.

لەم روانگەیەوە ئەم دوو زمانە بەئاواز جودا و بەئاراستە وێکچووە بەرانبەر بەدەسەڵاتی ئەمڕۆی ئەمریکا، تەنیا بار قورسکردنی زمانی کوردییە، کە هیچێکییان ناتوانن وزە و هەنگاوێکی چاوەڕوانکراو بەئاراستەکانی هزرکردنی کورد ببەخشن. ئەنجامی ئەو دوو تەرزە هزرکردنە لای کۆی کوردی لەشەڕە قسە و رقهەڵڕشتن دەچەقێت. بەواتایەکیتر، ئەو تەرزە بیرکردنەوە قالبگرتووەی کوردی، زمانی کوردی تووشی رێگایەک کردووە، تەنیا بۆ قسەکردنە. بۆیە زمان لەگەڵ خۆیدا دەپەیڤێ نەک لەگەڵ مرۆڤ، کە ئەمجۆرە قسەکردنەش نە کۆتایی هەیە و نە سەرەتا. ئەمەش وای لەزمانی کوردی کردووە لەوتنەوەی ئەزموون و زانیاری و روانگە وەستاوەکاندا شپرزە بێت. دواجار ئەو تەرزە زمانە، کە لەڕەش و سپیدا دەدوێ، توانایەکی نییە بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەو روانگە و ئەلتەرناتیڤە هزریانەی کە بتوانێ ئاسۆ تازەکانمان بۆ ئاوەڵا بکاتەوە: ئەفراندنی پاڵەوانی خورافی یان دۆڕاوی نموونەییە. لێرەدا بونیاتی بیرکردنەوەی کوردی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە: پاڵەوانەکان پاڵەوانی بێکردارن. سەرۆک واتای بچووکردنەوەی ناسەرۆکە. دۆست و دوژمن خاسڵەتەکانیان بێبنەمایە. روونتر بێژم: لەلایەک ئەمریکا دۆستی کورد و دەوڵەتی کوردیمان بۆ دادامەزرێنێت، یان دوژمنی کوردە، سەرمایەدار و بەرژەوەندیخوازە... هتد. لێرەوە لەبەردەم زمانی کوردیدا بواری دەربڕینێکی تر نییە. دواجار زمانی کوردی لەبەرجەستەکردنەوەی خەونی کوردیدا شەکەت بووە.

بەهەمەحاڵ، دوای رونکردنەوەی بیرۆکەی ناوی ئەم بابەتە، هەوڵدەدەم چەمکە بیرلێکراوەکان بخەمە روو. چەمکی "قەدەر" لای کورد بەستراوەتەوە بەکێشەی بەدەستهێنانی رزگاری کورد لەدەستداگیرکاران. بۆیە قەدەر

لەزمانی کوردیدا هەمیشە ئاماژە بەهێزێک دەکا کە لەدەرەوەی توانای کوردە. چەمکی "خەون" لەدەربڕینی کوردیدا هەر تەنیا واتای ئەو چالاکییە نائاگایەی مرۆ نییە لەکاتی خەوتندا، بەڵکو بەرجەستە کردنەوەی پایە و پرسیاری هەزار ساڵەی کوردە. بەواتایەکیتر، کۆستێکە و کوردی سیخناخ کردووە. هاوکاتیش واتای بەواقیعیکردنی بوونی کوردیە لەبڕیار و دیاریکردنی سەروەرییەکەی.

دەستەواژەی "چەپڕەو و راستڕەو" هێمای ئەو هێزەیە کە بڕیار لەسەر خەونی کورد دەدات. "پێشکەوتنخوازی"، "پاشکەوتنخوازی" و"کۆنەپەرستی" ...هتد، چەمکزای ئەو چەپڕەویەن و مالی کوردیان پڕ کردۆتەوە.

هەڵبەت، بەدەست پێوەگرتنەوە دەڵێم، ناکرێ ئەو نووسینە وەک بانگەشەیەک بۆ پاڵەوانخوازی و لێزانی من لێکبدرێتەوە، یان ورتر بڵێم، هەڵەیە ئەگەر خوێنەر وا تێبگات کە من بەروانگەیەکی رەها بەدژی ئەو حزب و ئەم حزب؛ ئەو روانگە یان ئەویتر وەستاوم. هاوکات کە لەچەپ/راستڕاوە دەدوێم، وەک دوو هێزی وەهمی لەهەڵسووڕاندنی خەون و ویستی کورد، مەبەستم ئەوە نییە کە ئەمەیان لەئەویتر بەباشتر بزانم. بەڵکو هەوڵی ئەم نووسینە هەڵوەستە کردنە لەسەر ئەو جۆرە زمانەی کورد کە خۆی لەدوو زمانی دژی تەواوکاری یەکتر نمایشدەکا، دواجاریش هەوڵی ئەم نووسینە ئاماژەکردنە بەو پاشخان و هۆکار و هاندەرانەی کە چ رۆڵێکیان بینیووە لەسەر ئەو "خەونە بەکۆمەڵییەی کورد". بەواتایاکی سادەتر، ئەم نووسینە بەدوا گەڕانی سەرجەمی بیرۆکەکان و جۆرێک لەخوێندنەوەیانە، نەک لایەنگیری یان دژایەتی بیرۆکەکان.

هاوکاتیش دەمەوێ بێژم، کە چۆن "چەپڕەوەی" وەک ئیدۆلۆگیەکی زاڵ لەمێژوویەکی دیاریکراودا، توانی ببێتە هێزێکی وەهمی دەرکی، روانگەیەکی سەرتاپایی بۆ سەرجەم ئاوەزی کوردی، ئەمەش توانی خاسڵەت و نیشانەی خۆی لەسەر وێنەی سیاسی و رووناکبیریی کوردی بەجێبێڵێت، ئەویش:



هەستی خۆ بەقوربانی دانان، خود سڕینەوە و خو گرتن بەراستییەکی رەهاگەراییە. بۆیە رۆحی کوردی هەمیشە بەچاوی دەرەکی ناسنامە و وێنای خۆی بینیووە. لەئاکامی ئەو چەپڕەوەییە کورد ئامێزەوە، بوونی کورد وێنایەکی خەیاڵی وەردەگرێت، کە زیاتر لەجیهانبینی ئایینی نزیک دەبێتەوە تا ئاوەوزگەرایی. لەکاتێکدا ئەوەمان لەیاد بێ، کە چەپڕەوەی لەبنەڕەتدا بەرهەمی پرۆژەی مۆدەرنیتێ و ئاوزگەرایی رۆژئاواییە.

بەڵام دوای هەرەسی سۆڤییەت و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و بەدواهاتنی شەپۆلی جیهانگیری و هەڵوەشانەوەی روانگە ئیدۆلۆگییە باڵادەستەکان، یان بەواتای هزرڤانی پۆستمۆدێرنیستی فەرەنسی، لیۆتار "کۆتایی هاتنی داستانە مەزنەکان" و لێدانی ئاوازە تازەکان و دواجاریش باڵادەستی ئەمریکا وەک تاکە دەسەڵاتێکی سیاسی و راستی...هتد، ئیتر ریتمی رۆشنبیریی و سیاسی کوردی تووشی لەنگی دەبێ. لەبەردەوامی ئەو پرۆسەی گۆڕانەدا، لێدانی رژێمی سەددام بەدەستی دەسەڵاتداری ئەمریکا و بەدوا داهاتنی روخانی سەددام، دۆخێکی تازە لەڕوانگەی مرۆی دەمڕاستی سیاسی و رووناکبیری کورد دێنێتە ئاراوە و خەونی کوردیش دەکەوێتە دەست قەدەرێکی تر کە ناوی راستڕەوەی/کۆنسێرڤاتیزمە. کە هێشتا دەستەواژەی "سۆسیالیزم" وەک دوا ئامانج، لەپەیڕەو پرۆگرامی حیزبە بەناو ناسیۆنالیست و مەیلەو چەپڕەوەکان نەسڕاوەتەوە، کەچی جۆرج بۆش و ئیدۆلۆگیە راستڕەوەکەی دەبێتە سەرچاوە و قەدەری خەونی کورد.

جێگەی ئاماژەیە، گەر دوێنێ لەژێر بڕەوی چەپڕەویدا چینی کرێکار و رووتەڵە، پاڵنەری بیرکردنەوەی سیاسیی و ئەخلاقی کوردی بوو، کەچی ئەمڕۆ حیزبە کۆنپارێزەکەی بۆش دەبێتە ئەو پاڵنەرە، کە بۆرژوا و پارەدار لەپشتەوەی ئامادەنە. لەکاتێکدا کۆمەڵگای کوردی، دوای ئەو وێرانکاریە هێشتا خۆی بۆ ئەو تەرزە ئیدۆلۆگییە ئامادە نەکردووە.

بەڵام بۆ ئەوەی کەمێک بەوردی لەمەبەستی ئەم نووسینە تێبگەین، دەبێ بەکورتی بیرۆکەی تیۆری "چەپڕەوی–سۆسیالیزم" و "راستڕەوی–کۆنپارێزی" نمایش بکرێن.

## روانگە بنەڕەتییەکانی چەپڕەوی

واتای چەپڕەوی لەم نووسینەدا باسکردنی مێژووی دیدە جوداکانی نییە، بەڵکو مەبەست لەو ئیدیۆلۆگیەیە کە وەک بڕوایەکی مێتافیزیکی بۆ ماوەی نیو سەدە بەسەر ئاوازی کورد زۆرینەی هێزی سیاسی و رۆشنبیریی کورد باڵادەست بوو. داستانی ئەو دەستەواژەیە لەجەم ئەو هێزەی کورد گرینگیەکی نەبووە، بەڵام ئەو دەستەواژەیە لەسەروبەندی شۆڕشی فەرەنسییەوە سەریهەڵدا و دواجاریش لەکارل مارکسەوە تا لێنین روانگەیەکی تری وەرگرت. لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیدا بەو کەسانە دەگوترا کە لەپارلەماندا لەدەستە چەپ دادەنیشتن و لایەنگیری پەرلەمەنتاری بوون، بەڵام لەئاستی تیۆری و بەلای چەپڕەوی سەر بەمارکسیزم، سەرچاوەی ئابووریی دەبێ بچێتە گیرفانی دەوڵەت و دواجار دەوڵەت خۆی ئەو سەرچاوە ئابوورییە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشدەکا، کە ئەمەش



بنەمای ئابووریی – سیاسی مارکسیزمە. لەڕوانگەی سیاسییەوە دەبێ هەموو خەڵک یەکسان بن و لەمافەکاندا یەک پایە و نرخییان هەبێت. لەم روانگە کۆلێکتیڤەوە تاکەکەس ئازاد و یەکسان دەبێت. موڵکداری تاکەکەسی جێگەی لەڕژێمێکی چەپڕەوی نابێتەوە.

سۆسیال دیموکراتەکان یان سۆسیال لیبرالییەکان وەک نموونەیەک لەچەپ توانیان دیدی ئابووریی لیبرالییانە تێکەڵاوی تێزی ئابووریی–سیاسی مارکسیزم بکەن. لەو روانگەیەوە کە دەبێ هەموو کۆمەڵ باجبدات بەدەوڵەت، بەڵام سۆسیال دیموکراتەکان ئەو سەرچاوە ئابوورییە بەسەر ئۆرگان و فابریکە جیاوازەکانی دەرەوەی دەوڵەت دابەشدەکەن. لەو سیستمەدا ئەرکی دەوڵەت جێبەجێکردنی پێداویستیە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵە ، بەڵام لەئاست بوژانەوەی ئابووریدا بیرۆکەی لیبرالیزم پیادە دەکەن. لەوێدا تاکەکەس دەتوانێ لەکێبەرکێ و کاری ئابووریدا ئازاد بێت. واتا جیاوازی توانای تاکەکەسەکان نابێتە کێشەی کۆلێکتیڤ. بەلای سۆسیال دیموکراتەکانەوە تاکەکەس لە رووی گەشەی ئابوورییەوە دەتوانێ لەدەرەوەی کۆلێکتیڤ گەشە بکا، کە ئەمەش زیاتر دیدێکی لیبرالییە تا مارکسیزم.

بەڵام چەپڕەوەی کوردی بەدەربڕینێکی سادە، بەحیزب و تاکەکەسی رووناکبیرەوە، هەڵگری ستالینزمە. بۆیە بەگشتی بەروانگەی حیزب و رووناکبیری کوردی سەر بەچەپ گەر لایەنگیری نەبیت، ئەوە دەبیە دوژمنی، ئەمەش دیدێکی سەرکوتکەرانەیەو نیو سەدە پانتایی سیاسی و رۆشنبیریی کوردی گۆشکرد. بۆیە لەجیهانی سیاسی و رۆشنبیریی کوردیدا هەموو جیاوازییەک مانای دژ وەردەگرێت. وێڕای ئەمەش دوای هەرەسی بلۆکی سۆڤییەت چەپڕەوی کوردی، لەجیاتی چاکسازیی خۆی، زیاتر بەرەو گروپێکی داخراوی فۆندمێنتال رۆیشت.

## روانگە بنەڕەتییەکانی راستڕەوی – کۆنپارێزیی

کۆنسێرڤاتیزم یان کۆنپارێزیی واتای پاراستن یان هێشتنەوە دەگەیەنێت. ئەدمۆن بورکی ئینگلیز لەسەدەی حەڤدەدا، هەڵگری بیرۆکەی ئەو ئیدیۆلۆگییە بوو. ئەو پیاوە دژی روانگەکانی شۆڕشی فەرەنسی بوو. لەساڵی 1790 بۆرک پێی لەسەر دابونەریتی کۆنی فەرەنسی داگرت. بورک پێی وابوو خوا و پاشا بڕیاریانداوە کە مرۆڤەکان دەبێ ببنە خاوەنی دەوڵەت.

لە روانگەی کۆنپارێزەکانەوە ئەرکی سەرەکی مرۆڤ نواندنی دڵسۆزییە بەرانبەر بەدەوڵەت، دەبێ دەوڵەت بەهی خۆی بزانێت. بۆیە ئەوان دەوڵەت بەخودی جەستەی مرۆڤ دەچووێنن، چونکە لەو دەوڵەتەدا هەر کەسەو ئەرکێکی تایبەتی خۆی هەیە. لەڕژێمێکی کۆنپارێزدا هەبوونی هەرارکیەکی کۆمەڵایەتی، گرینگی خۆی هەیە. لەوێدا توێژێک لەکۆمەڵ دەبێ باڵادەست بێت. هاوکاتیش کڵێسە رۆڵێکی گرینگ دەبینێ لەفێرکردنی چاکەدا. بۆیە لەسیستمی کۆنپارێزدا، هەروەک دەبینین کە کڵێسە لەئەمریکادا رۆڵی پشتیوانی دەوڵەت و حیزبی کۆماری دەگێڕێت.

بە شێوەیەکی گشتیی دیدی کۆنپارێزی نوێ، لەپرۆسەی حوکمدا: جەخت لەسەر بەردەوامی، نەگۆڕی دابونەریت، سیستمی دادوەری، موڵکایەتی، تاکایەتی و گروپ لەبەرانبەر دەسەڵاتدا دەکاتەوە. بەرای ئەو کۆنپارێزە نوێیەوە کە حوکمڕانی سیاسی دەبێت بەباشی پابەند بێ بەدادوەری گشتییەوە، وەک ئەوەی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەو دەکرێ. لەو سیستمەدا دادگای باڵا دەتوانێت بڕیاری سیاسی هەڵوەشێنێتەوە، لەوێدا گەر دادگای باڵا بزانێت ئەو بڕیارە لەگەڵ دادوەری ناکۆکە دەتوانێت رەتیبکاتەوە. بۆیە لەئەمریکادا دادگای باڵا بەجێگرییەکی لەباری پاشایەتی دادەنرێت. زۆرێک پێیان وایە ئەو جۆرە دادگایە، وەک هێمایەک لەجێگەی پاشا رۆڵی یەکگرتنی نەتەوە دەگێڕێت. هاوکاتیش خێزان بەلای کۆنپارێزەکانەوە پێکهێنەری بنەمای کۆمەڵگایە. بازاری ئابووریی



لەسیستمی کۆنپارێزیدا بەربەرەکانێی دەستێوەردانی دەوڵەت دەکات، کە ئەمەش بوژانەوەی دەوڵەتە. دواجار لە روانگەی کۆنپارێزەکانەوە لەکۆمەڵگادا هیچ هاوئاهەنگییەکی نموونەیی یان دادپەروەرانەی رەها لەگۆڕێدا نیە. ئامانجی سیاسی کۆنپارێزەکان زەمینە خۆشکردنی ژیانی هاووڵاتییانە، نەک بێگەرد کردنی ژیان. بۆیە ئەوان یەکسانی و پاکی بەمەحاڵ دەبینن، بەڵام لای کۆنپارێز، نەتەوە کاکڵەی کۆمەڵە. لێرەوە بەرگری کردن لەنەتەوە دەکەوێتە پێش هەموو شتێک، هەروەک ئەو دیدە لەئاخاوتنەکانی جۆرج بوش و حیزبەکەی بەراشکاوی بەرجەستە دەکرێتەوە. بۆیە تەواوی کۆنپارێز–راستڕەوەکان لەسەر ئەوە سوورن کە دەبێ بەرگرییەکی سەربازی تۆکمە و گەورە هەبێت تا بتوانێت کۆمەڵگا یان دەوڵەتی نەتەوەیی بپارێزێت. ئەمەش لەدەسەڵاتی ئەمریکای ئەمڕۆدا بەرچاوە.

## چەپڕەوی و قەدەری خەونی کورد

هەر لەناوەڕاستی سەدەی بیستەوە، یان زیاتر لەحەفتاکانەوە، چەپڕەوی یان سۆسیالیزم دەبێتە ئاینێک کورد بەخۆیەوە سەرمەست دەکا. سۆسیالیزم وەک سەرچاوەی هێزێکی باڵادەست، کە گوایە رزگاریکاری گەلانی بندەستە و بەگشتیش کێشەی چەوساندنەوەی چینی هەژار و کرێکار جەختدەکاتەوە، دەبێتە بزوێنەری رۆحی کورد. دواجار ئەو ئیدۆلۆگییە وەک هێزێکی مێتافیزیکی سڕکار، توانی ویستی ناوەکی کورد فەرامۆشبکا و خەونی خۆی بداتە دەست قەدەرێکی دەرەکی. ئەمەش هەر تەنیا کێشەیەک نەبوو کە کورد دەرگیری بێت، بەڵکو زۆرینەی بزاڤی سیاسی و رۆشنبیریی وڵاتانی ئەفریکا و لاتین ئەمریکا و دونیای ئیسلامی بوون بەوابەستەی بلۆکی سۆسیالیزم، بەڵام رەنگە ئەو ئیدۆلۆگیە چەپڕەویە لەهەر ناوچەیەک، بەگوێرەی پێکهاتی کولتوری و کۆمەڵایەتی ناوچەکان، رەنگی

خۆی وەرگرتبێت، بەڵام لەڕۆژهەڵات بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی، جێگەی بڕوا و ئایینی ئیسلامی گرتەوە، یان لەسەر ئەو روانگەیەکی خورافی قاڵبڕێژ بوو، چونکە دۆخی هەژاری و رێژەی زۆری نەخوێندەواری لەجیهانی ئیسلامی و کوردی بەتایبەتی، زەمینە خۆشکەری ئەو ئیدۆلۆگیە بوو. قسەگەلێکی وەک: یەکسانی، برایەتی و پەسندانی چینی هەژار، زیاتر لەئاوازی خوتبەی ئایینی نزیکە تا واقیعییەتی ژیان و چارەسەرییە کۆنکرێتەکان. بەکورتی پێکهات و بونیاتی ئابووریی و ئاگایی سیاسی کۆمەڵگای کورد لەهەموو بەشەکانی جەستەی کوردستان، جێگەی ئیسلامی گرتەوە، کە وەک هێزێکی قەدەرهەڵگر،خەونەکانی خۆی بۆ مەیسەر دەکا.

هەر بۆیە سەرچاوەی سۆسیالیزم بۆ تەواوی بزاڤی کورد بوو بەئامانجی کۆتایی. رەنگە جێگەی ئاماژە بێ، کە لەژێر کایەی ئەو ئیدۆلۆگییە ئۆتۆپیەدا، مرۆی سیاسی و رووناکبیریی کوردی دەبوو گیانفیداکار بێت. واتا خاسڵەتی خۆبەختکردن و فەرامۆشکردنی خود و بەرژەوەندییەکانی خۆی...هتد، بوو بەوێنای ئیدیالی مرۆی سیاسەتمەدار و رووناکبیری بەڕاستی.

لە سەرمەستی ئەو ئیدۆلۆگییەدا نەوەی حەفتا و نیوەی هەشتاکانی کورد، بەپێچەوانەی نەوەی دوای هەرەسی بلۆکی چەپڕەوی، هەموو خەونە تایبەتییەکانی کرد بەقوربانی خەباتی چەکداری و ونبوون لەچاوەڕوانییە خەیاڵییەکان. هاوکاتیش لەهەر چوار لەتی کوردستاندا، کوردی کۆمۆنیست بەهۆی ئەو خەیاڵپڵاوییە، لەعارەب و فارس و تورک زێدەتر سەرگەم بوو بەبرایەتی و نێونەتەوەیی و پاراستنی چوارچێوەی ئەو وڵاتە داگیرکەرانە، بێ ئەوەی لەڕەهەندەکانی ئەو بانگەشانە بەئاگا بێت. هەر بۆیە بەشێکی فرەی کورد لەبەر ئەو سەرمەستییە، تا ئەمڕۆش بێبەرییە لەزمان و مێژوو و کولتوری کوردی، گوایە ئەوە پاشکەوتنخوازی و نەتەوەپەرستییە، کەچی نەتەوەی باڵادەست ئەو رۆحە سافیلەکەیەی پڕ کرد لەڕۆحی شۆڤینیەیەتی خۆی .

بۆ نموونە تا ئەمڕۆش حیزبی شیوعی سوریا، کە لەوێدا لەهەموو مافێک بێبەشە، کەچی کورد چالاکترین توێژی هێزی ئەو حیزبەیە. کەچی



تا ئێستاش ئەو حیزبە بەرانبەر بەکورد یەکێکە لەشۆڤینترین حیزبە چەپڕەوەکانی ئەو ناوچەیە. هەڵوێستی ئەو حیزبە لەسەرهەڵدانی بەهاری ئەمساڵی کوردی ئەو بەشە، تەنانەت لەحیزبی بەعسی دەسەڵاتدار شۆڤینتر بوو. قەدەری باکووری کوردستان هەمان وێنەی لەتەکانی کوردستانی بەخۆیەوە بینیەوە.

وێڕای ئەمەش، لەئێراندا، تەواوی چەپ، تا ئەمڕۆش، بەئیدۆلۆگی شۆڤینینانەی ئێرانی جڵەوی کوردی کردووە. جێگەی سەرنجە، لە روانگەی وێنای کۆمۆنیستی خۆبەختکار، لەبرادەرێکی کۆمەڵەی ئێرانم بیست، کاتێ مەنسوور حیکمەت لەدەرەوە چوو بوو بۆ کوردستان، پۆتینە کرێکاری و شێوەی جل و بەرگەکەی، ئەندامانی کوردی حیزبی کۆمەڵەی شاگەشکە و بووراند بۆوە. بەلای ئەوانەوە مەنسوور وەک فارسێک لەئەوروپا دەژی چۆن وا سادە و ساکارە. واتا مەنسوور وەک ئەکتەرێکی خەباتگێڕ و کۆمۆنیست دەبێتە باوکێکی رۆحی مرۆی کوردی کۆمۆنیستی خەیاڵپڵاو.

لێرەوە دەبینین، خەونی کورد لەقۆناغی چەپڕەویدا، قەدەرێکی دەرەکی، بەناوی نێونەتەوەیی و برایەتی و لەخۆ بووردوویی ئاوەز و گیانی سافیلکەی ختۆکە دەدات. ئەمەش بوو بەفەرامۆشکردنی ویستی کورد، دواجار ئەو تەرزە ئیدۆلۆگییە بەگۆشەیەک لەو بەهەشتە میوانداری کوردی نەکرد، تاوەکو لەچاوەڕوانی ئەو خەونە شەکەتەی سەرفرازی بکا. بۆیە وێنای ئەو بەهەشتە، پاش کاڵبوونەوە و رمانی سۆڤییەت و هاتنی ئەمریکا، کە لای زۆرینەی هێزی سیاسی و رووناکبیری کورد، بەئیمپریالیزم دادەنرا، بوو بەئەو بەهەشتە بەڕاداندراوەی، کە ئێستا سەرگەرمی کردووین.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بزاڤی سیاسی کورد هەمیشە دەقی بەوە گرتووە، هەروەک بەخت ئەوەی کردبێت، کە قەدەری خەونەکەی، نووشست و تێکشکانەکانی لە هێزە دەرەکییەکان مارە بکات. هەر بۆیە لەئاخاوتن، یان زمان–گوتاری کوردیدا تەواوی کێشەکان دەخرێتە سەر شانی هۆکارە دەرەکییەکان. بەواتایەکیتر هەر لەپاش پەیمانی سیڤەر و لۆزانەوە، کە دوو پەیماننامەی دوای هەردوو شەڕی جیهانی بوو، بزاڤی

کوردی بۆ دەستنیشانکردنی مافەکانی بێبەری بووە لەویستی بڕیاری ناوەکی خۆی. هۆی خۆیەتی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای ئەو بڕوادارییەی کە کورد بەشێوەیەکی خۆشباوەڕ، ئیدۆلۆگی چەپڕەوی و ویستی دەرکی پیادە دەکات، بێ ئەوەی بۆ هێزە ناوەکییەکانی خۆی وەفادار بێت. لەئاکامی ئەمەدا، کە ئێستا چەپڕەوی بۆ کورد وێنای ئەزموونێکی دزێوی وەرگرتووە، یان بۆ رەوتێک وێنای بەپیرۆزکردن.

هەر بۆیە ئێستا بزاڤی کوردی و دەمڕاستە رووناکبیرەکەی لەهەموو لەتەکانی کوردستاندا بەهەمان روانگەی چەپڕەویەکەی پێشووی، قەدەری خەونی کوردیان دە قەبەر راستڕەوی و ئەمریکای بۆش کردووە.

## گەرایدا BUSHخەونی کورد لەچاوەڕوانی راستڕەوی یان

ئەگەر لەسەر ئاوازی ئەو وتەیەی نیتشە: "خوا مرد"، ئێمەش بڵێین، چەپڕەوی کوردی مرد، بەڵام راستڕەوی و بۆشگەرایی جێگەی ئەو خوایە چەپڕەوەی کوردی گرتەوە کە خەونی کوردی بەدینەهێنا. لەم روانگەیەوە ئیتر هەر لەدوای مردنی خوای قەدەری کۆنینەی کورد، بەجۆرێک لەجۆرەکان کۆی بزاڤی کوردی لەچاوەڕوانی ئەو خوایە بەناو کۆنپارێزی یان راستڕەویە دایە، کە ئەمڕۆ بێ یان سبەی ئەمریکا ئەو خەونە سیاسییەی کوردمان بۆ دابین دەکات. هەڵبەت لەڕووی ئیدیۆلۆگییەوە "راستڕەوی" و "چەپڕەوەی" زۆر جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام لەتوێژی سیاسی و رووناکبیری ئەمڕۆی کوردیدا،ئەوەندی من بزانم،یەک واتای وەرگرتووە. وەک گوتمان بۆ نیو سەدە سۆڤیەتی گۆرین بۆی مەیسەر نەکردین. کەواتە کورد تەنیا خواکانی گۆڕییەوە. ئەگەر لەدیدی



نیتشە "خوا مراندن"، مەبەست لەگەڕانەوەی مرۆڤ بێ بۆ ویستی خۆی و پیادەکردنی هێز، کەچی بۆ کورد گەڕانە بەدوای خوایەکی تر کە لەدەرەوەی ویستی خۆی و هێزی ناوەکی خۆیەتی. دواجار ئیشی کورد خۆ فڕێدانە لەباوەشی خوایەکی مردووەوە بۆ باوەشی خوایەکی تازە؛ بەپاڵەوانکردنی هێزی راستڕەوی ئەمریکا و فەرامۆشکردنی ئەزموونی تێکشکاوی چەپڕەوییە .

کێشەی کورد لەهەڵبژاردنی هێزە دەرەکییەکان هەمیشە کەژو هەوایەکی جیهانی لەپشتەوە بووە. گەر لەسەردەمی چەپڕەویدا سۆسیالیزم و سۆڤیەت وێنای پشتیوانی گەلانی زۆرلێکراو و کۆلەواران بوو، ئێستا بەفرەبوونی بازاڕ و کاڵا و خودپەرستی و تاکگەرایی مرۆڤەکان وێنای مرۆڤی سەرکەوتووە...هتد.

ئەمڕۆ مادده و بەسێنتەربوونی خۆویستی مرۆڤ و هەودا بوون بەدوای کەل و پەل، دوا ئامانجی ژیانی کۆمەڵگاکانە. ئەو ماشێنەی کە بەناوی بەجیهانیبوون–گۆلوبالیزم ژیان و روانگەکانی مرۆڤ دادەهێنێت، ئیتر نە بیرۆکەکان و نە خودی مرۆڤیش لەتوانای نەماوە خاوەن بنەمایەکی دیاریکراو بن. ئاکامی ئەو دیاردەیەش شپرزە بوونی بونیاتی مرۆڤ و ژیانە، کە بەمەرجەکانی ئەو هەموو گۆڕانە راناگات. گەرچی رەنگە هێشتا ئەو ماشێنە بەناو گۆلوبالیزمە بەتۆڕە لێکچڕژاوەکانی ناخی کۆمەڵگای کوردی داگیر نەکرد بێت، بەڵام لەباری دەروونی، ئاگایی و خواستی پەیوەندییەکان توانیویەتی مرۆی کوردیش بەمۆدەکانی و مەرجەکانی سەوداسەر بکات. لەئاکامی ئەمەشدا تۆوی بونیاتێکی خودویستانەی لەکۆمەڵگای کوردیدا چاندووە، کە لەمەیلی کەرەسە و مۆدەو فۆرم پەرستی ...هتد، دەسکەوتی ئابووریدا زەقدەبێتەوە. ئەو پرۆسە تازەیەش نەک هەر بڕیار لەسەر تاکی کوردی دەدات، بەڵکو بەکاریگەرییەکانی پێکهاتی کوردی کردووە بەخولیایەک بۆ بوونە ئامراز لەپێناوی تێرکردنی خود. هەڵبەت لە روانگەی تیۆرییەوە لەنێوان بەجیهانیبوون و جیهانگیریدا جیاوازییەک

هەیە، کە دەبێ بیری لێبکەینەوە: لەم نووسینەدا بەجیهانیبوون، دیاردەی باڵادەستی بازاڕ و لێکدانەوە نێگەتیڤەکان دەگرێتەوە، چونکە جیهانگیری– گۆلوبالتێت لەئاستی تیۆریدا روانگە هزری، کۆمەڵایەتی کولتورییەکان بەگشتی دەگرێتەوە، لێرەوە گەر دوێنێ، لەژێر کاریگەریی چەپڕەویدا کورد دوور لەویستی خود و خولیای کەرەسە خۆی بەگیانێکی بەکۆمەڵی مرۆی ئیدیالی پەرەوەردە دەکرد، کەچی ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە، خود و بەرژەوەندی، بگرە لەکاری سیاسیشدا، بۆتە ئیدیال و پاڵەوانی مرۆی کورد. بەواتایەکی تر، گەر دوێنێ کورد سەرقاڵ بووبێ بەچالاکی سیاسی و رۆشنبیریی، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی...هتد، کەچی ئەمڕۆ توێژی سیاسی و رووناکبیریی کوردی، لە پێناو بەسێنتەرکردنی خود و خواستە دەسەڵاتخوازەکەی، حەوداڵە بەدوای خۆ گونجاندن لەگەڵ دەسەڵاتی خاوەن مادده و هێزی باو.

دواجار خەمی ئەمڕۆی توێژەکان، بەسیاسی، رووناکبیر و کۆی کۆمەڵ، بەدەراوێتەکردنی دەگمەنێک لەو توێژانە ، بۆ نموونە، بۆ لاوی کوردی تازە بابەت، "پاڵەوان"ی لەوەدا دەبینێتەوە کە ببێتە گۆرانبێژێکی مەیلە و ئەوروپی و لە"کلیپ"ێکدا، وەک گۆرانیبێژە رۆژئاواییەکان، بەوێنەی ئۆتۆمبیل و کیژێکی قژکاڵەوە، یان بەئاوازی لەنجە و لاری کچە گۆرانینێژە popو Rock کان لەشاشەی تەلەفزیۆن پیشانبدرێ، تاکو کیژ و کوڕی کورد لەناوەوە و دەرەوەدا بەخۆیەوە سەر سام بکات. هاوکاتیش لەئاستی کۆمەڵدا، ئۆتۆمبیل و تەلەفۆن مۆبایل و خانوو؛ دەسکەوتە فۆرمالیتێیەکان، ئاواتی سەرەکی پێکدێنێت. یان بەواتای ئەمڕۆی کورد گەر دوا مۆدێلی ماشێنت لەژێر نەبێ کەس بە"پیاو"ت دانانێت.

ئەمڕۆ کەسێکی رووناکبیر و لێزان لای کورد، پایەی تێگەیشتن نییە لەئاستی زانین و ئاوەز؛ چالاک بوون لەبوارێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، سیاسی و رۆشنبیریی، وێنای کەسی سەرکەتوو نییە، بەڵکو دەوڵەمەندی و ئامانجی خود کردنە نێوەند و موڵکداریی تایبەتی، یان خەمی رووناکبیری



زار قەڵەباڵغی ئەمڕۆی کورد، دەرکەوتن و جێگە خۆشکردنە لەکەناڵ و نێوەندە گەورەکانی دەسەڵات...هتد. بەواتایەکی تر، لەڕوانگەی ئەو پشتینە جیهانگیریی و "بوش"گەراییەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، زاراوە سیلاک بووەکانی وەک ئازادی تاکەکەس، دیمۆکراتی، کۆمەڵگای مەدەنی، فێمێنیزم و قسەگەلێکی لەم تەرزانە بۆتە رێگەخۆشکەر بۆ هەموو مەیل و کردەیەکی ناڕەوا. ئەمەش سەرەتای کولتور و نەریتێکە کە بوودەڵەیی و کولتوری جەڵەبی، یان گەڕەلاوژەی خودویستی لەپشتەوەیە، نەک وەرچەرخان و گەشەی ئاوەز و مەعریفە. بەرهەمی ئەو مۆدە بەجیهانیببوونە و "بوش"گەراییە نوێباوەی کورد، بەهای فەرامۆشکردنی ویستی سەربەخۆیی و بەپەڕاوێزکردن، یان بەکەرەسە و فۆرمکردنی "خەونی کورد" ە، نەک گۆڕانێکی بونیادی لەئەزموونی تاڵی کورددا. ئەو دیاردە نوێباوەی کورد بەبیانوی ئەوەی کە دونیا گۆڕاوە، یان گوایە "سەردەمی گۆلوبال، تاکگەرایی، پێداویستی تازە و... هتد،بۆیە دەبێ کوردیش واز لەداوای خەبات بۆ خەونی کورد بێنێت و خەریکی گوتنەوەی ئەو دەستەواژە و قسەگەلە بێت کە ماشێنی بەجیهانیبوون و بازاڕی سەرمایەداری و لیبرالیزمی نوێ بەرەواجی کردووە. بەهەمەحاڵ.

بەڵام ئەگەر ئەو روانگەیە بەرهەمی لیبرالیزم و کۆنسێرڤەتیڤی نوێ بێت؛ پۆستمۆدێرنیزم وەک بنەمایەکی هزر لەپشتەوەی بێت،کە بەرهەمی کۆنتێکستی ئەو قۆناغە هەمەجۆرانەی رۆژئاوان. کەچی ئەو روانگە لەگەڵ ئامادەبوونی بەژن و باڵای سەربازەکانی ئەمریکا لەعیراقدا، لەهیکرا پەنگدەداتەوە و رۆحی کورد لەگەڵ خۆیدا رادەپێچێت، بێئەوەی بوونی کورد لۆژیکێکی بۆ ئەو روانگە تازەیە هەبێت. لەکاتێکدا، ئەگەر ئەو روانگە تازانەی ئاماژەیان پێکرا، لەئەوروپا بەلۆژیکی لیبرالیزمی نوێ بناسرێن، کەچی جۆرج بۆش لەسەرچاوەیەکی مەسیحگەراییەوە پیادەی ئەو روانگە تازانە و سیاسەتی دەرەکیە دەکا. جێگەی سەرنجە،ئەو روانگە و مانایانە

لای ئێمە دەبنە باو و مۆدەی دەڤۆکی، بێئەوەی پرسیار بکەین ئێمە لەکوێین و بەچی و چۆن لەگەڵ ئەو دیاردانە مامەڵە بکەین!

وێڕای ئەمانەش، لەبیرمان نەچێت پاش هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ عیراق، هەموو بەهایە ئەخلاقی و ئیدۆلۆگی کۆنپارێزی بۆش، کە بۆرژوا و سەرمایەدارەکانی ئەمریکا بەخۆیەوە دەگرێتەوە، ئەمەش، بێ ئەوەی ئێمە ئاگامان لێبێت، ئەخلاقی خۆویستی بەخشی بەتوێژی سیاسی و رووناکبیری کورد.

کەچی چەپڕەوی پێشووی کورد، چونکە روانگەی دژە مولکداری تاکەکەسی ئیدیالی بوو، ئەمەش مێنتالێکی قوربانی و خود فەرامۆشکردن و وەهمی مرۆی ئیدیالی گۆشکرد. بۆیە کاری بەکۆمەڵی و گیانفیداکاری و خۆبەختکردن لەپێناو کۆمەڵ...هتد، جێگەی پایەداری و نموونەی مرۆی چاکە بوو بۆ کورد. ئەمەش بوو بەوێنایەک بۆ مرۆی سیاسی و رووناکبیر، کە پڕ بوو لەدووانەیی؛ بەرووکەش ئازادیخواز و خەباتگێڕ بوو، بەناوەڕۆکیش هەڵپەرست و ساختە بوو، بەڵام دواجار ئەو رووکەشیە وێنای ئیدیالی بوو بۆ نموونەی مرۆی رووناکبیر و سیاسی. کەواتە خەونی کورد لەگیانی مەیلەو ئیدیالی و ئایینی بەرجەستە دەکرایەوە.

لێرەوە ئەرکی رووناکبیری جیاوازی کورد، گەڕانەوەیە بۆماڵی رۆشنبیریی کوردی بۆ ئەوەی بتوانێت سەرچاوەیەکی رۆشنبیریی کوردی دەستەبەر بکا بۆ خوێندنەوەی روانگە رۆشنبیرییەکانی "ئەویتر". دەگمەنی ئەو زمانە جیاوازە لەپانتایی رووناکبیری کوردی ئەمڕۆدا، یەکێکە لەو کێشە رۆشنبیرییە خەمهێنەرەی ژیانی کورد. هەڵبەت هیچ کۆمەڵ و کولتورێک بێ بوونی گەڕانەوەیەک بۆ سەرچاوەکانی خۆی ناتوانێ خاوەن گوتار و روانگەیەکی رۆشنبیریی، تۆنێکی تایبەتمەندی کوردی، خۆی بێت. لەئاکامی فەرامۆشکردنی ئەو سەرچاوە رۆشنبیرییەی ئەمڕۆی کورد، پانتایی رۆشنبیری کورد هەڵگری مێتود و روانگەیەک نییە کە بتوانێ زمانی خوێندنەوە و هەڵوەشاندەوەیەک بۆ خودی خۆی بەرهەم بێنێت. لەپانتای



بڵاوکراوە پان و پۆڕەکانی کوردیدا، دەستەواژە و تیۆرییەکان لەشێوازێکی بێ ئاراستە و بێ پرۆژە و بێ ئاکامگیری، ئاپۆڕە دەکرێن.

## ئاکام و رامانێک بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی کورد

هەڵبەت چەپڕەوی لەنیو سەدەدا، نەک هەر خەونی کوردی رۆشن نەکردەوە، بەڵکو هەستی خۆ بەقوربانیدان و تاوانبارکردنی هێزی دەرکی کرد بەروانگەیەک بۆ کورد، بۆ ئەوەی سەبووری دۆڕانەکانی بداتەوە. ئاکامی ئەمەش بوو بەبنەمایەک کە ئەمڕۆ هێزی دەمڕاستی سیاسی و رووناکبیری کورد وێنای راستڕەوەی و "بوش"گەرایی بکات بەئەو هێزە رزگارکەرەی خەونی کورد. لێرەوە ئەو گۆڕانە لە روانگەی کورد، گۆڕانێکی بونیاتیانە نیە، بەڵکو گۆڕانێکە لەئاستی فۆرم و ناوەکان؛ کۆنپارێزی و "بوش"گەرایی، جێگەی چەپڕەوەی و سۆڤیتگەرایی دەگرێتەوە؛ خودگەرایی و بەرژەوەندی تاکە دەسەڵاتدارەکان و ئامانجی ئابووریی، لەجیاتی روانگەی بەکۆمەڵی و خۆ بەفیدا کردن و خود فەرامۆشکردن، دەبێتە ئیدیالی مرۆی کورد...هتد.

لە کاتێکدا گەر بیرۆکەی کۆنسێرڤەتیڤی، لەدوای کاڵبوونەوەی چەپڕەوی کوردی هاتنی ئەمریکا، وەک روانگەی تازە دەبێتە مۆدەی کورد، کەچی ئەو کۆنسێرڤێتیڤە لەبیستەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی لەڕۆژگاری دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لەعیراق، وەک بیرۆکەیەکی خۆماڵی لەئاستی رووناکبیریی و سیاسیدا چالاک بوو. لێرەوە دەکرێ ئاماژە بەتوێژێک لەڕووناکبیری کوردی بکەین، کە نەک هەر لەئاستی چالاکی رۆشنبیریدا خەمخۆر، یان هەڵگری پرۆژەیەکی رۆشنبیریی سیاسی گۆڕانی بونیاتی کوردی بوون، بەڵکو لەئاستی سیاسی و کۆمەڵاتیش ئامادە بوون. بیرۆکەی ئەو پانتاییە رۆشنبیریی و سیاسییە لەڕەوتی "کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان" بەرجەستە دەبێتەوە. لەوێدا کۆمەڵێک رووناکبیری رەسەنی کوردی وەک: "حەمدی بەگ، جەمیل سائیب، ئەحمەد موختار جاف، موستەفا بەگی ساحێبقڕان، رەفیق حیلمی و چەندان رووناکبیری تر وێنای ئاگایی کورد بوون، یان دەکرێ بەمیراتگری دەنگی خۆڕسکی شاعیری رۆح بەرزی حاجی قادری کۆیی بناسین. هاوکاتیش شۆڕشی شێخ سەعید و شێخ مەحموودی نەمر و شێخ نەهری و بگرە سەرۆکی کۆماری مەهاباد، قازی موحەمەدی نەمر، دواجاریش بزاڤی "ژێکاف" لەم روانگە راستڕەوەدا بەرجەستەدەبنەوە. ئامانجی ئەو رووناکبیر و بزاڤە کوردییانە، لە روانگەی وشیارکردنەوە و دامەزراندنی رۆحییەتی کوردی رەسەن بوو، نەک وابەستە بوون بەروانگەیەکی دەرەکی و لاسیکردنەوە، کە ئێستا لەئاردایە. بەبڕوای من، بۆ ئەوەی یادەوەری کوردی خاوەن ئاگاییەکی خۆی بێت، ئەرکی زمانی تازەی رووناکبیری کوردی ئەمڕۆ، خوێندنەوە و بەرهەمهێنانەوە و بەردەوامی ئەو سەرچاوە رۆشنبیرییە و سیاسیەی کوردیە. ئەمەش مانای دەرگا لەسەر خود داخستنی کورد نییە، بەڵکو ئامادە کردنی زمانی کوردی، ئاگاییەکی کوردیە لەجیهانی رۆشنبیرییدا. بەواتایەکی تر، بەشداربوونی کوردییە بەگفتوگۆکردنی خودی خۆی لەگەڵ "ئەویتر"دا.



لە پانتایی رۆشنبیری کوردیدا، ئەو دیاردەیە ئامادەیی هەیە. ئەمەش لەتوێژێک لەڕووناکبیری شەستەکان و حەفتاکاندا راشکاوتر بەرجەستە دەبێتەوە، کە دەکرێ وەک بەردەوامیەک راڤەی بکەین. لێرەدا بەیادهێنانەوەی، ئەمین زەکی بەگ، مەسعود موحەمەد، عەلائەدین سوجادی، شاکر فەتاح،دوا بەرهەمەکانی کەمال مەزهەر و چەندان نموونەی تر، دەکرێ بەسەرچاوەی رەسەنیتری جیهانبینی روانگە رۆشنبیریی و هزرییەکانی کورد بخوێنرێنەوە. لەبەرهەمە رۆشنبیرییە هزرییەکانی ئەو رووناکبیرانەدا، مێژووی کورد و تایبەتمەندیی و جیاوازی و کێشەکانی بوونی کورد ئامادەییان هەیە، کە ئەمەش یەکێکە لەئەرک و پرسیارەکانی تەواوی رووناکبیرە جیهانییەکان. لێرەدا دەبێ بزانین، تەواوی گفتوگۆکانی هزرڤان و فەیلەسوفی رۆژئاوا،خوێندنەوە و دامەزراندنەوەی مێژووی پانتاییە هزریی و رۆشنبیرییەکانی سەرچاوەکانی خۆیەتی. کەواتە بەواتای نیتشە، گەر ئەرکی فەیلەسوفی تازە هاوێژانی ئەو رمە بێت کە فەیلەسوفانی پێشتر ئەنجامیان دابێت، ئەوە ئەرکی رووناکبیری تازەباوی جودا، ئەفراندن و دامەزراندنەوەی ئەو ئاراستە رۆشنبیرییە رەسەنەی کوردیە، کە بەرهەمی تێڕاماندنی ماڵی کوردیە، بەڵام ئەو روانینە رەسەنە لەجەم رووناکبیری باڵادەستی ئەمڕۆ و دوێنێی کورد، یان بەواتای مەسعود موحەمەد، بۆ ئەو "رووناکبیرە زار قەڵەبالغە"ی ئێستای کورد،سەرچاوەکانی رۆشنبیریی کوردی لەمەعریفە بەدەرە و دەبێ فەرامۆشبکرێن.

بەهەمەحاڵ، جێگەی سەرنجە، هەر لەگەڵ زاڵبوونی بیرۆکەی چەپڕەی و سۆسیالیزم، ئەو دیاردە رۆشنبیرییە رەسەنە، یان کۆنسێرڤەتیڤەی کورد، کە ئاماژەم پێکرد، بەمۆری "کۆنەپەرستی" و "نامۆدێرن"ی گۆشەگیرکران لەپانتایی رۆشنبیریی کوردیدا. ئەوەندە بەسە، بۆ نموونە ئاماژە بەبەرهەمەکانی مەسعود موحەمەد بکەین، کە پڕ بایەخترین سەرچاوەی کوردین، کەچی ئەمڕۆ ئەو رووناکبیرە زار قەڵەبالغەی کوردی،

نەک هەر نایناسێت، بەڵکو ئەو ڕووناکبیرو دەسەڵاتە سیاسییەی ئەمڕۆ،وێڕای ئەو هەموو " بۆنە" ، "فیستیڤاڵ" و "خەڵات" بەخشینە، کە بۆ مەبەست و ملکەچکردنی ڕووناکبیرە زار قەڵەباڵغەکان و پرسیارێکی بێ نموودی ڕۆشنبیریی و کولتووری تەرخانی دەکەن، بەیادی نییە بوارێک بۆ بەرهەمە ڕێزدارەکانی ئەو تەرزە ڕووناکبیرەی کورد بڕەخسێنێ. لێرەوە هۆکاری ئەو فەرامۆشکارییە ڕۆشنبیرییەی ئەو دەسەڵاتە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی ئەمڕۆی کورد، بەتایبەتی لەباشووری کوردستاندا دەردەکەوێت، کە بەنیازی گەورەکردنی حیزبەکانییان ڕووناکبیر و کولتوری ڕووکەش قوتدەکەنەوە.

لێرەوە دەبێ بگەڕێینەوە لای ڕەفیق حیلمی، کە وەک نموونەی ڕووناکبیری وریا، لەیادداشتنامەکەیدا جەخت لەسەر خودویستی و ساویلکەیی کورد دەکاتەوە، بەڵام ڕەفیق حیلمی لەپێناوی خەونە کوردیەکەی لەکارەکەی دەردەکرێ و بۆ بەسەربردنی ژیان "زێڕ و زیوی ژنەکەی دەفرۆشێت".

کەواتە ئەگەر ئەمڕۆ دەمڕاستی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد، بەهەموو خۆ بەجودا دانانەکانییەوە، بەبەرژەوەندخواز و گەندەڵ بناسرێنەوە، کەچی ئەو تەرزە ڕووناکبیرەی کە ناومان بردن، لەنموونەی ئیدیالی واقیعیدا بەرجەستە دەبنەوە.

دواجار بۆ ئەوەی ئاراستە مێژووییەکانی کورد لەو زمان و ڕەوانبێژییە شپرزە باڵادەستەی کورد سەرەتای دابڕانێک بگرێتەبەر، ئەرکی ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کورد،ڕاڤەکردن و پرسیارکردنە لەبونیاتی ئاوەزی کوردی و دامەزراندنەوەی سەرچاوە کۆنینەکانی ماڵی کوردیە.

زستانی 2004
ستۆکهۆڵم–سوید



## گەڕان بەدوای خودێکی ڕەسەن
## لە ناو مێگەلاندنی ئاپۆڕەدا

ئەمڕۆ لەدۆخێکدا دەژین کە گەڕان بەدوای هەڵبژاردنی خودێکی ڕەسەن دەبێتە مایەی دۆستایەتی بوونێکی حوزنبارو هەڵبژاردنی ڕامانێکی

خوێنتاڵی. ئەوە ئاستەنگێک نییە کە مرۆڤ هەر لەکوردستاندا گیرۆدەی دەبێت ، بەڵکو ئەوە کێشەیەکە لە رۆژئاواشدا، بەڵام لەئاستێکی جیاوازدا، مرۆڤی سیخناخ کردووە. لەڕۆژئاوادا بۆئەوەی بتوانیت وەک کەسێک لەبەرچاوی ئاپۆرەی خەڵک و سیستمی باڵادەستی سەرمایەداریدا بەختەوەر بیت و لەخواستە رووکەش و خۆویستەکانتدا سەرکەوتن تۆمار بکەیت، دەبێت ماوەیەکی زۆر پەنا بۆ دکتۆری چارەی دەروونی/tarapeft ببەیت، کە وەک بازاڕێکی بەهەڕمێن، خودی سیستمی سەرمایەداری بەرهەمی هێناوە.

کەچی ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئەگەر کەسێک و بگرە کۆی کەسەکانیش، بۆئەوەی بتوانێت خاوەنی ئەو خودە خۆویستە خۆتێرکەر و سەرکەوتووە رووکەشە بێت/بن، لەبری دکتۆری چارەی دەروونی، دەبێ بەلێزانی لەئاهەنگی یادە مێژووییەکانی حیزب، سەرۆک، سەرکەوتنە هەستەکییەکان، خەڵات دابەشکردن و بۆنەی چەپڵە رێزانەکاندا بەگەرمی ئامادەبێت و هاوکاتیش بەبەکارهێنانی دەستەواژەکانی ئازادیی، دیموکراسی، مەدەنی و هاوئاوازییەکانی خۆی بڕازێنێتەوە.

لێرەوە لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردیشدا، ئاکامی هەڵبژاردنی بیرۆکەی گەڕان بەدوای خودێکی رەسەن و راستینە بۆ تاکە کەسەکان دەبێتە مایەی بێبەشبوون لەمافی کوردایەتی و ژیانێکی لێوانلێو لەخوێنتاڵی. هەربۆیە مرۆڤی کورد لەدوو هەڵبژاردن زیاتر هیچیتری بۆ نامێنێتەوە: بۆئەوەی وەک کەسێکی بەختەوەر و سەرکەوتوو خۆت بناسێنی، دەبێت بەبێ بوونی هیچ گومانێک بچیتە ریزی ئەو پەسندان و هەڵپەڕینەوە.

ئەگەریش تۆ وەک کەسێک کە دەتەوێت ناخت سەروەرت بێت بەمەیلی ناوەکییە رەسەنەکەت رەفتار بکەیت و خۆت دەرببڕیت، ئەوە دەبێت دەستبەرداربیت لەمافێک کە ناسنامەی یادەوەرییەکەتە. دواجاریش لەژێر بەرتەکە رەقەکانی دەسەڵات و مۆرەی دەمڕاستانی کوردایەتی و رۆشنبیریدا، ناچار دەکرێیت لەگەڵ خودی خۆت، ناسنامەکەت، زێدەکەت و مانای بوونایەتییەکەت بکەوێتە ئاخاوتنە خەمینەکان. بەمجۆرە لەو داوێنگیربوونە بەرق بارگاویکراوەدا، گیرۆدەی بەرەی رقلێبوەکان دەبیت.



لە راستیدا ئەمڕۆ لەکوردستاندا ئەو نهێنییەی کە لەپشتەوەی چالاکییە کولتوری، سیاسی و... هتد، خۆی شاردۆتەوە، دەربڕینی مەیلێکی چالاک و ئیستتنێتیکیانە نییە، بەڵکو رەنگە بەشێکی فەرەی ئەو چالاکییانە بەرتەکێکی تەقلەهەڤی دەروونی و دڕدۆنگییەکی رۆحی دەسەڵاتی کولتووری و سیاسی بەناو دەمڕاستی کورد بێت لەبەرانبەر ئەویتردا، چونکە ئاکامی بەشێکی فرەی ئەو چالاکییانە، هەم لەئاستی ناوەکیی خودی کورد و هەمیش لەئاستی دەرەکیدا، هەمیشە بۆشایی و دووتاکردن بووە. لێرەوە رەنگە بەهەڵەدا نەچین گەر بڵێین لەزۆر دیودا ئەو ئاهەنگ و فیستیڤاڵە یەک تەرز و لەنگانەی کە لەشەقامی ئەمڕۆی کوردیدا بەناوی شادمانییەوە نمایش دەکرێن، گەر بەمەبەستی وروژاندن و بێزارکردنی "ئەوانیتر" نەکرێن، ئەوە لەدواجاردا مانای بەمێگەلکردنی ئاپۆرەی خەڵک دەگەیەنێت.

چونکە ئەو چالاکییانە هەمیشە لەژێر دروشمێکی ئیدیۆلۆژیکی حیزبیدا خۆیان بۆ "ئەوانیتر" نیشاندەدەن. ئەمەش نابێتە وێنەی ئەو ئاهەنگ و چالاکییە کولتووری و هونەرییانەی کە بۆ نموونە لە رۆژی نەورۆز و جەژنە ئایینییەکاندا هەستی پێدەکەین.

بەهەمەحاڵ، ئەم نووسینە بانگەشە بۆ رۆشنکردنەوەی هەموو ئاڵۆزییەکانی ئەو دۆخە ناکات کە بوونی کورد بەخەون و خەمگەلێکی ناهاوئاهەنگ بەرەو ئاسۆییەکانی شەپۆڵدەدا. ئەو مەیلە سنووردارەی کە ئەم نووسینە گەرەکییەتی بریتییە لە:

ئایا مەبەستمان چییە لەبیرۆکەی خودێکی رەسەن؟ ئایا دەکرێ بەخۆگونجاندن لەگەڵ مەرج و داوایە باوەکانی ئاپۆرەی خەڵک، ئەو تەرزە خودە رەسەن و راستینەیە بخەملێنین؟ بەواتایەکی تر، ئایا دەکرێ لەم رۆژگارە بێبنەما هزری و رەوشت کاڵبوونەوەیەدا، ببین بەخاوەنی دەربڕینی خواست و ویستی ناوەکیی خۆمان؟ رەنگە راڤەکردن و خەملاندنی ئەو پرسە ئاسان نەبێت، بەڵام هەوڵدەدەم لەڕوانگەی بیرۆکەی مارتین هایدگەرەوە کە لەکتێبی "بوون و کات" بەزمانی سوێدی لەبەشی یەکەمی کتێبی یەکەمدا باس لەبیرۆکەی "egentlighet" و "oegentlighet"

دەکات، بەچڕی ئەو بیرۆکە راڤە بکەم. دەکرێ بەکوردی بە"ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتی" راستینەو ناڕاستینە" وەریبگێڕین.

وەک دەزانین مارتین هایدگەر، فەیلەسووفی بوونگەرایی ئەڵمانی، لەکارە سەرەکییەکەیدا، "بوون و کات"، کە لە1927دا چاپکراوە، بەدوو شێوازی جودا لەمرۆڤ دەڕوانێت و بەمەش بوونایەتییەکەی نمایش دەکا. ئەوانیش: کە بەسویدییەکەی پێی دەگوترێ "egentlighet" و "oegentlighet"، یان "ئاوتێنینسینێت"، کە هایدگەر بەئەڵمانی بەئایگێنتلیشهات Eigentlichkeit پێناسەی دەکات.. وەک گوتمان دەکرێ لەکوردیدا بە"ڕەسەنایەتی"و "ناڕەسەنایەتی"، یان "راستینە"و "ناڕاستینە" وەریانبگێڕین. هەرچەندە بەو وەرگێڕانە بەشێک لەو واتایە ون دەکەین کە هایدگەر بەهەڵبژاردنی دەستەواژەکانی دەیەوێت جەغتیان لەسەر بکاتەوە. هەڵبەت بۆئەوەی مەبەستی هایدگەر روون بکەینەوە، لێرەدا ئەوەش بڵێین کە هایدگەر مەبەستی لەدەستەواژەی "ڕەسەنایەتی"و "ناڕەسەنایەتی" ئەو شتە ڕەسەنە، یان بێگەردەیە کە وەک خۆیەتی، واتا ساختە نییە، بەڵام ئەوەی هایدگەر دەخوازێ باسی بکا بەهەڵبژاردنی دەستەواژەکانی خۆی زیاتر بەرجەستە دەبنەوە.

لە راستیدا بنەمای بیرۆکەی هایدگەر ئەوەیە کە ژیانی مرۆڤایەتی هەمیشە بەتاکگەرایی کراوە، بەڵام هاوکاتیش مرۆڤ لەژیانی هاوبەشیدا لەگەڵ خەڵکی تر لەنادیاریدا ژیانی لەگشتگەراییدا دەتوێنرێتەوە، کە هایدگەر ئەو ژیانە گشتییە بە"مرۆڤ"، یان پیاو، بەئەڵمانی " Das man" ناودێری دەکا. واتا ئێمە لەبری ئەوەی خۆمان تەرخان بکەین بۆ ئەو توانایانەی کە خۆمان سەربەخۆیانە تێیدەگەین و هەمانە، کەچی قسە دەکەین و رەفتار دەکەین وەک ئەوەی کە ئەو "پیاو، مرۆڤ"ە قسە دەکاو رەفتار دەکا. بەدیدی هایدگەر ئێمە خۆمان دەدزینەوە لەو بۆچوونە بێماڵ و ترسناکانە، دواجاریش دەبێ ئێمە لەژیانماندا بۆ ئەو شتە مردۆخ و رووکەش و بودەڵانە مانایەکی باش دابهێنین، بۆئەوەی بەو مانایانە بتوانین بۆ ساتێک خۆمان هێمن و رازی بکەین، بەڵام ئەو کارە لەپێناو



تێگەیشتنێکی قووڵدا ناکەین، بەڵکو ئێمە ئەوە دەکەین وەک ئەوەی کە ئەو "پیاو"ە دەیکات. واتا ئەوە ئەو "پیاو"ەیە پێمان دەڵێت کە دەبێ وا بکەین، ئەگەر نا ئەوە ئێمە تەواو نین، واتا بەبینینی گشتگەر وەک گشت نەکەین لێمان تێکچووە. جا ئەو رەفتار و قسەکردنانە هەر شتێک بن، سەبارەت بەکار، سیاسەت، سەرۆکایەتی و مۆڵەقبوون بەدیار گۆرانیبێژ و پرۆگرامە ناسراوەکانەوە. ئەو دیدو رەخنەیەی کە هایدگەر لەمەڕ ژیانی رووکەشی و خواستی گشتی و جەماوەر و دیکتاتۆرییەت و ... هتد، باسی دەکا، ئەمڕۆ لەرۆژئاوا لەگەڵ باڵاکردنی ژیانی خۆشگوزەرانی و ئاسۆ فرەکانیدا لەپەرەسەندندایە، کە ئێمە دەبێت لەپێناوی ژیاندا ببینە کۆیلە. راستگۆبوون لەگەڵ خودی خۆت و هاوئاهەنگبوون لەگەڵ بنەمای هاوارەکانی ناخت، ئەوە تایبەتمەندییەکە کە دەبێتە بارگرانییەک لەپەیوەندی لەگەڵ ئاکارە باوەکانی وەک مافپەروەری، هاوڕێیەتی، سەرڕاستی، زرینگی و هەستپێکردن. لێرەدا دەرکەوتن و بەرەواجبوونی چارەی دەروونی "پسیکۆتەرپی" رۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ تێگەیشتن لەگرینگی راستینەی خود.

ئەمڕۆ رەسەنایەتی سوودمەندییەکی ئابووریی و فابریکێکی سەرنجکێشی هەیە: چارەکردن بۆ دەستەبەرکردنی دەروونێکی رەسەنی خود، فرەن، بەڵام لەشێوەکانیاندا هەمیشە بەدوای لەخۆڕازیبوونە ئاسانەکاندا بوونیات نراوە. ئەو بەرنامانەی کە بۆ یارمەتیدانی خۆچارەکردن ئامادەکراون، تاکو بێنە بازاڕ و لەئاستی خۆڕازیکردن بفرۆشرێن.

لێرەدا لەپەیوەندی بەئاماژە زووەکانی هایدگەر سەبارەت بەشێوەی رەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتی بوون، دەکرێ بڵێین کە گوتاری/ دیسکۆرسی راستینەی ئێستا لەچەند شێوەدا گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە. ئەو شێوانەش: شێوەی یەکەمیان ئەوەی کە ئێستا ئاخاوتن سەبارەت بەراستینەی خود بۆتە ئاخاوتنێکی بەتاڵ، یان بێمانا، بەمجۆرە ئەو "پیاو"ەی کە رۆژانە پێمان دەڵێ دەبێ وا رەفتار بکەین و وابین، ئەو خودە راستینەیەی داگیرکردووین. بوون بەخۆت بۆتە ئەو شتەی کە "پیاو دەیکا"، دەبێ بەهەرشێوەیەک بێت بەهۆی ئەو گوێگرتنەوە لەخەڵک، بەدوای چارەکردن

و گونجاندنی جەستەو رۆحماندا سەرقاڵبین، شێوەی دووهەمیان ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ ژیانێکی رەسەن یان راستینەی سەربەخۆ بەجۆرێک دەبێتە خۆپەرستی و خۆویستی. بەو مانایەی کە من دەبێت خۆم بدۆزمەوە بەر لەوەی خەم لەیەکێکی تر بخۆم. شێوەی سێیەمیان ئەمڕۆ وێدەچێ رەسەنایەتی و بێگەردیی چیتر وەک ئامانجێک مانای نەمابێتەوە، بەڵکو بەرجەستەکردنەوەی رەسەنایەتی خود تەنیا رێگایەکە بۆ سەرکەوتنێکی هەمیشەیی، لەڕۆژئاوادا رۆڵی گرینگی بەرەواجبوونی "چارەکردنی دەروونی، تەرەپی" هەڵگری ئەو ئامانجەیە کە خەڵک بتوانن ئەو سەرکەوتنە بەخۆگونجاندن لەگەڵ رەفتار و کردەکانی "پیاو"دا بەدەست بێنن، بەڵام لەکوردستاندا رەنگە ئەو رێگایە بۆ بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە خۆکردنە بەمشەخۆر، واتا شێوەی خۆ بەمشەخۆرکردن لەڕێگای کەناڵەکانی حیزب، وەک ئەو خەڵات و ئاهەنگ و یاکردنەوە و فیستیڤاڵ و ئەو کەناڵە کۆمەکیکارانەی تر، جۆرێک بێت لەو تەرپیەی رۆژئاوا. مەبەست لەو پێشەکییە سەبارەت بەقسەکردن لەسەر "رەسەنایەتی" لای هایدگەر، مانای ئەوە نییە کە کتێبی "بوون و کات"ەکەی ئەو تەنیا هەڵگری چارەکردنی ئەو کێشەیە بێت. رەنگە پیادەکردنی پرۆژەیەکی لەمجۆرە خەمی هایدگەر نەبووە، بەڵام دەکرێ بپرسین ئایا ئەمڕۆ راستینەی خود وەک چەمکێک واتایەکی ماوە لەهزردا؟ دواجاریش ئایا ئەمڕۆ کارێکی رەوایە کە لەپێناو رەسەنایەتیی خودی خۆماندا هەوڵبدەین، هەرچەندە بەو کارەشمان خەڵکانی تری دەوروبەرمان داماو و مافخوراوتریش بن؟

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە مەبەستمان لەرەسەنایەتی خود ئەو لێکترازانەی نێوان ناوەکی و دەرەکیی خودی مرۆڤە کە لەم رۆژگارەدا ئەو مانایەی لەدەستداوە کە پێشتر لەڕێگای هێزێکی باڵای وەک خوا و روانگەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئیدیالییەوە دەیبەخشی، بەواتایەکی تر لەئاستی مێژووی هزردا رۆسۆ وەک ئاگۆستینۆس لەدڵەوە بەدوای خواوە سەرقاڵنەبوو، بەڵکو رۆسۆ بەدوای سروشتێکی لەدەستچوودا سەرقاڵبوو کە واتاکەی ئەوە نەبوو کە ئەو سروشتە بەئەزموونگەرییەکانی زانستزانێک



بەدەست بهێنێتەوە. بۆ نموونە لای رۆمانتیکەکان ئەو خودە شیکردنەوەی ناوەوەی سروشت بوو، بابەتی سەرەکی لای ئەوان دەبەسترێتەوە بەدەربڕینی خود، واتا هەوڵدان نەبوو بۆ گەڕان بەدوای دیوی ناوەکیی سروشتدا، بەڵکو ئەو گەڕانە واتای کردەیەکی هونەرییانەش بوو، کە لەوێدا داهێنان ئەو ناوەکییەی وەک بەرهەمێک بۆ دەرەوە دەردەبڕی، کە ئەمەش مانای خوڵقاندنی ئەو کەسایەتییانە بوو. بەم چەشنە بوونە مرۆڤ، بوونە بەخۆت، کارێکە کە ناوەوەی خۆت بۆ دەرەوە دەربڕی، یان ئەو ناوەکییە لەدەرەکییەکەتدا بەرجەستە بکەیتەوە. جوداکردنەوەی ناوەکی و دەرەکی تەنیا بوونی بیرۆکەیەک ناگەیەنێت لەمەڕ رەسەنایەتیی خود، بەڵکو بیرۆکەیەکە کە واتای ژیانێک و بوونی خودێک "منێکیش" بەرجەستە دەکاتەوە. ئێمە بوونێکی دەرەکیمان هەیە، کە نەک تەنیا هەر بۆ خودی ئەو منەی خۆمان بینراوە، بەڵکو بەشێکی بۆ ئەوانی تریش بینراوە، هەروەها ناوەکییەکی قووڵ و راستەقینەتر هەیە، کە دەکرێ تەنیا بەهونەر و وردەکارییەکی تایبەت دەستەبەر بکرێت.

تیۆریی فرۆید لەمەڕ پڕیشکی نائاگایی لەژێر ئاگاییدا جەغت لەسەر بەدواگەڕانی رەسەنایەتی دەکاتەوە. نائاگایی ئەو ناوەکییە، کە غەریزە مەستەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام هاوکاتیش لێوانڕێژە لەشتە قەدەغەکراو و ترسناکەکانیش.

بوونگەراییە "ئێگزیستێنسیالیست"ەکان، لەوانە سارتەریش، بیرۆکەی رەسەنایەتی خود ناخەنە ژێر پرسیارەوە، بەڵام هەڵبەتە لای ئەو بیرکردنەوە لەسروشتی ناوەکییەت دەکرێت بەشێوەی ئەرکۆلۆژییەکی کەسایەتییانە شی بکرێتەوە. ئەو منە رەسەنایەتییە لای ئەوان، بەتایبەتی لای سارتەر، بەرێگای ئازادیی دەخوڵقێنرێت، کە بەمەش ئەو منە رەسەنە خۆی لەکۆنتراکتی کۆمەڵایەتی و بیروڕای سیستمە ساختەکان بەدوور دەگرێت و لەبڕی ئەوە گرینگی بەخودی خۆی دەدات، بەڵام ئەو گرینگیپێدانە بەجۆرێک لەجۆرەکان تەواو لەمانا بەتاڵە. ئەو بەتاڵییەش کە دەبێ بەمانای تایبەتی ئەو منە پڕ بکرێتەوە.

لێرەدا یەکلاکردنەوەی بیرۆکەی سروشتی ناوەکی لەسەر حیسابی هەموو ڕێگا کارایەکانی ژیانێکی ڕەسەن دێتە ئاراوە. هەستی بوونە نووسەرێکی مشەخۆر، شاعیرێکی یاخی، پۆلیسێکی بەئاگا، یان هەر جۆرە کار و پیشەیەک، دەبێتە تاکە گۆچانێک کە خۆتی پێوەبگریت. ڕەسەنایەتی سارتەرییانە، کە دەکرێ وەک بەردەوامییەک لەچەمکی ڕەسەنایەتی هایدگەر سەیری بکەین، لەسەر بنەمای ئەو چەند خاڵەی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن وەستاون، واتا ڕێکەوتن لەگەڵ داخوازییە باوەکان، ئایینداری. خۆویستی یان خۆپەرستی و گەڕان بەدوای سەرکەوتندا. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین لەو سەردەمەی کە لەڕۆژئاوادا بەپۆستمۆدێرنیزم ناو دەبردرێت، لەسارتەر زیاتر ڕەخنە دەگیرێت لەسەر سۆبیکتیڤیەت/ خودگەرایی، بەڵام ئەوە لەئاستی ئاکامگیریی ڕەوشتییەوە فرە ئاقارە. پۆستمۆدێرنیستگەلێکی وەک لیۆتار، دۆلۆز، فۆکۆ، دێریدا و ئەوانی تر لەبڕی بنەمایەکی جێگیر ئاماژە بەدژی داڕێژانەوەی خود وەک شوێنی یارییەک دەکەن.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەوان بەوە لەسەر بنەمای ئەو شێوانە خودی خۆیان دروستکردبێت. مرۆڤ دەتوانێ سەبارەت بەوە یەخەی ئەو بیرۆکە پۆستمۆدێرنەیە بگرێت، چونکە ئەوە هەمیشە سۆبژە، منێکە کە ڕەفتار دەکاو قسە دەکا.

بەڵام ئەمڕۆ لەو کاتەی کە ڕەسەنایەتی خود بەرووکەش دەکرێت و لەدیاردەی خۆهەڵواسین و وابەستەیی بەگرووپدا دەبینرێت، چۆن چەمکی ڕاستینەیی دەتوانێت جەوهەرێکی ڕەسەن بەرجەستە بکاتەوە؟ دەکرێ بڵێین ڕەسەنایەتی بوون "ئاوتێنسێتنێت" بەبڕیاردان بەدەست خۆتەوە بەستراوەتەوە، یان بەخۆکردنە سەرۆک لەسەر خۆتدا: واتا گوزارە کردن لەخۆت، بەرجەستە دەبێتەوە، کە ئەمەش لەداهێنانێکی ڕۆمانتیکییانەدا دەخەملێت. ئەو گوزارە لەخۆکردنەش تەنیا لەسنووری بەرهەمێکی هونەری یان ئەدەبیدا تەسک نابێتەوە، بەڵکو سەرتاپای ئەو ژیانە بەخۆوە دەگرێت کە کەسێک لە ڕێگای ڕەفتارەکانیەوە ناسنامەکەی بونیات دەنێت. لێرەدا ڕەسەنایەتی و ڕاستینەیی بوونێک تەنیا مانای ڕامانێکی ناوەکی نییە،



بەڵکو مانای ڕەفتار و هەڵوێست وەرگرتن دەگەیەنێت: تۆ بەوەی کە دەیکەیت دەبیت بەخودی خۆت. ئەو کەسایەتییەش بەرەفتارکردن لەگەڵ ئەوانیتردا شێوە ڕاستینەییەکەی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. ئەو چەشنە خۆنواندنە لەمامەڵەکردندا ناوەڕۆکەکەی پێشکەش بەئێمە دەکات: تۆ بەشێوەیەکی ڕەسەن بەڕێگای گەشەدان بەمێژووەکەت خودی خۆت وێنا دەکەی، کە دەبێ بەشێوەیەک لەگەڵ مێژووەکەی خۆتدا هاوئاهەنگ بێت.

هەستی ژیان دەبێت بەبنەمای هزرێکەوە گرێدراو بێت و لە ژیاندا ئەو ڕەسەنایەتییە واتاکەی بەرجەستە بکاتەوە. بەهای ئەمەش تەنیا لەپەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا دەناسرێتەوە، چونکە ئەوە بەستراوەتەوە بەو ژیانە پێکەوەییەی کە لەگەڵ ئەوانیتردا کۆماندەکاتەوە.

لێرەدا بوونی ڕەسەنایەتی هەر تەنیا نابێتە جۆرە کەسایەتییەک، بەڵکو دەبێتە بەرپرسیارێتییەکی چڤاکیش، ئەمەش پرسی بەدیهێنانی خودی خۆمانە، بەڵام مرۆڤ دەبێت لەپەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا ئەوە بەدەست بێنێت.

بەمجۆرە ئەم باسە بەهەڵوەستەکردنێک لەمەڕ کێشەی ڕەسەنایەتی بوونی ئەو کۆی تاکانەی کە وەک پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی پێکەوە هاوژیانن، بەنمایشکردنی کاکڵەی بیرۆکەکان دەگات. هەڵبەتە ژیانێکی ڕەسەن و ڕاستینەیی بۆ هەمووان گرینگیی هەیە، بەڵام ئەو تەرزە ژیانە بەوە دەستەبەر دەبێت کە من دەستنیشانی ئەوە بکەم کە من کامە بەها، ڕاستی، دۆستایەتی، بڕواداری، زیرەکی، هەڵوێست و.... هتد، هەڵدەبژێرم. بۆیە ئەمڕۆ مرۆڤی کورد بەگشتی و بەتایبەتیش نووسەران (لێرەدا بۆ خۆ ڕزگارکردن لەئاستەنگەکانی پێناسەکە، خۆمان لەدەستەواژەی ڕووناکبیر دەدزینەوە). پێویستە خۆی بکاتە خاوەن ڕوانگەیەک، ڕامانێکی سەربەخۆ، بۆ ئەوە بتوانێت وێنا ناوەکییە ڕەسەنەکەی دەرببڕێت، چونکە ئەمڕۆ دیاردەیەک بەهەڕمێنە، کە ئەگەر تۆ کەسێکی ئاوقات و دەستڕەنگین نەبیت لەدەست بەسەرداگرتنی ئەو بەخشیش و خێرپێکردنە لەلایەن دەسەڵاتەوە، هەروەها ئەو چەپڵە ڕێزان و پەسندانە دوور لەدەستپێوەگرتنانەی کە لەزار و دەستی ئاپۆرەی خەڵک و

قەڵەم بەدەستانی شەپۆڵدەدەن، ئەوە لەبڕی ڕەچاوکردنی مافی هەڵبژاردنێکی ژیانی ڕەسەن و ڕاستینە، وەک کەسێکی، یان تاکێکی خوێنتاڵ، گومانلێکراو و سەرنەکەوتوو پێناسە دەکرێیت و ناسنامەی کوردایەتیت بێڕەواج دەکرێت.

2005

ستۆکهۆڵم/ سوێد

## کاتێ لێکترازان
## دەبێتە گوتاری سیاسیی کورد

1

پرسیاری گوتاری لێکترازانی سیاسییانەی کوردی، ژانێکە کە لەخودی قەدەری کورد دەچێ. بۆیە ئێمە کە دەمانەوێ لەسەر ئەم پرسیارە گرێچنە



بوەستین، هاوکات دەبێ بەوردی و هۆشیارانە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە و هۆکار و هاندەرەکانی ئەم پرسیارە، کە چۆن و چی بوو زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەو ئەقلییەتە رووخینەرەی کوردی. ئەو ئەقلییەتە بالادەست و ڕەگرێژەی ، کە ئەزموون بەدوای ئەزموون و قۆناخ بەدوای قۆناخ ئومێد و ئامانجی خەونەکانی کۆی کوردی هەناسە سارد دەکا.

بەتایبەتی لەم ئەزموونەی ئیستانی کوردی باشووردا، کە سەرتاسەری کورد؛ هەر چوار لەتە زامدارەکانی جەستەی کوردستان، بەگیانێکی پڕ لەگوڕ و گومانێکی ئامادەوە، چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی یەکلاکارەی دەکەن. کەچی نوێنەری سیاسیی ئەم بەشەی باشوور لەهەر ڕاگەیاندن و کردارێک کە دەیکەن، ئەم ترسە لەڕۆحی کورد ئامادە دەکەن. وێرای نەبوونی گوتارێکی ئاشکرای داواکراو، بەیەک نەکردنی ئەم دوو حوکومەتەی، کە شەڕی خۆکوژی لەیەک پارچەی ئەم جەستەیەی کوردستان بەرهەمی هێنا، بۆتە ترسناکترین ئەو چاوەڕوانییە، کە کۆی کوردی دەخوازێ بەری لێبگرێ.

لیرەدا وا ئێمە لەنەبوونی گوتارێکی سیاسی دەتلێینەوە، کە دەبوو ئەم ئەزموونەی باشوور رایبگەندبایە. پێشهاتی ئەم ئەزموونەی باشوور وەرچەرخانێک بوو، کە دەبوو نوێنەری سیاسی ئەم بەشە بیتوانیبایە ئەزموونەکان بکاتە هێزێک بۆ گەرانەوە و ڕاگەیاندنی ئەو بوونە کوردیەی، کە لایەقی سەربەخۆبوونە.

کارەسات لەوەدایە، کە ئێمە دەزانین دیاردەی دووبەرەکی، بەتایبەتی لەئاستی سیاسیدا، هەمیشە ئاکامێکی دۆڕاوی لێ چاوەڕێ دەکرێ، کە ئەمەش گرفتێکی ئازاردەرە لەمێژووی سیاسی ئێمەدا.

لێرەوە ئێمە قوربانی ئەو پەروەردە سایکۆلۆجییەین، کە داگیرکەر بەم ڕێگایە توانیویەتی تۆوی ئەم لیکترازان و ڕق لەخۆ بوونەیە لەڕۆحی کوردیدا بچینێ. یەکێک لەئاکامەکانی ئەم پەروەردە سایکۆلۆژییە ئەوەیە، کە داگیرکەر بتوانێ خودی کورد بکاتە دوژمنی خۆی و، لەوەختە

بەرهەستییەکاندا تووشی رووبەڕووبونەوەی یەکتری بکاتەوە. بەمەش بتوانێ ویستی خودی کورد ئیفلیج بکاو لەیەکگترن و لەئاگاییبوون بۆ گوتارێکی سیاسی، دەستەوەستانمان بکات. ئەمجۆرە پەروەردەیە لەمێژووی داگیرکاراندا ئاشکرایە.

ئێمە ئاگامان لەوەیە، کە داگیرکارانی کورد لەقۆناغە جیاوازەکان و بەتایبەتیش لەم دوانزە ساڵەی رابردووی کوردستانی باشووردا، توانیان بەرێگەی جیاواز، چ بەسیخورکردنی لێپرساوانی ناو خودی حزبی کوردی و، چ بەریگای تر، سوود لەبناغەی ئەم دووبەرەکییەی نێوان ئەم دوو حزبە کوردیەی باشوور و بەشەکانی تر وەربگرێ و دواجار رووبەڕووی یەکتریان بکاتەوە.

لێرەوە داگیرکەری کورد بەم رێگایە هەمیشە توانیویەتی، لە رێگای خاڵە لاوازەکانی نوێنەری سیاسی کورد کاری خۆی ئەنجامبدا.

ئاکامی ئەمەشە کە ئەمڕۆ ئەزموونی ئەم دوو حزبە لەباشووری کوردستان ، بەهۆی شەری ناوخۆ، گوتاری سیاسی لەئاستی دوو خیل، دوو دەڤەر پیشانبدات.

بۆیە تورکیا و رژیمی عێراق و ئێران و سوریا، هەمیشە لەچوارچیوەی ئەم خاڵە کەنەفتەی حزبی کوردی توانیویانە ئەم دوو حزبە دەستەمۆ بکەن . دەسکەوتی ئەو دوو حزبەش لەپێبەخشینی برێک پارەو تەقەمەنی هیچیتر نەبووە ، کەچی دەسکەوتی ئەم داگیرکەرانە سووککردن و ئیفلیجکردنی ئەم گوتارە سیاسییەی کوردی بووە، کە بەهەوڵی خەونەکانی کۆی کوردیە . جا ئەمەش بووە ئەوەی ، خودی ئەم گەمە هەرەسهێنەرەی دووسەرکردەی کوردی، لەئەزموونێکی وەک ئێستادا، ئەم دوو حزبە کوردیەی باشووری کوردستان گەمارۆ بدا لەدروشمی دژبەیەک نەک کورد و ناسنامە رەوایەکەی.



بۆیە کردارەکانی ئەم دوو هێزە، خۆئامادەکردنە دژی حزبەکەی تری برا، نەک پیلان و نەخشەی داگیرکاران. کاتێ ستراتیژی حزبی کوردیش خۆی وێنەی لەدژی حزبەکەی تری بەرانبەر بەرجەستە دەکاتەوە؛ نەک دوژمنەکانی، ئەوکات توانایەکانی ئەم حزبە و وێنەی نەتەوە ناتوانێ جیاوازی خۆی لەبەرانبەر ئەویتری دژ بخاتە کار. دواجار دەبینین پرسیاری کورد و چارەنووسەکەی لای ئەم دوو حزبە ئامانجێک نییە، بەڵکو گەمەیەکە بۆ فریودانی ئەم هێزەی کوردی لەخزمەتی خودی حزبدا. ئەمەش ئەو کارەساتەیە، کە ئەمڕۆ کورد و گوتارە سیاسییەکەی پێیدا تێدەپەرێ. ئاکامی ئەمەش دەبینین، کە چۆن دەسەڵاتی ئەمریکا کوردستان لەوێنەی "باکوری عێراق" کورت دەکاتەوە و قوربانیەکانی کورد دەخاتە ژێر رکێفی مەرامە سیاسییەکانی خۆی و... تاد. کەچی لەملاشەوە نوێنەرە سیاسییەکانی ئەم دوو حزبە و مێدیاکانیان لەدیمەنێکی سۆزاویدا سەرکەوتنەکانی ئەمریکا و هاوکاری خۆیان پیشاندەدەن؛ تاوەکو قەرەبووی دۆڕانەکان بکەنەوە.

## 2

ئەمڕۆ سەرتاسەری هەڵوێستی کوردی و گوتاری سیاسی دەسەڵاتی سیاسییەکەی ، وێڕای قووڵایی و قورسایی بوونی کوردی، لەسۆزدا تەواو دەبێ. هۆکاری ئەم سۆزئامێزەی گوتاری کوردی، لەلایەک دەگەرێتەوە بۆ دۆخی سۆزاوی لەتەماشاکردن و هەڵوێست وەرگرتنی رووداوە ئاڵۆزو دژوارەکانی جیهانی و ئاستی بزاوی بەرهەڵستکاری جیهان، کە خۆی لەساتەوەختێکی سۆزاویدا بەسەر دەبات. بەرتەک و کردارەکانی بەرهەڵستکاری جیهانی سەبارەت بە11 ی سێپتەمبەرو شەڕی عێراق و ئەمریکا و کێشەی تێرۆریزم ...هتد، هەر هەمووی لەسۆزدا خۆی دەنوێنێ: رووداوەکان لەوێنەی منداڵی کوژراوو ژنی گریاوو قسەی ئایینیانە... هتد، پیشان دەدرێن.

ڕەنگە بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەم دۆخە سۆزاویەی بەرهەڵستکاری جیهانی، کە ئاماژەم بۆ کرد ، کاریگەری هەبێ لەسەر هێزی سیاسیی کوردیدا.

لەلایەکی تریشەوە، تا ئەمڕۆش کۆی کوردی بەسۆز گەمارۆ دراوە. زۆربەی کردارو بەرەنگاریەکانی کورد سۆز دەبێتە هاندەرە سەرەکییەکەی. ئاپۆرەبوونی کوردگەلێکی زۆر لەکاتی گرتنی ئۆجەلان و خۆسوتاندنی چەندان کچ و تەماشاکردنی ئەمریکا وەک هێزیکی کورد دۆست و هەڵوێستەکانی هەردو سەرکردەی کورد سەبارەت یەکێتی خاکی عیراق ... هتد، هەر هەموو سۆز لەپشتەوەیان ئامادەیە. بۆیە مەعریفەیەکی سیاسی و هێزێکی بەهزر ئامادەکراوی کوردی بەرهەم نەهێنا.

وێرای ئەمەش سەرتاپای قسەکانی ڕووناکبیری کوردی لەسۆزدا دەستپێدەکا و بەسۆزیش کۆتایی دێ. ئێمە دەبینین کە چۆن ماوەیەک چەند ناوێکی ڕووناکبیری کورد دژایەتی ئەو حزب و ئەو حزب دەکا، کەچی لەهێکڕا هەمان ڕووناکبیر دەبێتە لایەنگری هەمان حزب.

هاندەری وەرگرتنی هەڵوێست و پەشیمانبوونەوەکان، سۆز بووە، نەک بیرکردنەوەیەکی خەمڵیوی سیاسی. ئەگینا ئەو ڕۆشنبیرانە چی وایان لێدەکا، لەماوەیەکی کورت و بێگۆڕانێکی بنەڕەتی لەم حزب و ئەو حزب دا، لەقسەکانیان پەشیمان ببنەوە و ببنە لایەنگرانی سەرسەختی ئەم حزبانە؟

بەهەرحال، بەڵام پرسیاری ئێمە، کێشەی ئەم لێکدابڕان و دووبەرەکیە ڕوخێنەرەی کوردییە، کە لەوێنە سیاسییەکەیدا بەردەوام دووپاتە دەبێتەوە.

وەک گوتمان، کاتێ ئەم دووبەرەکی و لێکترازانە ، لەساتەوەختی ئەمڕۆی کوریدا دەبێتە پرسیارێکی چارەنووسی، ئەمەش دەخوازێ کە سەرەتاکانی ئەم کێشەیە بخوێنینەوە، کە بەرهەمهێنەری ئەم ئازارەی ئێستامانە.



بۆیە من بەردەوامی ئەم نووسینە لەسەر ئەم کێشەیە تەرخان دەکەم، تاوەکو بتوانم تیرێژیک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو تاریکییەی مێژووی ئێمە بدۆزمەوە.

## 3

بەڵام ئەو مێژووە ئاستەنگێکە کە هەمیشە لەمێژووی کوردیدا دووپاتە بوویتەوە. ئێستاش ئێمە پاش زیاتر لەچوارسەد ساڵ شاعیر و ڕوناکبیری کورد سەیدا ئەحمەدی خانی باسی ئەم کێشەیە دەکەینەوە. بۆ ئەوەی لەسەرچاوە کوردیەکانەوە ئەم پرسە ڕاڤە بکەین. با سەرنجی هۆزانەکانی خانی بدەین، کە وەک ئەوەی ئەمڕۆ بێ لەجیاتی ئێمە ئەم پرسیارە بکات.

خانی دەبێژێ:

غەمخاری دکر لمە یەتیمان    دئینانە دەرێ ژدەست لەئیمان
غالب نەدبو لسەر مە ئەڤ روم    نەدبوونە خەرابەیێ ددەست بووم
مەحکووم عەلەیهو سەعالیک    مەغلووب و موضیعێ تورک وتاجیک
ئەمما ژئەزەل خودێ ئوساکر    ئەڤ رۆم و عەجەم ل سەر مە راکر

بەڵام خانی بەدژی ئەم ئەم ئەزەلە ڕادەوەستێ و دەبیژێ:

" گەر دێ هەبوویا مە ئیتفاقەک    ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی    هەمیان ژ مەرا دکر غەلامی
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت    توحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت"

هاوکات بەواتایەکی ڕوونتر، شەرەفخانی بەدلیسی لەشەرەفخانەکەیدا، کە گرنگترین سەرچاوەی بوونی کوردە ، ئەو بەمجۆرەو خاسلەتی کورد باسدەکات و دەڵێ: "کورد ئەگەر ئاکارێکی ناپەسەندیان هەبێ، هەرئەوەندەیە کە کەسیان سەر بۆ کەسیان ناچەمێنێ، بۆ یەکتر نایەنە

بەرکەمەند و هەروەک تاکە تاکە هەرکەسە بیر لەسەربەرزی خۆی دەکاتەوە. بەتیکرایی بیر لەسەربڵندی تێکرایی ناکەن و پشتی یەکتر ناگرن و نابنەیەک."

جێگەی سەرنجە، شەرەفخان بەپاڵپشتی خواجە تاج الدین کە دانەری " تاج التواریخ"ە و بەخواجە تاریخی بەناوبانگە دەڵێ:" ئەگەر سەرنج بدەینە باری یەکدیگیری وهاوبیری و هاوکارییانەوە تەنیا لەشادە و ئیمان هێناندا نەبێ لەهیچ شتێ تردا یەکترناگرنەوە"

شایەنی ئەوەیە دیسان دەرفەت بدەین خانی لەسەر ئەو یەکنەگرتنەی کورد بپەیڤێ:

**" هێندەی کە بەجەرگ و دوورە ترسن/ کەمتر لەبەیەک گەیین دەپرسن**
**کەس بۆ کەس نابێ چاودەبەربێ/ هەرکەس دەیەوێ ول و لەسەربێ**
**لەم سەررەقییە و دەماری زلیان / بیگانە دەبن سواری ملیان."**

بەڵێ بۆ ئەوەی بنەماو پێشینەی ئەم ژانەی کوردمان بۆ فرەتر دیار بێ، با گوێ لەشاعیری ئیمارەتی بابان رابگرین:

**چونکە " نالی" لەسەر ئەم ئەرزە غەریبی وەتەنی**
**هەستە باری مەدەنی بە، مەدەنی بە، مەدەنی"**

## 4

ئێرە دەرفەت ئەوەندە نادا مرۆڤ فراوانتر باسی ئەو سەرچاوانە بکات کە رۆشنبیرانی ئێمە لەتەواوی مێژوودا، کە چۆن لەخەمی بەدژ یەکتربوون و نەبوونی یەکگرتنی کورد جەختیان کردۆتەوە.

بەهەرحاڵ، لێرەدا خوێندنەوەوەی من بۆ کێشەی ئەم ئاستەنگەی کە وادەکات کورد تا ئێستا سەرسەختانە براکەی خۆی، حزبە دژەکەی تر، کە هاومەبەستن، بەڵام رازی نابێ لێی ببوورێ، بۆ چەندەک هۆکار دەگەڕێنەوە، لەوانە مەسەلەی کاملنەبوونی جیاوازبوونی ناسنامەی کوردییە.



چونکە جیاوازی خاڵی وەرچەرخێنەر و یەکلاکەرەوەی ناسنامەو بوونی تۆیە بەرانبەر ئەویتری دۆست و دوژمن.

کە تۆ توانیت جیاوازی خۆت بەرهەمبهێنی و ئاگاییت بۆ پەیدا بوو ، ئەوە ئیتر ناوچەگەری و حزبخوازی و..... قبووڵ ناکەی . جیاوازبوونی تۆ دەبیتە گوتارێکی سەرسەخت بۆ بەرانبەر. کە تۆ بەیانی ناسنامە جیاوازەکەی خۆت کرد، ئەوە کوردی ئەم شار و کوردی ئەم بەشە و...هتد، جێگەی نابێتەوە لەمێشکی کورددا، چونکە جیاوازی رێگە نادات تۆ یەکێتی، پارتی، پ ک ک و دێموکرات و رزگاری و هەروەها هەولێری، سلێمانی و... هتد بیت. گەر حزبەکانی کوردی لەباشوور توانای هەڵگرتنی گوتاری جیاوازی کوردیان لەمێشک و دەروونیدا هەبووایە، ئێستا بەهێزەوە دەیانتوانی کێشەی کورد لەباکوورو وەحشییەتی تورکیا بەرانبەر سەرکردەیەکی کورد لەوێ ، بکەنە باشترین بەڵگە بۆ تاوانبارکردنی دەوڵەتی تورک. هاوکات ئێستا تورکیا نەدەبووە ئەو کابوسە، کە هەموو رۆژێ قورگمان بگرێ بۆ هاتنە کوردستان و هاندانی تورکمان دژ بەخەڵکی کورد.

لە راستیدا کورد وەک بوون و ناسنامە هەڵگری ئەو جیاوازییەیە، لێ سەرکردەی ئێمە جورئەتی راگەیاندنی ئەم جیاوازییەی نییە و دەیەوێ فەرامۆشی بکات.

ئەمە بەشێک لەم کێشەیەی کە کورد یەکگرتووانە داکۆکی لەسەری ناکات، کەچی تورکیا تورکمان بەبرای خۆی دەزانێ.

بەڵام دیسان بۆ سەرکردەی کورد داکۆکی کردن لەکوردی بەشەکانی تر بەئەرکی خۆی نازانێ، یان بێدەنگە لێی؟ هۆکاری ئەمە زۆرە، رەنگە ئاڵۆزی و دژواری ئەمڕۆی سیاسی عێراق هۆکارێک بێت، یان بۆ بەرژەوەندی ئەو بەشە نایەوێ دەوڵەتی تورک و سوریا لەخۆی تووڕە بکات و هۆگەلیکی تر، ئەمن لێرە ئەوانەم مەبەست نییە.

بەڵام من پێم وایە پێکهاتنی ئەو حزبانە لەسەر بنەمای خێزان، خێل، دەڤەر و... هتد، دروستکراون. ئەمەش خۆی دوورە لەناوی نەتەوە، بەڵکو کێشەیەکی لۆکالییە، مەبەستم ئەوەیە ئەو بنەمایە لەسەر "ناسیۆن" دانەمەزراوە، بەڵکو " ئێتنیسیتێت". ئەوەش واتا تۆ خۆت دەبەستیتەوە بەشار ودەڤەر بەرانبەر دەڤەرێکی تر، نەک جیاوازی تۆ لەگەڵ ناسیۆنێکی تر. بۆیە حزبەکانی ئێمە ئێستا بەشارو ناوچە دەناسرێنەوە: پارتی بادینان و بارزان و، یەکێتیش سلێمانی و بەکرەجۆ.

ئەمە بەکورتی هۆیەکە لەو هۆیانەی کە شایەنی باسکردنە، بەڵام شەڕی براکوژی لەنێوان ئەم حزبانە تۆوی ئەم لۆکالچیەتییانەی قووڵتر کردەوە. ئەمڕۆ ئێمە دەبینین پارتی و یەکێتی، نەک تەنیا بێدەنگن لەدڕەندەیی تورکیا و ئێران و سوریا، بەڵکو یەکگرتنی دوو حوکمەت و دوو شار بۆتە گرفتێک کە لەداهاتووی عێراق دەچێ.

باشە لەوەدا پ.ک.ک و هەڵەکانی ئۆجەلان لەبیرناکرێن. ئۆجەلانیش لەهەستدارترین کاتدا پێی وا بوو چارەنووسی حوکمەتی کوردی لەباشوور دەبێ بەرەزامەندی ئەو بێ. ئەوانە هەموویان گرێی ئەو بێدەنگی و برینە گەورانەی جەستەی کوردین کە وادەکات حزبی کورد لەباشوور نەتوانێ بەتورکیا بڵێ تۆ تاوانباری بەرانبەر بەکوردی باکوور. دواجار ئێمە وەک قسەکانی خانی و شەرەفخان و حاجی قادر لێرە دووبارە بکەینەوە، کە کورد لەبرای نابوورێ و یەکگرتوو نابێ.

بۆیە ئەو کێشانە لەناو کۆمەڵی کوردیدا، حزبی بەرچاوتەنگ و نادیموکراتی دەخوڵقێنێ، کە نەتوانێ بیر لەگوتاری یەکگرتووی کورد بکاتەوە. دواجار ئەمەش بارێکی دەروونی نەخۆش لەژیانی گشتیی کوردیدا دروستکردووە، کە دەکرێ لەنەخۆشی تۆڵەکردنەوە نزیک بێت.

ئاکامی ئەمەش، کورد هەستدەکا کە ناتوانێ خۆی خۆش بوێ، حەزیش دەکا جیهان خۆشی بوێ. ئەمەش وای لێدەکا زیاتر رقی لەخۆی ببێتەوە و



بەم رقەش تۆلە لەخودی خۆی بکاتەوە، ئەم نەخۆشیەش لەکۆی حزبەکان و رووناکبیرانی کورد دەبینرێ.

## 5

د.خالد یونس ، لەزنجیرە وتارێکدا، (مەسەلەی کورد لەهاوکێشەکانی نێودەوڵەتی و رۆڵی لەئاییندەی خۆرهەڵاتدا– بەشی یەکەم، 6ی 2003، کە لەسایتی عەرەبی elaph.com دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەپرسیاری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، باسی بۆچوونی مامۆستا سویدیەکەی لەزانکۆی ئۆپسالامان بۆ دەکاو دەڵێ:

" سەرکردەکانی کورد ناتوانن روبەڕوی پێشهاتەکان ببنەوە، کوردیش توانای دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نییە، چونکە حزبەکانی لەنهێنیەکانی سیستمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بێئاگان. هەروا کوردیش خۆی نازانێ سوود لەنەزانی و بێئاگاییەکانی ئەو رژیمانە وەربگرێ، کە حوکمی کوردستان دەکەن."

پرسیار ئەوەیە ، ئایا ئێمەی کورد بەوردی بیرمان لەم بۆچوونەی ئەم مامۆستا سویدییە کردۆتەوە؟

هێشتا سەرکردەکانی کورد نەیانتوانیوە بەقووڵی و زیرەکانە سوود لەلایەنە لاوازەکانی رژێمە داگیرکەرەکان ببینن.

هاوکات دەسەڵاتی سیاسی ئێمە دەستکورتە لەسەرنجڕاکێشانی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی بۆ مەسەلەی کورد.

ئێمە دەبێ لەوە تێبگەین، کە رۆژئاوا و ئەمریکا هەرگیز پشتیوانی لەکورد ناکات، یان دانی پێدانانێ، ئەگەر خودی کورد نەتوانێ یارمەتی خۆی بدات و ماڵەکەی خۆی یەکگرتوو پیشان نەدات.

بۆیە رێگاچارە و لەخۆگەیشتنی کورد، بەستراتیژیکردنی گوتاری سیاسییە. گەر ئەمڕۆ سەرکردەی سیاسیی کورد بتوانێ سیاسییانە جەخت لەسەر شەڕخوازی و بەربەریەتی رژیمی تورکیا بکاتەوە، ئەو کات کورد دەتوانێ شەڕی سیاسی خۆی بۆ تەواوی دنیا روون بکاتەوە.

**هاوکاتیش بەرێگەی ئەوەوە دەمانتوانی گوتاری نەتەوەیی سیاسی بۆ جیهان نیشان بدەین.**

**لێرەدا گەر نەتەوەیەک خۆی وا پیشاندا، کە سوودی بۆ خودی ماڵی خۆی نییە، ئەوە ناتوانێ سوودی پێویست و چاوەڕوانکراویشی بۆ جیهانی دەرەوەی خۆشی هەبێ.**

**بۆیە ناچارین جەخت لەسەر ئەوەبکەینەوە، کە تا ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی کوردی لەم ئاستە لێکترازاوو دژ بەکوردبوونەی بێ، بێهودەییە گەر ئەو سوودەی کە ئەمڕۆ کورد هەیەتی بۆ ئەمریکا، تەنیا سوودیکی کاتییە و نابێتە ستراتیژی، چونکە ئەگەر پێکهاتی ناوەکی کورد دەسەڵاتێکی یەکگرتوو نمایش نەکا. وا لەئەمریکا دەکا کورد وەک هێزێکی ستراتیژی تەماشا نەکات.**

**ئێمە دەبێ لەوە تێبگەین، کە بەلای ئەمریکاوە بەدەستهێنانی ئاشتی، خۆی لەسەرکەوتن بەسەر شەڕ و زەبرە، چونکە لەگوتاری سیاسیی ئەمریکادا، خودی شەڕ سیاسەتە، نەک جۆرێک لەبەردەوامی سیاسەت. واتا شەڕ لای ئەمریکا ئامانجە.**

**ئەم سیاسەتی شەڕەش، بەتایبەتی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەرچاوە. ئەمریکا مەبەستی ئەوەیە، ئاژاوەیەکی رێکخراو پەیڕەو بکا، یان دەیکا. بەمجۆرە دەیەوێ ئەو ناوچە و وڵاتانەی گومانی لێدەکا، یان بەدژی خۆی دەبینێ، بەئاژاوەی بکا، تاوەکو باڵادەستی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ.**

**ئەمریکا ئەو ئاژاوەیە "بە شێوەیەکی هونەرییانە پەیڕەو دەکا، کە خۆی لەپەیامی " ئاشتییانەی ئایینی مەسیحیانە"دا پیشاندەدا.**

**ئێمە دەبینین راگەیاندنەکانی جۆرج بوش هەر هەمووی بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەرازێننەوە. بەمەش ئەمریکا دەیەوێ بەمرۆڤەکان بڵێت، کە دونیایەکی شەڕخواز و تاریک هەیە، کە ئەمەش ئەرکی ئێمەی ئاشتیخواز و رۆشنگەرە زاڵبین بەسەر ئەو هێزەدا.**

**بۆیە لەم دەرفەتە " ئاژاوەگێڕەی" ئێستادا، کورد دەبێ جەخت لەسەر تواناکانی خۆی بکاتەوە، تاوەکو بتوانێ سوودێک لەوەدا وەربگرێ. دواجار ئەرکی سەرکردەکانی کوردە کە بتوانن شەقامی کوردی، لەناوەوە و دەرەوە**



**جۆشبدەن، تاوەکو بتوانێ لەم دەرفەتەی کە داگیرکاران، دەسەڵاتی تورکیا، ئێران و سوریا، رووبەڕووی ئەو ئاژاوەیەی ئەمریکا بوونەتەوە، ناچاربن مافی کوردیان لێ وەربگرنەوە.**

**بەڵام ئێمە دەبینین رژێمیکی وەک تورکیا بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدا بەشداری بکا لەو گەمە ئاژاوەگێڕییانەی ئەمریکا، بۆ ئەوەی بتوانێ رێگە لەهەموو ئەگەری ئازادبوونی کورد بگرێ. هاوکاتیش لەناو ئەم ئاژاوەیەدا پەرە بەسیاسەتی ملهوڕانەی خۆی بەدژی کوردی باشوورو تەواوی کوردستان بدات.**

**ئەمڕۆ ئەرکی کورد فرەلایەنە: هەم بەئاگابین لەئاژاوەکانی ئەمریکا و تورکیا، هەمیش بەئاگا بین لەحزبخوازی سەرکردەکانی خۆمان، کە دواجار رەنگە یارمەتیدەربێ بۆ بوونە قوربانی کورد لەناو ئەم ئاژاوەیەدا.**

**ژێدەر و پەراوێزی بەشی سێیەم:**

پەروێز و ژێدەری وتاری: **قەدەری خەونی کورد: لەچەپڕەوییەوە بۆ راست –کۆنپارێزیی**

پەراوێزی وتاری: **ئۆتۆپیا یادەوەریی مرۆڤە، لەگەڕان بەدوای ماڵدا**

(#) ئەم نووسینە لەبنەڕەتدا وەک ئەرکێک لەزانکۆدا سەبارەت بەبیرۆکەی مێژوو پێشکەشم کردووە. لێرە لەم نووسینەدا پوختەی بیرۆکەکەم دارشتۆتەوە .

هاوکاتیش دەبێ سوپاسی جۆن بێرگەر بکەم، کە وتارە ناسکەکەی بەناوی "کۆچ"، بزوێنەری ئەو بیریۆکەیە بوو، کە بەگشتی باس لەکێشەی کۆچ دەکا.

- بۆ زیاتر زانین سەبارەت بەچەپڕەوی راستڕەوی-کۆنپارێزیی، کتێبی:رەیدار لاشۆن، *گەلە ئایدیۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ*، وەرگێڕانی بۆ کوردی، ئاسۆس کەمال، یارمەتیدەر بوو.

(*) ئەو وتارەی کاک فاروق رەفیق لەیەکێک لەژمارەکانی مانگی 11ی 2004، لەهاوولاتی بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا چۆمسکی وێنای هزرڤانێکی ئەمریکی زێدە لەپێویست وەردەگرێت. هەڵبەت من نیازم نییە ئاستی لایەنی زانستی زماننانسی چۆمسکی رەتبکەمەوە، بەڵام پێموایە ئەو شێوازە بەفسانەکردنە، جێگەی پرسیارە.

# بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بەرووناکبیر و بیرۆکەی کۆنپاریزیی خۆماڵی کوردی، کتێبی: رەفیق حیلمی، یادداشت هەرسێ بەرگ.

# سەبارەت بەروانگە هزرییەکانی مەسعوود محەمەد بڕوانە: *مرۆڤ و دەوروبەر*، دوو بەرگ. *لەپەرۆشییەکانی ژیان. حاجی قادری کۆیی.* چەپکێک *لەگوڵزاری نالی*. زاراوەسازی پێوانە، وتارگەلێکی تر.

# بەشی سێیەم

# طفتوطؤ



## پرسی رۆشنبیر و قەیرانی رۆشنبیریی(*)

### سازدانی گفتوگۆ: جەماڵ پیره

**پیاوێکی هێمن، پڕ لەئیحساس و یاخی، مرۆڤێک بەردەوام یادەوەری هەڵگێڕو وەرگێر دەکات و پرە لەپرسیاری ناوازەو گەلێک باس و خواسی هزریی کە بەردەوام لەدەمەتەقێ لەگەڵ تاراوگەدا شرۆڤەیان دەکات، لەخەمی کوردانندنی تیۆرە هزرییە هاوچەرخەکاندایەو دەیەوێ بەکەمترین دەربڕین زۆرترین مانا بدا بەفرەیزە فیکریی و مەعریفییەکان لەهەمانکاتدا پەیوەندییە نەپچراوەکانی فیکروشیعر زیندووتر نیشانبدات.**

**(هەندرێن) ئەو کەسەی کە لەحەڤدە ساڵییەوە هەولێرو قەڵاو منارەکەی دەکاتە یادەوەریی و هەشت ساڵ لەنێو زەبروزەنگو ئاگرو ئاسندا دەبێ بەیەکێ لەو یاخییانەی کە بەدوای شوناسی راستەقینەی خۆی و مرۆڤایەتیدا دەگەڕێ، وەختێ ئیرادەی تەسلیمبوون بەدڕندەیی یەخەی زۆرینە دەگرێ ئەو بەسەر ئەمیشدا زاڵدەبێت و ڕێگەیەکی دوورتر دەگرێتەبەرو بەچەند قۆناغێکی پڕ لەئازارو زیندانی و کرێکاریی لەستۆکهۆڵمی مەنفادا دادەبەزێت و لەوێوە سەفەرە هزرییەکانی خۆی پتەوتر دەکات و وەک راوچییەکی کتێب لەدەوری کتێبخانەکاندا خولدەخواتەوەو تا دەگا بەلیسانسی فەلسەفەو لەدوایشدا ماستەری مێژووی هزر، لەدەرفەتێکدا لەبۆتەی رەهەندو ماناو مەغزاو کێشە قووڵەکانی رۆشنبیرو قەیرانی رۆشنبیریی کوردیدا کەوتمە دواندنی.**

**جەمال:** من پێموایە ئێمە فەزای رۆشنبیریی کوردی لەقەیراندایە، بەو مانایەی کە حاڵەتێکی سەر لێشواوانەی لێکەوتۆتەوە، لەڕاستیدا حاڵەتەکە بەشێوەیەکە کە نەک تەنها نووسەر و رۆشنبیرە خراپنووسەکانی خستۆتە گێژاوێک بگرە دەنگە ئەفرێنەر و جیدییەکانیشی ونکردووە، کەوایە دەپرسم بۆچی ئەم حاڵەتە و بەڕای تۆ چیبکەین تا بتوانین دەرباز بین؟

**هەندرێن:** لەسەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە لەدووتوێی ئەو پرسیارەدا رووبەڕووی ئەرکێکی قورس دەبینەوە. لەدەرفەتێکی وادا راپەڕاندنی ئەو ئەرکە بەشێوەیەکی خەملیو ئاسان نییە، چونکە هەر کۆپلەیەک لەپرسیارەکەتدا پێویستی بەروونکردنەوە هەیە: بۆ نموونە لەکەیەوە "رۆشنبیریی کوردی لەقەیراندایە"؟ کەی رۆشنبیریی ئێمە لە قەیراندا نەبووە؟! پاشان لێرەدا دەستەواژەی رۆشنبیر هەم وەک تێرمینۆلۆگی و، هەمیش وەک پێناسە، لەزمانی کوردیدا روون نییە. هەندێکمان دەنووسین "رۆشنبیر" و هەندێکیش "رووناکبیر". تا ئێستا لە"قەیران"ی بەستاندارکردنی ئەو دەستەواژەیە، کە خۆی سەرەتایەکە بۆ چارەکردنی ئەو قەیرانە، رزگارمان نەبووە. بۆیە وەک من دەیبینم، روونترە ئەگەر لەجیاتی وشەی"رۆشنبیر"، "رووناکبیر" بکەینە



بەکارهێنانێکی جێگر، چونکە جیاکردنەوەی لەڕۆشنبیریی ئاسانتر دەکا. زۆر جار لەکاتی بەکارهێناندا، ئەو دوو دەستەواژەیە تێکەڵاو دەبن. وێڕای ئەمەش، کە باسی "نووسەر و رۆشنبیرە خراپنووس و جیدییەکان" دەکەین، مەبەستمان لەکامە خراپنووس و کامە جیدینووسە؟ بەڕاست ئەو پێوانە کوردییانە چین و کێن ئەوانەی کە بڕیاردەدەن ئەو "نووسەر و رۆشنبیرە"، " خراپنووسن" یا ن "جیدین"؟ من کە ئەو پرسیارانە دەکەم، چونکە بەڕاستی نازانم پێوانە رۆشنبیرییەکانی ئێمە چین بۆ نووسینی باش و خراپ! تۆ وەرە ناوی چەند وتار و کتێبێکی میتۆدیکی، تیۆری و ئاکامگیرانەی کوردیم پێبڵێ کە باس لەو پێناسانە دەکەن؟

هاوکاتیش لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، رۆشنبیرییەکی بێقەیران نییە. رۆشنبیرییەکی بێقەیران مردووە، چونکە ئەوە قەیرانە ناچارمان دەکا بهزرین و بجوولێن، بۆ ئەوەی ئاسۆ تازەکان بدۆزینەوە، بەڵام بەڕاستی ئەو قەیرانەی کە تۆ لەڕۆشنبیریی کوردیدا ئاماژەی پێدەکەی، ئەفرێنەرە یان قەتیسماو؟

هەرچۆنێک بێت، بەرای من دوای راپەڕینی ساڵی 1991 دیاردەیەکی نوێ لەئاسۆی رۆشنبیریی کوردیدا هاتە ئاراوە، ئەویش ئاوەڵابوونی نووسەری کورد بوو لەو سنوورانەی کە پێشتر رژێمی سەددام لەماوەیەکی زۆردا بەسەر بواری نووسەری کوردیدا سەپاندبووی. هاوکات بزاڤی چەکدارانەی حیزبە کوردییەکانیش بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە کورد دووچاری ببوو، داهێنانی کوردی لەشێوازێکی حەماسی سیاسییدا دەبینی، بەڵام دوای هەڵگیرسانی شەڕی حیزبەکان ئەو ئاسۆ نوێیەی نووسینی کوردی، لەبری ئەوەی ببێتە وزەیەک بۆ ڕێگەگرتن لەو قەیرانە، کەچی بوو بەسوتەمەرۆی ئەو شەڕە خۆکوژییە. گەر پێش ئەو شەڕە خۆکوژییە نووسەران بەجۆشەوە، دوور لەهاندان و ئاراستەکردنی حیزبەکان، لەڕوانگەیەکی ئەفرێنەرانە لەسەر سوکەڵە پرۆژەیەک، کە ئەو دیاردەیە لەزۆر ئاستدا بەرچاو بوو، لەیەکتر کۆدەبوونەوەو لەگۆڤارێکدا

بەرجەستەیان دەکردەوە، کەچی دوای پەرەسەندنی ئەو شەڕە ناوخۆییە، ئەو دیاردەیە رۆشنبیرییە نوێیە کاڵ بۆوە و نووسەران بوون بەدەستکەلای ئەو حیزبانە. حیزبەکان لەڕێگای پارە و فشارەوە دەستیانکرد بە راکێشانی نووسەران و سەپاندنی پێوانە حیزبییەکان بەسەر نووسەر و نووسیندا. لەبڵاوکراوەکانی ئەو حیزبانەدا، وتاری حەماسی، راپۆرت هەڵبەستن، جنێودانی حیزبی دژ بەحیزبێکی تر و پەسندانی سەرۆک و بەرپرسە سەربازییەکان بوون بەپێوانەی نووسین و هەڵکێشانی نووسەران. ئیتر بەرە بەرە سەرتاپای نووسینی کوردی بوو بەیارییەکی دزێوی حیزبی و کەرەسەیەکی ئیدیۆلۆگی و خێڵەکی. وەک ئاشکرایە گۆڤار دەرکردن و کردنەوەی بنکەی بەناو رۆشنبیریی لای هەردوو حیزبی باڵادەست و بگرە بچووکەکانیش بوو بەپێشبڕکێ. لەو دۆخەدا ئاسۆییەک بۆ خەمی رۆشنبیریی و بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە نەمایەوە. بەمجۆرە نووسەرە ناسراوەکان بوونە مشەخۆریی بڵاوکراوەکانی ئەو حیزبانە، لەجیاتی بیرکردنەوە لەدۆزینەوەی پرسیارە نوێیەکانی ئەفراندن و سنووردانان بۆ ئەو شەڕە وێرانکارە، بوون بەهەڵەپاسی تەزکییە و راکێشانی نووسەران بۆناو ئەو حیزبانە. ئێمە نموونەی ئەو نووسەرە خۆسەپێنەرانەی، کە هەمیشە لەسەر شانۆیی رۆشنبیریی کوردییدا دیارن لەبەرچاومانە، کە چۆن لەم حیزبەوە بۆ ئەو حیزبە گۆزە گۆزەیان دەکرد/دەکەن.

بەمجۆرە ئەو قەیرانەی کە تۆ باسیدەکەی هەر لەگەڵ شەری گەرمی خۆکوژی دەستپێکرد و هەتا ئیستاش کە ئەو شەڕە لەئاستی شەڕی ساردا لەئارادایە قووڵتر دەبێتەوە. کەواتە ئەو قەیرانە رۆشنبیرییە خۆی لەبە حیزبیکردن و رکەبەرایەتی ئیدیۆلۆگییەکی دەڤەریانەی خێڵەکی ژیانی کوردی دەبینێتەوە. رۆشنبیریی حیزبی و پێوانەی حیزبی هەموو کەناڵەکانی ژیانی کوردی تەنیوەتەوە. کۆمەڵگایەکیش ئەوە ژیانی بێت، ناتوانێت لەئاستی هزر، ئەدەب و هونەر داهێنەر بێت. لەو کۆمەڵگایەدا پەسندان و لایەنگیریی حیزبی دەبێتە پێوانەی نووسەری باڵاو داهێنەر؛ واتا



"نووسەری خراپنووس" دەبێتە "نووسەری جدینووس". ئا ئەمەیە پێوانەی رۆشنبیریی و داهێنانی ئێستای کوردی. تۆ سەیرکە، لەژیانی ئەمڕۆی رۆشنبیریی کوردییدا، هیچ بڵاڤۆک و بنکەیەکی سەربەخۆت نییە کە حیزب خاوەنی نەبێت! ئاخر داهێنان کە مەرامی حیزب و ئایدۆلۆگی سەرپەرشتی سەرەکی بکات، چۆن زمان دەتوانێت لەگەڵ دەوروبەرێکی جیاواز گفتوگۆ بکات؟ کاتێک زمان سنووورداشکرا، شتێک نییە بەناوی ئامادەبوونی زمانی گفتوگۆ و فرەرەنگی.

بە لای منەوە هۆکاری ئەو قەیرانەی کە تۆ مەبەستتە لەو سەرنجە چڕانەدا کۆدەبنەوە کە ئاماژەم پێکردن.

بەڵام "چیبکەین تا بتوانین لەو حاڵەتە رزگار بین"، رێگە چارەی، بەزمانی دەربڕین، هەم ئاسانە و هەمیش ئاڵۆزە، هەمەلایەنە. هەتا ئەوکاتەی کە دۆزی کورد  بەمجۆرە ئاڵۆز بێت، کورد بۆ وێناکردنی خۆی بەرانبەر ئەویتر"، عارەب، فارس و تورک، گوتارێکی فۆرمۆلەکردنی راشکاوی نەبێت " هەروا بۆ خودی کۆمەڵگاکەی خۆی سیاسەتێکی کولتووری سیاسی بەرجەستەکراوی نەبێت، هەتا حیزببی کورد بەمجۆرە یاری رووکەشانە بەزاراوەی نەتەوەیی خۆی، ئازادیخوازیی، کۆمەڵگای مەدەنی، دیموکراسی و ... هتد بکات، چارەکردنی ئەو "قەیران"ە رۆشنبیرییە هەر قووڵتر دەبێتەوە، چونکە لەکۆمەڵگایەکی گرژ، رارا، ناسەقامگیر و لێکدابڕاو، کە مجگێز و خواستی حیزبی بەرتەسک بڕیاردەری بێت، شتێک بەناوی داهێنانی رۆشنبیریی و فرەدەنگی لەگۆڕێدانییە. کۆمەڵگای حیزبگەرایی، ئەوەندەی خەریکی بەوێرانکردنی ماڵ، خێزان، دۆستایەتی و خەونەکانە، هێندە خەریکی گەورەکردنی ئەو ماڵە و هاوئاهەنگکردنی ئەو پەیوەندی و ئاسۆیانەی کۆمەڵگاکەی نییە. لێرەدا رۆشنبیریی کوردی بەشدارییەکەرێکی بنەڕەتی ئەو وێرانکارییەیە. ئەگەر ئێمە حەزمان لەوە بێت، کە رۆشنبیریی کوردی لەو قەیرانەی کە هەیەتی دەرباز بێت، دەبێت بیر لەبەجێهێشتنی بەحیزبیکردنی خودی نووسەر

بکاتەوە. بەواتایەکی تر، دەبێت بوارێک دروستبێت، کە نووسەری دەمڕاستی حیزبەکان و مەرجە حیزبییەکان نەبنە بنەمای پێکهێنانی سەکۆ ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان. ئەوکاتە ئەو قەیرانە شلدەبێتەوە، کە چیتر ڕووناکبیران وابەستەی ئەو مێگەلاندنە نەبن؛ واتا چیتر نەبنە کارمەندانی تەمبەڵ و مشەخۆری حیزبەکان. ئەوکاتەی ڕۆشنبیریی دەکەوێتە ژێر پێوانە ئیدیۆلۆگییە حیزبیەکان، ئەوکات ڕۆشنبیریی ئاراستەیەکی داخراو پێڕۆ دەکا، کە ئەمەش پەیامی ڕۆشنبیرییەکی ئازاد نییە. ڕۆشنبیرییەکی زیندوو بۆ ئەوەی لێوانڕێژ بێت لەوزە و چالاکی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئاسۆ نادیار و نوێیەکان، دەبێت خاوەن ڕوانگە فرەدەنگ و ڕکەبەرایەتییە هارمۆنیکراوەکان بێت. ئەوکاتە پێوانە حازر بەدەست و ئەرک و بەرژەوەندییەکانی حیزبی نابنە خەمی زمانی داهێنان و گفتوگۆی فرەدەنگەکانی نووسەر. کەواتە ئێمە ئەوکاتە دەتوانین ئەو قەیرانە چارە بکەین، کە وەرچەرخانێک لەو دۆخەی ڕۆشنبیریی کوردی ڕوودات. ئەو وەرچەرخانەش بەکۆبوونەوەی کۆمەڵێک وزە و توانای نووسەری کورد دێتە ئاراوە، کە بتوانن لەئاست و ڕەوتێکی ئازادانەدا ئەرکی داهێنان بکەنە پرۆژەی ژیانیان. دواجاریش گەر لەژیانی کوردیدا، زمان و ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و جوداخواز نەبنە پرینسیپێک لەژیانی ڕووناکبیران، هەرنا گروپێکی چالاک، ئەوکات ئومێدەواربوون بۆ جولاندنی ئەو قەیرانە لەمەحاڵ دەچێت، چونکە ئەو تەرزە ڕووناکبیرە تەنیا ئامرازێکە بۆ ڕاپەڕاندن و ڕازاندنەوەی مەرام و داخوازییەکانی حیزب و دروشمە ساختەکان...

جەمال: ***یەکێک لەو گرفتە ڕۆژانەییانەی ڕووبەڕووی ڕۆشنبیریی کوورد دەبێتەوە بەرجەستەکردن و تێکەڵکردنی چەمک و پێناسە فیکرییە باوە جیهانییەکانە لەگەڵ واقیعی کولتوریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا، حاڵەتێکە دەکرێ لێیەوە لەداهاتوودا وێنەی سستبوونی ڕۆشنبیر ببینین و فەزا و کەشێکی نالەباریشی لەگەڵدابێ، پێتوایە بەچ ئاقارێکدا ڕاستتر و تۆکەمتر دەگەینە چارەسەر؟***

هەندرێن: هەڵبەتە ئەو دیاردەیەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی، کێشەیەکی بەرچاوە لەپانتایی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی کوردیدا. ئەمەش ڕەنگە بەشێک بێت لەو قەیرانەی کە ئاماژەمان پێکرد، یان خودی ئەو قەیرانە بەرهەمهێنەری بێت. من لەچەند دەرفەتی جودا و وتاری جودا ئاماژەم بۆ ئەو "گرفتە"ی کە تۆ باسیدەکەی کردووە. پێموایە دوای ڕاپەڕین، ئەو گرفتە لەهەموو کاتێکی تر زیاتر، لەپانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا ئامادەیی هەیە. ئەمڕۆ سەرتاپای گۆڤار و بڵاڤۆکە ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و بگرە زمانحاڵی حیزبییەکانیش بەو "چەمک و پێناسە فیکرییە باوە جیهانیانە" بارگاویکراون. ئێمە دەبێ بزانین لەبنەڕەتدا سەرتاپای ئەو چەمک و پێناسە فیکرییانە، بەرهەمی کۆنتێکست/ناوکۆیەکی خۆیانن؛ واتا هەر یەکێک لەو چەمکانە بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراو و کولتووری جودایەکانی ڕۆژئاوان. سەرتاپای ئەو چەمکانەش کە ئەمڕۆ. بێ دەستپێوەگرتن و بێ ڕەچاوکردنی بنەماو پاشخانەکانیان، لەپانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا فڕێدەدرێن، لەشارستانییەتی گرێکی کۆنەوە سەرچاوە هەڵدەگرن و پاشان هەر یەک لەقۆناغە مێژووییەکانی ڕۆژئاوا، لەسەردەمی ڕۆمەوە بگرە تا بەسەدەی ناوەڕاست، شۆڕشی فەرەنسی، ڕێنسانس و قۆناغی ڕۆشنگەریی، مۆدێرنیزم، شۆڕشی پیشەسازی تێدەپەڕی و تا دەگاتە سەدەی بیست، کۆمەڵگای مەدەنی، کۆمەڵگای زانیاری و تەکنیک... بەشێوە و ئاستی جودا دووبارە و چەند بارە خەملاندووە و داڕشتۆتەوە. هاوکاتیش ئەو چەمکانە، هەر لەئاستی قسەکردن و ئاسۆی کتێبەکاندا نەوتراون، بەڵکو دوای هەر وەرچارخانێک لەو قۆناغانەی ڕۆژئاوادا، لەژیانی کۆمەڵگادا بەکارهاتوون و بوونەتە سەرچاوەی بونیاتنانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا. قسەکردن لەسەر پاشخان و وردەکارییەکانی ئەو چەمکانە لەسەرچاوەکانی خۆیانەوە؛ واتا

رۆژئاوا، باسێک نییە لێرە بواری هەبێت، هەروا ڕووناکبیری کوردییش دەبێت ئاگای لەو پاشخانە ئاماژە بۆکراوانە هەبێت، بۆیە ڕوونکردنەوەیان لەوە زیاتر بەپێویست نازانم. لەم ڕوانگەیەوە لەپانتایی ئەو دۆخ و ئاسۆ رۆشنبیرییە کوردییەی کە ئێمە لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد، بەمۆدەکردنی ئەو چەمکانە بەو چەشنەی کە دەیبینین، شتێکە جێگەی بەزەییە.

من پێموایە گرفتی بەمۆدەکردنی ئەو چەمک و پێناسە فیکرییانە لەوەدا کۆدەبنەوە، کە وەک دەخوازێت لەئاستی پسپۆڕییدا بەکارناهێنرێن و پیادەناکرێن. لەدەستپێکدا ئەوانەی ئەو چەمک و پێناسانەیان گواستەوە و کردیانە مۆدەی "نوێگەریی و دیاردەیەکی نوێ"، ئەو نووسەرانە بوون کە لەڕێگای چەند گۆڤار و کتێبێکی عارەبی و فارسی خوێندبوویانەوە. هەروا هیچێک لەو نووسەرانە، نووسەری ئاکادیمی نەبوونە و نین. لەبنەڕەتدا ئەو چەمکانە بەرهەمی بوارە ئەکادیمییەکانن، نەک ڕۆژنامەوانی و مۆدەی پێبشبڕکێ. لێ ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەموو ئەکادیمیستێک، دەتوانن ببنە پسپۆڕی ئەو چەمکانە، بەڵام من لێرە مەبەستم قووڵبوونەوە و لێزانی ئەو بوارەیە.

تۆ سەیری رۆژئاوا بکە، هەرچەندە ئەو چەمک و پێناسە هزرییانە بەرهەمی خۆیانە و بەشێوەیەکی ئەکادیمیش دەیخوێنن، کەچی وەک ئەوەی لای ئێمە باوە، هەرکەسە و دوو کتێب و چەند وتاری لەم بوارانەدا بخوێنێتەوە، نابنە پسپۆڕی ئەو باسانە. بۆ نموونە لەوڵاتی سویدا ئەو گۆڤار و گروپە رۆشنبیرییانەی کە سەرقاڵی بواری فەلسەفە و ئەو چەمکە هزرییانەن، لەسێ هەتا پێنج گۆڤار و چەند ڕووناکبیریی ئەکادیمی تێناپەڕن ، ئەو گۆڤارانەی کە سەرقاڵێ ئەو بوارە هزریی و فەلسەفییانەن بریتین لە: "ڕێس پۆبلیکە، گلێنتە، گۆڤاری فەلسەفی، گۆڤاری پۆلیتیک" و چەند گۆڤاری تر کە هی ئینستوشۆنەکانی ئەو بوارانەن. ئەوانەی سەپەرشتی ئەو گۆڤار و بنکە هزری و فەلسەفیانەش دەکەن، هەموویان



ئاستی خوێندنیان لەو بوارانەدا لەپلەی دکتۆرا کەمتر نییە، پسپۆرن لەو بوارانەدا.

بە کورتی ئەو چەمک و پێناسە فەلسەفی، هزریی، تیۆرییانە بەرهەمی ئینستۆشۆنەکانی زانکۆن، نەک مۆدە و لاساییکردنەوە. لەڕۆژئاوادا زۆرن ئەونەی لەئاستی جودا لەبەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان خوێندوویانە و دەخوێنن، کەچی دوای تەواوکردنی خوێندن، بەشێکی دیاریکراو لەو خوێندکارانە قسە کردن لەو چەمکانە دەکەنە پیشە. واتا هەرکەسە و لەخۆیەوە، وەک ئەوەی لەڕووبەری نووسینی کوردیدا باوە، خۆیان بەو چەمکانە هەڵناواسن.

ئاخر بۆ نموونە، ئێمە کە لەسیگمۆند فرۆید دەدوێن، دەبێ ئەوە بزانین کە تێز و گریمانە دەروونناسییەکانی ئەو بەناوکۆییەکی هزریی، فەلسەفی و زانستییەکانی ئەو قۆناغەی رۆژئاواوە پەیوەستن. ئەوکاتەی فرۆید لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کێشەی "ئاگایی"، نائاگایی"،" ئۆدیپۆس" و "سێکس" ... دەکاتە بنەمای شرۆڤەکارییەکان بۆ مرۆڤ، ئەوە بەندن بەو ئازادییە سێکس و بەتاکگەرایییەی مرۆڤی رۆژئاوا و تاقیکردنەوە زانستییەکان... هتد. کاتێک هێگل باس لەکۆمەڵگای مەدەنی و ئەرکی تاکەکەس ... دەکات، ئەوە بەندە بەو کۆمەڵگا مۆدێرنەی، کە لەدایکبوو بوو... کاتێک ژاک دێریدا باسی "جیاوازی" و "فرە دەنگی دەق و بیرکردنەوە دەکات، بەندە بەو پاشاخانە هزریانەی پێشووی خۆی و ریزێک پرسیاری هەمەلایەن و ئاکامە هەنووکەییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی رۆژئاوا... هتد. لەڕاستیدا نووسەری کورد لەپێداویستییەکی هزریی ئەو چەمک و پێناسە هزریانەی نەدۆزیتەوە، بەڵکو، لەلایەک، وابەستەی زمانێکە، عارەبی و فارسی، کە خۆی لەو گرفتەدا دەتلێتەوە، لەلایەکی تریشەوە، ئەو دۆخەی کە کورد پێیدا تێدەپەڕیت، بۆ نووسەری کورد ئاڵۆزە و راڤەیەکی خۆماڵی بۆ نییە. هاوکاتیش ئەو تەمومژییەی کە ناسنامەی کوردی وێنا دەکات، چەقبەستنی گوتاری سیاسی کورد و

داهێزرانی کۆمەڵگای کورد، نووسەری کورد هاندەدا وەک هانایەک بۆ خۆشاردنەوە لەو قەیرانانە پەنا بۆ ئەو چەمکانە ببات. ئەمەش بۆ دۆزینەوەی ئاسۆ نوێکان و ئاراستەیەکی تری بیرکردنەوە نییە، بەڵکو بۆ دڵدانەوە و خۆ شاردنەوەی خۆیەتی. بەواتایەکیتر، نووسەری کورد وەک جۆرێک لەئایین، مێتافیزکییانە و سۆفییانە لەو چەمکانە دەڕوانێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەمەش دواجار لەئاستی لاساییکردنەوە و مۆدە، وەک ئەوەی دەیبینین، هیچی ترمان بۆ بەرهەمناهێنێت. دواجاریش وابەستەبوونی ئەو دەڤەرەی ئێمە بەبالادەستی کولتووری رۆژئاوا، هۆکارێکی گرنگە لەئامادەبوونی ئەو چەمکانە. ئەمڕۆ هەر رۆژنامە و گۆڤارێک هەڵدەدەیتەوە پڕن لەو چەمکانە. ئاخر رۆژنامەوانێکی کورد، چی داوە بەو قسانە؟!. دوای هیچێک لەو گۆڤارانە جیاوازییەکی جەوهەری نییە لەگەڵ یەکێکیتر. باشە گەر ئەمڕۆ زۆرینەی نووسەری کورد سەرقاڵە بەم چەمکانە، بۆ دەستەیەک لەو نووسەرانە، ئەگەر بەڕاستی خۆیان بەپسپۆڕی ئەو چەمک و پێناسە هزریی و بوارە فەلسەفییانە دەزانن، لەسەر پرۆژەیەکی تۆکمە رێکناکەون؟ ئاخر کاتێک ئێمە، بۆ نموونە، هێندە باسی دیکارت، کانت نیتشە، فۆکۆ، سارتەر، دێریدا... چەندانی تر دەکەین، بۆ ناتوانێن بەشێوەیەکی جوان کارە گرینگەکانی ئەوانە بکەینە کوردی؟ ئەگەر زمانێک بەتێری و پوختی خاوەن ئەو سەرچاوانە نەبێت، چۆن دەتوانێت تیۆری و روانگەکانی ئەو هزرڤان و فەیلەسوفانە بەخوێنەرەوەی کوردی بناسێنێت؟ دواجار ئێمە دەبێ هێندە خۆمان بناسین، کە چۆن و کام لایەنی تیۆری ئەو هزرڤانانە لەئاستی کوردیدا بخەملێنین و پیادەبکەین. ئەمانە و چەندان گرفت هەن کە راوەستان لەسەریان گرنگن.

رزگار بوون لەو گرفتانەی کە تۆ ئاماژەی بۆ دەکەی، بەندە بەرزگاری بوونی کورد لەو دۆخە ناسەقامگیر و بەحیزب تەنراوەی کۆمەڵگای کوردی. ئەوکاتەی کە کۆمەڵگای کوردی گەیشتە ئەو ئاست و دۆخەی کە رۆڵ و ئەرک و مافەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕی و کارامەیی بەسەر تاکەکەسەکانی



دابەشبکات، ئەوکات ئەو گرفتەش چارەسەر دەبێت. ئەوکاتە گرفتی بەمۆدەکردن و بەخۆڕا فڕێدانی ئەو چەمک و پێناسە هزریی، فەلسەفی، کۆمەڵناسی و ... هتد چارەسەر دەبێت، کە زانکۆکانی کوردی لەبوونە مۆڵگەی مامۆستا مشەخۆرەکان و پێوانەی حیزبی و خزمایەتی ئازاد دەبن. ئەوکاتە ئەو گرفتە چارەسەر دەبێت، کە "زارقەڵەباڵغی" نەبێتە پێوانەی رۆشنبیرییەتی و نوێگەریی نووسەر. کاتێک خوێنەر و نووسەری کوردی لەو گرفتە رزگار دەبێت، کە هاوشاریی، وابەستەیی گروپەکان، یارییە رووکەشە دیپلۆماسییەکان، نەبوونە پێوانە بۆ پەرستن و بەپاڵەوانکردنی نووسەر، چونکە ئەمڕۆ وەک چۆن لەئاستی حیزب و ئاییندا هەندێک کەسی سیاسی و ئایینی پیرۆزن و نابێت رەخنەیان لێبگیرێت، بەهەمان شێوەش زۆرینەیەک لەنووسەر و خوێنەری ئەمڕۆی کوردی، وەک شتێکی پیرۆز دوو سێ نووسەر دەپەرستن. ئەو ئەتمۆسفێرەی کە ئەمڕۆ لەپانتایی رۆشنبیریی کوردیدا قووتکراوەتەوە، لەدیوەخان و پەرستگا و بارەگای حیزبی دەچێت، نەک ژیانێکی وەرچەرخاو و گۆڕاوی رۆشنبیریی، کە ئەگەر بڕوامان بەو پێناسەیە بێت، کە خودی رۆشنبیریی و رووناکبیر هەڵگری پرۆژەیەکی بزۆک و ئاوەڵایە.

***جەمال: ئەوەی لەنێو کایەی رۆشنبیریی کوردیدا زۆر بەزەقی غیابە میتۆد و مەنهەجییەتە. هەڵبەتە مەترسییەکانی ئەم حاڵەتە شاراوە نین و مەبەستیشم ئەوە نییە دەرەنجامی ئەم حاڵەتە چی و چۆن دەبێ! بەڵکو ئەوەی بەلامەوە گرنگە بیکەمە مەبەستی پرسیارەکەم راستکردنەوەی هەموو ئەو هەنگاوە بەهەڵەنراوانەی رابردووی رۆشنبیری کوردە، ئەگەر بکرێ لەتۆ بپرسین لەچییەوە دەستپێبکەین یان ئەگەر دەستمان پێکردووە لەکوێی هەنگاوەکانمانین؟***

هەندرێن: من پێشتر سەرنجی خۆم لەسەر ئەو دیاردەی باوەی پانتایی رۆشنبیریی و وێنای باڵادەستی رووناکبیر و نووسەران دەربڕی. چارەکردنی ئەو دیاردە زەقەی کە تۆ بە"غیابی میتۆد و مەنهەجییەت" ناوی دەبەیت، لەهەمان روانگەدا کۆدەبێتەوە؛ واتا ئەوکاتە دەتوانین هەنگاو بۆ چارەکردنی ئەو گرفتە بنێین، کە دەستەیەکی پسپۆڕ و کارامەی رووناکبیران لەبوارە جیاوازەکاندا دەست بکەن بەراگەیاندنی کردەیی لەسەر پرۆژەیەکی رۆشنبیریی کە لەسەر بنەمای "میتۆد و مەنهجییەت" وەستا بێت. بەر لەهەموو شت دەبێت ئەو دەستە رووناکبیرە لەڕێگای بنکەیەکی رۆشنبیریی پوختەی سەربەخۆ کە هەستن بەکار و چالاکی فرەلایەن و یەک دوو گۆڤار بۆ بواری وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە تەرخان بکەن، کە هەر جارەی لەسەر بابەتێکی هزریی، فەلسەفی و دیاردەیەکی رۆشنبیریی دۆسییە بکەنەوە. ئەم پرۆژەیەش کاتێک دەتوانێت "هەنگاوە بەهەڵەنراوانەی رابردووی رۆشنبیری کورد" راستبکاتەوە، کە لەپرۆسەیەکی بەردەوامدا لەژێر سەرپەرشتی لێژنەیەکی کارامە و شارەزا، ریزێک کتێبی تیۆریی، هزریی و فەلسەفی لەزمانە ئۆرگیناڵ و زیندووەکانی جیهان بکاتە کوردی و هاوکاتیش بەشێوەیەکی پسپۆڕانە کۆمەڵێک راڤە و خوێندنەوەی فرەوان، جا لەڕوانگەی ئەو تیۆر و روانگە هزری و فەلسەفییانەوە بێت کە بەکوردی کراون یان بەشێوەیەکی بێلایەنانەوە بێت، لەسەر کۆمەڵێک دەقی رۆشنبیریی و بیرۆکەی کۆمەڵێک رووناکبیری رابردوو و ئێستای کوردی پێشکەشبکات. وێڕای ئەمەش، بۆ ئەوەی هەرکەسە بەگوێرەی مۆدە و لاساییکردنەوە خۆی نەکاتە پسپۆڕ و دەمڕاستی ئەو بوارە تیۆرییانە، گرنگە کە بنەمایەک بۆ مافی وەرگێڕان و بەفەرمی وەرگرتنی نووسین لەو بوارە گرنگانەدا دروستبکرێت. کارێکی پێویستە کە هەنگاو بنرێت بۆ رەخنە، راڤەکردن و دارشتنەوەی ئەو چەمک و پێناسە هزرییانەی کە بێ دەستپێوەگرتن و بێ رەچاوکردنی پێکهاتە و تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی رەمەکیانە فڕێدراونەتە ناو پانتایی نووسینی کوردییەوە. رەنگە لەئاستی



تاکەکەسیدا زۆر کەس هەوڵیدابێت ئەو کارانە بکات، بەڵام راپەڕاندنی ئەو ئەرکە، هەنگاوە گرنگە بەتاکەکەسێک ناکرێت، بەڵکو بەبزاوتێکی تۆکمە دەکرێت.

بۆ نموونە ئێوە کە سێنتەرێکی رۆشنبیرییتان هەیە و گۆڤارێکیش بەناوی "نما" دەردەکەن، ئەگەر بەڕاستی بەئاگان لەو گرفتانەی کە ئێمە باسیدەکەین، بەئاگان لەخەمی هەنگاونان بەرەو ئاسۆیەکی نوێ کە دەیەوێ وێنایەکی جودا لەوەی هەیە بەرهەمبێنن، بۆ ئەو ئەرکە رانەپەڕێنن؟ ئێوە دەتوانن لەجیاتی ئەو هەمەجۆرییە لەچاپکردنی کتێب، باشترە ساڵانە چەند کتێبێکی تیۆریی لەمەڕ بوارێکی تایبەت چاپبکەن، بەڵام لەپێشڕا بۆ ئەوەی بتوانن لەو ئەتمۆسفێرە باوە جودا بن، بەلای کەمییەوە دەتوانن خوێنەر و نووسەر کورد لەوە دڵنیا بکەنەوە کە دوورن لەپەیام یان لایەنگیریی ئیدیۆلۆگی و حیزبی، هەروا بەجۆرێک بتوانن دەرفەت بۆ کۆمەڵێک نووسەری پسپۆڕ، لەو بوارەی کە ئێوە بەچاکی دەزانن کاری لەسەر بکەن، بڕەخسێنن، کۆمەڵێک کتێبی تیۆریی، هزری و فەلسەفی هاوئاهەنگ بکەنە کوردی. لەپاڵ ئەمەشدا دەستبکەن بەئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆڕ و چالاکی بۆ ئاراستەکردنی ئەو پرۆژەیە. رەنگە ئەوە چەشنە کارە هەنگاوێکی کردەیی بێت، کە بتوانێت کەش و هەوایەک بۆ کێبەرکێیەکی رۆشنبیریی دروستبکات.

کێشەی رۆشنبیریی کوردی هەر تەنیا بەحیزبوون و ئەو پاشاگەردانییە نییە لەیارییکردن بەچەمکەکان و نەبوونی میتۆد، بەڵکو نەبوونی پرۆژە و کارکردنێکی پشی درێژی جودا جودایە لەهەمبەر ئەو رووناکبیرەدا. زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین ئەمڕۆ ئێمە رۆشنبیرییەکمان هەیە، کە رۆژنامە خوێن و رۆژنامە نووسە. بەرهەمەکانی ئەو رووناکبیرە لەسەر رانان و ئاخاوتنە تێکەڵاو کردنەکانی بابەتەکان دەخوولێتەوە: ئێمە کۆمەڵگایەکین رووناکبیر و رۆشنبیرییەکی سەرپێی بەرهەمدێنین.

هاوکاتیش دیسانەوە بەر لەهەموو شتێک گەر راستیت دەوێت، دەبێت ئەو هەنگاوە گرنگە لەزانکۆکانی کوردستانەوە دەستپێبکەن، کە مخابن وەک ئەوەی دەبینرێن، جارێ جێگەی چاوەڕوانکردنی ئەو هەنگاوە نین. لەکۆتاییشدا کاتێک ئێمە هەست بەهەبوونی ئەو هەنگاوە گرنگانە دەکەین، کە ئەو بزاوە رۆشنبیرییە سەربەخۆ و خەملیوە بەبەرجستەکراوی دەستبەکاربوو و بەرهەمی پێشکەشکردین.

***جەمال: لەو کۆمەڵگایەی ئێمەدا بەداخەوە حیزب سەرجەم کایەکانی ژیان دەبات بەڕێوە، سەرجەم دەسەڵاتەکان بەلەیەکجیاکراوەیش هەر حیزب خاوەنییەتی، واتە حیزب سێنتراله بۆ هەموو ئەو بڕیارانەی کە دەبێ لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵدا بدرێن، بەپێی ئەزموونی رابردووی ئەم بەشەی کوردستانیش بێ تەنها بڕیار و ئاسانترینیان نەگەڕانەوەیە بۆ لای خەڵک، بەڕای تۆ کامەیە ئەو وێنەیەی رۆشنبیر کە دەبێ هەڵیبژێرێ لەبەردەم رووبەڕووبوونەوەی ئەم واقیعەدا؟***

هەندرێن: هەڵبەتە ئەرکی رووناکبیری لەهەر قۆناغێک و لە هەر وڵاتێکدا ئەرک و پێناسەی جوداوازی هەبووە و هەیە. سەیری رووناکبیری رۆژئاوا بکە، کە هەمیشە کردوومانە بەپێوانە و وێنا بۆ ناسینەوەی رووناکبیر، لەهەر قۆناغێکدا پێناسەی جیاوازی بۆ رووناکبیر هەبووە؛ واتا وەک دەزانین ئەرکی رووناکبیر لەسەردمی رێنیسانسدا بەجۆرێک لەجۆرەکان لەسەردەمی رۆشنگەریی، سەدەی هەڤدە جیاواز بووە، هەروەک پێناسەی سارتەر جودایە لەپێناسەی فۆکۆ، کە ئەوەی یەکەمیان لەڕوانگەی هزری خۆی و ئەو کۆنتێکستەی کە پابەند بوو پێیەوە، بەروانگەیەکی گەردوونی بارگاویکراوە، کەچی لای فۆکۆ ئەرکی رووناکبیر بوارێکی لۆکاڵییە... هتد.



کۆمەڵگای کورد داوێنگیریی داب و نەریتی کۆمەڵێک کۆمەڵگایە، کە رۆشنبیرییەکەی ئیفلیجە. رۆشنبیریی ئێمەش لەژێر کایەی ئەو رۆشنبیرییە دەتلێتەوە. وێنای رۆشنبیریی کۆمەڵگای عارەب، فارس و تورک، وەک سێ زمان کە سەرچاوەی رۆشنبیریی ئێمەن، خۆیان تا سەر ئێسقان لەناو قەیراندا دەژین، ئێمەش لاساییکەرەوەیەکی بەحەماسی مۆدیلی قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و رۆشنبیرییەکانی ئەو زمانانەین. ئاخر ئەگەر ئەوە قەدەری ئێمە بێت و خۆشمان پرسیارێکمان نەبێ لەسەر گرفتی رۆشنبیریی ئەو زمانانە، چۆن دەتوانین وێنایەکی جیاوازی کولتووری بەرهەمبێنین؟

بەهەمە حاڵ، ئەو وێنەیەی کە ئەمڕۆ رووناکبیری کورد دەبێ هەڵیبژێرێت لەبەردەم رووبەڕووبوونەوەی ئەم واقیعەدا، لەدایکبوونی رووناکبیرێکە لەوابەستەیی حیزب ئازاد بوو بێت و بەکەسایەتییەکی نەتەوایەتییانە لەبوارەکەی خۆیدا سەربەخۆیانە ئەرکە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی راپەڕێنێت. ئەو وێنە رووناکبیرەی کە ئەمڕۆ کورد پێویستی پێیەتی، ئەو دەنگەیە کە بتوانێت بەروانگەیەکی ئێستێتیکیانەی سیاسی ئەو دۆخە بەحیزب تەنراوەی کە هەموو ژیانی خستۆتە ژێر رکێفی گشتگیرانەی خۆیەوە، بەرەو دۆخێکی هەمەڕەنگ و فرەدەنگ وەرچەرخێنێت. ئەمڕۆ ئەوەی کە کورد گۆشدەکا مەرامە حیزبی و ئیدیۆلۆگییە دەڤەرگیرەکانە. هۆکاری ئەو دۆخەش، هەم لەڕووی ناوەکی و، هەمیش لەڕووی دەرکیەوە، ئاشکرایە. بۆیە ئەرکی رووناکبیری ئەمڕۆی کورد، بەگشتی، بوژانەوە و گەشەپێدانی گفتوگۆ و گوێلێگرتنی دەنگ و رەنگە جودایەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییە. ئەو دەنگ و رەنگە جوادایانەی کە حیزب و ئیدیۆلۆگییە وشکەڕۆ و نەریتە قەتیسماوەکان، لەناو بازنەیەکی داخراودا هێشتوویتەوە. تەنیا سەرهەڵدانی وێناگەلێک لەڕووناکبیری خاوەن ویژدانی داهێنان و دوور لەکایە ئیدیۆلۆگییەکان، کە دەتوانێت ئەو بارە گرژ و چەقبەستووەی کە لەنێوان کۆی دەنگ و رەنگە

جوداکانی کۆمەڵگای کوردییدا هەیە ئاشتبکاتەوە. ئەوکات بەهاتنە گۆی سەرجەمی ئەو دەنگە جودایانە، دەتوانین بەرەو ئاسۆ نوێیەکانی ژیان هەنگاو بنێین.

دواجاریش ئەو وێنە رووناکبیرەی کە ئەمڕۆ کورد چاوەڕێی دەکات، خاوەن ویژدانێکی زیندووە، کە ببێتە وێنایەک بۆ ئەوەی هانی کۆمەڵگای کوردی بدا کە لەسەر جیاوازی و کراوەیی نەوەکانی داهاتووی پەروەردەی بکات.

***جەمال: تەمبەڵی رۆشنبیر و بەدوادا نەگەڕانی سەرچاوەی زانستی و نەزانینی زمانی زیندووی جیهانی و ملکەچی هەندێ لەڕۆشنبیران بۆ دەسەڵات لەپێناوی ژیاندا و هەرسنەکردنی بۆچوون و دنیابینی نوێ و چەندین حاڵەت و هۆکاری تر کە فاکتەری سەرەکیی نەبوونی دەق و لێکۆڵینەوەی زیندوون، وایکردووە کە گوتارێکی مرۆدۆست و ژیاندۆست لەهزری کەسی رۆشنبیری کوردا نەبینرێتەوە، دەمەوێ پرسیاری رێژەی گەشبینی و رەشبینی لەئاست ئەم مەسەلەیەدا لە تۆ بکەم ؟***

هەندرێن: تەمبەڵی و ملکەچکردنی رووناکبیری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسیارە چارەنووس سازانەی کە زیاتر لەپانزە ساڵە حیزبی کوردی نەک هەر نەیتوانیوە دەستەربەریان بکات، بەڵکو تەواوی وزە و توانای دەنگە جودایەکانی کوردی دەمبەست و پەراوێز کردووە. کێشەکە ئەوە نییە کە حیزبەکان، جا لەژێر چەتری هەر بانگەشەیەک بێت، نابێ بنکە و چالاکی رۆشنبیریی خۆیان هەبێت، بەڵکو کێشەکە لەنەبوونی ئیرادەیەکی ئازادیخوازانەی بەهێزی رووناکبیری کوردیدا بەرجەستە دەبێتەوە. ئێمە دەزانین لەهەموو شوێنکی ئەو جیهانە دەسەڵاتی سیاسی لەپێناوی سەرکەوتنی مەرام و ئیدیۆلۆگییەکانیدا یاریدەکا، بەڵام کاتێک لەوڵاتێکدا، وەک کوردستان، زۆرینەی رووناکبیرانی دەبنە وابەستە و کەرەسەی



مەرامەکانی دەسەڵاتێکی سیاسی، کە نەک هەر ئازادیخواز و پۆسەتیڤ نییە، بەڵکو دروستکەری هەموو کۆستێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە، ئەوکاتە ئومێدەواربوون بەئامادەبوونی زمانی نەتەوەکەت دەبێتە ئازارێکی گەورە. مێلان کۆندێرا وتەنی هەموو کەس حەز دەکا نەتەوەکەی سەربەرز بێت، بەڵام کە رۆژانە قەیرانەکانمان قووڵتر دەبنەوە، ئەوکات حەسرەتی بەدینەهاتنی ئەو سەربەرزییە فرەتر دەبێت. بەڕاستی بێژم، هەموو بەیانییەک کە لەخەو بێدار دەبمەوە، هەواڵە سیاسی و رۆشنبیرییەکانم گوێ لێدەبێت یان دەخوێنمەوە، رووبەڕووی بێهودەیی و رەشبینییەکی تر دەبمەوە، چونکە ئەمڕۆ لەپشت هەموو کارێکی رۆشنبیرییدا یارییەکی رووتی حیزبی دەبینییەوە. لەپشت بەشی زۆری ئاخاوتنە سیاسییەکان، یارییەکی سافیلکە دەبینرێ...

چالاکییە رۆشنبیرییەکانی ئێستای ئێمە لەشێوەی مەراسیمی جەژن، تازیمانە، ئاهەنگ و کۆبوونەوەی حیزبییەکان دەچن، تا کردەیەکی رۆشنبیریی و رووداوێکی داهێنەرانە. تۆ ئەگەر سەر بەگروپ و لایەنێکی سیاسی نەبیت، بوونت فەرامۆشدەکرێت. ئەمەش ئەوپەڕی پەرگیرکردنی نووسەر و کوشتنی روحی مرۆڤایەتییە. ئەمڕۆ گرفتی رۆشنبیریی کوردی لەوەدا زەقدەبێتەوە، کە ئەگەر تۆ بەمجگێزی ئەو نەبوویت و وابەستەی ئیدیۆلۆگی حیزبەکەی نەبوویت، بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدا پەراوێزتبکات. لەوەش خەمینتر، ئەمڕۆ دیاردەیەک لەگۆڕێدایە کە بەهەموو جۆرێک دەیەوێ دەنگ و جیهانە جیاوازەکان خەفە بکات. هەروەک کێشەی کورد و رۆشنبیرییەکەی نەبوونی گشتگریی بێت. لەکاتێکدا ئەوە هەمەرەنگی فرەدەنگی سیاسی و رۆشنبیرییە کە کۆمەڵگا پێشدەخا و جوانیدەکا. خەمی من ئەوەیە کە هەموو ئاراستە رۆشبیرییەکان بەهانکە هانک بەرەو ئەو ئاسۆ دەچن، کە پێموانییە روحی زمان و کولتوورەکەم نەمر بکەن!

(*) ئەم گفتوگۆیە تایبەت بوو بەحەوتەنامەی "رۆژهەڵات"، کە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، سنە دەردەچێت.

## خەمی رۆشنبیریی و تەنگژەی رووناکبیری کورد

**سازادانی گفتوگۆ: رێبازی ئازادی**

**• نەبوونی هێزگەڵێکی رۆشنبیری، تا ببێتە کارەکتەرێکی سەرەکی لە کۆمەڵگای کوردستاندا بۆ پێکهێنانی ئاڵۆگۆڕ لەکایە رۆشنبیری و مەعریفیەکاندا، فاکتەرەکانی چین؟ ئایا تەنها حزبی کوردی لێ بەرپرسە یان خودی رۆشنبیرانیش؟**



هەندرێن: هەڵبەتە لێرەدا راڤەکردنی ئەو تەنگژەیە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئێمە لەبەردەم پرسیارێکی نیگەران و ورووژێنەرین؛ رووبەڕووی بۆشاییەکی خەمهێنەرمان دەکاتەوە. هەر چۆنێک بێت، کورد لەڕابردوو و ئێستاشدا، لەئاستی خۆیدا، خاوەن نموونەگەلێکی باشی رووناکبیریی بوو/ هەیە. کەواتە ئەو تەنگژەیەی ئەمڕۆی رووناکبیری کوردی، هەر تەنیا بەند نییە بە"نەبوونی هێزگەلێکی رۆشنبیریی"، بەڵکو وێڕای فاکتەرەکانی جیهانگیریی، بەندە بەپەرتەوازەیی دەنگە رۆشنبیرییەکان یان گۆشەگیریی ئەو توانستگەلە لەپانتایی رۆشنبیریی کوردیدا. بەکورتی هۆکردی ئەو رەوشە نالەبارە، بۆ پەرتەوازەیی زمانی ئەو گوتارە رۆشنبیرییەی کوردی دەگەڕێتەوە.

لێرەدا، بەرای من، سەبارەت بە باشووری کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئێمە سەرە داوێک لەکۆی ئەو "فاکتەر"انە بدۆزینەوە کە هۆکردێکی بنەڕەتین لەنەبوونی ئەو "هێزگەلە رۆشنبیریی"یەی کە ئەو پرسیارە سۆراخی دەکا، پێویستە لەڕوانگەیەکی مێژووی هزرییەوە، خودی ئەو ناکۆیی و پاشخانەی رۆشنبیریی کوردی راڤە بکەین. کەواتە دەخوازێ ئەوەتان بەیاد بێنمەوە، بەندە لەوتارگەلێکی وەک: "نیشانەکانی وابەستەبوون و گەڕان بەدوای کۆدەکانی دیالۆگ..."، "قەدەری خەونی کورد: لەچەپڕەوییەوە بۆ راسترەویی ــ بوشگەرایی"، "رووناکبیری کورد لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا"، هونەری رەوانبێژی و ئیرۆسی گەڕان بەدوای چێژی دەنگ"" و چەند وتوێژێکی دیکەشدا، کەم تا زۆر، باسی ئەو گرفتە رۆشنبیرییانەی کردووە. کۆی ئەو وتارانەش لەگۆڤار و رۆژنامەکانی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە. هەر بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بەخێرایی تەنیا ئاماژە بەچەند خاڵێکی تر بکەین: هەر لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم و لەتکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دروستکراو و دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئیفلیجەی عێراق، کە داگیرکەری ئینگلیزی و هاوپەیمانەکانی بەرهەمیان هێنا، (کە ئێستاش حیزبی کوردی و مێگەلێک لەنووسەری

دووڕوو و برسی دەسەڵات، لەژێر پەردەی فیدرالییەوە، سەرگەرمن لەدروستکردنەوەی)، بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی کارا لەکوردستاندا لەدایک بوو. ڕۆڵی ئەو هێزە ڕۆشنبیرییەش لەو قۆناخەدا، بەپێچەوانەی ئێستا، هەڵگری گوتارێکی ڕۆشنگەرییانە؛ بنیاتنەرانەی کوردی بوو. ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرانەش لەدەنگی پۆلێک رووناکبیر و نووسەری خاوەن پەیام و خەونی ئەو سەردەمەدا بەرجەستە دەبێتەوە. لێرەدا ئێمە ئەو دەرفەتەمان نییە کە بەوردی کایەی کردە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو بزاڤانە نمایش بکەین، لێ خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەگەلێکی وەک: "لە خەوما"ی جەمیل سائیب، "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار بەگی جاف، "یادداشتەکان"ی ڕەفیق حیلمی"، "گەشتی ژیانم و هەر سێ بەرگی کتێبەی حاجی قادری کۆیی"ی مەسعود موحەمەد، بەرهەمەکانی پیرەمێرد، شیعرەکانی قانیع، سرووده ویستگەرا و وەرچەرخێنەرەکەی دڵداری شاعیر "ئەی ڕەقیب"، کە دەنگدانەوەیەک بوو لەهەناوی ڕاچڵەکاوی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییانەی ئەوکاتدا، کە ئەمڕۆش لەسایەی ئەو ڕۆشنبیرییە بەرخۆرەدا، خەریکە بەهای ئەو سرووده سەرببڕدرێ. وەک گوتمان، لێرەدا دەرفەتمان نییە بەوردی  کاردانەوەکانی بزاڤە ڕۆشنبیرییانەی ئەو قۆناخە، واتا کایە و شوێنپێیەکانی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییانەی کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیانپێکرد تا دەگاتە شەستەکان، بخوێنینەوە. بەهەمەحاڵ، مەبەستمان لەو ئاوڕدانەوەیە ئەوەیە، کە لەڕێگای ئەو ناوکۆییە مێژوویی و جڤاکییەوە ئاکامگیرییەک بۆ ئەو "فاکتەر"انەی کەهۆکردن لەنەبوونی ئەو هێزگەلە رووناکبیرەی ئەمڕۆ فەراهەم بکەین، چونکە، ئەگەر بمانەوێ لەڕوانگەیەکی مێژووی هزرییەوە ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییە نمایشبکا، کە لەوێدا، بەڕای من، ئەو ڕەوشە سیاسی ــ ڕۆشنبیرییە بێ پرۆژەیەی ئەمڕۆی کوردستان، ئاوێنەیەکی تەڵخی ئەو پاشخان و ناوکۆییەی  جڤاکی کوردییەیە، کە بەشێکی دەگەرێتەوە کێشەی بندەستی کورد. بەواتایەکی دیکە، ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیرییەی کە ئەمڕۆ



لەزمانی کوردیدا دەیبینین، بەرهەمهێنانەوەی روانگە ئایدیال و کارایەکانی ئەو پاشخانە نییە، بەڵکو ئاکامە کۆستکەوتووەکانی ئەو یادەوەرییە ڕۆشنبیرییانەن، کە ئەمڕۆ وەک زامێکی روحی/ پۆست تراومایەک، یادەوەریی کوردی شەکەت کردووە. لەو ناوکۆییەوە، دەکرێ ئەو ڕەوشە لاوازەی ئێستای رووناکبیری کوردی لەم "فاکتەر"انەی، کە دەکرێ فاکتەرگەلێکی تریش هەبن، چڕ بکەینەوە:
(1) هەموو سەرەتاکانی بزاڤی سیاسی ــ ڕۆشنبیریی کوردی بەگوڕ و جۆشێکی مەیل وەرچەخێنەرەوە دەستپێدەکا، بەڵام کە دەگاتە ئاستی پیادەکردن، بەهۆی باڵادەستی هێزی کۆنخوازی کۆمەڵگای کوردی و کەژ و هەوای وڵاتە کۆنپارێزەکانی دەوروبەری کوردستانەوە، ناچارە سازش لەگەڵ هێزە کۆنپارێزەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردی بکا. لەبۆیە لەدواجاردا ئەو هێزە کۆنپارێزە، بەهۆی ئەو هەرارکییە خێڵەکییەی کە ئامادەیەکی کارای لەکۆمەڵگای کوردیدا هەیە، وەک گەلەگورگێک، کاروانی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیریی و سیاسییانە جڵەو دەکا و بەمەش ئەو هێزە نوێخوازەی کورد پەراوێز دەکرێن یان لای ئەو حیزبە نەریتخوازانەوە دەبنە دیکۆرێکی چەواشەکاری ناو حیزب.  بۆ نموونە ئێوە سەرنجبدەنە قسەکانی ئەو سەرۆک خێڵانەی، کە هەر بەهۆی خێڵەوە، لەسەردەمی سەددامدا سەرۆک جاش بوون و کوردیان ئەنفال دەکرد، کەچی ئەمڕۆ بەهەمان فاکتەرەوە هەمان ڕۆڵ دەبینن و نووسەرە زارقەڵەباڵغەکانی ئەو حیزبانەش، لەپاڵ ئەو کۆنە سەرۆک جاشانەدا، باسی "کۆمەڵگای مەدەنی" دەکەن!

(2) حیزبە کوردییەکان بەهۆی روحی پاوانخواییانەوە، دوای ڕاپەڕین و هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆ و هەڵمەتی تاڵانکردنی موڵک و ماڵی کوردستان، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن هێزێکی مێگەلی، پشتیان بەو هێزە کۆنپارێز و خێڵانە بەست. ئەو هێزە خێڵەکییانەش، بەهۆی پاراستنی هەرارکیی خۆیان؛ بەرژەوەندییەکانیانەوە، دژی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییانەن.

(3) چونکە کورد بندەستە و خاوەن گوتارێکی نیشتمانیی و رۆشنگەریی نییە، بۆیە هەمیشە بۆ ئەو پێکهاتە خێڵەکییانەوە دەگەڕێتەوە و لەدواجاردا بەگەمەکانییەوە هەموو توانستێکی نوێی رۆشنبیریی کە لەهەناوی تاکەکانی کۆمەڵگادا لەدایکدەبن ئیفلیجدەکا.

(4) بزاڤی سیاسیی کوردستان، کە لەحیزبایەتییەکی بێ هونەری سیاسی قەتیسماوە، بزاڤێکی وابەستەی هێزە دەرەکییەکانە، نەک هێزە کاراکانی ناوەکی کوردی، بۆیە خاوەن سیاسەتێکی رۆشنبیریی و پرۆژەیەکی زانستییانەی بنیاتکردن نییە.

(5) ئەمڕۆکە لەئاکامی شالاوی بازاڕی بەجیهانیبووندا، کە کاریگەرییەکی نالەباری لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی کوردیدا داناوە، چونکە، لەکوردستاندا ئەو جیهانگیرییە لەبەهای بازرگانیدا کۆدەبێتەو، کەچی لایەنە هزریی و جوانناسییەکانی بەجیهانیبوون ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر ژیانی بیرکردنەوەی کوردیدا نییە. بەمجۆرە ئەو دیاردەیە نەک هەر خودی نووسەری کوردی بەرخۆر کردووە، بەڵکو وایلێکردووە ئەرکە رۆشنبیرییەکەشی فەرامۆشبکا؛ خەمی ئەمڕۆی رووناکبیری کوردی، خەمێکی ئابوورییە، نەک رۆشنبیریی و بەرپرسیارییەکی ویژدانی و ئێتیکی.

(6) کێشەی ئەو دۆخە وێرانەی رووناکبیری کوردی، لەئێستادا نییە، بەڵکو مەرگی رووناکبیری کورد لەو کاتەوە دەستپێدەکا کە خواست و ویستی راپەڕینە بوێرەکەی جەماوەری کورد بەیەکەم گوللەی شەڕی نێوان هەردوو زلحیزبی کوردی دەکوژرێ. ئیتر لەوێوە هەموو خەمێکی رۆشنبیریی لەزمانی کوردیدا ئاوا دەبێ، چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو شەڕە خۆ خۆرییەدا، ئیتر حیزبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ هێزە کۆنپارێزەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان؛ مێگەلێک لەکۆنە جاش، کە بەرهەمێکی قەبەی پێکهاتەی خێڵن. بەمجۆرە حیزبی کوردی جڤاکی کوردی و بزاڤە رۆشنبیرییەکەی دەداتە گەلەگورگێک، کە بەهێزگەلێک لەکۆنە جاش و خێڵ ناودێر دەکرێن. ئەو هێزگەلە سەر شانۆی کوردی داگیر دەکەنەوە و رۆڵی



هەڵەپاسی خۆیان، مرۆڤکوژی خۆیان دەبیننەوە. هاوکاتیش نووسەرگەلێکی مشەخۆر و رووزەرد، بەناو نووسەرگەلێکی دروستکراو لەکارگەی نەخۆشی حیزبگەرایی، نووسەرگەلێکی رۆح گرنگ و کۆیلەی دەسەڵات... هتد، دەبنە دەمڕاستی بەهاکانی زمانی کوردی؛ داهێنەری کورد؛ راپۆرتنووسی حیزبی و لەڕێگای زارقەڵەباڵغی و وەرزشکردن بەچەمکەگەلێکی وەک: "کۆمەڵگای مەدەنی"، "دیموکراسی"، "عەولەمە" و قسەگەلێکی لەو تەرزانەوە بەهای رۆشنبیریی سووک و چرووک دەکەن. لەوێوە ئەو دابڕانە کەمەر شکێنە، هەرچی ویست و خواست هەیە لەماڵی زمانی کوردیدا تالانی دەکەن.

لەئاکامی ئەوەدا، مێگەلێک لەو نووسەر، شاعیر و هونەرمەندی حەفتاکان، کە ئێستا لەڕووی ئەفراندنەوە کارکەنار بوونە، بەڵام بەهۆی هەستی ئیرەیی و خولیای مانەوەیان وەک دەمڕاستی زمانی کوردی، بەگەڕانەوە بۆ رۆحی خێڵەکیی و منەتی میراتی ژمارەی کتێب و بەرهەمە هونەرییەکانیانەوە، پۆل پۆل بەسەر ئەو دوو حیزبە خاوەن هێز و سەرچاوە ئابوورییانەوە دابەشبوون و دواجاریش لەپێناو فەراهەمکردنی مووچەکانیانەوە لەلایەن مودیری دەزگای چاپ و سەرنووسەرەکانی ئۆرگانە حیزبییەکانەوە، بەشێوازێکی تەڵەکەبازانە، کردەی رۆشنبیرییان چەواشە کرد. ئاکامی ئەمەش ئەو بەرخۆر بوونەی رۆشنبیرییە کە ئەمڕۆ لەئارادایە.

کەواتە، بەدیدی من، بەشێک لەهۆکردی مەرگی ئەو "هێزگەلە رۆشنبیری"یەی، کە ئێوە باسیدەکەن، بۆ ئەو "فاکتەر"انە دەگەڕێتەوە، کە لەسەرەوە چڕمان کردنەوە.

**• سارتەر پێیوایە، نابێ رۆشنبیر بکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتەوە، ئەوەیش فاکتەرێک نییە لەوەی کە رۆشنبیری کورد خەریکە دەبێتە بەشێک لەحیزب و لەلادان لەمەسەلە بنەڕەتییەکەی خۆی؟**

هەندرێن: ئەو روانگەی سارتەر راستە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە سارتەر خۆی، کە رەنگە بەهۆی گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤێکی ئیدیالییەوە بوو بێ یان کەوتنە دوای ئایدۆلۆژی بوونگەریی مارکسیزمەوە بێ، کەوتە "ژێر کاریگەری دەسەڵاتەوە". سارتەر کە سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتی کرد، بەچاوی خۆی زیندان و ئەشکەنجەدانی نووسەرانی ئازادیخواز و سیاسەتمەدارە بەرهەڵستکارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو رژێمە ستالینیزمەی بینی، کەچی کە گەڕایەوە پاریس نەک هەر باسی ئەو راستیانەی نەکرد، بەڵکو بەجۆرێک لەجۆرەکان پاساوی بۆ هێنانەوە. لەبۆیە راستییەکەی کتێبە راسانگەرایەکەی ئەلبێر کامۆ "یاخیگەرایی مرۆڤ"، یان "مرۆڤی یاخی" کە هاوارێکی راستگۆیانە بوو بەدژی خودی سارتەر و ئەو دیاردە چەپڕۆیەی کە رۆشنبیریی فەرەنسی داپۆشی بوو. کامۆ لەو کتێبەیدا بەشێوازێکی دانسقەو یاخیگەرانە روحی مرۆڤ بەگشتی و ئەرکی رووناکبیر راڤە دەکا. بەچڕکردنەوەیەک لەو کتێبە، کامۆ پێیوایە کە مرۆڤ بۆ ئەوەی بەهایەکەی بپارێزێت، بۆیە هەمیشە ئەرکی یاخی بوونە. بەمجۆرە لەئاکامدا بینیمان کە ئەو خەونە ئایدیالەی کە نەک هەر سارتەر داکۆکی لێکرد، بەڵکو بەشی زۆرینەی بزاڤە رۆشنبیرییەکانی جیهانی داپۆشی بوو، بەکوێ گەیشت و ئەو رووناکبیرانەی کە لەژێر دروشمە بریقەدارەکانی ئەوکات خۆیان و جەماوەریان چەواشە دەکرد، رووبەڕووی کام باجی ئەخلاقی بوونەوە. بەهەمە حاڵ، کاتێک رووناکبیر بوە دەمڕاست و مووچەخۆرێکی دەسەڵات یان حیزب، یان لەپاڵ حیزبدا بەناوی چەمکە رۆشنبیریی و هزرییەکانەوە، پاساو بۆ حیزب و دەسەڵاتێک بێنێنەوە، نەک هەر دەبێتە بچمێک لەو حیزب و دەسەڵاتە و لەئەرکە بنەڕەتییەکەی دەکا، بەڵکو خیانەت لەخودی چەمکی رۆشنبیرییش دەکا. مخابن ئەمڕۆش مێگەلێک لەبەناو شاعیر و رووناکبیری کوردستان، لەڕێگای وەرزشکردن بەچەمکە رۆشنبیرییەکانەوە، سەرمەستانە ئەو رۆڵە تەڵەکەبازییە دەگێڕن.



لێرەوە پێم خۆشە بڵێم، کە ئەگەر خوێنەران بخوازن لەبیرۆکەیەک لەمەڕ ململانێی نێوان رووناکبیری خاوەن پرۆژەیەکی هەمیشە یاخی رووناکبیری فریوخواردوو دەستەبەر بکات، ئەو کتێبەی کامۆ بخوێنێتەوە.

**• کاتێک رۆشنبیر پێویستی بەوەیە کە لەڕووی داراییەوە پشت بەئابوریەکی سەربەخۆ ببەستێت، بەڵام لەکوردستاندا ئەم هێزە مادەیە لەدەستی حیزب و حکوومەتدایە، کامەیە چارەسەر تا رۆشنبیر بتوانێت سەربەخۆ بژی و سەربەخۆ بیر بکاتەوە و سەربەخۆش بمرێت؟**

هەندرێن: لەبۆتەی پرسیارەکەتاندا تەرزە بنبەستییەک دەبینرێ، یان دەتانەوێ دۆخێک وێنا بکەن، کە ئەوە خەتای "حیزب و حوکمەت"ە کە رووناکبیرانی کوردی ناچارکردووە کە "لە رووی دارییەوە" وابەستەی "ئەم هێزە مادەیە" ی حیزب و حوکمەتەوە بن، بەڵام ئێمە ئەو پرسیارە بەرەوژێر دەکەینەوە و دەڵێین: باشە لەقۆناغەکانی تردا، بۆ نموونە، لەقۆناغی رژێمی سەددامدا، رووناکبیرانی کورد، وەک ئێستا، پشتیان بەئابووری حوکمەتی بەعسدا نەدەبەست، ئەی چۆن "سەربەخۆ دەژیان"، "سەربەخۆ بیریان دەکردەوە" و "سەربەخۆش دەمردن"؟ هاوکاتیش، بەرای من، ناخی رووناکبیری و بەرهەمە رۆشنبیرییەکانی ئەوکات، زۆر لەئێستا ویستگەراتر و داهێنەرتر بوون! کەواتە ئەوەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا لەئارادایە ئاکامێکە لەو دۆخەی، کە خودی "رۆشنبیری" کوردی بەرهەمی هێناوە. ئەمڕۆ ئەو حیزبانە وەک خێر پێکردن و بەزەیی پێهاتنەوە، بەناوی "رێزلێنان" و "تەقاویت"، نووسەر بەخێو دەکەن. ئەمەش رەوشێکی شەرمهێنەرە. لەبۆیە، بەرای من، شتێکی رەوایە کە لەحوکمەتێکی بەراستیدا؛ لەحوکمەتێکی نوژەندا، کە ئەوەی لەکوردستاندا هەیە حیزبگەراییە نەک حوکمەت، دەبێ نووسەران، رۆژنامەوانان و هونەرمەندان "یەکێتی نووسەران"، "یەکێتی رۆژنامەوانان" و "یەکێتی هونەرمەندان"

پێکبهێنن، یان سەکۆیەکی رۆشنبیریی و هونەریی دروستبکەن، کە بەڕێوەبەرانی ئەو سەکۆیە، لەشێوەیەکی جووڵاودا نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن و بەپێوانەیەکی ئێستێتیکییانەی ئەدەبیی و هونەرییەوە، ساڵانە کۆمەکی و پاداشت بداتە نووسەران و هونەرمەندان. ئەمەش دەبێ روانگەیەکی داهێنەرانەی هاندەریی لە پشتەوەیدا بێ، نەک وەک ئەوەی لەکوردستاندا هەیە، هەر تەپڵ لێدەرێک بەناوی هونەرمەند و زارقەڵەباڵغێکی قسەنووس، نەک بابەتنووس، لەڕێگای ئەو مەنسوول و ئەم مەنسوولەوە، یان زمانلووسییەوە بەناوی رۆشنبیرییەوە دەیان مووچە لەو هەموو بارەگایە حیزبیانەوە، نەک رێکخراوە رۆشنبیرییانەوە وەربگرن، هاوکاتیش نووسەرگەلێکی کارا و خاوەن هەڵوێست هیچ مافێکی نەبێ. کەواتە ئەگەر نووسەر و هونەرمەندی ئەمڕۆی کورد راستگۆ بن، دەبێ پێکەوە لەسەر داخوازییەک یەکبگرن و لەوێدا ئەو گەندەڵبازیی و گاڵتەجاڕییەی کە بەرۆشنبیریی دەکرێ، لەقاو بدەن. لەبەرانبەر ئەوەدا هەوڵبدەن "یەکێتی نووسەران"ێکی کارامە و داهێنەرانە، نەک کلۆڵ و "فیفتی فیفتی" دامەزرێنن و ئەو حیزبڕانییە، نەک حوکمەتە، ناچار بکەن بودجەیەکی لەبار بدەنە ئەو یەکێتییەی خۆیان. بەمجۆرە دەبێ ئەو "یەکێتی نووسەر"انە یان "یەکێتی هونەرمەند"انە لەدەستپێکەوە بەپێوانەیەکی ئێستێتیکییانەی ئەدەبییەوە، دوور لەفریوبازی و گەندەڵبازییەوە، بەگوێرەی توانای ئەو بودجەی کە ساڵانە هەیانە و لەپێناوی ململانێیەکی داهێنەرانەدا، کۆمەکی ئەو نووسەر و هونەرمەندە کارا و بەرهەمدارانە بکەن. بەمجۆرە رووناکبیری کوردی دەتوانێ سەربەخۆ بژی، بنووسێ و بشمرێ...

- **تا ئێستاش لەکوردستان بەفۆرمێک هەمان سیاسەتی کۆمۆنیستییانەی سۆڤیەتی پیادە دەکرێت فۆرمی (نان لەبەرامبەر ستایشی دەسەڵاتدا) ئەم فۆرمە تقلیدیی و سوننەتییە زادەی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی و سوسیالیستەکان لەکوێدا یەکدێتەوە لەگەڵ سیستمی سیاسی کوردستاندا کە بانگەشە بۆ پلورال و مەدەنی و مۆدێرن دەکات؟**

**هەندرێن:** ئەو سیستمە سیاسییەی کوردستان کتومت کۆپیکردنەوەیەکی کلۆڵی ئەو سیستمە "سۆسیالیست"انەیە، کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد. وەک دەزانین، بەدیاریکردن هەر لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمڕۆش، چەمکگەلێکی وەک "پلورال"، "مەدەنی" و مۆدێرن"، نەک بوونەتە قسەگەلێکی باوی هەموو خەڵک، بەڵکو بوونەتە دێجامەیەکیش بۆ حوکمەتە داپڵۆسێنەر، تاکڕەو و بۆگەنەکانی ئەو رژێمە سۆسیالیستییە رماو و ئەو رژێمە دیکتاتۆرییانەی جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ. بەهەمان شێوەش، ئەو چەمکگەلەی کە ئەمڕۆ لەزاری زۆرێک لەو مەنسوولە حیزبی و نووسەرە زارقەڵەباڵغەکانی کوردستاندا هەڵدەڕژێن، بێجگە لەو تەڵەکەبازیی و سووککردنەی، کە رژێمە "تەقلیدی و سوننەتی"یەکان بەرانبەر ئەو چەمکانە کردوویانە و دەیکەن، هیچی تر نین. ئەو حیزب و نووسەرە "تەقلیدی و سوننەتی"یانەی کوردستان، چونکە هەڵگری جیهانبینییەکی باوکسالارن، بۆیە وەک چۆن خەڵکی رۆژهەڵاتی بوونەتە دیلی مەکینە و مۆدەکانی رۆژئاوا، کەچی لەبیرکردنەوەشدا ئیفلیج و کۆنپارێزن، دەخوازن لەڕێگای ئەو چەمکگەلە خواستراوانەوە جەماوەر دەستخەڕۆ بکەن. کەواتە ئەوەی کە سیستمی سیاسیی کوردستان لەسیستمی سیاسی خۆرهەڵاتی و سیاسەتی کۆمۆنیستانەی سۆڤیەتی رەحمەتی لێکجودا دەکاتەوە، تەنیا دەمامکە بچووکەکان و شێوازی رووکەشیانەی تەڵەکەبازییەکانە، ئەگینا لەناوەڕۆکدا هەر هەمان تاکڕەوی، دژە پلورالیزمی، گەندەڵی، دژە بیرکردنەوە... هتد ئەو سیستمە ناوبراوانە دووبارە دەکاتەوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ لەکوردستاندا، وەک خۆتان دەیبینن، "فۆرمی نان لەبەرامبەر دەسەڵات"، زۆر بەهەرمێنە.

**• تۆ دەڵێی "سیاسەتی ڕۆشنبیری لەکوردستانی باشووردا داماڵینی ئەفراندانە، کەواتە کامەیە ئەلتەرناتیڤ و شۆڕشی ڕۆشنبیریی بۆ بونیادنانەوەی ئەفراندان و داهێنان؟**

**هەندرێن:** ئەگەر مەبەستتان لەوتاری "لە پێناو بەجڤاکیکردنی سیاسەتی ڕۆشنبیریی لەکوردستاندا" بێ، ئەوە لەوێدا من، بەکورتی و ڕاشکاوی باسم لەو "ئەلتەرناتیڤ و شۆڕشی ڕۆشنبیریی"یە کردووە، کە تۆ سۆراخی دەکەی. من پێموایە، وێڕای ئەو ئاماژانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن، بۆ ئەوەی زمانی کوردی لەگەڵ خۆیدا ئاشنا بێتەوە، خاوەن ئەو ویستە بێ کە بتوانێ پێناسەیەک بۆ ئەو یادەوەرییەی خۆی بکا، کە بە"پۆست تراوما" دەتلێتەوە، هاوکاتیش بۆ ئەوەی دابڕانێک لەو ڕەوشە چەقیوەی خۆی دروستبکا، دەبێ ئارمانجێک، بەهایەکی ئیتیکی، پرسیارگەلێکی ئێستێتیکی... هتد، دەستنیشان بکا، کە جڤاکی کوردی خوازیاریەتی. ئەو دابڕانە، ڕاتەکانە ئاوەزگەراییە، کە لەخودی زماندا بەرهەم دێت، بەدەستنیشانکردنی ئاراستەیەک فەراهەم دەبێ، واتا زمانی کوردی دەبێ ئەو منگە منگ و مەنەلۆگەی کە ئێستا دەرگیری بووە بەرەو گفتوگۆیەکی ئاوەڵا و بەکۆمەڵی وەرچەرخێنێ. لەوێدا تێکڕای خەڵک، نەک نووسەرە وابەستە حیزبییەکان و نووسەرە پیشە ئاوقاتەکان، لەڕێگای گوێلێگرتن و ڕا و بۆچوونی بەڵگەدا و بەهانەدارکانیانەوە پێشنیازێک بۆ ئەو ئارمانجە ڕۆشنبیرییانەی کورد فەراهەم بکەن. هاوکاتیش پێویستە زمانی کوردی بەشێوەیەکی خورت و تۆکمە خوێندنەوەیەک بۆ ڕابردووی خۆی بکا. بەمەش بتوانێ ئەو ئەزموونە کارا و ڕۆشنانەی ڕابردوو بکاتە تێشوویەک بۆ ئەو سەفەرەی کە لەپێشیدایە. ڕاستییەکەی لەکاتێکدا کە بوونی کوردی لەچرکەساتێکی زۆر ئاڵۆزدا دەژی، بۆیە بیرکردنەوە لەگفتوگۆیەکی لەمجۆرە زۆر پێویستە. لێبەڵی لێرەدا دەمەوێ بێژم، کە لەو قۆناخەی کە لەجڤاکی ئێمەدا هەموو بەهاکان تێکەڵاو کراون؛ نووسەر بۆتە



هەڵەپاس؛ هەڵەپاس بۆتە ڕۆشنگەر؛ شۆڕشگێڕ بۆتە تەقاویت... هتد، بۆیە کردەی "شۆڕشی ڕۆشنبیریی"، بەواتای فەلسەفی، کارێکی ئاسان نییە، چونکە حیزب بوو بەسەرچاوی ئابووریي، بژێوی و ئابووریي کۆمەڵگا، چونکە حیزب بوو بەباوکێک، ئیدی ڕاپەڕین بەرووی ئەو باوکە ئابوورییە، تەنیا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستمە مەیسەر دەبێ کە ئەو باوکە ئابوورییەی دروستکردووە. بەشێک لەو سیستمەش بریتییە لەپێڕێک نووسەری "گەورە"، "داهێنەر"... هتد. هەر بۆیە ئەو "شۆڕشی ڕۆشنبیریی"یەی کە ئێوە چاوەڕێن کە من گوزارەی لێبکەم، لەوەو لەوێهێش ئاڵۆزترە. کەواتە لەو چرکەساتەدا هەرچی پێشنیاز بکەین، ڕەنگە لە شەکەتکردنی زمان زیاتر، شتێکی تر بەرجەستە نەکاتەوە.

**• زۆر کەس پێیانوایە، لەپاش ڕاپەڕین ئەفراندنێکی زۆر لەکایە ڕۆشنبیریەکاندا هاتۆتە کایەوەو ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی و فەرهاد پیرباڵ و شێرزاد حەسەن و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆریش بەنموونە دەهێنمەوە؟ تۆ تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدای گەر وا نییە ڕاستیەکەی کامەیە؟**

**هەندرێن:** ئەگەر بەبۆچوونی ئەوانە، (کە ئێمە نازانین ئەوانە کەسگەلێکی "پسپۆڕ" و "پێوانکار"ی "ئەفراندن"ن یان نا؟ لەزانستگایەکی خاوەن زانستدا مێژووی ئەدەب، ڕەخنە و هزریان خوێندووە یان نا؟)، کە لەدوای ڕاپەڕین "ئەفراندنێکی زۆر لەکایە ڕۆشنبیرییەکاندا هاتۆتە کایەوە"، ئەی باشە ئەو هەموو ناڵە، ڕەخنە، ناڕازیبوون و قەتیسمانەی کە ئەمڕۆ لەزمانی کوردیدا دووبارە دەبنەوە، یان ئەو دۆخە سەرگێژ یان گەندەڵەی ژیانی سیاسی ــ ڕۆشنبیریی کوردستانی تەنیوەتەوە، لەکوێوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە؟ لێرەدا من نامەوێ، وەک ئەو "زۆر کەس"ە لەڕوانگەیەکی "سپی و ڕەش"ەوە؛ هەڵسەنگاندنێکی جەڵەبییەوە یان لەئاستی مورید و دەروێشەوە

ئەو "ئەفراندن"ە زۆرانە هەڵسەنگێنم، بەڵام زۆر بەڕاشکاوی بێژم، کە من ئەو قسەگەلەی کە لەسەر ئەو "ئەفراندن"انەوە دەکرێن، بەدیاردەگەلێکی وەک چەکدارەکانی موقتەدا سەدر، "گروپبازی ناو حیزبەکان، دیاردەی فاڵگرتنەوە... هتد دەبینم. بەکورتی ئەو دیاردەیەی کە لەنێوان ئەو نووسەرانەدا هەیە لە"کولت/عەقیدە" و "سێکت"ێکی ئایینی دەچێ، نەک ئەدەبی. ئێوە سەرنجتان داوە کە ئەمڕۆ هەر حیزب و گروپێک بگری، بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتە ئابووریی و چەکدارییەی کە هەیانە، تەواوی خەبات و مێژووی کورد بەهی خۆیان دەزانن، یان شەهیدێکی خۆیان بەتاکە پەڵەوانی کورد نمایشدەکەن، یان سەرۆکی حیزبەکەیان بەتاکە سەرۆکی "حەکیم" و "پیرۆز"ی کورد دەزانن، بەمەش خەبات و قوربانی هەموو حیزبەکانی دیکە و شەهیدە پاڵەوانەکانی حیزب و شەهیدە پاڵەوانە سەربەخۆکان... هتد تووڕ هەڵدەدەن؟ دەمەوێ بڵێم، ئەو دیاردەیەی نووسەرپەرستیی و بەپیرۆزکردنە بەرهەمی هەمان ئەو دیاردەگەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە ئەمڕۆ لەکوردستان و عێراقدا باون. ئەمڕۆ لەکوردستاندا چەند پێڕە نووسەرێک هەن کە خاوەن دەزگای چاپ و گۆڤار و ڕۆژنامەن، لەڕوانگەی هاوڕێچییەتی و شارچییەتی و حیزبچییەتییەوە، چەند ناوێکیان کردۆتە تاکە ڕۆشنبیر، تاکە ڕۆماننووس، تاکە شاعیر و تاکە فەیلەسووفی "داهێنەر" و "گەورە"ی کورد، بەڵام، بەڕای من، قسە و نووسینەکانی ئەو "سیمبوول"ە داتاشراوانە، کە بەشێکیان مایەی بەزەیی پێهاتنەوە و دوعای خێرن، لەوێناکردنی ئەو نووسەرانە، بێجگە لەچەند نووسینێکی دەگمەن نەبێ، لەسەرچاوەیەکی ئێستێتیکی، ماریفیی و ڕەخنەگەرییەوە هەڵنەقووڵاون. من ناڵێم ڕۆمان و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، "داهێنان" نین، یان مایەی بایەخ نین، بەڵکو من پێموایە ئەو پۆلێنکردنە نەک هەر بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەیی نییە، بەڵکو حیزبگەرایی و شارگەراییشە. من لەزۆرێک لەو بۆرە نووسەرانەم بیستووە کە ئەرکیان پیاهەڵدانی ئەم و ئەو نووسەرە،



وتوویانە ئەگەر شێرزاد حەسەن لەسلێمانی نەژیابووایە و برادەری ئەو نووسەرە "داهێنەر"انەی سلێمانی نەبووایە، ئەوها "داهێنەر" نەدەبوو. ئەو دیدەش هی مێشکی بەستەزمانی ئەوانە نییە، بەڵکو هی سەرچاوەکانیانە.

بەهەمە حاڵ، وێڕای ڕێزمان بۆ ئەو نووسەرانە و هاوسۆزەکانیشیان، من پێموایە، ئەو داهێنانانەی کە لەسەدەی ڕابردوودا، حەفتا و هەشتایەکاندا بەرهەمهاتوون، زۆر لەو داهێنانانەی قۆناغی دوای ڕاپەڕین ڕەسەنترن. بەراشکاوی بێژم، بۆ نموونە، بەدیدی من، لەحەفتا و هەشتاکاندا، مرۆڤێک کە لەئاستی زمانەوانی، هزرین و ئێستێتیکای ئەدەبییەوە جێگەی سەرنج و بەهای ڕۆشنبیریی بێت، ئەوە مەسعود موحەمەدە. ئەو مرۆڤە، ناڵێم تاکە نووسەرە، بەڵام یەکێک لەدانسقەترین یان ڕەسەنترین مرۆڤی بیرکەرەوەی کورد لەسەدەی بیستەمدا بوو. هەر بۆیە ڕاستییەکەی یەکێک لەو کەسانەی کە وادەکا من زمانی کوردیم خۆشبوێ، نووسینە چێژدار و خۆشکەڵەکانی ئەو مرۆڤەیە. ئەو مرۆڤە لەزمانی کوردیدا ژیا. ئەو وێنای دابڕانێکە لەزمانی کوردیدا. هاوکاتیش نەک هەر نووسەرانی دوای ڕاپەڕین، بەڵکو زمانی کوردیش قەرزاری بەرهەمە نایابەکانی خانەوادەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریسن. لەئاستی ڕۆمان و چیرۆکدا، بەرهەمگەلێکی موحەمەد موکری، "پایزە خەون و ڕێگا"ی مەولوود مەم و چەند بەرهەمێکی دیکەی ئەو قۆناخەی پێش ڕاپەڕین، وێڕای لەبەرچاوگرتنی دیاردە ئەدەبییەکانی ئەوکات، کە "ریالیزمی سۆسیالیستی" باو بوو، لەبەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، کەمتر نین. هاوکاتیش لەوێدا لەئاستی شیعریشدا، وێڕای کۆمەڵێ کۆشیعری نایاب، هێمن ڕەسەنترین شیعریەتی کوردی یە. وێڕای چەندان نووسەری تر، کە لێرەدا دەرفەتمان نییە بەهای هەموویان نمایش بکەین.

بەڵێ من پێموایە لەدوای ڕاپەڕیندا لەزۆر دەقی ئەدەبی داهێنەر بەرهەمهاتوون، کە بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانەی کە ئێوە ناوت بردوون،

بەشێکن، یان دەنگێکن کە کۆی ئەو دەنگانەی دوای راپەڕین. کەواتە دوور لەهەموو ئەو بەزمانەی کە ئەمڕۆ لەناو پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا هەیە، من پێموایە، ئەوانەی کە پێیان وایە تەنیا ئەو چەند نووسەرە "سیمبوول"ی داهێنانی دوای راپەڕینن، ئەوە دەچێتە ئاستی زمانی پێوەنان، زێدەڕۆیی. چونکە ئەو قۆناخەش وەک هەر قۆناخێکی دیکە، بریتییە لەپرۆسەیەکی بەکۆمەڵی و بەرهەمگەلێکی فرەرەنگ. هاوکاتیش کێشەی ئەو قۆناخە لەوەدایە کە بیر لەدەستپێوەگرتنی زمان ناکاتەوە؛ زمان لەو قۆناخەدا لەنێوان درێژ دادڕی و ناهاوئاهەنگییەک لەنێوان ئۆرگینالیی و وەرگرتندا ئاراستەیەک ناگرێتەبەر. هاوکاتیش، ئەو قۆناغە پڕ کێشەترین قۆناخە لەزمانی کوردیدا: هەر کەسە و بەکەیفی خۆی باسی فەلسەفە، زمان، دەروونناسی... هتد دەکا، هەر کەسە و بەکەیفی خۆی کتێب وەردەگێڕێ، بێئەوەی بزانێ ئەو بابەتە سوودی رۆشنبیریی چییە و چۆنە. لەوەش گەڕێ کە لەو قۆناغەدا، ئاشکرایە مۆدەی ئەدەبی "ریالیزمی سوسیالیستی زمانی کوردی تەنیبۆوە، کەچی دوای راپەڕین مۆدەی "ریالیزمی جادووگەری" و گواستنەوەی بیرۆکەی رۆمانگەلێکی وەک مارکیز، بۆرخیس، سەلمان روشدی چەند نووسەرێکی دیکە هاتنە ئاراوە. وێڕای دەیان گرفتی تر. کەواتە کایەی ئەو داهێنانە لەکوێدا پۆلێندەکرێن؟

**• چ کێشەیە گەر رۆشنبیری کورد هەڵگری ئایدیای نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی یان هەر ئایدیایەکی تر بێت، کامەن ئەو کێشە و گرفتانەی لەم پەیوەندییەدا دروست دەبن؟**

هەندرێن: کێشەکە لەوەدا نییە کە رووناکبیری کوردی هەڵگری ئەو "ئایدیا"یانە بێت، بەڵام ئەو کێشانەی کە لەم پەیوەندییەدا دروست دەبن بریتین لەو جیهانبینییە گشتگیرەی کە ئەو رووناکبیرە، وەک باوە، پیادەی دەکا. دەکرێ رووناکبیرێک، وەک بیرۆکە، نەک وابەستە، لەبەرهەمەکانیدا



کار لەگەڵ ئایدیاک لەو ئایدیانەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن بکات، بەڵام ئەو کاتەی رووناکبیر بەها و پێوانەی ئەفراندن بەو ئایدیانەوە دەبەستێتەوە؛ وەک بەرنامەیەک بەسەر ژیان و گشت ئایدیاکانی دیکەدا دەیسەپێنێ، ئەوکاتە ئەو رووناکبیرە، وەک هەر دیکتاتۆرێک، داهێنان لەناو چوارچێوەی ئیدیۆلۆگییەکدا سندم دەکا. ئاشکرایە زۆرێک لەنووسەرە ناسراوەکانی جیهان لایەنگری ئایدیای جیاوازن/ بوون، بەڵام ئەو نووسەرانەی کە لەئاستی جوانناسییەکی مرۆڤانە کاریان لەگەڵ ئەو یایدیانە دەکەن و کردووە، هەمیشە زیندوون. سەربارى ئەمەش، لێرەدا کێشەیەک هەیە لەدەستەواژەی "ئایدیا"دا. لەکن من جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەنێوان چەمکی "ئایدیا" و "ئیدیۆلۆگی"دا. "ئایدیا"، کە "ئایدۆس"یشی پێدەڵێن، کە وشەیەکی گرێکی یە و دەکرێ بەکوردی بە"بیرۆکە" و "گریمانە" فامی بکەین، هاوکاتیش ئیدیۆلۆگی، لە "ئەیدۆز/ ئایدیا" و "لۆگۆس" ی گرێکییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. دەکرێ هەر تیۆری و جیهانبینییەک بەئیدیۆلۆگی ناودێری بکەین، بەڵام ئیدیۆلۆگی زیاتر جیهانبینییەکە کە پێوانەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری بەخۆیەوە دەگرێ. کەواتە لەو روانگەیەوە، هەموو رووناکبیرێک دەبێ خاوەن "ئایدیا"یەک یان ئایدیاگەلێک بێ، بەڵام ئەو کاتەی ئەو ئایدیایە لای رووناکبیرێک لەوابەستەکردنی بەرنامەیەکی حیزبی کورتکرایەوە، ئەوکاتە بەها هزریی و جوانناسییەکەی لەدەستدەدات.

**• ئەو لێشاوی رۆمان و چیرۆک و وەرگێرانە کوردییانەی کە لەکوردستان هەیە، هەنگاوی گەورە نییە لە بواری رۆشنبیری و مەعریفیدا؟**

هەندرێن: رەنگە لەداهاتوودا، ئەگەر رەوتێکی رەخنەیی چاوەڕوانکراو لەزمانی کوردی بێتە کایەوە، بەهای ئەو "لێشاوی رۆمان و چیرۆک و وەرگێڕانە" کوردییانەی کە ئەمڕۆ دەکرێن، لێکهاوێر بکرێن و بەها و

زیانەکانیان پێناسە بکرێن، بەڵام لەکاتی ئێستادا، چونکە هاندەرەکانیان زیاتر پاشاگەردانی، بازاڕیی و بێ بەرنامەییە، بۆیە لەوەدەچێ بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانە، نەک هەر "هەنگاوی گەورە" نەبن، بەڵکو زیانێکی گەورەش بن لەڕۆشنبیریی و زمانی کوردیدا. ئەمڕۆ وێڕای ئەو هەموو وەرگێڕانە، کەچی کتێب بێبەهاترین مانایە لەژیانی کوردیدا. وێڕای کەڵەکەکردن و تۆزلێنیشتنی ئەو کتێبانە لەسەر شەقام و ناو ئەرشیفەکانی ئەو بەناو چاپەمەنی و بارەگایانەی کوردستان، نە ڕەنگدانەوەیان هەیە لەزمانی کوردیدا و نە ئاگایی خوێنەر و نووسەری کوردییش وەردەچەرخێنن. هاوکاتیش ئەو کتێبانە وێدەچێ هیچ بۆشایەکی خوێندکاری زانستگاکانی کوردستان پڕ نەکەنەوە. ڕاستییەکەی، ڕەنگە بێجگە لەزمانگەلێکی وەکی کوردی، هیچ زمانێکی تر نەبێ بەو جۆرە کتێب بنووسێ و وەربگێڕێ. تۆ کەسانێک دەبینی، وێڕای ئەوەی کە نە فڕی بەسەر هزر و فەلسەفەوە هەیە و نە ئەزموونی خوێندنەوەی هەیە و نە زمانێکی باشی کوردی و غەیرە کوردیش دەزانێ، کەچی دەبینین، بەبێئەوەی کەسێک بەکتێبەکەیدا چووبێتەوە، کتێبێکی هزریی، فەلسەفیی و تیۆری وەردەگێڕێ و چاپخانەکانیش بێ لێپرسینەوەیەک بۆی چاپدەکەن. لەوەگەڕێ کە بەشێکی زۆر لەکتێبفرۆش و خاوەن چاپخانەکان هیچ ئاگاییەکیان لەبەهای کتێب و گرینگی کارەکەیان نییە. بۆیە ئەگەر ئەو "لێشاوە لەکتێب چاپکردن"ە هێندە بەهادار بێ، ئەی بۆ دەڵێن ئاستی ڕەخنە، شیعر، ڕۆمانی کوردی لاوازە؟ ئەی بۆ ئەو بەدەگمەن ئەو کتێبە وەرگێردراوانە دەکرێنە سەرچاوەی وتارەکان؟ ئەی بۆ ئەمڕۆ لەنووسینی کوردیدا ئەو هەموو دزییە دەکرێ و کەسیش باسی ناکا؟ لێرەوە، بەرای من، ئەو هۆکردی ئەو هەموو وەرگێڕان و کتێب چاپکردنەوە دەگەڕێنەوە بۆ لاوازی لێکۆڵینەوەکانی زانستگایەکانی کوردستان. هەروا زانستگاکان لەبەرهەمهێنانی ماریفە دەستەوەستاون، ئاکامی ئەمەش ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیرییانەن کە دەیانبینین.



• لەم ڕۆژانەدا نووسەرێک هەموو کتێبەکانی خۆی سووتاند، تا وەڵام بێت بۆ ئەو سووکایەتییەی کە بە کتێب دەکرێت ئەمە چ قسەیەک هەڵدەگرێت؟

هەندرێن: ڕاستییەکەی کە ئەو هەواڵە و وێنەی گڕگرتووی ئەو کتێبانەم خوێندەوە و بینی، لەڕوح و ویژدانەوە گریانم هات، چونکە هەستمکرد ئەو کارەی کە ئەو نووسەرە ئەنجامیدا، ئەوە سۆز و حوزنی بێدەنگی منە دەریبڕیوە، چونکە من بەچاوی خۆم کتێبەکانی سەر شەقامەکانی کوردستانم بینی، چونکە دەزانم ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ خوێنەر و نووسەرێکی زۆر کەم هەن کتێبێکی گرینگ بخوێننەوە، چونکە کتێب لەکوردستاندا، بەمنداڵ و دایکانی ئاوارەکانی گەرمیان و ڕزگاربووەکانی بەر ئەنفال دەچن. هەستدەکەم ئەمڕۆ لەکوردستاندا، کتێب وەک شەهید و چیاکانی کوردستان بێ نرخ بووە. لەبۆیە ئەگەر ئەمڕۆ ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی کوردستان خەمێکی ڕۆشنبیرییان هەیە، پێویستە بەچەندان تەوەر و گفتوگۆ ئەو دیاردەیە بخوێننەوە. ئەگەر نووسەری کوردی لەبەهای کتێب تێدەگا، پێویستە چارەیەک بۆ ئەو جۆرە کتێبفرۆشییەی، کە لەمەزاتخانە دەچێ نەک کتێبفرۆشی، بدۆزنەوە. تۆ بڵێی گەڕانەوەی بەهای کتێبفرۆش و کتێب چاپکردن، دروستکردنی چەند کتێبفرۆشییەکی جوان، وەک کێشەی کەرکووک بێ، کە چارەکردنی تەنیا لای جۆرج بۆش و ڕەزامەندی دەوڵەتە جیرانەکانمانەوە بێت؟!

• لە بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی تا ڕۆمانێکی باش یان دیوانێکی شیعری باش دەفرۆشرێت دە کتێب و شعرەکانی معین و کازم ساهر و شعری دڵداریی بێماناو عاشقانە دەفرۆشرێت، کێ لەم حاڵەتە بەرپرسە؟ حکوومەت، خوێنەر، ڕۆشنبیر، کۆمەڵگا...؟

هەندرێن: ئەو دیمەنە ئازاراوییەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، بەردەوامی یان بەرهەمی ئەو رەوشە رۆشنبیریی و سیاسییە خەمهێنەرەی کوردستانە، کە ئێمە لەوەڵامی پرسیارەکانی پێشووماندا هەوڵماندا پێناسەیەکی بۆ بکەین. بەهەمە حاڵ، کاتێک کە گۆرانی و شیعرگەلێکی بوودەڵەی لەو جۆرانەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن لەژیانی کوردی بەهەرمێن و بەهادار دەبن، ئەوکاتە ئێمە دەبێ بزانین، کە ئەوە سەرەنجامی ئەو ئەزموونە سیاسیی و رۆشنبیرییەی کوردی یە، کە لێوانرێژە لەشکست. ئەوەی لەم "حاڵەتە بەرپرسە"، لەپێشەوەیان ئەو تەپڵژەنەیە کە پێی دەڵین هونەرمەندی کوردی، کە لاساییکەرەوەیەکی پەڕپووتی ئەو جۆرە گۆرانییە بێ هونەر و چێژانەن، هەروا ئەو نووسەرانەن، کە وەک مافیایەکی رۆشنبیریی خاوەنی ریزێک چاپخانە و دەزگان و هاوکاتیش مێگەلێک لەنووسەر، بۆ زیادکردنی مووچەکانیان، رۆژانە لەنووسینە دەستکورتەکانیاندا، بێ هیچ پێویستییەکیش، وەک شاعیری "گەورەی گەلەکەمان" و نووسەری "داهێنەری کوردی" پەسنیان دەدەن، بەڵام ئەو حکوومەتەش، کە بەشی هەرە زۆری حوکمڕانەکانی، نە کتێب دەخوێننەوە نە گوێش لەموزیک دەگرن، چوزانێ هونەر و شیعری باڵا چۆنە و کێن هەتا تاوانباریان بکەین؟ وەک گوتمان، هۆکردەکانی ئەو هەرزانفرۆشیی و هەرزانچێژییەی مرۆڤی کورد دەگەڕێنەوە بۆ ئەو نسکۆیەی کە هەر لەدوای راپڕینە ویستگەرایەکەی کوردستانەوە بەرۆکی زمانی کوردی گرتووە. کاتێک کە سەرهەڵدان و رابوونێکی سیاسی ئەنجامەکەی دەبێتە تاڵانکردنی سەرەوت و سامانی گەل و کۆمەڵگا؛ کاتێک خەونی کورد بەدەستی نوێنەری سیاسیی و نووسەرەکانی کوردەوە بەرێگای شەڕی خۆکوژی و هێنانی میتی تورکی، پاسداری ئێرانی، سەربازی سەددامی و گەندەڵی، دزیکردنەوە تاڵان دەکرێن، کاتێک نووسەر و گۆرانبێژی کورد دەبنە چاوەشی حیزب... ئیتر کۆمەڵگا وەک هەتیوێک دەبێتە سواڵکەر و وابەستەی دیاردە



پووتەکان. کەواتە ئەو دیاردەیە دەرهاویشتەی ئەو پاشخانە سیاسیی و رۆشنبیرییەیە کە هەموومان دەیزانین.

ستۆکهۆڵم، 27–12–2006

## پەڕاگەندەبوون لەباخچەکانی تاراوگەدا:
## گفتوگۆیەک لەگەڵ (هەندرێن) نووسەری کتێبی (گوڵنارەکانی شوێنپێ لەباخچەکانی تاراوگەدا) (1).

سازدانی: بەختیار کەریم

[1] بۆ بینینی کتێبەکەی هەندرێن بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/7/kteb_handren10.pdf

بۆ ماڵپەڕی دەنگەکان

**سڵاو، ئەی تاراوگە، سڵاو...!**
**ماڵئاوا، ئەی تاراوگەی وڵات، ماڵئاوا...! (سکاندیناڤیا...)**
**هەندرێن**

## پێشەکیی

هەڵهاتن لەنیشتمان بۆخۆی سەرەتایەکە بۆ تاراوگەبوون، واتا تاراوگەبوون ئەو ساتەوەختە دەستپێناکات کە تۆ پێ دەنێیتە خاکێکی نوێوە، بەڵکو ئەو ساتەوەختە دەستپێدەکات کە تۆ پێیەکانت لەخاکەکەی خۆت هەڵدەکەنرێن، یان وەک شاعیری سوریایی (موحەمەد ماغۆت) دەڵێت: کەوشەکانت ناتبەستنەوە بەهیچ خاکێکەوە. وەکی دیش گومڕاییەکانی کەسی تاراوگەبوو ئەو ساتەوەختە دەستپێناکات کە بوخچەی سەفەر دەپێچێتەوە و ئەو کاتەش کۆتایی نایەت کە کەسی تاراوگەبوو لەیەکێک لەو کەمپانەی خۆرئاوای مۆدێرنە و خەوندا لەنگەر دەگرێت. گومڕابوونی



تاراوگەبوو بەردەوام درێژەی هەیە، ئەو ساتانەی کە گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەبێتە خولیای شەوە دەیجورەکانی و بێداریی تاراوگەبوو بێدارتر دەکاتەوە، ئەو گومرابوونە قووڵتردەبێتەوە. ئەو ئەفسانانەی کە ئێمەی تاراوگەبوو لەوڵات، خەیاڵی چەپێنراوی خۆمانمان پێ پاراو دەکرد، لەتاراوگەش درێژدەبنەوە بۆ جۆرێکی دیکە لەگومڕایی و خەیاڵپڵاویی. ئەم جارە گەیشتنەوە بەنیشتیمان دەبێتە خولیای تاراوگەبوو، نەک گەیشتن بەخۆرئاوای شیر و هەنگوین، خۆرئاوای رووناکی و ئاشتی.

بەڵام وەک هەندرێن لەدوا کتێبیدا رۆشنی دەکاتەوە کە گەڕانەوە بۆ نیشتیمان هیچ لەتاراوگەی رۆحیمان کەمناکەتەوە، ئەگەر لێی زیاد نەکات. گەڕانەوە بۆ نیشتیمان کەوتنە بەسەر خاکێکی نوێدا، درێژبوونەوەی هەمان تاراوگەیە کە ساڵانێک بەچاوەڕوانیی گەڕانەوەوە بەسەرمان برد. گەڕانەوە بۆ نیشتمان شوناسی تاراوگەبوونمان کاڵ ناکاتەوە، چونکە نیشتمان بۆ تاراوگەبووی راستەقینە یەکێکە لەو ویستگانەی لەپەڕاگەندەبوونیدا پێیدا گوزەردەکات. لەهەموو ئەمانە سەختتر، تەنانەت ئەگەر شتێک نەمابێت شەتەکمان بدات بەو خاکەوە کە لەهزر و تێفکرینماندا نیشتیمانە، زۆر شت بەو خەڵکەوەمان گرێ دەدات کە خودانی ئەو خاکەن، بەڵام گەڕانەوە فێرمان دەکات کە لەژێر چ سیستمێکی حوکمی قێزەوندا دەژین، گەڕانەوە بەو بەهایانە ئاشنامان دەکات کە لەژووری نووستنی ستەمکاراندا ئەتککراون، ئەو بەهایانەی کە بەرجەستەی چارەنووسی هاوبەشی کۆمەڵگای ئێمەیان دەکرد.

ئەو دیمەنە روکەشانەی کە رۆژانە کەناڵە ساختەکانی راگەیاندن بۆمان نمایش دەکەن، ئەو دیمەنانە نین کە لەکتێبەکەی هەندرێندا نمایشکراون، بەڵکو ئەو دیمەنانەن کە ئەم کەناڵە فشەکەرانەی راگەیاندن هەوڵی داپۆشینیان دەدەن. کێ لەئێوە بینویەتی ئەو کەناڵە حیزبیانە کە کوتومت بەکەناڵەکانی راگەیاندنی حەزرەتی ستالین دەچن، ماڵ و باخچەی وێرانی ئەو هەژارانەمان پیشان بدەن کە رۆژانە بۆ پەیداکردنی تیکەیەک نان

دەڕژێنە شەقامی شارە وێرانەکانی کوردستانەوە، بەڵام کێ لەئێوە نەیدیوە ئەو پرۆژە و خانوانەمان بۆ نمایش نەکەن، کە بەرپرسەکان خۆیان قۆنتەراتچی، ئەندازیار، بازرگان و لەهەمووشی گرنگتر خاوەنی ئەم پرۆژانەن. لەبەر نەبوونی چاوێک یان کەسانێک کە ئەو رووخسارە فەرامۆشکراوانەی جەستەی بریندار‌ی شارمان نیشان بدەن، من پێموایە کتێبەکەی هەندرێن بەهایەکی تایبەتی هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی خوێندنەوەی ئەم دەقە چێژێکی تایبەتی هەیە و ئەو رۆژانەمان یاد دەهێنێتەوە کە هێشتا ویژدان و راستگۆیی بەشێک بوون لەکردەی نووسین.

هەندرێن داوامان لێدەکات کە دەقەکەی وەک سەفەرنامە نەخوێنینەوە، چونکە سەفەر جوڵەیەکی جەستەیی و بزوانە لەپنتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەڵام ئەم سەفەرە و ئەم دەقەی هەندرێن وێڕای ئەم جوڵە جەستەییە، گەشتێکی رۆحییشە، پەڕاگەندەبوونی تاراوگەبوویەکە بەزەمینەکانی یادەوەرییدا، ئەو یادەوەرییەی وەک هەندرێن تیشکی دەخاتە سەر، لەنێوەندی کوردیدا کراوەتە حیکایەت و هەبوونەکانی نێو ئەو یادەوەرییەش بوونەتە فیگۆری ماتماتیکی. منیش داوا لەخوێنەری خۆشەویست دەکەم کە ئەم گفتوگۆیە وەک چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی نەخوێننەوە، ئەو چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییانەی کە سەرقاڵی دروستکردنی پاڵەوانن لەنووسەری تەرسەقولبێژ، بەڵکو زیاتر وەک گفتوگۆی خوێنەرێک لەگەڵ نووسەری کتێبێکدا بیخوێننەوە.

ناکرێت بەبێ ئاماژەدان بەلایەنە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم کتێبە و ستایلی نووسین کۆتایی بەم پێشەکییە بهێنین. شێوازی نووسینی ئەم کتێبە گەمەیەکی مەبەستدارە لەمەوداکانی شوێنکاتدا، تێکەڵاوکردنێکی بەئەنقەستی جێگەکان و سەردەمەکانە، کە ئەمەش بەبڕوای من زادەی هەمان ئەو هەڵواسراوییەی نووسەرە وەک تاراوگەبوویەک لەنێوان زەمەنەکان و جێگەکاندا. هەربۆیە نارەواییەک بەرامبەر بەم دەقە دەکەین ئەگەر وەک گێڕانەوەیەکی رووتی سەفەرێک بیخوێنینەوە، بەڵکو رەوایە



وەک چەندین سەفەر، بۆ چەندین جێگا و لەچەندین سەردەمی جیاوزدا بیخوێنینەوە. بۆ دەستپێوەگرتن تەنها لایەنێکی دیکەی سەرنجڕاکێش بەسەر دەکەمەوە، ئەویش ئاوێزانکردنی دەقێکی نوێیە لەگەڵ کۆمەڵێک دەقی شیعریدا، کە پێشتر نووسراون، سەرکەوتنی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی ئەو کۆنتراستەی ئەم ئاوێزانکردنەی دوو جۆر لەدەق بەرهەمیهێناوە.

لەبەرئەوەی هەر یەک لەتەوەرەکانی ئەم کتێبە، کە نووسەر هەندێک جار بەدرێژیی و هەندێک جاریش راگوزەرانە بەسەریان دەکاتەوە، هەڵدەگرن کە تیشکی زیاتریان بخرێتە سەر، بۆیە بڕیارمدا کە بەم گفتوگۆیە ئەو کتێبە بەسەر بکەمەوە، تا خوێنەر زیاتر بەمەبەستەکانی نووسەر ئاشنابێت. گتوگۆکە لەچەند پرسیارێک پێکدێت، کە هەر جارەی یەکێکیان بڵاودەبێتەوە. پرسیارەکانیش بەگشتی وابەستەن بەباسەکانی نێو ئەو کتێبەوە. پرسیارەکان بەپێی تەوەرەکان ناونیشنیانێکی دیارکراویان دەبێت. پاشماوەی ئەم بەشە بریتییە لەپرسیاری یەکەم.

بەختیار کەریم

(1)

## دوودڵییەکانی تاراوگەبوو لەنێوان گەڕانەوە و گەڕانەوەیەکی تردا

**بەختیار**: یەکێک لەغەمە سەرەکییەکانی مرۆڤی تاراوگەبوو، گەڕانەوەیە بۆ نیشتیمان و غەمی لەوەش گەورەتر گەڕانەوەیەکی ترە بۆ تاراوگە. کاتێک نە نیشتیمان دەماننناسێتەوە و نە ئێمە ئەو دەناسینەوە، تێدەگەین لەوەی کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لەپەیوەندیماندا لەگەڵ (شوێن)

رووی‌داوه، چیتر مانەوە لەنیشتمان داڵدەی رۆحی تاراوگەبوومان نادات، بۆیە پێچانەوەی بوغچیەکی دیکەی سەفەر دەبێتەوە خولیا بۆ "دەربازبوون"ەوە لەنیشتیمان.

یەکێک لەتێما سەرنجڕاکێشەکانی کتێبەکەت، مەسەلەی گەڕانەوەیە، پاش دوو دەیە لەتاراوگەبوون، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەختی بڕیاری گەڕانەوە، بەڵام پێدەچێت گەڕانەوە هۆشیاربوونەوەیەک بووبێت لەوەی کە یادەوەرییەکانت تالانکراون، دەشێت ئەمەش کۆتاییەک بێت بۆ ئەو خەونە، کە کۆی کارکردن و خوێندنی خۆتت بۆ تەرخانکردبوو، خەونی تۆی تاراوگەبوو، کە کۆی بوونی خۆتت لەتاراوگە بۆ خوێندنێک تەرخان کرد کە دواجار سوودێک بەجڤاتی کوردی بگەیەنێت. با هەر بەم ئاراستەیەدا بەردەوام بین و بەباسی ئاستەنگەکانی گەڕانەوە و دواتر ئەو ئاستەنگانەی لەنیشتیمان تووشت هاتن بۆ مانەوە دەستپێبکەین. پاشان هۆکار(ەکانی) نووسینی ئەم کتێبە چی بوون؟

هەندرێن: هەڵبەتە، وێڕای ئاماژە سەرەکییەکانی تۆ، ئاستەنگی تاراوگە بوون و ماخولیای گەڕانەوە بۆ شوێن و نیشتمان، وەک دۆخێکی نائاسایی لەبوونمان، پەژارەییەکە لەنێوان ژیان و مەرگدا. لێرەدا نامەوێ باسی رەهەندەکانی تری تاراوگە بکەم، کە دەکرێ وەک دۆخێکی کارای ماریفی تێیبگەین، بەڵکو من باسی ئاستەنگی ئەو تاراوگە بوون و خەمی گەڕانەوەیە دەکەم، کە دووره لەئازادیي هەڵبژاردن. رەنگە بۆ ئەو کەسانەی کە دوای ناوەڕاستی نەوەدەکان، لەبەر شەڕی خۆکوژی حیزب، لەنیشتمان دەرچوون و ژیانی تاراوگەیان هەڵبژارد، تێڕامانێکی دیکەی جودا هەبێ، لێ دەرهەق بەخۆم کە هەر لەتافی لاویەتییەوە بەناچارکراوی شوێن و نیشتمانم بەجێهێشت، هەمان ئاستەنگ و هۆکرد نابینم. لەسەرەتای 1981دا کە من لەهەولێر، وەک شوێنێک لەماکی بوون، سەرم بۆ شاخان



هەڵگرت، نیشتمان دیلکراو بوو. ئیتر لەوێوە تاراوگە و خەونی گەڕانەوە بۆ بینینەوەی شوێن دەستیان پێکرد. لەبۆیە دەکرێ، وەک هاوردە/مێتافۆرێک، ئەو چرکە ساتە، لەدۆخی دوو ئەڤینداردا بچووێنین، کە لەژوانە لێکدابڕاو و نهێنییەکانیاندا بەحەسرەتی ژوانگەیەکی ئازادن. دواجار کە لەسەرەتای 1990ەکانەوە لەسوێد خۆم بینییەوە، ئیتر بەدەم خەونی گەڕانەوە بۆ شوێن، خۆم سەرقاڵکرد بەخوێندنی زانکۆ، کە پێموابوو خوێندنی بەشە مرۆڤایەتییەکان، بیرۆکە نوێیەکان، جوانترین دیاریی بێ بۆ ئەو شوێنە ببمەوە. هاوکاتیش ئەمە مانای ئەوە نییە کە مەیلی خۆم لەهەڵبژاردنی ئەو ژیانە و خوێندنە و گەڕانەوەیە بۆ ماڵی یەکەم ئامادەیی نەبێ.

لەو روانگەیەوە کێشەی بڕیاری گەڕانەوەی من بۆ شوێن و نیشتمان، بڕیاردانێک بوو لە دەستی ئەو کێشمە کێشمە ناوەکییەی کە بەدرێژایی زیاتر لەبیست ساڵ لەگەڵیدا دەژیام. بەواتایەکی تر، حەزمدەکرد لەو فرسەتەی کە گوایە نیشتمان ئازادە، بەو شوێنگەلە شاد ببمەوە کە لەڕۆژگاری رژێمی بەعسییدا تەواوی ژوانەکانمان بەنهێنی و دڵەلەرزێ بوو.

بە دیوێکی تر کە تۆ لەپێناوی نیشتمانێکی دیلکراو ژیانی خۆت بەخت بکەی، ئیتر ئەو دۆخە لەتاراوگە بوونە، پرسیارێکە لەنێوان بوون و نەبووندا. کەواتە کە لەئاگایی کەسێکدا تاراوگە ئەو ئاستەی پێکا، ژیان دەبێتە گفتگۆیەکی دژوار لەنێوان مانەوە و نەمانەوە، لەنێوان گەڕانەوە و نەگەڕانەوەدا.

ئیتر من دوای ئەو پرۆسە ئاڵۆزە، بڕیاری سەفەری کوردستانمدا. لەڕاستیدا رەنگە شوێنپێی ئەو شوێنانەی کە من لەکاتە سەخت و دڵکێشەکانی ژیانی نێو شار و پێشمەرگایەتیدا لەگەڵیان ژیا بووم، هۆکردێکی بنەڕەتی بن بۆ گەڕانەوە و نووسینی ئەو کتێبە، کە وابزانم خوێنەر بەدەم خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە، دەبێ هەست بەوە بکا. هەڵبەتە

ڕەنگە ئەو تەرزە ئاوێزان بوون و ئاستی کاریگەرییانە بەشوێن، لەمرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر جودا بێت، بەڵام کاتێک تۆ بەچڕی لەگەڵ شوێندا ئەزموونییێک لەمەرگ و ژیانت بەسەر برد، ئیدی شوێن ڕۆدەچێتە ناخی ناخ و شوێنپێ و زایەڵەکانی یادەوەریت دەتتنەوە. هەر بۆ زانین، من لەو ماوەی ژیانم لەسوێد، بەسەدان شێوەی سەیر و سەمەرە خەونم بەو شوێنانە دەبینی کە لەپێشمەرگایەتی لەدۆخی تۆپباران، شەڕ، ئەڤینداری و ... تیاندا ژیا بووم. یا ن ئەو شەقامە سەرەکییانەی کە ئەوەندەی لەکوردستان بووم، هەرگیز بەرۆژ و بەئازادیی نەمبینیبوون، تەنیا لەپێشمەرگایەتیدا نەبێ کە بەترس و بێدەنگی بەشەو دەمانبڕی. بۆ من بینینەوەی ئەو شوێنانە هەمیشە حەسرەت بوون.

بەمجۆرە کە گەڕامەوە بۆ نیشتمان، هەستمکرد، لەو "کوردستانە ئازاد و کۆمەڵگایە مەدەنی"یەکەیدا، سەرتاپای یادەوەری شوێن تالانکراوە. بەکورتی ئەو شوێنەی کە لەسەرتاپای ژیانی تاراوگەدا، بەها و وێنایەکی روحی، میتافیزیکی و ئیدیالی بوون، کەچی ئێستا ئەو شوێنانە چۆڵ و فەرامۆشکراون یان کراون بەموڵکی حیزب یانیش وێرانکراون. لەوەش زیاتر. کۆنە جاش و کۆنە بەعسی و تالانچییەکان، قاچاخچێتی بەو شوێن و نیشتمانە دەکەن. وێڕای هەڕاجکردنی ئەو بەهایە مێژوویانەی شوێن و بەهەڕمێنبوونی چەواشەکاری لەهەموو ئاستێکدا، کەچی هەستمکرد وەک ئەوەی من سەر بەو شوێنە نەبم. لەکاتێکدا شوێن جۆرە ئاوێنەیەکە کە لەوێدا یادەوەری و مێژوو؛ شوێنپێیەکانی ژیان، ڕەنگدەدەنەوە.

بەهەمە حاڵ، دواجار کە نامۆبوون لەشوێن یادەوەری گەمارۆدا، ئیتر ژیان دەبێتە جەنگێک لەگەڵ سێبەری نێوان خۆ بەدەستەوە دان و هەڵشاخان. لەبۆیە لەو دۆخانەدا نووسین دەبێتە سەبووریەک لەئاوەدانکردنەوەی یادەوەریی. لێرەدا دەکرێ بڵێم، کە ئەو کتێبە چەشنە ئاشتبوونەوەیەکە لەگەڵ هەموو ئەو جەنگە دەروونیانەی کە لەنێوان خود و تاراوگە، لەنێوان شوێن و تاراوگەدا، لەنێوان رابردوو و ئێستای خود و



شوێندا لەئاراداان. هاوکاتیش نووسینی ئەو کتێبە، لەو دۆخە بێهوودەیەدا، ئاوەڵاکردنەوەی ژوانگەیەکە، تاکو لەوێدا شوێنەکان لەگفتوگۆ و گازاندە و لاواندنەوەکانیاندا لەگەڵ تاراوگەدا، لە دەرفەتێکی ئازاد دا، پەژارەکانیان نمایش بکەن. بەمەش باخچەیەک لەگوڵناری شوێنپێیەکانیان بۆ تاراوگەی بوون فەراهەم بکەن. بەواتایەکی دیکە، ئەو کتێبە وەک شەپۆڵێک لەباڵگەل شوێنپێیەکانی خود و یادەوەریی بەدەم ئامادەبوونەوە، زایەڵەدار دەکەنەوە.

هاوکاتیش، چیرۆک و گفتوگۆیە باڵدارەکانی ئەزموونی تاراوگە و شوێنپێیەکانی شوێن، گەلێک لەوە زیاترن کە لەو کتێبە،ماڵی تاراوگەیەدا نمایشکراون، هەروەک هۆکارەکانی نووسینیەوەکان لەوەش زیاترن کە من ئاماژەم پێکردن.

(2)

## هەڵدێرانی زەمەن

لە دەستم بێ مانگیشم بەپیادە بەسەر شووێنە تینووەکانی کۆچا دەناردەوە.
ئەو ئاسمانە بەئەستێرەکانەوە لەسەر ئەو گوندە بزمار ڕێژ دەکەم، کە تۆ
وەک کەروێشکێکی خەوناوی لەناو دەستەکانم ڕۆیشتی،
ناوەکەشی لەیادەوەریمدا هەورێکە بەیادم نایێتەوە.
- هێشتا زووەو ئەوانیش دیارنین، بیر دەکاتەوە!
ئەرێ زەمەن لەکوێ هەڵدێرا؟

**(هەندرێن، سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لەبخوور)**

**بەختیار**: ئەرێ زەمەن لەکوێ هەڵدێرا؟ با لەسەر کێشەی ئێمە لەگەڵ یادەوەرییدا بدوێین. لەیەکێک لەوتارەکانتدا باس لەوە دەکەیت کە گەندەڵیی "گەندەڵیی یادەوەرییە"[2]، ئەو یادەوەرییە کورتبینەی مرۆڤی کورد کە بەردەوام پشت دەکاتە ئەو مێژووەی هێشتا تێنەپەڕێندراوە. لەم کتێبەشدا باس لەگومانەکانی خۆت دەکەیت لەبەرامبەر دەسەڵاتێکدا کە پرۆژەی بۆ داهاتووی جڤاتی ئێمە هەبێت، چونکە ئەم دەسەڵاتە مێژوو وەک کەرەستەیەکی مردوو، یان باشترە بڵێین وەک کاڵایەک، بۆ کۆتاییە پارتیزانەکانی خۆی بەکاردەبات، نەک وەک وانەیەک، یان پاشخانێک کە دەکرێت لەسەر بنەما چاکەکانی بنیاتبێین و لەشکست و کەمخوێنییەکانی فێربین. تۆ لەکتێبەکەتدا لەسەر نەبوونی وشە و بزاڤی رۆشنبریی لەشارێکی وەک ئامێدی پێمان دەڵێت کە: "ئەمەش ئاستەنگێکە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و رەفتاری سیاسی بەرهەم هێنەریەتی و ئاخاوتن لەسەریان بێنێکی درێژی گەرەکە." با لێرەدا ئەو بینە درێژەت لێداوابکەم و بپرسم: هەر بەڕاست تا چەند رەوایە ئەو پرۆسەی مێگەلاندنەی نووسەر و پاشان ئەو ئاستەنگانەی کە دەسەڵات بەرهەمهێنیەتی، بخەینە ئەستۆی رۆشنبیران خۆیان، کە زیاتر لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی سەودا بەهەموو بەهاکانی مێژوو، ئێستا و ئایندەی رۆشنبیریی کوردییەوە دەکەن؟

**هەندرێن**: هەڵبەتە تۆ لەدوو توویێی پرسیارەکەتدا سەرنج بۆ بابتێکی گەوهەری کێشدەکەی؛ واتا پرسی ئەو یادەوەرییە بەگەندەڵکراوەی کورد. لەوەش زیاتر، وروژاندنی پەیوەندی ئاڵۆزکاوی نێوان دەسەڵات و

---

[2] بۆ بینینی وتارەکە بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2005/gandale_11_2005/handren_gandale13.pdf



رووناکبیرانی ئەمڕۆی کورد لەڕۆڵی بەخەساردانی ئەو یادەوەرییە، کە یەکێکە لەقووڵترین ئاستەنگەکان لەمێژووی کۆن و تازەی ئێمەدا. لێ مخابن دیسانەوە دەبێ بڵێم کە لەو گفتوگۆیەدا، ناتوانین بەچڕی شرۆڤەیەکی چاوەڕوانکراو بۆ ئەو بابەتە بکەین.

وێڕای ئەمەش، بۆ ئەوەی هەرنا ئاسۆیەک بۆ ئەو پرسیارەی تۆ ئاوەڵا بکەینەوە، دەتوانین بەرهەمهێنانەوەی ئەو ئاستەنگە لەیادەوەری کورد بگەڕێنینەوە بۆ کێشەی ئەو یادەرەوورییەی کە بە"پۆستراوما" دەناڵێنێ، هەروا بۆ ئەو کۆنتێکستە/ناکۆکییە کوردییەی کە لەچرکە ساتە وەرچەرخێنەرەکاندا هەمیشە هۆکرد بووە بۆ فەرامۆشکردن و بەهەدەردانی ئەو یادەوەرییە. هەر بۆیە بەبڕوای من، بەشێک لەهۆکردەکانی ئەو بەگەندەڵکاریی و فەرامۆشکردنەی یادەوەریی لای ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە هۆزگەراییەی کە لەئاراستەکردنی ناخی بزاڤی سیاسی و رۆشنبیریی کوردیدا کارایە. دواجار ئەو پێکهاتە هۆزگەراییە لەژێر پەردەی "لێبووردن" و لەبیرکردن، کە ئەو جۆرە لێبووردنە لای ئەو هێزە دەمڕاستە سیاسیی و رۆشنبیرییە، لێبووردنێکی خێڵەکییە نەک ویستگەراییەکی ماریفی. بۆیە زەمینەی قەتیسمان و دووبارە بەرهەمهاتنەوەی ئاستەنگی ئەو وێنا یادەوەرییەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە روخێنەر و داخراوەی کە لەناو بزاڤی سیاسی و رۆشنبیریی کوردا باڵادەستە و ئەو هێزەش کاراترین هێزە لەهەناوی جڤاکی کوردیدا. لەبۆیە دواجار هەر کاتێک بزاڤێکی سیاسی و رۆشنبیریی نوێ دەستی پێکردووە، کە لەهەموو قۆناغەکانی مێژووی کوردا بەخەونە نوێیەکانی هەوڵیداوە ئەو یادەورییە لەو قەتیسمان و نووشستییە رزگار بکا، کەچی وەک هەمیشە، لەچرکە ساتە یەکلاکارەکاندا، ئەو هێزە کۆنخواز و شوومەی کە لەناو حیزبی کوردیدا رەگاژۆیە، کە ئەو رەوتە لەناو پێکهاتی کۆمەڵگای کوردیدا پشتیوانییەکی زۆری دەکرێ، ئەو بزاڤە نوێیەی قووتداوە و دواجاریش ئەو هێزە سیاسی و رووناکبیرە کۆنخوازە زارقاڵەباڵغە کە جڵەوی دەمڕاستی

ئەو بزاڤەی فەراهەمکرد، ئیتر ئەو یادەوەرییە دەکەنە کەرەسەیەک بۆ سەودا پێکردن و گەندەڵکاریی. لێرەوە ئەو ئاستەنگەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی، بەبڕوای من، لەو جیهانبییە باڵادەستەدا چڕ دەبێتەوە کە وەک وتم لەهەناو و پێکهاتی کوردیدا کارایە. لەو دیدەڕا ئەو وێنایەی کە لەئەزموونی کوردستانی باشووردا دەیبینین، دەرهاویشتەکەیە لەو ناوکۆییە لێکناکۆک و تەڤلەهەڤەی ناو هەناوی جڤاکی کوردی.

سەبارەت بەشارێکی وەک ئامێدی، کە رۆژگارێک یەکێک لەجوگمەی میرنیشینەکانی کورد لەوێدا باڵادەستبووەو ئێستاش تەلاری ئەو دوو دەرگایە، وەک شوێنپێیەک لەو یادەوەرییە سیاسیی و مێژوویەکەی ئەم شارەدا، بۆتە زبڵدانێکی کەڵەکەکراو و فەرامۆشکراو. بۆ نموونە، پاشماوەی ئەو ئەزموونە سیاسییە لەو شارەدا بریتیە لەتەلاری دوو دەرگا، یەکیان دەروازەی پێشەوە و ئەویتر دەرگای دواوەیە، هەردوو دەرگایەکە لەڕۆژگاری ئەو دەسەڵاتەدا بەهایەکی سەربازی گرنگیان هەبووە. دەرگای پێشەوە کە لەگومەزێکی پەنجەرەدار دەچێ و بەسەر گەلییەکەی خوار شاردا دەڕوانێ و ئێستاش لەبەر بێخزمەتیدا خەریکە داڕبڕمێ. دەرگای دواوەش لەناو خانووی بلۆکی سیمای ونبووە. وێڕای ئەمەش، سالی 2005 کە من لەوێ بووم، بینیم لەپاڵ ئەو دەرگایەی دواوە، خانوویەکی بەبلۆک دروستکراوە و قۆمەتە زیخ و چەوێک، وەک گردێک، لەبەردەم ئەو دەگایە قووتکراوەتەوە و دیمەنی ئەو دەرگایەی کوشتووە. بۆیە ئەگەر ئەو حیزبە دەسەڵاتدارە بەسەر ئەوە شارەدا لەبەهای تەلارسازیی و گرنگی مێژووی ئەو دەرگایە تێبگات، ڕێگە نادا ئەو دەرگایە بەمجۆرە بشێوێنریت. هەروا ئامێدی لەحەفتاکانیشدا وەک شارێک لەدەڤەری باهدینان، بەرهەمهێنەری کۆمەڵێک وزەی ئەدەبی، هونەریی، سیاسی و فراژانی جڤاکی بوو، کەچی ئێستا وەک شارە دێیەک، بێجگە لەوەی کە تەنیا دەسەڵاتی پارتی تیادا باڵادەستە، هاوکاتیش خاڵییە لەژیانی رۆشنبیرییەکی فرەرەنگ. بۆ زانینیش، لەقۆناغی پێشمەرگایەتییدا پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی



عێراقی لەو شارەدا، وەک چۆنایەتی و چەندایەتی، زۆر لەپێشمەرگەکانی پارتی چالاکتر بوون. ئەو باسەش زۆر هەڵدەگرێت.

لەبۆیە لەوکاتەی کە ئێستا سەرەوری کوردستان؛ ناوچە بەعەرەبکراو، کێشەی کەرکوک، دادگاییکردنی سەددام و ئەنفالچییەکانی رژێمی بەعس لەئارادایە، کەچی لەو پرۆسەی بەهەرزانکردنەی کۆمەڵگای کوردستاندا، کە بەدەست چەتەکانەوە لەگەندەڵیی دەتلێتەوەو یادەوەریی کۆی کورد هەڕاجدەکرێ، مێدیاکانی ئەو دوو حیزبە، لەبری ئەوەی بۆ جۆشدانی کۆیادەوەریی کورد لەمەڕ برینی ئەنفال لەسەر ئێستا و ئاییندەی ژیانی کورد، ریزێک گفتوگۆی هەمە روانگە لەسەر ئەو دادگایکردنەی سەددام ئەنجامبدەن، کەچی سەرگەرمن بەهەڵپەڕکێ و بەرنامەگەلێکی بێتامی بەناوی هونەریی، کە لەئاستی گۆرانی داواکراو، نزمترن. هاوکاتیش کە ئێستا تورکیا و ئێران و سووریا هەڕەشە لەشەرەفی خاکی کوردستان دەکەن... هتد، کەچی رووناکبیری زارقڵەباڵغی کورد رۆژانە لەخەمی قەڵەوکردنی خەمی گیرفاندا، کە ئەمڕۆ بەناوی "رێزلێنان" و "تەقاویت" و "پارچە عەرد" و ... هتد، خەریکی نووسینی منگە منگ و نووزە نووز ئاسایە. ئیتر ئەو یادەوەرییە چۆن تەکان دەدا؟! ئیتر ئەو نەوە نوێیە بەکام ویست و خەونی ئەو یادەوەرییە پەروەردە بێ؟! ئەگەر لەو چرکە ساتە ترسناکەی ئێستادا، لەپانتایی رۆشنبیریی کوردی، بەتایبەتی لەناوەوەی کوردستاندا، تۆ دوو دۆسییە، چەند کۆڕ و سیمیناری فرەوانی گرنگ لەسەر پرسی دادگایکردنی سەددام و چەتەکانی و گەوهەری ئەنفال و هەڕەشەی تورکیا و رەنگدانەوەی تێرۆر و شەڕی ئیسرائیل و لوبنان... هتد، بەدینەکەی، چۆن ئەو یادەوەرییە بەگەندەل گەمارۆدراوەی کورد، راچڵەکێ؟! ئەو گومان و پەژارەیەی کە ئەمڕۆ مرۆی کورد هەیەتی و هیزێکیش نییە جۆشیبدا، دەبێ دەمڕاستی سیاسیی و رۆشنبیریی کوردان، وەک ویستێکی کارا، بیریان لێبکاتەوە، نەک بەردەوام بن لەو خۆ

گێلکردنەیان، کە دواجاریش ئەو خۆگێلکردنەیان دەبێتە لەدەستدانی ئەو ژیانە گەندەڵەشیان!

کەواتە ئەو مامەڵەکردنەی یادەوەریی لەجەم دەمڕاستی سیاسی کورد، بێبەرییە لەو روانگە ویستگەراییەی نیتشە کە لەمەڕ مێژوودا باسیدەکا. نیتشە لەکتێبی "لەمەڕ سوود و زیانەکانی مێژوو" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ پێویستی بەمێژوویەکی زیندوو هەیە، کە بتوانێ لەئێستاییدا پشتی پێبەستێ. بۆیە مرۆی خاوەن ویست بەگیانێکی خەملیوو هەوڵدەدا ئەو مێژووە زیندووە داگیر بکا، یان دەستەبەر بکات. لێرەوە تێدەگەین، کە ئەگەر کورد لەو چرکە ساتەی ئێستادا لەو دادگاییکردنەی سەددامدا نەتوانێ ئەنفال وەک "مێژوویەکی زیندوو" بەرهەمبهێنێتەوە. ئیتر ئەو یادەوەرییە بریندارەی کورد، هەر بەگەندەڵی سەر دەنێتەوە.

تێڕامان لەپرس و قەیرانی "گەندەڵی یادەوەری" کوردان، لەمە و لەوێهێش ئاستەمترە.

لێرەوە بۆ ئەوەی روانگەکانمان چڕبکەینەوە، ئەو بابەتە خەمینە بەکۆپلەی دوایی ئەو شیعرەی کە تۆ کردووتە بەسەرشاری سەرنجەکانت، خەتم دەکەین، کە دەڵێ:

"رەنگە پێویست بێ لەڕەسەنی خوێنی بوون و فیزیای زەمان بهزرین.
میرنیشینەکان لەسەر بانی حەسارەوە دادەبەزن و لەبناری "حەمرین" دا
مەڕێک لەبەردەم لەشکری "فتوحات" سەردەبڕن و
"گارا" تەرمی کافرەکان لەئامێز دەگرێ و بەڕیشی سپییەوە،
بەسەر "شێخان"دا دەگریێ
خێرابە "خاپوور" خێرابە...خێرا...
ئەو خێڵە دیلە نابەلەدن نابەلەدن ..." (سکاندیناڤیا...)



(3)

## پەیوەندیی هیرارکییانەی نێوان "شێخ" و "دەروێش"

"هەر نووسەرێک کە قسە دەکا، وەک قوربانییەک خۆی نمایشدەکا و لەنووسەرانی تر خۆی بەپاکتر دەزانێت. بەمجۆرە زمان دەبێتە کەرەسەیەک بۆ قسەکردن لەخودێکی بریندار، نەک دەربڕینی بیرۆکەیەک."
هەندرێن، (گوڵنارەکانی شوێنپێ لەباخچەکانی تاراوگەدا)

**بەختیار:** ئەمڕۆ پرۆسەی بەپاڵەوانکردن و پیرۆزکردنی ژمارەیەک لەنووسەر دەگوزەرێت و کەسیش نییە هیچی لەسەر بڵێت. خولیای ئەم پیرۆزکردنەی نووسەرێک یان چەند نووسەرێک کۆمەڵێک دەروێش پێی

مەستبوون کە لەڕاستییدا هیچ سەروەدەریێکیان لەگەڵ هزردا نییە، ئاگاهییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەو دەقانە نییە کە قسەیان لەسەر دەکەن. ئەم پیرۆزکردنە کاری هەمان ئەو نووسەرانەیە کە لەجێگەی تردا خۆیان بەدوژمنە سەرسەختەکانی هەموو موقەدەسێک دەناسێنن، کەچی کاتێک دەقی نووسەرێکی دیاریکراو بڵاودەبێتەوە، بەدەر لەوەی ئەم دەقە باشە یان خراپ، وەک داهێنانی سەردەم پێمان دەفرۆشن و نووسەرەکەشی وەک مرۆڤێکی ناوازە دەناسێنن، مرۆڤێک کە دەتوانیت هەموو کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەربکات چونکە لەهەموو بوارەکاندا قسەی هەیە. لەکاتێکدا لەهیچ رۆشنبیرییەکی دیکەی جیهاندا ستایشکردن نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی چەند نووسەرێک بکرێن بەشێخ و ئەوەی بەشانی تەپیویاندا هەڵنەڵێت لەڕۆشنبیریی کوردیی وەدەردەنرێت و وەک جاهیل و هەندێک جار فاشیست لەقەڵەم بدرێت. تۆ لەشوێنێکی کتێبەکەتدا باس لەقەیرانی نووسینی کوردی دەکەیت کە لەجیاتی جۆشدانی بەرهەمهێنان لەبوارە مەعریفییەکاندا، لەجیاتی قووڵکردنەوەی هەستی جوانناسیی لەناخی خوێنەری کورددا، نووسین کراوەتە کاڵایەکی بێبەها و لەبازاڕی حیزب و دەسەڵاتی کوردییدا مامەڵەیەکی سووکی پێوەدەکرێت. بێگومان کۆتایی ئەمە سووکبوونی خودی نووسەرە، بەڵام لەوەش گرنگتر کایەی نووسینە. ئایا تۆ هیچ تروسکاییەک بەدی دەکەیت بۆ گەڕانەوە بۆ نووسین، وەک کردەی جۆشدانی رۆحی بەرەنگاربوونەوە و قووڵکردنەوەی هەستی جوانناسیی، نووسین وەک کردەی دەربڕین لەئایدیا نەک برینی تاکە نووسەرێک، یان بۆ ئەبەد نووسینی کوردی مەحکومە بەپەیوەندییەکی هیراکیی نێوان شێخێکی بیمار و دەروێشی سادەگۆ؟

هەندرێن: مخابن ئەو دیمەنەی کە تۆ لەڕووناکبیر و رۆشنبیریی کوردی ئەمڕۆکە نمایشیدەکەی، راستییەکی تراژیدی/کۆمیدییە، بەڵام لەوکاتەی کە ئەمڕۆ ئەو دیمەنە رۆشنبیرییەی، کە تۆش بەوردی پەنجەت خستە سەری،



لەلایەن نووسەرە گەورە و شاگردەکانیانەوە بەمۆدە دەکرێ، ئیتر لەو دۆخە ئیفلیجەدا ئومێدەواربوون بەتێکشکاندنی ئەو "پەیوەندییە هیرارکییە" و بەدیکردنی "تروسکایی"ییەک لەڕەوتێکی خەملیوی رۆشنبیریی کە لەخەمی تووڕهەڵدانی مێشکی ئەو دیاردە رووناکبیرە "شێخ و "دەروێشە" سادەگۆ و ئاوەڵاکردنەوەی پانتاییەکی ماریفی بێ، مەیلەو سافیلکەییە.

بەڵێ، بەشێکی کتێبەکەی من، لەهەوڵیکی سادەدا، وێناکردنی ئەو دۆخە خەمهێنەرەی نووسەرانی ئەمڕۆی کوردە. کارەسات لێرەدایە، کە لەکوردستاندا تۆ دەمی هەر نووسەرێک بکەیتەوە، جا لەکۆنە بەعسیترین نووسەرەوە بیگرە هەتا دەگاتە ماندوونەساترین نووسەر، خۆی بەغەدر لێکراو، بێبەخت دەزانێ. نووسەری ئەوێ، بەشی هەرە زۆریان، جگە لەوەی کە هەندێکیان زیتر لەدوو "پارچە زەوی" وەرگرتووە و "رێزلێنان"ەکەشی مانگانە دابینکردووە، هاوکاتیش بەبیانوی ئیشکردنیشی لەو گۆڤار و دەزگایانەدا، "معاش"ەکەی وەردەگرێ، بێئەوەی هیچ ئەرکێکیشی لەو گۆڤار و مۆڤارانە لەسەر شان بێ، کەچی هێشتا نووزە نووزیەتی و خۆی بەپشتگوێخراو دەزانێ. لەوەش کۆمیدیتر، نووسەرێکی زۆر هەن کە وێڕای ئەوەی چەندان کتێبیان بۆ چاپکراوە و پاداشتیشیان لەسەر وەرگرتووە، کە کتێبەکانی زۆرینەیان قڕانێکی سووتاو ناکەن، کەچی کە دێنە گۆ دەڵێن، ئێمە لەڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانی حیزب، رێزمان لێ ناگیرێ. تۆ بڕۆ هەر نووسەرێک لەکوردستاندا بدوێنە، دەبینی بێجگە لەخۆی و ئەو گۆڤار، دەزگای پەخشەی کە وابەستەیەتی یان بەڕێوەبەریەتی، دان بەهیچ نووسەر و دەزگا و چاپەمەنیی و گۆڤار و مۆڤارەکانی تردا نانێ. جا خۆشی لەوەدایە کە هەم خۆیان و هەمیش دەزگای پەخش و گۆڤارەکانیان سەر بەهەمان حیزبن یان لای هەمان حیزب کۆمەکی دەکرێن، کەچی یەکیان دەڵێ، گۆڤار و دەزگای پەخشی "فڵان"، حیزبییە، ئەویتریش قسەیەکی لەوە قەباحەتتر دەکا. لێرەدا ئاماژە کردن

بەو هەموو نەخۆشییە ئاسان نییە. بەمجۆرە، دە تۆ وەرە سەرت لەو "فیلمی هیندییە" دەربچێ؟!

ئەو راستییانەی کە من هەم لێرە و هەمیش لەکتێبەکەم باسیان دەکەم، نە تیۆریی و نە زادەی خەیاڵاندنی خۆمن، بەڵکو دیاردەگەلێکی تاڵن و ئەمڕۆ لەکوردستاندا زۆر بەربڵاون. پرسیارەکە ئەوەیە، کێ هۆکردی ئەو دیاردە رووخێنەرەیە؟ گەلۆ ئەو دۆخە رۆشنبیرییەی کە ئەمڕۆ ئەو نووسەرە "رێسێنتمێنت/ناخ کۆیلانە دەمڕاستیینە، دەبێ چتۆ ئەزموونێکی رۆشنبیرییمان لۆ بەرهەمبێنن؟ وەڵام و شرۆڤەکردنی ئەو پرسیارانە و گۆمانەکانی تر بۆ ئەو نووسەرە "مەزن"انەی ئەمڕۆکەمان بەجێدەهێڵم، کە هەرچەندە ئەوانیش لەزامنکردنی ئەو "پادداشت" و وەرگرتنە "پارچە عەرد" و مەردە بێبەش نین، لێ لەگریان بۆ بەختی خۆیان فرە ئاگادار نیم.

لێرەدا نابێ یادی مەسعود محەمەدی هێژا فەرامۆشبکەین، کە بەهەموو مانایەک، وێنای ئەو رووناکبیرە ئیدیالی و ماندوونەناسەی، کە لەمڕۆی ژیانی کوردیدا ئامادەیی ونە، بەرجەستە دەکردەوە. هەرچەندە من چەند جار لەکتێبەکەمدا، وەک سڵاوێک، ستایشێک، جەختم لەسەر ئامادە بوونی ئەو لەزمانی کوردییدا کردووە، لێ ئامادەبوونی وێنای مەسعود محەمەد، وێڕای بەشێکی زۆر لەنووسەرە ئاوزە و هاوخەمەکانی وی، کە بەراستی، وەک شێوازێک لەژیان، لەزمانی کوردیدا ژیان، دەکرێ بکرێتە پێوانەیەک، ئەزموونێکی کارا بۆ ئەو رووناکبیرەی کە ئێستا زمانی کوردی لەهەموو کاتێک زێتر حەوجەیەتی. مەسعود محەمەد تەرزە بیرکردنەوەیەک بوو، کە پێشتر و ئێستاش وێنەی لەزمانی کوردیدا نییە. ئەو لەڕوانگەی مرۆڤەوە لەمرۆڤایەتی و مرۆڤی کوردی دەهزری. کەواتە مەسعود محەمەد لەماڵی زمانی کوردییدا، شوێنپێی هزرێکی خۆماڵی و رەسەنە. ئەو مرۆڤە کوردە، نەک هەر لەزمانی کوردیدا زایەڵەیەکە لەهزراندن، بەڵکو لەزمانی عارەبیشدا دیاردەیەکە. بەمجۆرە ئەو مرۆڤە، تاکە کوردێکە جیهانی دەهزرێ. بەمەش توانی بەخۆی و زمانەکەیەوە بەرەو جیهان بڕوات.



لەبۆیە ئەو سۆزەی من بۆ مەسعود محەمەد هی هەستێکی وابەستەیی، هاوشاریی و برادەرایەتی نییە، کە ئەمڕۆ لەنێوەندی نووسینی کوردیدا لەگەشە سەندن دایە و هەمیشەش مجگێز و تەبیاتمان تێکدەدا، بەڵکو ئەو سۆزە لەو رەسەنیی و دانسقەییەی ئەوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، کە ئەو بەکتێبە نایاب و بەوەجەکانی، ئەو خودەی سازاندووە. لەوەش زیاتر، ئەو رۆژگارەی کە ئەو مرۆڤە تیایدا ژیانی نووسینی لەهەڕمێندا بوو، مایەی سەرنجدانە. لەبۆیە نەک هەر زمان، شێواز و هزرینەکەی ئەزموونێکە لەناوازەیی، بەڵکو بەقڕساندن لەگەڵ هەموو نووسەرێکی ئەمڕۆی کوردان و بگرە جیهانیش، خودی ژیانەکەشی ئەزموونێکی مەیل وروووژێنەرە. لێرەوە ئەگەری خوێنەر و نووسەری ئەمڕۆ، کە زۆرینەیان، بەهۆی ئەو دۆخە مرێنراوەی رۆشنبیریی کوردی، نە ناوی مەسعود محەمەدیان بیستووە و نە کتێبەکانیشیان خوێندۆتەوە. ئەمەش چونکە ئەمڕۆ دەمڕاستانی رۆشنبیریی لەحیزب مارەکراوی کوردی، وێڕای ئەوەی کە سالانە دەیان کتێبی خوێڕیلەی نووسەرانی خۆماڵی و بیانی چەندان جار لەچاپدەدەنەوە، کەچی کتێبەکانی مەسعود محەمەد، وێڕای بەهای گرنگی گەڕانەوەی هەمیشەیی بۆیان، لەکتێبفرۆشییەکانی کوردستاندا دەست ناکەون! لەوەش گەڕێ، کە وێڕای ئەو هەموو "رێزلێنان"، "فیستیڤاڵی یادکردنەوە" و "خەڵات"بەخشینە بۆ ئەو نووسەر و ئەم شەهید و ئەو گۆرانیبێژە سەر بەو حیزب و خزمی ئەو نووسەرە باڵادەستانەی ئەمڕۆ، ئەنجامدەدرێن، وێڕای رێزمان بۆ ئەوانەی کە داهێنەر بوون، کەچی زۆریان هی ئەوە نین کە بۆیان دەکرێ، بەڵام دەمڕاستێکی ئەو هەموو "دەزگا رۆشنبیریی"، "گۆڤار" و راگەیاندنە دەم هەراشانەی، کە ئەمڕۆ بازرگانی رۆشنبیریی کوردین، کۆڕێک، فیستیڤاڵێک، یادکردنەوەیەک و ... هتد، لەسەر ئەزموونی ژیان و کتێب و زمانە بەنرخەکەی مەسعود محەمەد و هاونموونەکانی ناکەن. تۆ سەیرەکە، ئەمساڵ لەیادی 4 سال بەسەر تێپەڕینی مەسعود محەمەد دا، تەنیا کەریم شارەزا، ئەویش *رەنگە* لەبەر خاتری هاوشاریی و چاوناسی

بوو بێ، کورتیله نووسینێکی، لەوێنە ئەو تەرزە نووسیانەی خۆی کە جار و بار لەسەر ژیاننامەی نووسەران دەینووسی، نووسی بووو! ئەرێ ئەو دۆخە زادەی رۆشنبیرییەکی خۆشداکەنەیە، یان مایەی یادەوەرییەکی تالانکراو؟! بەهەمە حاڵ، دیسان دەبێ بڵێم، کە نیگەرانی بوونمان لەدرێژبوونەوەی ئەو ئاخاوتنە، ناچارمان دەکا بەو سووکەڵە بەسەر کردنەوەمان لەڕوحی مەسعود محەمەد، دڵنەواییمان بدەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خۆی بڕیاردەر بێ لەسەر ئاستی بەرهەمەکانی مەسعود محەمەد، دەتوانێ سەردانی ئەو ماڵە بکا، کە خەمخۆرانێک بۆ بەرەهەمەکانی ویان سازکردووە([3]).

دیسان دەبێ بڵێم، کە دەبێ بەرەواجبوون و قووتبوونەوەی دیاردەی نووسەری "شێخ و دەروێش"، وەک دەرهاوێشتەیەکی ئەو پێکهاتە بەحیزبیکراو و داخراوەی جڤاکی کوردی، لێکبدەینەوە، کە بەهۆی گەمارۆدانی ئەو هەموو شەڕە یەک لەدوای یەکانەی کە لەبندەستی رژێمی سەددام و دواجاریش لەژێر دەستی ئەو دوو حیزبە مەرگ خوازەوە ناخ و ئاگایی وێرانکراوە. لەوەش نەگبەتر، لەدوای روخانی سەددامەوە ئەو دوو حیزبە کوردییە، لەڕێگای پارەوە رۆشنبیرییان کرد بەکاڵایەکی بێ روح و نووسەریشیان کردە سواڵکەرێکی خۆشداکەنە. بەمجۆرە لەئاکامی ئەو وێرانکارییە روحی و ویستکوژە کوردیەدا، حیزبی کوردی ئەو دەمارە خێڵگەراییەی کە لەپێکهاتی کوردیدا رەگئاژۆیە، جۆشدایەوە. لێرەوە

[1] جێگەی داخە کە ئەو ماڵە ئاوەدانەی کۆمەڵێک مرۆڤی لەخۆبردوو بۆ مەسعود موحەمەد و بەرهەمە لەیادکراوەکانی ئەویان چێ کردبوو، چیتر ئاوادەن نییە. مەزەندە دەکەم کە هۆکاری ئەمەش کەمدەستی دارایی ئەو دۆستانە بووبێت، ئەمەش ڕووڕەشییەکی دیکە زیاد دەکات بۆ ناوچەوانە تەڵخەکەی سەرکردایەتی سیاسی و رۆشنبریی کورد. (بەختیار کەریم). بڕوانە:
http://hem.bredband.net/wermam



بوارێکی لەبار بۆ ئەو چەشنە نووسەرە تووتییەی کە خەونی گەیشتنە بەو پلەیەی کە جێگەی "شیخ" و مەلایەکی هۆقەباز بگرێتەوە. ئیتر کە وێنای "شێخ" و مشایخ لەپێش چاوی کۆمەڵگا بەهەڕمێن بوو و لەلایەن حیزبی نەخوێندەواری کوردیشەوە دەستی لەپشتی بدرێ، خۆ هەر هەموو نووسەران نابنە "شێخ"، بەڵکو بازاڕی "دەروێشایەتی" گەرمدەبێ. بەدیوێکی دیکەوە، وەک هاوردەیەک دەتوانین ئەو دیمەنە رۆشنبیریی و رووناکبیرە پەڕپووتەی کە تۆ باسیدەکەی، بەوێنەی دێهاتێک بچووێنین، وێڕای رێزمان بۆ مەلا و دانیشتوانی دێهات نشینەکان، کە ئەو ژیانە رەنگدانەوەی ئاستی سروشتی خۆیانە، کە وەک دەزانین، لەدێهاتدا مەلا رۆڵی دکتۆر، بەختناس ، ژن مارەکردن، رێنیشاندەری بەهەشت و دۆزەخ، فەلەکناس، نامە نووس و ... هتد، دەگێڕێ. لەبۆیە ئەو بچمە رووناکبیرە "شێخ و دەروێشانە"ی ئەمڕۆش، کە تۆ لەوتارێکدا بە"تەرسەقولبێژ"([4]) ناوت بردوون، کە هاوردەیەکە خشت بۆیان، لەسایەی حیزبەکانی کوردستانی باشووردا، کە پسپۆڕترین حیزبن لەمێگەلاندنی کۆمەڵگا و نووسەر، هەمان وێنەمان بەیاد دێننەوە. هاوکاتیش تۆ باش دەزانی، کە ئەمڕۆ ئەخلاقی هەلەکسێ، وابەستەیی، هاوکاتیش بەپیرۆزکردن و بەتاپۆکردن، کاراترین روحە لەکۆمەڵگای کوردستاندا. لێ ئەو ئەخلاقە لووتکەی قێزەونەکەی لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە نووسەرگەلێکی زارقەڵەباڵغ، وەک تۆ ئاماژەت پێکرد، کە لەژێر دەمامک و بانگەشەی وەک "دژە پیرۆزیی"، "تاکی کوردی"، "عەولەمە"، "ئازادی" و قسەگەلێکی زۆری رازاوەی لەم تەرزە، خۆیان دەناسێنن، کەچی هەر ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"انەش، بەستایشەکانیان لەسەر یەکتر و لووسکەییان بۆ خۆ هەڵواسینیان بەچەند ناوی نووسەر، کە لەبەر نەخوێندەوەرای خۆیان

[2] بۆ بینینی وتارەکە بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/7/baxtyarKarim2.pdf

بە"گەورە و مەزن" دەیانبینن، بەرهەمهێنانەوەیەکی کارای ئەو هیرارکییە خێڵگەرایی و پیرۆزپەرستییەن، کە حیزبی کوردی قووڵتریان دەکاتەوە.

وێڕای ئەمەش، ئەو رەوتە "شێخ"بازیی و دەروێش"کارییە، کە کایەی رۆشنبیریی ئەمڕۆمانی سووک و چرووک کردووە، کتومت بەردەوامییەکە لەو دۆخە رۆشنبیرییەی کە رژێمی سەددام بەرهەمهێنەرێکی لێزانی بوو.

لە کاتێکدا ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"ە زارقەڵەباڵغانە دەبێ بزانن، کە ئەمڕۆ لەپانتایی رۆشنبیریی جیهانیشدا، نووسەری "گەورە و مەزن" دەگمەنە و ئەو جۆرە پەسندانانەش زۆر باویان نەماوە. لەوەش زیاتر، "دەروێش"ی ئەو نووسەرە "شێخ"انە، دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەگەر خۆیان بەپسپۆڕ دەزانن لەناسینی ئەو نووسەرە "گەورە و مەزن"ە دەگمانەی کوردی، لێ ئەو زمانە ستایشە بەزەیهێنەرەی ئەوان ریسوا کردنی خۆیان و "شێخ"ەکانیانە. لێرەدا من پێموایە ئەو دیاردەیە لاساییکردنەوەی کتومتی شێوازی حیزبی کوردییە لەپیاهەڵدان و بەپیرۆزکردنی شەهید و سوومبوولەکانیان. ئەمەش، بەبڕوای من، ئەو شێوازی بەپیرۆزکردنە، دواجار بێتامکردنی وێنای نووسینی نووسەر و پیاهەڵدەرەکەیە، یان "شێخ" و خودی "دەروێش"ەکانیشە.

لێرەدا دەبێ بڵێم، کە حەز بەوە ناکەم، وەک لەڕەوانبێژی نووسینی کوردیدا باوە، خۆمان وەک تاکە رەخنەگر، تاکە داهێنەری بلیمەتی راستییەکان و تاکە نووسەری "مەزن"ی کوردی، هەڵکێشین. نەخێر، من کاتێک بەراناوی "من" دەپەیڤم، مەبەستم لەو "من منۆکێ" یە نییە کە لەئاخاوتنی سیاسیی و رووناکبیریی کوردیدا زاڵە، بەڵکو ئەو "من"ە لەیەککاتدا هەم ئامادەیی ئاگایی خودێکی تاکە و هەمیش ئامادەبوونی کۆمنی ئەوانیترە. کەواتە ئەو ئاستەنگانەی کە دەمانەوێ دەست و پلی خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە، هەر تەنیا ئێمە لێیان بەئاگا نین، بەڵکو کۆ-منە بەئاگایەکانی کوردین. هەر بۆیە، بۆ ئەوەی گەمارۆی ئەو دۆخە قەتیسماوەمان بدەین، دەبێ ئەو "من منۆکێ"یە لەزمانی کوردیدا دابماڵین، چونکە ئەوە ئەو شێوە زمانە من کارایەی کوردییە کە ئەو بە"پیرۆزکردن" و



"مەزن"پەرستییە بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەو منەی کوردی، ئەوەندەی هەڵکوت هەڵکوت بەدوای گرتنە دەستی گۆچانی ئەو شوانە دەسەڵاتدارەیە تاکو بەنۆبەی خۆی لەژێر دەمامکێکی نوێ لەمێگەلاندنی کۆمەڵ بەردەوام بێ. لێ نەهامەتییەکە لەوەدایە، کە بەشێکی زۆر لەو نووسەرە مێگەلە، کە گوایە خاوەن ئاگاییەکی "گولۆبال" و ماریفەیەکی مەعلانی باڕاندنی دەقی کوردین، کەچی بەختەوەرن بەوەی کە کۆیلەدارە سەردارەکەیان، وەک کۆیلەیەکی پەسەندەر قبووڵیان بکات!

لێرەوە مەگەر "قەدەر"ێک بەهانامانەوە بێت و رۆشنبیریی کوردی لەدەست ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"ە ناخ گوورگانیانە رزگار بکا، ئەگینا لەو ژیانە مێگەلێنراوەی کوردیدا، بەتەما بوونی "تروسکایی"ەک، بەلای کەمی بەمزووانە، لەهاتنی "مەهدی مونتەزیر" مەحاڵترە، چونکە ئەمڕۆ لەو ژیانە کلۆڵەی کە نووسەری کورد سەرمەستە بەدوای دۆزینەوەی درۆیەک تاکو "رێزلێنان" و مووچە ساختەکەی زیاتر بکا، بەهایەکی ئیدیالی بۆ بیرکردنەوە و مەیلی هزراندنی پرسەکان، نەهێشتۆتەوە.

(4)

## زانکۆ وێنایەک لەدەسەڵاتی ماریفەیەکی کارا، یان سێبەری بارەگای حیزب؟

"ئەمڕۆ زانکۆی کوردی، کە گوایە سەرچاوەی زانست و ئاسۆ نوێکانی رۆشنبیرین، کەچی، نەک هەر بوونەتە شوێنێک بۆ بێئومێدکردن و دەمکوتکردنی لاوان، بەڵکو ئەو زانکۆیانە بوونەتە سەرچاوەیەکی چالاک بۆ پەروەردەکردنی ساختەچی و پیاوکوژان."

هەندرێن، (گوڵنارەکانی شوێنپێ لەباخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: دەشێت تێڕامان لەزانکۆکانی کوردستان بۆ ئێمە لەم دورەوە کارێکی هێند ئاسان نەبێت، بەڵام ئەوەی سەرنجی من رادەکێشێت، ناوبەناو یەکێک لەو مامۆستایانەی زانکۆ خۆیمان لێدەکات بەو فریادڕەسەی کە هاتوە دەست بداتە باڵی پێکراوی زانکۆکانی کوردستان و لەقوڕاوی حیزب دەریبهێنێت، لەکاتێکدا ئەم مامۆستایانە خۆیان بەشێکن لەکێشەکە. من ئاگادارم چوونەوەی تۆ بۆ کوردستان هاوشانی ئومێدی دێرینی تۆ بوو بۆ مانەوە و وانەگووتنەوە لەزانکۆدا، بەڵام وەک لەکتێبەکەتدا ئاماژەی پێدەدەیت و ترس و فیغان لەهەناوی من و ئەوانەدا دەچێنیت کە خولیای گەڕانەوەیان هەیە بۆ وڵات، کارکردن لەزانکۆکانی کوردستان هاوشێوەی کارکردنە بۆ دەزگایەکی حیزبی. با لێرەدا سەرنجەکانمان ئاراستەی بەدبەختییەکانی ئەو لاوانە بکەین کە لەو زانکۆیانە و لەبەردەستی مامۆستاگەلێکی وەک (ئەڵوەند دزەیی)دا خوێندن تەواودەکەن. بەمجۆرە لەزانکۆدا وەک هەر کام لەزانکۆکانی دیکەی وڵاتە تۆتالیتارەکان، خوێندکار سەربازە و مامۆستا ئەفسەر و جەلاد. خوێندکار چی فێردەبێت لەژێر چاودێری مامۆستایەکدا کە پێیوایە عەقڵ لەبۆیناخێکی قەڵبدا، کە وەک زمانەگا بەبەرۆکتدا شۆڕبووبێتەوە، بەرجەستەدەبێتەوە؟ پاشان ئەو دوو فاقیەی مامۆستایانی زانکۆ چۆن ببینین، کە لەلایەکەوە ئەوانن کە زانکۆیان کردۆتە درێژکراوەی مەڵبەندو لقەکانی حیزب و گەندەڵییان بردۆتە نێو هۆڵەکانی وانەگووتنەوە، لەلایەکی دیکەوە هەموویان خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە دەدزنەوە کە لەئەستۆیاندایە؟

ئەم پرسیارەم وەک دوا پرسیاری گفتۆگۆکە هەڵبژارد، چونکە بەتێگەیشتنی من تێزی سەرەکی کتێبەکەت دۆزی زانکۆکانی کوردستان و چوونەوەی تۆیە بۆ کارکردن. بۆیە پێم باشە لەپاش وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، وەک کۆتایی و چڕکردنەوەیەکی بابەتەکانی گفتۆگۆکە بەدوا سەرنجی خۆت باباتەکە بەکۆتا بهێنیت. لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ تۆ و بۆ ئەزیزانی ماڵپەڕی دەنگەکان.



هەدرێن: راستە من لەو سەفەرەم بۆ کوردستان، هەوڵمدا ئەگەر بگونجێ لە زانکۆیەک وانە بڵێمەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بابەتە روونتر بێ. دەبێ بەکورتی پشتینەی مەبەستی ئەو خەونەی کە تۆ ئاماژەت پێکرد، بگێڕمەوە. دوای ئەنفالکردنی کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسی فاشی روخێنراو، کە ئیتر هێزی پێشمەرگە رووە و ئێران و تورکیا بارگەی پێچایەوە، منیش لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە بە سەفەرێکی شەوڕۆیی لەئاسایی بەدەر، کە مەگەر هەر لەفیلمی هۆلیوود شتی وا هەبێ، لەلەناو گەرمەی دوا هێرشەکانی ئەنفالەوە، لەنزیک شەقڵاوەوە بۆ دەڤەری بادینان و لەوێشەوە بۆ تورکیا سەرمان هەڵگرت. دوای ئەوەی لەتورکیاوە تووڕهەڵدراینە ئێران، لەوێشەوە لەسەر سنووری ئێران و سۆڤیەتی کۆن شەوێک بەپیادە بەرەو خاکی تورکمانستان پەڕینەوە. دواجاریش لەفڕۆکەخانەی مۆسکۆوە، کە بێئەوەی بزانم بۆ کوێ هەڵدەفڕم، گەیشتمە سوید. لێرەدا نیازم نییە تەواوی ئەو سەرگوزەشتەیە بگێڕمەوە، کە پڕە لەپەژارەیی، بەڵکو مەبەستمە بلێم، کە لەهەولێرەوە جانتام هەڵنەگرتووە بۆ سوید تاکو زانکۆ بخوێنم و بگەڕێمەوە، بەڵکو خەونی گەڕانەوەی من لەو پشتینەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو. بۆیە کە گەیشتمە سوید خەونم ئەوە بوو رۆژێک لەڕۆژان بەزەخیرەیەکی ماریفییەوە، کە بۆ خۆم بەگرنگی دەزانم، بگەڕێمەوە کوردستان. ئیتر دوای 8 ساڵ پێشمەرگایەتی و دوو ساڵ ژیان لەئێران و رووسیا و 14 ساڵیش کە لەسوید بەخوێندن بەسەرم برد، دواجار بەخۆم و خەونەوە گەڕامەوە کوردستان. هاوکاتیش دەبێ ئەوەش بڵێم، کە هەر تەنیا من تووشی ئەو گرفتانە نەبوومە، بەڵکو دەیان کوردی دیکە ئەو ژیانەی منیان بینیووە و دواجاریش کە بەخەونی خزمەتکردنی زێدەکەیان گەڕاونەتەوە کوردستان و لەوێش بەدەست ئەو حیزبانەوە تووشی دەردەسەری لەو جۆرەی من بوونە و دەبن. هەروا مانای ئەوەش نییە، کە من بە"شۆڕش"ێکی تایبەت گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان،

ئیتر ئەگەر لەزانکۆ ئیشم کردبا، دار و بەردم دەگۆڕی و زانکۆم ئاوەدان دەکردەوە.

وەلێ سەبارەت بەو "فیلمە کۆمیدی/تراژیدییەی کە لەکۆلیژی سۆران و لەگەڵ دکتۆر ئەڵوەند دزەیی تووشی بووم، کە تۆش دەزانی، من لەکتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپێ..." و دواجاریش لەوتارێکی تایبەتیشدا بەتێری باسمکردووە، کە لە2006.7.25دا لەرۆژنامەی "میدیا"دا، بڵاوکراوەتەوە([5]). بۆیە لێرەدا ناخوازم دووپاتەی بکەمەوە. لەڕاستیدا من لە"گوڵنارەکانی شوێنپێ لەباخچەکانی تاروگەدا" وێڕا نەگەیشتم سەرگوزەشتەی "زانکۆی کۆیە"ش بگێڕمەوە، کە بەشێوەیەکی تر، دووبارە بوونەوەی هەمان سەرگوزشتەی کۆلیژی سۆران بوو.

ئەوەی کە دەمەوێ لێرە بیخەمە سەر حیکایەتەکەی زانکۆ ئەوەیە کە، با ئێمە واز لەخەلکی ئاسایی کۆمەڵگای کوردستان بێنین کە زەندەقیان لەبچووکترین "جیاوازی" و بگرە رەفتارێکی ناباویش دەچێ، کەچی کاتێک راگری کۆلیژێکی نوێ، کە گوایە بەرهەمی ئەو حوکومەتە "تاقانە مەدەنی"یەی حیزبی کوردییە، لەدیدارێکدا کە من چووم لەکاتێکی خێرادا بۆ ئەگەری ئیشکردن لەو کۆلیژە قسانی دەگەڵ بکەم، بەڵام چۆنییەتی پۆشینی جل و بەرگی منی بۆ گرفت بێ. لێرەوە تێدەگەین، کە لەکوردستاندا هەر ئەڵوەند دزەیی نییە، کە بۆی عەنتیکەیە تۆ ژیانێکی تایبەتی خۆت، ستایل و تامی جلپۆشینی خۆتت هەبێ، بەڵکو بەرتەکی ئەلوەند بەرانبەر ستایلی **جلپۆشین و سادەیی ئاکاری من**، دەربڕین و رەنگدانەوەی کۆی ئەو جیهانبینییە دژە جیاوازییەیە کە لەکوردستاندا باڵادەستە. تۆ لەکوردستاندا، وێڕای ئەو هەموو قسە فڕیدانە بۆ "مەدەنییەت"، بۆت نییە کەیفت بەچی خۆشدەبێ ئەوە بپۆشی و چۆن ئاسوودەی ئەوها بدوێی و

[5] براوانە لاپەڕە 14ی هەفتەنامەی میدیا لە:
/http://www.yndk.com



روبنیشی... هتد. لەکوردستاندا مرۆڤ کە مامۆستا یان مەنسوول بێ، بەپۆشینی کراسێکی سپی، شۆڕ کردنەوەی بۆینباخێک، تۆ واتەنی، "زمانە گایی"، سەگە تڕومبێلێک و مۆبایل تەلەفۆنێک، دەبێ بەپیاوێکی ماقووڵ و لێزان. ئەو ئەلوەندە بەڕێزەمان وایدەزانێ من هاتوومە ببمە ئەفسەرو جەنەراڵ لەسەربازگەکەی! ئەم تێڕاوانینەشی لەوەدا دەبینرێتەوە، کە دەیگۆت: "ئەمن مامۆستایەکم دەوێتن کە تەلەبە وەک باوکێک رێزی بگرێ...". ئەو پێی وایە یەک شێوە هەیە بۆ ئەوەی کە "تەلەبە"، وەک سەرباز، یان زیندانی، رێز لەمامۆستایەک بگرێ، ئەویش: **چاکەت و پانتۆڵێک و** ، تۆش گۆتەنی شۆڕکردنەوەی بۆینباخێکی "زمانە گایی" بەمل و بەرۆکت. توخوا ئەو ئەقڵە جێگەی گریانە یان پێکەنین؟ ئەنگۆ پێم بێژن، ئەو چەشنە راگرەی کۆلیژ، کە ئەمڕۆ وەک ئامر مەفرەزی پۆلیس، زانکۆکان بەڕێوە دەبەن، دەتوانن زانکۆ بکەنە سەرچاوەیەک بۆ زانست و زانین، یان مێگەلاندن؟! بەدوا چوونی ئەو بابەتانە لەتوانای هەنووکەی من بەدەرە.

بەڵام سەبارەت بەرەوشی زانکۆ، کە تۆش لەهەوڵی ئەوەدابووی پێناسەیەکی بۆ بکەی، دیارە هەموومان، بگرە بەخودی حیزبی کوردی فەرمانڕەوا و زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆکانیشەوە، دەزانین، هەرچەندە ئەوان خۆیان لەئێمە باشتر باسی ئەوە دەکەن، کە دەبێ زانکۆ دامەزراوێکی مەدەنی گەشاوە بێ و لەدەستێوەردانی حیزبیش بەدوور بێ. بۆیە ئەگەر بڵێین زانکۆ بنەڕەترین دامەزراوی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە و نابێ بە مجۆرەی کە لەکوردستان دەیبینین بکرێتە بارەگای حیزبەکان، شتێکی نوێمان نەوتووە. لەوەش زیاتر، هەموو باسی ئەوە دەکەن، کە زانکۆی کوردستان دەزگایەکی هەرە گرنگی پەوەردە و سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی و رۆشنبیرییە، بۆیە دەبێ دەرگای ئاوەڵا بێ بۆ هەموو توانا تازەکان. بەڵام ئەو قسە و دروشمانەش، وەک هەر دروشم و زۆربڵێیەکانی تری ئەو حیزب و مامۆستا گەندەڵانە، وەک چارەکردنی کێشەی گەندەڵی و

نادادپەوەریی، چارەنووسی کەرکوک، دەستپێوەگرتنی ئەنفال و ... هتد، لەبانگەشەگەلێکی چاوەشەکار بترازێ، هیچی تر نین. راستە لەوێ و لێرە مامۆستا داوەتدەکرێ و کاری رووکەشی تر ئەنجامدەدرێ لەئاستی جۆر بەجۆری زانکۆکاندا، راستە هەندێک لەکارمەند و مامۆستا لەخەمی چێتر کردنی زانکۆی کوردین، بەڵام زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین، کە زانکۆکانی کوردستان لەئاستی میتۆد، شێوازی خوێندن، شێوازی کار پێدانی مامۆستا بۆ زانکۆ و قەبوولکردنی خوێندکار لە بەشەکان و پلەی دکتۆرا و ... هتد، بەشێکی کەم نەبێ، ئەگینا هەمووی لەلایەن کادیرانی سەرەوەی ئەو دوو حیزبەوە بەڕێوە دەچن. هەروا بەشی زۆرینەی ئەو وەفد و میواندرایانەی کە بەناوی ئاوەدانکردەوەی زانکۆکان کە لەکوردستانەوە بۆ ئەورووپاو بەپێچەوانەشەوە دێن و دەچن و لەمیدیای ئەو دوو حیزبەش دەڕازێنرێنەوە، بەشی زۆریان، جۆرێکن **لەچالاکی گەشت و گوزار، بازرگانی و بۆیاخکاری**. کێشەی بنەڕەتی زانکۆکانی کوردستان هەر بەچوونە دەرەوەی چەند مانگێکی خوێندکار و مامۆستایان و ئەو هێنان و بردنە، چارەسەر نابن. ئەو هەوڵە سافیلکەیانەی کە بۆ کۆپیکردن و گواستنەوەی جۆرە میتود و شێوازێک لەزانکۆکانی رۆژئاواش لەئارادایە، ئەوەش جۆرێکە لەوابەستە بوونی ئەو مۆدەی وابەستە بوونەی کە، بەتایبەتی، دوای ئامادەیی دەسەڵاتی ئەمریکاو ئینگلیستان لەکوردستاندا، بەرانبەر رۆژئاوا، زۆر بێتام بووە. زانکۆی کوردی، وێرای پێویستی سوود وەرگرتن لەشێوازی تەکنیکی و میتۆدی زانکۆی رۆژئاوا، دەبێ بەپێی ئەو خواست و پێویستیانەی کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستانەوە، بیر لەداڕشتنی میتۆد و نێوەڕۆکی سیستمی پەروەردە بکاتەوە. سیستمی پەروەردەی زانکۆکانی کوردستان، بەگوێرەی رۆژگار و ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان، لەهەر قۆناغێکدا، جۆرە روانگەیەکی نوێ دەکەنە بنەمای سیستمی پەروەردەیان. دەبا ئەوەش بڵێم، کە من لەخت و خۆڕایی ئەو سەرنجانە نمایش ناکەم، بەڵکو من ساڵێک زیاتر، لەزانکۆی سوێد، بەشی تیوری و



پراکتیکی پەروەردەم خوێندووە. لێرە خوێندکار سەرەتا بەدەستپێکردنی سەرتاپای مێژوو و تیۆرییەکانی پەروەردە لەئەورووپا و ئەمریکادا دەست بەخوێندنێ دەکا، ئەوجا دێتە سەر تیۆر و روانگەکانی سیستمی پەروەردە لەسوێد. من لەنووسینێکمدا، وەک ئەرکێکی زانکۆ، بەهۆی ئەوەی کە سوێد بانگەشەی کۆمەلگای فرە کولتووری دەکا، رەخنەم لەسیستمی پەروەردەیان گرتووە، کە وێرای باڵادەستی سیاسەتی سۆسیال دیمۆکراتی لەسوێد، کەچی تا ئێستاش، ئیدیۆلۆگی و سوێدگەرایی بەسەر سیستمی پەروەردەیان زاڵە. هەروا خوانەکا مەبەستم خۆهەڵدانەوە بێ، مامۆستا و خوێندکارەکان ئەو روانگەی منیان زۆر پێ خۆشبوو، لۆیێ کەمێکیان پێهەڵدام. جێگەی سەرنجە، کە هەرچەندە من بێگانەم لەسوێد، بەڵام بێننە بەرچاوتان ئەگەر من وەک خوێندکارێک باسێکی وام لەسە زانکۆی کوردستان پێشکەش کردبا، ئاخۆ ئەو مامۆستا و کادیرە حیزبیانە، ئەوها رێزیان دەگرت لەسەرنج و رەخنەکانم؟! ئەمەش رەنگە وابزانم لەو ئاستەی خوێندندا، کەسێک پێش من سەرنجێکی لەمجۆرەی منی لەسەر سیستمی پەروەردەی سوێدە نەدابوو. هەرێ، مەبەستم لە گێرانەوەی ئەو پێشهاتە، ئەوە بوو بڵێم، کە کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی وەک کورد کە تازە خەریکە بەزمانی خۆی دەخوێنێ، نابێ وا زوو لاسایی ئەم و ئەو وڵاتانە بکاتەوە.

بە دیوێکی دیکەشەوە، ئەمڕۆ قووتکردنەوەی ئەو هەموو بەناو زانکۆ و کۆلیژە، نەک هەر لەپێناوی تۆکمەکردنی ئاستی زانین و فراژانی دۆخی شێواوی سیستمی پەروەردەی زانکۆکان نین، بەڵکو ئەو مۆدەیە بەردەوامییەکە لەو دیاردە بازاڕ ئاسایەی، کە بەناوی رێکخراوی لاوان، ژنان، گۆڤار و وەشاندنەکان و پاشاگەردانی وەرگێڕان... هتد، کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا، وەک یارییەکی گەندەڵی، لەئارادایە. هاوکاتیش، وەک چۆن لەگەڵ بەهەڕمێن بوونی ئەو رێکخراوە بەناو "مەدەنی"یانەش، رەوشی گەنج، ژن، رۆشنبیریی... هتد، بەرەو زیاتر سەرلێشێوان و نابوودی دەچن، بەهەمان شێوەش لەگەڵ زیادکردنی ئەو زانکۆیانەش ئاستی

خوێندکار و نێوەڕۆکی سیستمی پەروەردە لەزانکۆکاندا، نزمتر و ئاڵۆزتر دەبن. کەواتە، ئەگەر بەزمانی فۆکۆ لە"پەیوەندیی دەسەڵات و ماریفە"یەکی پۆزەتیف/کارا بڕوانین، ئەوکات دەبینین زانکۆکانی کوردستان، وەک سەرچاوەی رەهەندێک لەو "پەویوەندی دەسەڵات و ماریفە"یە، هێشتا، نەک هەر زۆریان ماوە ئەو "دەسەڵاتە ماریفی"یە کارایە. بەرهەمبێنن، بەڵکو فڕیشیان بەو تێگەیشتنە لەزانکۆ نییە، چونکە ئەوان هەتا هەنووکەش، ماریفە بەهەڵڕشتنی قسە بۆ خوێندکاران و مامۆستای ماریفەداریش بەسێبەرێکی حیزب و لەملکردنی بۆینباخ و مڕۆمۆچی دەپێون. دواجاریش، ئەگەر زانکۆکانی کوردستان بەمێشکی حیزب بهزرن، ئیتر زمانی کوردی نابێتە خاوەنی ئەو دەسەڵاتە ماریفییە کارایەی، کە هەموو رۆژێ لەجەم سیاسەتکار و نووسەرانی بانگەشەی بۆ دەکرێ.

لەم کۆنتێکست/ناوکۆییەوە، ئەوەی پێی وایە کە زانکۆکانی کوردستان تا ئێستاش بارەگای حیزبەکان نین، چاوەشەکارە. هاوکاتیش ئەوەی پێی وابێ کە میتۆد و ئاستی خوێندنی زانکۆکانی کوردستان لەجاران باشترە، بێگومان دەبێ کادیرێکی حیزبی بێ، یانیش بەتەمای پلەی کادیریی بێ. دیارە ئەوانەی کە لەدوای راپەڕینەوە لەزانکۆکانی کوردستاندا ناوی دکتۆریان لەخۆیان ناوە، بۆ ئەوەی پلە هەستدارە سەرەکییەکانی زانکۆ داگیر بکەن، بەشی هەرە زۆریان کادیر و مەنسوولی ئەو دوو حیزبەن. هەموو ئەوانەش کە لەدەرەوە بۆ وانە وتنەوە لەزانکۆکان گەڕاونەتەوە، بەواسیتەی مەنسوولە گەورەکانی ئەو دوو حیزبەوە بووە، لەبۆیە هەموویان، ئەگەرچی جار و بار بەناوی هەڵوێست وەرگرتن لەگەندەڵی ناو زانکۆکان رەخنە دەگرن، بەڵام باش دەزانین کە خۆشیان چۆن لەکاتی پێویستدا ئەو حیزبە و مەنسوولانە پەسندەدەن کە رێگەیان بۆ هاتنەوەیان خۆشکردووە و لەژێر دەسەڵاتیان کاردەکەن. بەمجۆرە زانکۆکانی کوردستان، وەک بەهادارترین و سەرەکیترین سەرچاوەی زانستی و رۆشنبیریی و پەروەردەیی، شێواوترین و ریسواکراوترین ئۆرگانی



کۆمەڵگای کوردین. لێرەدا پێویست بەوە ناکا باسی گرنگی نوێکردنەوەی روح و جەستەی زانکۆکانی کوردستان بکەین، چونکە ئەمڕۆ کەسێکی نەخوێندەواریش لەوە بەئاگایە کە ئاستیان چۆنە و چۆنیش بەدەست کادیری گەندەڵ و نەزانی ئەو دوو حیزبەوە وێران بوونە.

دەبا بپرسین: لەو ماوەیەی کە کورد خۆی زانکۆکانی بەڕێوە دەبا، بۆ نموونە، لە بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، چەند لێکۆڵینەوە و تێز لەسەر شوێنپێی سیاسەتی"ئەنفال" لەسەر باری کۆمەڵایەتی، دەروونی، هزرینی کورد... هتد، لەئاستی ماجستەر و دکتۆرادا، پێشکەش کراوە؟

کەواتە، گەلۆ ئەو راستیانەی کە بەپەلە نمایشمان کردن، هەڵبەستراو، یان دژایەتیکردنی ئەزموونی "ساوا"ی کوردستانی باشوورە، کە مەنسوولانی حیزب، وەک "حیکایەتی مێشێ"، کاتێک خەڵکان رەخنان دەگرن، بەو قسانە دەمبەستیان دەکەن؟!

ئەو مامۆستا، راگر و جێگرانەی زانکۆکانی ئەمڕۆی کوردستان، هەڵبەتە زۆرینەیان، نەک هەر دەرچووی میتۆد و زانیاری کۆن و لەکار کەوتوون، بەڵکو بەهۆی پلە و پایەی حیزبیان و سەرقاڵبوون بەرابووردن و راپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکانەوە، هەرنا هەوڵنادەن کتێبێکی نوێش لەو بوارەی کە بەرپرسیاری ویژدانیان هەیە لەزانکۆ، بخوێننەوە. لەوەش بگوزەرێن، ئەو راگر و بەڕێوەبەرانەی زانکۆکان، لەشێواز و ئاستی مامەڵەکردنیاندا هەردەڵێی جەنەراڵ و پۆلیسی بەندیخانەی پیاوکوژەکانن. زۆرینەیان کە قسەیان لەگەڵدا دەکەی بەلووتەبەرزییەوە وەڵامێکی داخراوت دەدەنەوە. کە دەیانبینی زوو هەستدەکەی کە رێزو کارامەیی مامۆستایان لەکن نییە.

بەمجۆرە لەئاکامی ئەو بەمەقەڕکردن و بەحیزبکردنەی زانکۆدا، خوێندکاری ئەمڕۆی کورد لەزۆرینەی بوار و بەشەکانی کە خوێندوویەتی، خاوەنی چەند توێژینەوەیەک نییە کە مایەی سوود وەرگرتن بێ. بۆیە بەبڕاوی من، ئەوانەی کە پێیان وایە بەبردنەوەی چەند دکتۆر و مامۆستای

جودا لەئەوڕووپاوە بۆ زانکۆکانی کوردستان و کردنەوەی چەندان زانکۆ، ئاستی خوێند و کێشە قووڵەکانی زانکۆکانی کوردستان چارەسەر دەبن، دیارە یان بەشدارن لەو داڕزاندن و بەحیزبکردنەی زانکۆکان، یانیش تەنیا بەرژەوەندی خودی خۆیان بۆ گرنگە، بەدەر لەو سەرچاوانەش، دیارە ئەوانە لەبەهای زانکۆ نازانن، چونکە هەتا ئەو مێشکانەی حیزب ناندەری زانکۆ بن، هەتا زانکۆ بارەگای حیزبان بێ، هەتا کادیر بەواسیتەی حیزبەکەی لەخوێندنی پلەی دکتۆرا قەید بکرێ و دکتۆراش، بێ لێکۆڵینەوەیەکی شیاو، بدرێتە کادیری حیزب، هەتا ژیانی زانکۆ لەدەست حیزب رزگار نەکرێ و نەبێتە دامەزراوێکی بێلایەن و لەو هەموو کادیرە گەندەڵەی حیزبی پاکنەکرێتەوە و ... هتد، سیستمی پەروەردەی ئێمە، بێجگە لەگۆڕانی لاوەکی و پچڕ پچڕ، گۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەردا نایەت.

ویڕای ئەمەش، ئەگەر پێمان وابێ زانکۆ بریتییە لەجیهانێک کە ماریفە و زانین بەرهەمدەهێنێ، کەچی ئێمە دەزانین کە لەئەوڕووپادا لەهەر بەشێک لەبەشەکانی زانکۆکانی ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین، رۆژانە دەیان کۆڕ و گفتوگۆیان تیادا دەکرێ، ئەی باشە مانگانە لەزانکۆکانی کوردستاندا، بەتایبەتی کە ئێستا کورد رووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی وەک، دادگایکردنی سەددام و جەلادەکانی، کێشەی کەرکوک، هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر پەکەکە و باشوور...هتد، چەند کۆڕ و گفتوگۆی هەمەجۆر پێشکەش دەکردرێ؟ گەلۆ ئەمساڵ ئەو بابەت و تێزە گرنگ و نوێیانە چین کە زانکۆکانی کوردستان بەرهەمیان هێناوە؟ دواجاریش نابێ دڵسۆزی ئەو مامۆستایە کەمانەی، بۆ نموونە ماندوونەناسێکی وەک، عەزیز گەردی و نموونەکانی دیکەی وەک وی، ناو زانکۆکانی کوردستان فەرامۆش بکەین، کە بێگومان لەئاستی توانا و پایەی خۆیان ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن.

*******************************************



**تێبینی! ئەمە بەشێکی بچووکە لەگفتوگۆیەکی فرەوان و هەمەبابەت کە بەختیار کەریم، سەبارەت بەکتێبەکەی بەندە "گوڵنارەکانی شوێنپێ لەباخچەکانی تاراوگە"، لەهاوینی ساڵی 2006 دا بۆ ماڵپەڕی "دەنگەکان" ئەنجامیداوە. لێرەدا ئێمە تەنیا ئەو سێ بەشەمان لەو گفتوگۆیە درێژەدا چنیوەتەوە، کە بەبابەتی رۆشنبیریی و ئامانجی کتێبەکەمان گرێدراوە. لێرەوە ئومێدەوارین هاوڕێی هێژا بەختیار کەریم و "دەنگەکان" لەپچڕاندنی گفتوگۆیەکە بمانبەخشن.**

*A inteclectual pem behind the language ear*

Author: **Handren**

2007
Sweden



مەیلی ناودێرکردنی ئەم کۆوتارە بە"قەڵەمێکی رۆشنبیریی لەپشت گوێی زماندا"، هەر تەنیا واتای وێناکردنی زمان و رۆڵی رۆشنبیریی ناگەیەنێ، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا واتای گۆشەگیر بوونێکی لاڵی زمانیش دەنوێنێ. رەهەندێکی دیکەی ئەم ناونیشانە، خۆنمایشکردنی زمانە لەگفتوگۆکردنەکەیدا لەگەڵ پەرێشانییەکانی یادەوەریی رابردووی خۆی و رێگای گەشتە وێڵەکانی ئێستایدا. لەم دیدەوە "قەڵەمێکی رۆشنبیریی لەپشت گوێی زماندا"، خوازیاری ئاوەڵا کردنەوەی ئاسۆیەکە، کە لەوێدا زمان بەرێگای قەڵەمەکەیەوە، کە زمانی خۆیەتی، تاکو گوێ لەبێدەگییەکەی بگرێ، پشت گوێی ئێمە کە خۆیەتی هەڵدەبژێرێت.